# ناسینی
# هاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

نووسینی
نهاد جلال



بەرگی حەوتەم

# ناسینی هاوەڵانی

# پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم )

نووسینی

نهاد جلال حبیب اللّٰه

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: ناسینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)

نووسەر: نهاد جلال حبيب الله

بابەت: مێژوویی ئایینی

ژمارەو ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٧

چاپخانەو شوێنی چاپ: چاپخانەی زانا، سلێمانی

بەرگ: حەوتەم

نرخ:

مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر

٠٧٥٠١٥٢٠٤٤٦

# ئەو هاوەڵانەی ناویان

# بە پیتی (ع)

# دەست پێ دەکات

عابیسی کوڕی جەعدە(رضي الله عنه)

ناوی عابیسی کوڕی جەعدەی تەمیمیە، بەشداری کۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) بووەو دەڵێت ئاوپرژێنی دەستی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەرکەوت.[1]

عابیسی خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی عابیسەو مەولای حوەیطبی کوڕی عەبدولعوززایە، دەوترێت ئەم ئایەتە سەبارەت بە ئەو و صوهەیبی رۆمی دابەزی(ومن الناس من يشري نفسه ابتغاء....).[2]

عاتیکەی کچی زەید(رضي الله عنها)

ناوی عاتیکەی کچی زەیدی کوڕی عەمرە، خوشکی سەعیدی کوڕی زەیدە کە یەکێك بوو لە دە موژدە پێدراوەکە، عاتیکە یەکێك بوو لە ئافرەتە کۆچەریەکان، ئافرەتێکی زۆر جوان و خوێن گەرم بوو، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکری صدیق ئەوی بەهاوسەر گرت، عەبدوڵا تەواو شەیدای بوو و هەمیشە لە لای بوو تا ئاستێ رێی جیهادی لێ گرتبوو، دەوترێت ئەبووبەکر فەرمانی بە عەبدوڵای کوڕی کرد تا عاتیکە تەڵاق بدات، ئەویش تەڵاقی دا، دواتر کە ئەبووبەکر بینی عەبدوڵای کوڕی بەرگەی دووری عاتیکە ناگرێت، بۆیە پێی وت عاتیکە بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی.[3]

دوای ئەوەی عەبدوڵای مێردی شەهید بوو، عاتیکە شووی کرد بە عومەری کوڕی خەططاب ولای مایەوە تا ئەویش شەهید بوو، دواتر زوبەیری کوڕی عەووام

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 566.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 568.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 11-12.

هێنای و ئەویش شەهید بوو، ئیتر خەڵکی دەیانوت کێ دەیەوێت شەهید بێت با عاتیکە بە هاوسەر بگرێت.[1]

عاتیکەی کچی عەوف (رضي الله عنها)

ناوی عاتیکەی کچی عەوفە، خوشکی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، هاودەم بە شیفائی خوشکی موسڵمانبوون و بەیعەتیان دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

عاتیکەی کچی ئەسید(رضي الله عنها)

ناوی عاتیکەی کچی ئەسیدی کوڕی ئەبیلعیصی قوڕەیشی ئومەویە، خوشکی عیتابی کوڕی ئەسیدە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[3]

عازبی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عازبی کوڕی حارثی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانەو باوکی بەڕرائی هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[4]

عاصمی کوڕی بوکەیر (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی بوکەیری موزەنیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 112.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 14.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 198.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 105.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 573.

عاصمی کوڕی ثابت (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی ثابتی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[1] یەکێکە لە یەکەمین دەستەی موسڵمانبوانی ناو پشتیوانان.[2]

دایکی ناوی شەمووسی کچی ئەبی عامیرە، عاصم ژنێکی هەبوو بە ناوی هیندی کچی مالیك کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی موحەمەد.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عاصم و عەبدوڵای کوڕس جەحشەوە.[4]

عاصم یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر،[5] لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەیعەتی مەرگی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[6]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دە کەسی لە هاوەڵانی بە سریەیەك نارد، عاصیمی کوڕی ثابتی ئەنصاری کرد بە ئەمیریان، کە گەیشتنە ناوچەیەکی نێوان عوسفان و مەککە، دەستەی بەنوولیحیان بە نزیکەی دووسەد کەسەوە هاتن و کەوتنە شوێنیان، کە گەیشتنە شوێنەکەیان بینییان ناوکی خورما جێماوە، وتیان ئەم ناوکە

1 - أسد الغابة، ج3، ص 107.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 569.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 462.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 462.

5 - سير أعلام النبلاء، ج1،ص 257.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 462.

هی خورمای مەدینەیە، بۆیە کەوتنە شوێنیان، کاتێك عاصیم و هاوەڵەکانی ئەوانیان بینی هەستیان بە مەترسی کرد و لە شوێنێك خۆیان پەنا دا، بەڵام بەنولیحیان گەمارۆیان دان و وتیان خۆتان بدەن بە دەستەوە لە پەنادا دەبن و کەستان ناکوژین، عاصمی ئەمیری سریەکە وتی بەخوا من خۆم نادەمە بەر پەنای بێباوەڕ، خوایە هەواڵی ئێمە بگەیەنەرە پێغەمبەرەکەت، بەنولیحیان تیربارانیان کردن، عاصم و حەوت کەسی تریان شەهید بوون، سێ کەسەکەی تر کە مابوونەوە خۆیان دا بە دەستەوەو داوای پەنایان کرد.[1]

عاصم پێش شەهیدبوونی بەڵێنی بە خوا دابوو دەستی بەر بێباوەڕێك نەکەوێت، کە شەهید بوو و بێباوەڕان کەسێکیان نارد تا تەرمەکەی بهێنن، تەرمەکەیان نەدۆزیەوەو خوا تەرمی عاصمی پاراست لەوەی بێباوەڕان دەستی لێبدەن.[2]

عاصمی کوڕی حەدرەد (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی حەدرەدەو لە پشتیوانانە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2901، سنن أبي داود، الرقم 2301

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 569.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 570.

عاصمی کوڕی حەکەم (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی حەکەمەو یەکێکە لە بەشداربوانی حەجی ماڵئاوایی، دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لەو حەجەدا لە وتارەکەیدا فەرمووی(خوێن و سامانتان لە یەکدی حەرامە وەك حەرامی ئەم شارە لەم رۆژەدا...).[1]

عاصمی کوڕی عەددی (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی عەددی عەجلانیە، کونیەکەی ئەبووعەمر یان ئەبوو عەبدوڵایە.

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە غەزای بەدردا، هەندێك دەڵێت تیایدا بەشدار بووە، هەندێکی دی دەڵێن لە نیوەی رێدا قاچی شکا و پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوەو لە مەدینە ئەرکی پێ سپاردو دواتر لە پاداشت و دەستکەوتی بەدردا بەشداری کرد، عاصم لە غەزای ئوحود وغەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[2]

لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر (ﷺ) عاصم و مالیکی کوڕی دخشمی نارد تا مزگەوتی دووروەکان بسووتێنن.[3]

عاصم تەمەنێکی زۆری هەبوو، دواجار لە ساڵی چل و پێنجی کۆچی و لە تەمەنی سەدو پانزە یان سەد و بیست ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]

---

1 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6679.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 572.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 466.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 572.

عاصم کەسێکی باڵاکورت بوو و خەنەشی بەکاردەهێنا.[1]

عاصمی کوڕی قەیس (رضي الله عنه)

ناوی عاصمی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو لە غەزاکانی تریشدا بەشداری کردووە.[2]

عاقیلی کوڕی بوکەیر (رضي الله عنه)

ناوی عاقیلی کوڕی بوکەیری کوڕی عەبدیالیلە، سەرەتا ناوی غافیل بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عاقیل، ئەم هاوەڵە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوانە، دەوترێ یەکەم کەس بوو لە ماڵی ئەرقەم بەیعەتیدا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

عاقیل یەکێك بوو لە کۆچەران، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عاقیل و موبەشیری کوڕی عەبدولمونذیرەوە.[4]

عاقیل هاودەم بە براکانی (عامیر و خالید و ئیاس) لە غەزای بەدردا بەشداری کرد و خۆی لە غەزاکەدا شەهید بوو، لەو کاتەشدا تەمەنی سی و چوار ساڵان بوو.[5]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 466.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 575.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 575.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 388.

5 - أسد الغبة، ج3، ص 112.

عالیەی کچی ظیبیان (رضي الله عنها)

**ناوی عالیەی کچی ظیبیانی کوڕی عەمرە، هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) عالیەی بەهاوسەرگرت و ماوەیەك لای مایەوەو دواتر تەڵاقی دا.[1]**

عامیری کوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی ثابتی کوڕی سەلەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]**

عامیری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی حارثەو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]**

عامیری کوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی حارثی کوڕی زوهەیری فەهریەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]**

عامیری کوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی حەضرەمیەو برای عەلائی کوڕی حەضرەمیەو موسڵمان بووەو کۆچی کردووە بۆ مەدینە.[5]**

---

[1] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 16.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 577.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 578.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 578.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 579.

عامیری کوڕی ڕەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ڕەبیعەی کوڕی کەعبە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڵایەو پێش هاتنی ئیسلام هاوپەیمانی خەططابی باوکی عومەری کوڕی خەططاب بوو.[1]

عامیر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەی پێش ئەوە بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) بچێتەماڵی ئەرقەمەوە،[2] هاودەم بە ژنەکەی لەیلای کچی ئەبی حەثمە کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە هەمدی هاودەم بە ژنەکەی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیری کوڕی ڕەبیعەو یەزیدی کوڕی عەبدولمونذیرەوە.[4]

عامیر لە غەزای بەدر و ئوحود و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[5] عامیر دەڵێت پێغەمبەرم(ﷺ) بینی لەسەر وشترەکەی بوو نوێژی دەکرد.[6]

هەروەها عامیر دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (إذا رأيتم الجنازة فقوموا حتى تخلفكم)،[7] (ئەگەر تەرمتان بینی، ئەوە هەستنە سەرپێ تا لێتان تێپەڕ دەبێت).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 579.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 386.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 118.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 387.

5 - أسد الغابة، ج3، ص 118.

6 - صحيح البخاري، الرقم 1056.

7 - صحيح البخاري، الرقم 1258.

عوثمانی کوڕی عەففان کاتێك لە سەردەمی خیلافەتیدا چوو بۆ حەج، عامیری لەسەر مەدینە دانا.[1]

عامیر لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت چەند رۆژێك پاش شەهیدبوونی عوثمان وەفاتی کرد،[2] پێش ئەوەی وەفات بکات، خەریکی شەونوێژ بوو، خەوێکی بینی کە کەسێك پێی وت هەستەو داوا لە خوا بکە لە فیتنە بتپارێزێت، ئەویش هەستا و دەستی کرد بە نوێژ کردن، تووشی ئازارێك بوو و کۆچی دوایی کرد.[3]

### عامیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی سەعدەو لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، دەوترێت یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

### عامیری کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی سەلەمەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لەبەشداربوانی غەزای بەدر.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 579.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 118-119.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 579.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 581.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 581.

عامیری کوڕی سەلیم (رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی سەلیمی ئەسلەمیەو لە برێك لە غەزاکاندا ئالآی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بەدەستەوە گرتووە، دواتریش چوو بۆ ناوچەی نەیسابوور و لەوێ وەفاتی کرد.[1]**

عامیری کوڕی شەهر (رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی شەهری هەمەدانیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لە یەمەن.[2]**

**عامیر دەڵێت من لە هەمەدان بووم، هەواڵی هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) هات، وتیان برۆ ئەگەر تۆ بە دڵت بوو ئێمەش رازین، ئەگەریش بە دڵت نەبوو وەك تۆ دەکەین، منیش رازی بووم و هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بە بڕیاری رازی بووم و هۆزەکەشم موسڵمان بوون.[3]**

**عامیر دەڵێت دوو قسەم بیستووە کە هەرکامیان لە هەموو دنیا و ئەوەی تێدایە لام گرانبەهاترە، یەکەمیانم لە نەجاشی بیستووەو ئەوی تریشم لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە، بۆ ئەوەی نەجاشی لەلای بووین کە منداڵێکی لای مامۆستاکانیەوە هات و لەوحەکەی پێ نیشاندا، منیش هەندێ لە قسەکانی**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 582.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 583.

3 - سنن أبي داود، الرقم 2648، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3027.

تێدەگەیشتم، گەیشتە ئایەتێك و منیش پێکەنیم، ئەویش وتی بۆچی پێدەکەنیت؟ سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەمە لای خواوە دابەزیوەو عیسای کوڕی مەریم دەڵێت نەفرین لە زەویدا دەبێت تا دەسەڵاتی منداڵان هەبێت، ئەوەش کە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە ئەوەیە بیستم فەرمووی(اسمعوا من قريش و دعوا فعلهم)،[1] (گوێ لە قوڕەیش بگرن و واز لە کرداریان بهێنن).

## عامیری کوڕی طوفەیل(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی طوفەیلی ئەزدیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، دواتریش کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد شیعرێکی بۆ هۆنیەوە، کاتێکیش سەردەمی هەڵگەڕانەوە هات، هانی هۆزەکەی دەدا تا لەسەر ئیسلامەتی بمێننەوە.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4655، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 584.

عامیری کوڕی عەبدولا (ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح) (رضي الله عنه)

**ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای کوڕی جەراحی کوڕی هیلالی قورەیشی فەهریە، کونیەکەی ئەبووعوبەیدەیەو زیاتریش بەو کونیەیە ناسراوە،[1] دایکی ناوی ئومەیمەی کچی غەنەمە.[2]**

موسڵمانبوونی:

**موسڵمانبوونی ئەبووعوبەیدە هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عوبەیدەی کوڕی حارث و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات.**

**ئەبووعوبەیدە هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[3]**

کۆچکردنی:

**ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشە، دواتر لەوێوە گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.**

**کاتێك کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای کلثومی کوڕی هدم مایەوە، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان ئەبووعوبەیدەو موحەممەدی کوڕی مەسلەمەوە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لەگەڵ**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 586.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 409.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 8.

سالمی مەولای حوذەیفەدا،[1] ئیبن ئەثیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان ئەبووعوبەیدەو ئەبووطەلحەی ئەنصاریەوە،[2] ئەم رایەشیان راستە.[3]

بەشداری لە غەزاکان:

ئەبووعوبەیدە لە غەزای بەدرو ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

لە غەزای بەدردا ئەبوعوبەیدە بەشدار بوو و بە بەرچاوانیەوە باوکی کە لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو کوژرا،[5] گێڕانەوەیەك دەڵێت ئەبووعوبەیدە کە باوکی بینی خۆی لێ کەنار دەگرت، کەچی باوکی دەیویست روبەڕووی ئەبووعوبەیدەی کوڕی بێتەوەو و وازی نەدەهێنا، دواجار ئەبووعوبەیدە کە زانی باوکی واز ناهێنێت هەڵمەتی برد و باوکی خۆی کوشت.[6]

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، دەبینم کەسێك لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم دەی ئەوە طەلحە بێت بە دایك و باوکمەوە بە قوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێك هات دەتوت باڵندەیەو دەفڕێت، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 410.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 126.
3 -البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 227.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 586.
5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 8.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 125.

پێغەمبەر (ﷺ) و طەلحەش لە بەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فریای براکەتان بکەون، ئینجا تیرێك بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و تیرێکیش بەر رومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی–ددانی– تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[1]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە کە تیرەکان بەر هەردوو کوڵمی کەوتبوون، ئەبووعوبەیدە بە دانەکانی دەریکردن و بۆ هەر تیرێکی دانێکی کەوت.[2]

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) سریەیەکی ئامادە کرد کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی زیاد لە سێ سەد کەس دەبوون، ئەبووعوبەیدەشی کرد بە ئەمیری سریەکە، جابیری هاوەڵی ناسراوی پێغەمبەریش (ﷺ) لەناو سریەکەدا بوو، جابیر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) برێك خورمای پێدابووین کە ئێمەش لەبەر کەمیەکەی وەك منداڵ خورماکەمان دەمژی و بە دوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا ئەو گەڵایانەی کە وەریبوون دەمانخواردو بەدوایدا ئاومان دەخواردەوە، ئینجا گەیشتینە کەناراوی دەریا، دەبینین ئاژەڵێکی گەورە کە پێی دەوترا عەنبەر لەوێدابوو، ئەبووعوبەیدە وتی مردارەوە بووە مەیخۆن، دواتر وتی ئەمە سوپای پێغەمبەری خوایەو لە رێی

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7090و اللفظ له، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4258.

خوادایە و ئێمەش ناچارین، ناوی خوا بهێنن و لێی بخۆن، ئێمەش لێمان خوارد و بەشێکیشمان لێهەڵگرت، ئەو ئاژەڵە هێندە گەورە بوو کە نزیکەی سیانزە کەس لای چاویەوە دانیشتبوون، ئەبووعوبەیدە پارچەیەکی لێهەڵگرت، کە هاتینەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پرسین، ئێمەش بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەوە رۆزیەك بوو خوا پێی بەخشین، هیچیتان لێ هێناوەتەوە؟) وتمان بەڵێ،[1] برێکمان لێی برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش لێی خوارد.[2]

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا لەبری ئاژەڵ یان گیاندارێك هاتووە دەڵێت حووتێك بوو، هەژدە شەوی تەواو سوپاکە لێی خوارد.[3]

ئەبووعوبەیدە لە ساڵی شەشەمی کۆچیشدا ئەمیری سریەیەکی چل کەسی بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆ بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتیەك.[4]

هەروەها ئەبووعوبەیدە لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.[5]

لەو هێرشەی کە عەمری کوڕی عاص بردیە سەر سنوورەکانی شام، عەمر داوای ناردنی سوپای پشتیوانی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) سوپایەکی لە کۆچەران پێکهێناو ئەبووعوبەیدەی کرد بە بەرپرسیان، کە سوپاکە گەیشتە لای عەمر، عەمر وتی من ئەمیرتانم، کۆچەرانیش وتیان بەڵکو تۆ ئەمیری

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4729، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 4354.

2 - سنن أبي داود، الرقم 3361، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3840.

3 - صحيح البخاري، الرقم 2371.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 178.

5 - تاريخ الطبري، ج2، ص 159.

سوپاکەی خۆتیت و ئەمیری ئێمە ئەبووعوبەیدەیە، عەمر وتی ئێوە سوپای پشتیوانن بۆ یارمەتی من نێردراون، ئەبووعوبەیدە کە ئەوەی بینی، خێرا ئەمیرایەتی دایە دەست عەمر،[1] دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بیست، فەرمووی رەحمەتی خوا لە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح بێت.[2]

ئەبووعوبەیدە تا دواساتەکانی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکانی دەکرد و هەر هەوڵێکی دەدا بۆ خزمەتکردنی ئیسلام، پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆتا رۆژەکانی تەمەنیدا بوو، رۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام رۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر رۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەطابو ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون.[3]

پلەوپایەی ئەبووعوبەیدە:

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 9.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 275.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190.

وعاء)[1] (بە رەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرزەکان زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

ئەنەس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (هەر ئوممەتێك ئەمینێکی هەیەو ئەمینی ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).[2]

کاتێك وەفدی یەمەن هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، داوایان کرد کەسێك بنێرێت لەگەڵیان تا فێری سوننەت و ئیسلامیان بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) دەستی ئەبووعوبەیدەی گرت و فەرمووی(ئەمە ئەمینی–سپاردەکاری– ئەم ئوممەتەیە).[3]

ئەبووعوبەیدە یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئیبن ماجە بە دەقێکی هاوشێوەی ئەمە کە هەمان ئەم واتایە دەبەخشێت هێناویەتی، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بەڵام لای ئیبن ماجە و ئیمامی ئەحمەد باسی ئەبووهورەیرەی تێدا نیە، شێخی ئەلبانی ئەمەی بە صحیح داناوە(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، 897.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4130، سنن الترمذي، الرقم 3813.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4547، مسند احمد بن حنبل، الرقم 12540.

الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[1] (ئەبووبەكر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی كوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی كوڕی جەراح لە بەهەشتە).

عەمری كوڕی عاص دەڵێت پرسیار كرا لە پێغەمبەر (ﷺ) كێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەكر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی كوڕی جەراح.[2]

ئەبووعوبەیدە لە سەردەمی ئەبوبەكردا:

لە كاتی كۆبوونەوەی هاوەڵان لە كەپری بەنی ساعیدە، ئەبووعوبەیدە هاودەم بە ئەبوبەكر و عومەر چوو بۆ لای هاوەڵە پشتیوانیەكان، دوای وتوێژ ئەبووبەكری صدیق لەوێ ئاماژەی بەوە كرد با ئەبووعوبەیدە یان عومەری كوڕی خەططاب یەكێكیان ببێت بە خەلیفە.[3]

ئەبووعوبەیدە یەكێك بوو لە بەشداربوانی كۆكردنەوەی قورئانی پیرۆز.[4]

---

1 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7108، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - تاريخ الطبري، ج2، ص 233.

4 - سير أعلام النبلاء،ج1، ص 8.

ئەبووبەکر ئەبووعوبەیدەی کردبوو بە بەرپرسی دارایی موسڵمانان، لەساڵی سیانزەی کۆچیدا ئەبووبەکر ئەبووعوبەیدەی نارد بۆ شام و کردی بە ئەمیری ئەوێ.[1]

ئەبووبەکری صدیق پاش جەنگی هەڵگەڕاوەکان، سوپای ئامادە کرد بۆ فتووحات، ئەبووعوبەیدەی هاودەم بە چەند کەسێکی تر نارد بۆ فتووحات[2] و جەنگی ئەجنادەین روویدا کە تیایدا موسڵمانان سەرکەوتن، کاتێك هەواڵی سەرکەوتن هاتەوە بۆ ئەبووبەکر، خەلیفە لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو.[3]

ئەبووعوبەیدە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا:

عومەری کوڕی خەططاب لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا خێرا بەرپرسیارێتی گەورەی بە ئەبووعوبەیدە سپارد، نامەی نووسی بۆ خەڵکی یەرمووك و پێی ڕاگەیاندن کە ئەبووعوبەیدەی کردووە بە ئەمیریان، بە ئەبووعوبەیدەشی وت تۆ بەرپرسی خەڵکیت، ئەگەر خوا سەریخستیت ئەوە خەڵکی عێراق بۆ عێراق بنێرەوە.[4]

کاتێك سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص لە عێراق سەرقاڵی فتووحات بوو، عومەری کوڕی خەططاب نامەی نارد بۆ ئەبووعوبەیدە لە شام و فەرمانی پێکرد

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1،ص 15.

2 - خوێنەری خۆشەویست، لەبەرئەوەی بوارەکەمان تەواو تایبەت نەکردووە بە بوارە مێژووییەکەو وردەکاریەکانی، بۆ ئەوەی نووسینەکە قەبارەی زۆر گەورە نەبێت و لەبەر بوونی سەرچاوەی تر لەبواری فتووحاتدا، بۆیە نەهاتوین وردەکاری رۆڵ و جووڵەی ئەبووعوبەیدە لە فتووحاتدا بخەینەڕوو، وەك چۆن بۆ هاوەڵانی تریش لە قۆناغی فتووحاتدا هەمان هەنگاومان گرتووەتەبەر.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 21.

4 - تاريخ الطبري، ج2، ص 363.

سەربازەکانی بنێرێت بۆ عێراق بۆ پشتیوانی سەعد، ئەویش سەربازەکانی نارد و هاشمی کوڕی عوتبەی کرد بە ئەمیریان.[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفە، خالیدی کوڕی وەلیدی لە پۆستەکەی لابرد و بە نامەیەك ئەوەی نارد بۆ ئەبوو عوبەیدە، خالیدیش لە وەڵامدا وتی گوێڕایەڵی فەرمانی ئەمیری باوەڕدارانم،[2] پاش ئەوەش لە ژێر فەرمانی ئەبوو عوبەیدەدا مایەوەو بەردەوام جیهادی دەکرد، وەك لە فەتحی دیمەشقدا بەشداری کرد و ئەبووعوبەیدەش بەرپرس بوو.[3]

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەو نامەی پێگەیشت کە خالید لە پۆستەکەی کەنار بخرێت خۆی ئامادە نەبوو بیڵێت بە خالید، کەسێکی تر ئەوەی گەیاند بە خالید، خالید چوو بۆ لای ئەبوو عوبەیدەو وتی رەحمەتی خوات لێ بێت بۆچی خۆت پێت نەوتم؟ ئەویش وتی حەزم نەکرد هەواڵی ناخۆشت پێبدەم.[4]

ئەبووعوبەیدە لە ماوەی ئەمیرایەتیەکەیدا توانی فتووحاتێکی زۆر بکات و بە رێککەوتن فەتحی دیمەشقیش بکاتو خالیدی کوڕی وەلیدیش لەو فەتحەدا هاوکارێکی گەورەی بوو.[5]

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 279.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19.

3 - تاريخ دمشق، ج25، ص 475.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 380.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 19-20.

کاتێك ئەبووعوبەیدە ئەمیر بوو لە پیاوێك تووڕە بوو و ئازارێکی دا، خالیدیش وتی وا مەکە، پێی وترا ئەمیرت تووڕە کردووە، ئەویش چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو وتی من مەبەستم ئەوە نەبووە تۆ تووڕە بکەم، بەڵام بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (إن أشد الناس عذابا يوم القيامة أشد الناس عذابا للناس في الدنيا)،[1] (سەختترین سزای رۆژی دوایی بۆ ئەو کەسانەیە کە لە دنیادا زۆرترین سزای خەڵکیان داوە).

عومەری کوڕی خەططاب زۆر سەرسام بوو بە ئەبووعوبەیدە، دەیوت ئەگەر سەرەمەرگم هات و ئەبووعوبەیدە زیندوو بێت، دەیکەم بە جێنشینی خۆم، ئەگەریش پەروەردگارم پرسیاری لێکردم بۆچی ئەوم کردووە بۆ جێنشینی خۆم لەسەر ئوممەتی موحەممەد، ئەوە دەڵێم من بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (هەر ئوممەتێك ئەمینێکی هەیەو ئەمینی ئەم ئوممەتەش ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحە).[2]

جارێك عومەر لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا بوو، وتی هەرکامتان هیوا و ئاواتی خۆتان بڵێن، هەرکەسەو هیواو ئاواتی خۆیوت، عومەریش وتی من خۆزگە دەخوازم پڕی ماڵێك پیاوی وەك ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراحم هەبێت.[3]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16497، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3728، مسند الحميدي، الرقم 545، قال شعيب الأرناؤوط إسناده ضعيف.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 10.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 14.

جارێك عومەر گەیشت بە ئەبووعوبەیدە، پێكەوە تەوقەیان كرد و عومەر دەستی ئەبووعوبەیدەی ماچكرد، پاشان بە گریانەوە كەناریان گرت.[1]

لەو ماوەی ئەبووعوبەیدە لە شام بوو، جارێك لەلایەن دوژمنەوە گەمارۆ درا و فشاری لەسەر دانرا، عومەریش كە ئەمەی بیست، نامەیەكی بۆ نارد و داوای كرد خۆڕاگر بێت، لە وەڵامدا ئەبووعوبەیدەش نامەیەكی بۆ نووسی و بە چەند ئایەتێك پێی وت كە ژیانی دنیا گەمەیەو تاو بدەنە جیهاد، عومەر كە نامەكەی خوێندەوە، چوویە سەر مینبەر و نامەكەی ئەبووعوبەیدەی خوێندەوە بۆ خەڵكی مەدینەو هانی دان بۆ جیهاد.[2]

جارێك عومەری كوڕی خەططاب بۆ سەردان چوو بۆ شام، لەوێ خەڵكی پێشوازیەكی گەرمیان لێكرد، عومەر وتی ئەبووعوبەیدەی برام كوا؟ وتیان ئێستا دێت، پاش كەمێك بە سواری وشترێكەوە هات، دواتر لەگەڵ خۆی خەلیفەی بردەوە بۆماڵەوە، عومەر تەماشای كرد لە ماڵەكەیدا تەنها شمشێر و كەوان و كۆڵەكەی لەوێن، عومەر وتی بۆچی شتێكی وات لە ماڵەوە دانەناوە؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە دەمانگەیەنێتە جێ،[3] دواتر داوای خواردنی كرد، ئەویش چوو چەند پارچە نانێكی رەقی هێنا، عومەر دەستی كرد بە گریان، پاشان وتی ئەی ئەبووعوبەیدە دنیا هەموومانی گۆڕی تەنها تۆ نەبێت.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 15.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 16.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 17.

4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 17.

جارێك عومەری کوڕی خەططاب بڕێك پارەی دا بە کەسێك و وتی بیبە بۆ ئەبووعوبەیدەو بزانە چی لێدەکات، ئەویش بۆی برد، ئەبووعوبەیدە هەمووی دابەشکرد، هەمان بڕی نارد بۆ موعاذیش، ئەویش هەمووی دابەشکرد کەمێکی نەبێت بۆ بژێوی خۆیان هێشتیەوە، عومەر کە هەواڵەکەی بیست، سوپاسی خوای کرد.[1]

خەووات دەڵێت جارێك لەگەڵ عومەری کوڕی خەططاب چووین بۆ حەج، لە کاروانێکدا بووین کە ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەرراح و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدا بوو، خەڵکەکە وتیان ئەی خەووات شیعرێکمان بە ئاوازەوە بۆ بڵێ، منیش بە ئاوازەوە بڕێ شیعرم بۆ وتن، ئینجا وتیان لە شیعری فلانمان بۆ بڵێ، عومەری کوڕی خەططاب وتی وازی لێ بێنن با لەوانەی ناخی دڵی خۆیمان بۆ بڵێت، منیش شیعری دڵی خۆمم بە ئاوازە دەهۆنیەوە بۆیان تا هێندە بەردەوام بووم دەمەو پارشێو هات، عومەر وتی بەسە وا دەمەو بەیانە، ئەبووعوبەیدە وتی خەووات وەرە بۆ لای من لە عومەر خراپتر نیم (یانی مەجالت دەدەم)، ئیتر پێکەوە چووینە ئەولاوەو هەتا نوێژی بەیانی هەر بە ئاوازەوە شعرم بۆ هۆنیەوە.[2]

ئەبووعوبەیدە دەیوت خۆزگە من بەرانێك بوومایەو ژن ومنداڵەکەم منیان سەربڕیایەو گۆشتەکەیان بخواردمایەو گۆشتاویان پێ دروست بکردمایە.[3]

ئەبووعوبەیدە کەسێکی بالآبەرزی لاواز بوو.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 17.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 8620.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 18.

4 -سير أعلام النبلاء، ج1، ص 7.

ئەبووعوبەیدە بەوە ناسرابوو کە ڕەوشتی زۆر جوان بووەو زۆر لەسەرخۆو نەرمونیان بووە، کەسێکی تەواو خاکی بووە.[1]

جارێك کەسێك چوو بۆ لای ئەبووعوبەیدەو تەماشای کرد وا دەگری، وتی بۆچی دەگریت؟ ئەویش وتی گریانم بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) کە رۆژێك باسی کرد خوا چەند ناوچە بۆ موسڵمانان فەتح دەکات، باسی شامیشی کرد، جا فەرمانی پێکردم ئەگەر گەیشتمە رۆژی وا، سێ خزمەتکار زیاترم نەبێت، یەکێك بۆ خزمەت و یەکێك بۆ سەفەرم و یەکێك بۆ خزمەتی ژن و منالم، سێ سواریش زیاترم نەبێت، کەچی وا ئێستا تەماشا دەکەم ماڵەکەم پڕە لە کۆیلەو پەچەی ئاژەڵەکانیشم پڕە لە ئەسپ و سوار، ئیتر چۆن بگەمەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتێکدا وەسیەتی بۆ دەکردین و دەیفەرموو (خۆشەویستترین و نزیکترینتان لە منەوە ئەوەیە بەو حاڵەوە پێم بگاتەوە کە لەکاتی جێهێشتنی مندا لەسەری بووە).[2]

هەموو گێڕانەوەکانی تر باس لەوە دەکەن ئەبووعوبەیدە ماڵێکی وا هەزارانەی هەبووە تەنانەت خەلیفە عومەری کوڕی خەططابی گریاندووە، بەڵکو ئەبووعوبەیدە بەوپەڕی زوهدو دنیانەویستی ناوی دەرکردووە، پاشان کەسێك کە ئەمینی ئوممەت بێت، چۆن ڕێنماییەکی وا گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) پشتگوێ دەخات؟

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 13.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1633، قال الذهبي حديث غريب، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

مردنی ئەبووعوبەیدە:

ئەبووعوبەیدە دواجار لە شام و بە نەخۆشی تاعوون کۆچی دوایی کرد.

لە شام نەخۆشی تاعوون بڵاو بووبوویەوە، خەلیفە عومەری کوڕی خەططاب ویستی ئەبووعوبەیدە رزگاربێت، نامەیەکی بۆ نووسی و وتی کارێکم هەیە بیّ ئامادە بوونی تۆ بۆم ناکرێت، خێرا وەرەوە بۆ لام، ئەبووعوبەیدە کە خوێندیەوە، تێگەیشت و وتی پێویستیەکەی ئەمیری باوەڕداران دەزانم، ئەو دەیەوێت کەسێك بهێڵێتەوە کە بڕیار نیە بمێنێتەوە، نامەی بۆ نووسی و وتی من کارەکەت دەزانم، بمبوورە بە نەهاتنم بەدەم داواکەتەوە، چونکە من لە سەربازگەیەکی موسڵمانانندام و خۆم لەوان پیّ زیاتر نیە، عومەر کە نامەکەی خوێندەوە گریا، خەڵکەکە وتیان چی بووە؟ ئەبوعوبەیدە مردووە؟ وتی نا، دوای ماوەیەك ئەبووعوبەیدە مرد، پاش ئەوە نەخۆشیەکە لە شام نەما.[1]

کاتێك ئەبووعوبەیدە تووشی نەخۆشیەکە بووبوو، خەڵکێك سەردانیان کرد، ژنەکەشی لەلای بوو، هەواڵی ئەبوعوبەیدەیان پرسی، ژنەکەی وتی پاداشتی بۆ هەیە، لەولاوە ئەبووعوبەیدە وتی پاداشتم بۆ نیە، خەڵکەکە ئەو قسەیان پیّ خۆش نەبوو، ئەبوعوبەیدە وتی ناڵێن بۆچی وام وت؟ وتیان قسەکەمان پیّ خۆش نەبوو، ئیتر بۆچی بپرسین؟ ئەویش وتی دەی من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من أنفق نفقة فاضلة في سبيل الله فبسبع مائة، ومن أنفق على عياله أو عاد مريضا، أو ماز أذى، فالحسنة بعشر أمثالها، والصوم جنة ما لم يخرقها، ومن

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 19.

ابتلاه الله ببلاء في جسده فهو له حطة)،[1] (هەرکەس خەرجیەکی چاك لەرێی خوادا ببەخشێت ئەوە بە حەوت سەد بەرامبەر پاداشتی بۆ هەیە، هەرکەس خەرجی بۆ ژن و منداڵی بکات یان سەردانی نەخۆشێك بکات یان ئازارێك لاببات، ئەوە بە دە بەرامبەر پاداشتی بۆ هەیە، رۆژوویش قەڵغانە ئەگەر ئەو کەسە خراپی نەکات، هەرکەس خوا جەستەی تووشی بەڵایەك بکات، ئەوە بۆی دەبێت بە وەرینی تاوان).

پێش ئەوەی وەفات بکات، لەکاتی نەخۆشیەکەیدا، لە شوێنی خۆیدا موعاذی کوڕی جەبەلی دانا تا ئەمیرایەتی خەڵکەکە بکات.[2]

دواجار ئەبووعوبەیدە لە ساڵی هەژدەی کۆچی و لە تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[3]

سەبارەت بە شوێنی گۆڕەکەشی دەوترێت دەکەوێتە ئەردەن کاتێك بەرەو بەیتولمەقدیس چووە وتوویەتی لە کوێ مردم لەوێ ئەسپەردەم بکەن، رایەکیش دەڵێت گۆڕەکەی لە ناوچەی بیسانە.[4]

ئەبووعوبەیدە دەیوت: لەوانەیە کەسی وا هەبێت جلەکەی پاك و سپی بێت، کەچی دینداریەکەی پیس بێت،[5] هەروەها دەیوت: ئەگەر خوا بەرەکەت بخاتە کەمەوە، ئیتر ئەو شتە زۆرە.[6]

1 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 843، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5115.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 127.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 23.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 589.
5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 18.
6 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 22.

### عامیری کوڕی کورەیز (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی کورەیزی کوڕی رەبیعەی قورەیشی عەبشەمیە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیەو تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیش ژیا، عەبدوڵای کوڕی لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا والی بەصرە بوو.[1]

### عامیری کوڕی مالیك (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی مالیکی زوهریە، برای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصە چونکە مالیك بە ئەبووەقاص ناسراوە، کونیەکەی عامیر ئەبووعەمرە، دایکی ناوی حەمنەی کچی سوفیانە، عامیر یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان، دایکیشی لەسەر ئەمە دژایەتی دەکرد و جارێك سوێندی خواردبوو لەبەر خۆردا بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی عامیری کوڕی واز لە ئیسلام دەهێنێت، عامیر دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشەو لەوێ مایەوە تا لە کاتی غەزای خەیبەردا هاودەم بە جەعفەری مامی پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە، دواتریش ژیا و چوو بۆ شام تا لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا لە شام کۆچی دوایی کرد.[2]

### عامیری کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەسوەدەو چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خواش (ﷺ) نامەیەکی بۆ خۆی و هۆزەکەی نووسی.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 596.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 598.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 576.

عامیری کوڕی ئەکوەع (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەکوەعەو ئەکوەعی باوکی لە بنەڕەتدا ناوی سینانە، بەڵام بە ئەکوەع ناسراوە، عامیر یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[1]

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرچووین بۆ خەیبەرو بە شەو ڕێمان دەبڕی، پیاوێك بە عامیری مامی وت ئەرێ بڕێك شیعرمان بۆ ناڵێیت؟ ئەویش شیعری بۆ هۆنینەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتیان عامیری کوری ئەکوەعە، فەرمووی ڕەحمەتی خوا لێ بێت، چووین و گەمارۆی خەیبەرمان دا و تووشی نارەحەتیەکی زۆر بووین تا دواجار خوا سەرکەوتنی پێ بەخشین.[2]

جا شمشێرەکەی عامیر کورت بوو، ویستی بدات لە قاچی کابرایەکی جوولەکەکە شمشێرەکەی گەڕایەوەو بەر عامیر خۆی کەوت و بەو هۆیەوە مرد، لە کاتی گەڕانەوەدا، سەلەمەی برازای عامیر بێتاقەت بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی گرت و فەرمووی چیتە؟ وتی بە دایك و باوکمەوە بەقوربانت بم، خەڵکی دەڵێن عامیر کارە چاکەکانی خۆی سڕیوەتەوە–چونکە خۆی کوشتووە–، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (كذب من قاله، إن له لأجرين، إنه لجاهد مجاهد، قل عربي مشى بها مثله)،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 582.

2 - صحيح البخاري، الرقم 5801.

(هەرکەس ئەوەی وت درۆی کرد، ئەو دوو پاداشتی بۆهەیە، ئەو جیهادکەرو موجاهیدە، کەم عەرەب هەیە وەك ئەو ڕێی کردبێت).[1]

## عامیری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئەوسی کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای خەندەق، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی الحرة دا شەهید بوو.[2]

## عامیری کوڕی بوکەیر (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی بوکەیرەو یەکێکە لە یەکەم دەستەی موسڵمان بوان و دواتریش کۆچی کرد بۆ مەدینە،[3] کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەرانو پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیر و ثابتی کوڕی قەیسەوە.[4]

عامیر هاودەم بە براکانی لە غەزای بەدردا بەشداری کرد،[5] لە غەزای ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[6]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3974، صحيح مسلم، الرقم 3451.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 577.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 575.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 389.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 575.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 389.

## عامیری کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدقەیسەو خۆی و عەمری برایشی هاتوونەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

## عامیری کوڕی عەبدوڵای بەدری(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای بەدریە،[2] عامیر دەڵێت غەزای بەدر لە بەرەبەیانی رۆژی دوشەممەی نۆزدەی رەمەزاندا بوو.[3]

## عامیری کوڕی عەبدوڵای خەولانی(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەبدوڵای خەولانیە، تا سەردەمی فەتحی میصریش ژیا و تیایدا بەشدار بوو.[4]

## عامیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەمری کوڕی حوذافەیەو تا سەردەمی فەتحی میصر ژیا و تیایدا بەشداری کرد.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 591.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 127.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4633.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 590.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 592.

## عامیری کوڕی عەوف (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی عەوفەو لە پشتیوانانە لە بەنی ساعیدە، دەوترێت یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[1]

## عامیری کوڕی فوهەیرە (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی فوهەیرەیەو خزمەتکاری ئەبووبەکری صدیق بوو، کونیەکەی ئەبووعەمرە، بە بنەڕەت ئەزدی بوو، رەنگ رەشێکی مەملووك بوو.[2]

عامیر زۆر زوو موسڵمان بوو، هێشتا بانگەواز نەچووبوویە ماڵی ئەرقەمەوە کە عامیر موسڵمان بوو، ئەوکات هێشتا کۆیلەی طوفەیلی کوڕی عەبدوڵا بوو، لەبەر موسڵمانبوونەکەی زۆر ئازار و ئەشکەنجە دەدرا، بۆیە ئەبووبەکر ئەوی کڕی و ئازادی کرد.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عامیر هاوکاریان بوو، دەچوو بە دوای ئەواندا مەڕوماڵاتی دەلەوەڕاند تا شوێن پێیان دیار نەبێت، هەروەها شیری مەڕەکانی بۆ دەبردن،[4] ئەمەش لەو ماوەدا بوو کە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر لە ئەشکەوتی ثەور بوون.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 593.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 133.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 133.
4 - صحيح البخاري، الرقم 3714.
5 - صحيح ابن حبان، الرقم 6370.

کاتێك عامیر کۆچی کرد بۆ مەدینە، لای سەعدی کوڕی خەیثەمە دابەزی، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عامیری کوڕی فوهەیرەو حارثی کوڕی ئەوسەوە.[1]

عامیر لە غەزای بەدرو ئوحوددا بەشداری کرد.

لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا عامیر لە بیئر مەعوونەدا بەشدار بوو، تەمەنی نزیکەی چل ساڵان دەبوو شەهید بوو، کە شەهید بوو جەستەی دیار نەما.[2]

عامیری کوڕی موخەللەد (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی موخەللەدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[3] دایکی ناوی عومارەی کچی خەنسائە.[4]

عامیر لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[5]

عامیری کوڕی نابی (رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی نابی کوڕی زەیدەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[6]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 231.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 231.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 602.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 494.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 602.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 141.

### عامیری کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی یەزیدی کوڕی سەکەنە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشدار بوو و تیایدا شەهید بوو.[1]

### عامیری کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی عامیری کوڕی ئومەییەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

### عائیذی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی ثەعلەبەی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دواتریش تا سەردەمی فەتحی میصر ژیا و تیایدا بەشدار بوو و دواجار بە دەستی رۆمەکان لە ساڵی پەنجاو سێی کۆچیدا شەهید بوو.[3]

### عائیذی کوڕی سەعید(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی سەعیدی کوڕی زەیدە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عائیذ دەڵێت کە چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتم ئەی پێغەمبەری خوا

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 605.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 113.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 607.

(ﷺ) بە باوکمەوە بە قوربانت بم، دەستت بهێنە بەسەر دەموچاومدا و نزای بەرەکەتم بۆ بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) داواکەی بەجێگەیاندم.[1]

لە جەنگی قادسیەو جەلەولاء و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفینی کرد و ئاڵای هۆزەکەی بەدەستەوە بوو و تیایدا کوژرا.[2]

عائیذی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی عەمری کوڕی هیلالی موزەنیەو بە ئەبووهوبەیرە ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[3]

عائیذ تا سەردەمی عوبەیدوڵای کوڕی زیاد ژیاو جارێك چوو بۆ لای و ئامۆژگاری کرد و وتی من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (خراپترین کەس–کاربەدەستان– ستەمکارانی بێبەزەیین) جا وریابە تۆ لەوان نەبیت.[4]

عائیذی کوڕی قورط(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی قورطە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[5]

1 - أسد الغابة، 3، ص 144.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 607.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 609.

4 - صحيح مسلم، الرقم 3499.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 14867، قال ابن حجر في الإصابة، ج3، ص 610 إسناده حسن.

## عائیذی کوڕی ماعیص(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی ماعیصە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی حستە نێوان عائیذی کوڕی ماعیص و سوەیبیطی کوڕی سەعدەوە.[1]

عائیذ یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، هاودەم بە خۆیشی موعاذی برایشی بەشداری کرد، لە ڕووداوی بیئر مەعوونەدا عائیذ شەهید بوو.[2]

ئیبن سەعد دەڵێت ئەوەی لە بیئر مەعوونە شەهید بوو موعاذی برای بوو و عائیذ دواتر لە خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد و لە جەنگی یەمامەو لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا شەهید بوو.[3]

## عائیذی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه)

ناوی عائیذی کوڕی موعاذەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت لە قادسیەدا شەهید بوو.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 122.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 610.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 595.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 610.

عائیشەی کچی ئەبووسوفیان (رضي الله عنها)

**ناوی عائیشەی کچی ئەبووسوفیانە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]**

عائیشەی کچی جەریر (رضي الله عنها)

**ناوی عائیشەی کچی جەریرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]**

عائیشەی کچی عومەیر (رضي الله عنها)

**ناوی عائیشەی کچی عومەیرە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]**

عائیشەی کچی قوادمە(رضي الله عنها)

**ناوی عائیشەی کچی قودامەی کوڕی مەظعوونی قورەیشی جومەحیە، لە مەککە بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هاودەم بە دایکی بەیعەتی دا بە پێغەمبەر (ﷺ).[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 21.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 21.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 21.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 22.

### عائیشەی کچی ئەبووبەکر (رضي الله عنها)

ناوی عائیشەی کچی ئەبووبەکری صدیقە، باوکی یەکێکە لە نزیکترین هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و یەکەم خەلیفەی موسڵمانان.

دایکی ناوی ئوممورومانی کچی عامیرە.

عائیشە زاناترینی نێو ئافرەتانی ئوممەتی ئیسلامە.[1]

### خوشك و براکانی

برایەکی ناوی عەبدولا بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدولا دەچوو هەواڵی قورەیشیەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێك بوو، دواتر عەبدولا لە غەزاکاندا بەشداری کرد و لە هەریەك لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و طائیفدا بەشداری کرد و برینداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

برایەکی تری ناوی عەبدورەحمان بوو، ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و موحەممەدی کوڕیشی هاوەڵ بوو، عەبدورەحمان بەشداری بەدرو ئوحودی کرد بە بێباوەڕی، دواتر لە حودەیبیەدا موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت،

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 135.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 27-28.

پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد.[1]

برایەکی تری ناوی موحەممەد بوو، ئەم منداڵەی لە حەجی ماڵئاواییدا لەدایك بوو، دواتر موحەممەد یەکێك بوو لە هێرشبەرانی سەر خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان، دواتریش کە میصری گرتە دەست لەگەڵ عەمری کوڕی عاص جەنگا و سوپاکەی موحەممەد شکا و دواتر کوژرا و سووتێنرا.[2]

خوشکێکی ناوی ئەسماء بوو، هەر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەری زوبەیری کوڕی عەووام بوو، کۆچی کرد بۆ مەدینەو سکی هەبوو بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیرەوە، بە خاوەن دوو پشتێنەکە ناسراوە، تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی ئومەویدا دەسەڵاتی عەبدوڵای لە حیجاز بینی و مەرگی عەبدوڵای کوڕی بینی و پاش ماوەیەکی زۆر کەم لەو رووداوە وەفاتی کرد،[3] لە پیتی (أ) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

خوشکێکی تری ناوی ئوممولکلثوم بوو، ئەبووبەکری باوکی لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[4]

1 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.
2 - أسد الغابة، ج5، ص 106.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 487.
4 - أسد الغابة، ج2، ص 105.

لەدایکبوونی:

لەدایکبوونی عائیشە راجیایی لەسەرە، چونکە ئەمەش بەستراوەتەوە بە مەسەلەی تەمەنی لەکاتی هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ).

عائیشە دەڵێت هێشتا هۆشم نەکردبوویەوە کە باوك و دایکم باوەڕدار بوون، چی رۆژێکیش دەهات پێغەمبەر (ﷺ) بەیانی و ئێوارە دەهات بۆ لامان.[1]

ذەهەبی دەڵێت عائیشە لە دوای هاتنی ئیسلام لەدایك بوو و تەمەنی هەشت ساڵ بچووکتر بوو لە فاطیمە.[2]

هاوسەرگیری لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)

دوای وەفاتی خەدیجە پێغەمبەر (ﷺ) سەودەی بە هاوسەر گرت و ماوەیەك تەنها سەودە خێزانی بوو، هەندێ دەق هاتووە کە نزیکەی سێ ساڵ تەنها سەودە هاوسەری بوو، ئینجا عائیشەی بەهاوسەرگرت.[3]

سەودە تەمەنی زۆر بوو، دەترسا پێغەمبەر (ﷺ) تەلاقی بدات،[4] داوای کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تەلاقی نەدات، هەروەها ئەو رۆژەی خۆی کە مافی بوو پێغەمبەر (ﷺ) بچێتەوە بۆ لای، بەخشی بە عائیشە.[5]

[1] - صحيح البخاري، الرقم 466.
[2] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 139.
3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 265.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 53.
5 - أسد الغابة، ج7، ص 173.

هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ عائیشە پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ مەدینە، نزیکەی ساڵ و نیوێك یان دوو ساڵ پێش هیجرەت بوو کە عائیشەی مارە کرد، دواتر لە مانگی شەووالی ساڵی دووەمی کۆچی و پاش گەڕانەوەی لە غەزای بەدر ئینجا گواستیەوە.[1]

کاتێك خەدیجە وەفاتی کرد، خەولەی کچی حەکیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاوسەرگیری ناکەیت؟ ئەویش فەرمووی کێ بە هاوسەر بگرم؟ خەولە وتی کچت ئەوێت یان بێوەژن؟ فەرمووی ئەگەر کچ بێ کێ؟ خەولە وتی کچی خۆشەویستترین دروستکراوی خوا لەلات، عائیشەی کچی ئەبووبەکر؟ فەرمووی ئەی ئەگەر بێوەژن بێ کێ؟ وتی سەودەی کچی زەمعە، بڕوای پێ هێناویت و شوێن فەرمایشتت کەوتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بڕۆ و داوایان بکە بۆم، خەولە چوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و وتی ئەی ئوممورومان خوای گەورە چ خێر و بەرەکەتێکی بۆ داباراندون؟ ئەویش وتی چیە؟ خەولە وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی ناردووە بۆ داوای عائیشە، ئەویش وتی چاوەڕێ بکە تا ئەبووبەکر دێتەوە، ئەبووبەکر هاتەوەو خەولە پێی وت کە بۆچی هاتووە؟ ئەبووبەکر وتی جا بۆی گونجاوە لەکاتێدا عائیشە برازایەتی-برای ئاییني-؟! خەولە چوویەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، ئەویش فەرمووی (بگەڕێرەوە بۆ لای و ئەم قسەی منی پێ بڵێ، من برای تۆ م وتۆیش برای منیت لە ئیسلامدا، کچەکەشت گونجاوە بۆ من)، خەولەش گەڕایەوەو پەیامی پێغەمبەری خوای(ﷺ) پێگەیاند، ئەبووبەکر وتی چاوەڕێ بکە، چونکە موطعیمي کوڕی عەددی داوای عائیشەی کردبوو بۆ کوڕەکەی،

[1] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 135.

ئەبووبەکر چوو بۆ لای موطعیم، کەچی خۆیشی و ژنەکەشی تانەیان لێدا لەسەر موسڵمانبوونی، بەوە ئەبووبەکر یەکلا بوویەوە، ئەبووبەکر بە خەولەی وت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆ بانگ بکە، ئەویش چوو پێغەمبەری خوای(ﷺ) بانگ کرد و ئەبووبەکر عائیشەی لە پێغەمبەر (ﷺ) مارە کرد، ئەوکاتیش تەمەنی شەش ساڵان بوو.[1]

سەبارەت بە تەمەنی عائیشە لە کاتی مارەکردن و گواستنەوەیدا قسەو باسێکی زۆر هەیەو کراویشە بە گومانێك بەرامبەر بە ئیسلام، چونکە رایەك دەڵێت تەمەنی نۆ ساڵ بووە پێغەمبەر (ﷺ) گواستوویەتیەوە.[2]

عائیشە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە منی بە هاوسەر گرت تەمەنم شەش ساڵان بوو،... کاتێکیش پێغەمبەر (ﷺ) منی گواستەوە تەمەنم نۆ ساڵان بوو،[3] کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) منی گواستەوە کەلوپەلی یاریەکانیشم لەگەڵ خۆم برد، کاتێکیش پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنم هەژدە ساڵان بوو.[4]

هەر لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کە عائیشە لە حەوت ساڵیدا مارە کراوە.[5]

عائیشە دەڵێت کاتێك کۆچمان کرد بۆ مەدینەو لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بووم، لەناو هاوڕێکانمدا بووم، دایکم هاواری لێکردم و منیش چووم و نەمزانی بۆچی بانگم

[1] - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25198، سنه شعيب الأرناؤوط.
[2] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 135.
[3] - صحيح البخاري، الرقم 3703، صحيح مسلم، الرقم 2625.
[4] - صحيح مسلم، الرقم 2627.
[5] - صحيح مسلم، الرقم 2627.

دەکات، دەستی گرتم و منی بردە بەردەرگا و لەوێ بردمیە ماڵەوە، برێك ئافرەتی پشتیوانان دانیشتبوون، وتیان لەسەر خێر و بەرەکەت و بەختی باش بێت، دایکم منی دایە دەست ئەوان، ئەوانیش سەریان شۆردم و منیان رازاندەوەو تەسلیمی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کردم.[1]

لە رووداوی ئیفکدا کە لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا روویدا، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری کرد لە بەریرە بزانێت رای چیە، بەریرە وتی: عائیشە ئافرەتێکە تەمەنی کەمە، کە لە لای هەویر دەشێلم بە دیاریەوە خەوی لێدەکەوێت و باڵندەو پەلەوەر دێن هەویرەکە دەخۆن.[2]

عائیشە دەڵێت من لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم برێ کچی هاورێم هەبوون دەهاتن بۆ لام یارییان دەکرد لەگەڵم، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەهاتەوە ئەوان لە شەرمدا خۆیان دەشاردەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) یەك یەك ئەوانی دەناردەوە بۆ لام تا یاریم لەگەڵ بکەن.[3]

لە هەموو ئەو گێڕانەوانەی پێشووەوە دەردەکەوێت کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بەهاوسەر گرتووە تەمەنی عائیشە کەم بووە، چونکە هەموو فەرموودەکان صەحیحن و لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتون.

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 2625، صحيح ابن حبان، الرقم 7206، سنن أبي داود، الرقم 4307، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 4770.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 2515.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 5784، صحيح مسلم، الرقم 4574، صحيح ابن حبان، الرقم 5944، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8671.

کۆچی عائیشە بۆ مەدینە

عائیشەو کچەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عائیشە دەڵێت دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدوڵای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی ڕێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو ڕێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر ببات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەموومان کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممو کلثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئوممو ئەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[1]

عائیشە دەڵێت کە هاتینە مەدینە ماوەی مانگێك تووشی نەخۆشی و ئازارێکی زۆر بووم.[2]

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6755.

[2] - صحيح مسلم، الرقم 2625.

رووداوی ئیفك

رووداوی ئیفك لە غەزای مورەیسیعدا لە ساڵی پێنجەمی کۆچیدا روویدا، ئەوکات عائیشە تەمەنی دوانزە ساڵان بوو.[1]

پێغەمبەر (ﷺ) هەرکات بیویستایە لە مەدینە دەربچێت تیروپشکی دەکرد بۆ هاوسەرەکانی و یەکێك لە هاوسەرەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، لە غەزای مورەیسیعدا عائیشە ناوی دەرچوو.[2]

عائیشە خۆی وردەکاری رووداوەکە باس دەکات و دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرکات بیویستایە دەربچێت تیروپشکی دەکرد بۆ هاوسەرەکانی و یەکێك لە هاوسەرەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد، ئەوەبوو لە غەزایەکدا ناوی من دەرچوو، ئەمەش دوای دابەزینی ئایەتی حیجاب بوو، منیش لەناو کەژاوەیەکدا بووم، کە پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزاکە بوویەوەو بەرەو مەدینە کەوتەوەڕێ، کە لە مەدینە نزیك بووینەوە، پاش حەوانەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دەرچوونی دەرکرد، منیش بە پیادە کەمێك لە سوپاکە دوورکەوتبوومەوە بۆ پێویستیەکم، کە تەواو بووم هاتمەوە بەرەو لای کاروانەکە، دەستم دا لە سنگم دەبینم گەردەنبەندەکەم پچڕاوە، بۆیە گەڕامەوە بۆی، ئەوە دوای خستم، تا هاتمەوە ئەوانەی کەژاوەکەی منیان هەڵگرتبوو کەژاوەکەیان خستبوویە سەر وشترەکەو وایانزانیبوو من تیایدام، ئەوکات ئافرەتان کێشیان کەم بوو و قەڵەو و قورس نەبوون، چونکە تەنها بەشی نەمانی برسێتی نانیان دەخوارد، بۆیە سووکی کەژاوەکەیان لا نامۆ نەبووبوو، کەوتبوونەڕێ، کە

[1] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 153.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 2539، صحيح ابن حبان، الرقم 7208.

گەردنبەندەکەم دۆزیەوە گەڕامەوە، دەبینم کەس لەوێ نیە، چوومەوە هەمان شوێن کە تیایدا بووم و وتم دەگەڕێن بە دوامدا و دێنەوە بە شوێنمدا، دانیشتم تا ئەوەی خەو زۆری هێنا بۆ چاوەکانم و خەوم لێکەوت، صەفوانی کوڕی موعەططەلی سولەمی لە دوای سوپاکەوە بوو، کە گەیشتە لای من، تارمایی کەسێکی خەوتووی بینی، هات بۆ لام، ئەو پێش دابەزینی ئایەتی حیجاب منی دیبوو، کە وشترەکەی مۆڵ دا بێدار بوومەوە، صەفوان دەستی دانا تا قاچ بخەمە سەری و سەر وشترەکە کەوتم، ئیتر منی بردەوە تا گەیشتینەوە لای کاروانەکە، ئەوان لە قرچەی نیوەڕۆدا لایاندابوو کە ئێمە گەیشتینە لایان، یەکەم کەس بەزمی بوهتانەکەی نایەوە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول بوو، کە چووینەوە مەدینە ماوەی یەك مانگ من بەو دەردەوە –بوهتان بۆ کردن– مامەوەو باسی ئەو رووداوە بنێشتە خۆشەی دەمی ئەوانە بوو کە بڕوایان وابوو تووشی تاوان بوم، ئەوەی زیاتر منی دەترساند، ئەوەبوو ئەو نەرمونیانەی پێشتر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەمدی لەو ماوەدا لێم نەدەبینی، دەهاتەوە ماڵەوەو سەلامی دەکرد و دواتر دەیفەرموو (ئافرەتەکە چۆنە؟) منیش هیچم نەدەزانی تا لەو نەخۆشیەی تووشم بووبوو چاك بوومەوە، ئەوکات لەگەڵ ئوممومیسطەح دەرچووین بۆ دەست بەئاو گەیاندن کە تەنها بە شەویش دەردەچووین، ئەوکات هێشتا لەپاڵ ماڵدا سەرئاو نەبوو، دەچووین بە رێدا کە پێی گیر بوو لە جلەکەی، وتی لەناوچێت میسطەح، وتم خراپت وت قسە بە بەشداربوویەکی بەدر دەڵێیت؟ ئەویش وتی هۆو خاتوون مەگەر گوێت لە قسەی ئەو خەڵکە نەبووە؟ ئینجا قسەو باسەکەی بۆ گێڕامەوە، ئیتر هێندەی تر نەخۆش کەوتم، کە گەڕامەوە ماڵەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە ماڵەوەو سەلامی کرد و فەرمووی (ئافرەتەکە چۆنە؟)، وتم مۆڵەتم بدە بچمەوە بۆ لای دایك و باوکم، چونکە

دەمویست بچمەوە بۆ لایان و دڵنیا بم لەوەی بیستوومە، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دام و منیش چوومەوە ماڵەوەو بە دایکم وت ئەو خەڵکە چی دەڵێت؟ ئەویش وتی کچە شیرینەکەم باری خۆت قورس مەکە، بەخوا هەر ئافرەتێکی جوان لای پیاوێ بێت کە خۆشی بوێت و ئافرەتەکە هەوێی زۆری هەبێت، هەر هێرشی دەکەنە سەر، منیش وتم سوبحانەڵا، خەڵکی وا دەڵێن؟! ئیتر ئەو شەوە تا بەیانی فرمێسك لە چاوانم نەوەستا و خەو نەچووە چاوم، بۆ بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) عەلی کوڕی ئەبووطالیب و ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد و رای ئەوانی وەرگرت، چونکە هێشتا سروش لەو بارەوە دانەبەزیبوو، رای ئەوانی وەرگرت ئایا لە من جیابێتەوە یان نا؟ ئوسامە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە خێزانتە و بەخوا تەنها خێر و چاکەی لە بارەوە دەزانین، عەلیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خوا بارت تەنگ و سەخت ناکات و ئافرەتی تریش جگە لەو زۆرن، پرسیاریش بکە لە خزمەتکارەکە ئەو وەڵامی راستت پێ دەدات، پێغەمبەر (ﷺ) بەریرەی بانگ کرد، فەرمووی (ئەی بەریرە ئایا هیچت لە عائیشە دیوە کە جێی گومانت بێت؟) بەیرە وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە تاکە شتێك لەم ئافرەتە دیومە ئەوەیە کە تەمەنی زۆر کەمەو کە هەویر دەشێلرێت بە دەم هەویرەکەوە خەوی لێدەکەوێت، پەلەوەر دێت و هەویرەکە دەخوات، پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئەو رۆژە هەستا و لەنێو هاوەڵانیدا فەرمووی(من يعذرني من رجل بلغني أذاه في أهلي، فوالله ما علمت على أهلي إلا خيرا، وقد ذكروا رجلا ما علمت عليه إلا خيرا، وما كان يدخل على أهلي إلا معي)، (کێ پۆزشم بۆ وەردەگرێ لە کەسێ کە پێم گەیشتووە بە خراپە باسی خێزانەکەمی کردووە، دەی سوێند بەخوا من هەر چاکەی خێزانەکەم دەزانم–واتە چاکەم لێ دیوە– ئەوانە باسی پیاوێکیان کردووە کە بەس خێرو چاکەی لە بارەوە دەزانم،

بەتەنها لەگەڵ خۆیشمدا هاتووە بۆ لای خێزانەکانم)، سەعدی کوڕی موعاذ هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا من ئەوەت بۆ دەکەم، ئەگەر لە ئەوسیەکان بێت دەدەین لە ملی، ئەگەریش لەناو برا خەزرەجیەکانماندا بێت فەرمانمان پێبکەیت فەرمانت بەجێدەگەیەنین، سەعدی کوڕی عوبادە کە گەورەی خەزرەجیەکان بوو و پیاوێکی چاك بوو بەڵام دەمارگیری گرتی، هەستاو وتی سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژیتو ئەوەشت پێ ناکرێت، ئوسەیدی کوڕی حوضەیریش هەستاو وتی سوێند بەخوا درۆ دەکەیت، ئێمە دەیکوژین، تۆ دووڕوویت و سەبارەت بە دووڕوان مشتومڕ دەکەیت، هەردوو دەستەی ئەوس و خەزرەج هەستانو خەریکبوو بکەونە وێزەی یەکتر، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) کە لەسەر مینبەر بوو دابەزیو هێوری کردنەوە تا بێدەنگ بوون، پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو و منیش ئەو ڕۆژە هەر دەگریام، بۆ بەیانی دایك و باوکم هاتن بۆ لام، لە کەنارمەوە دانیشتبوون کە من دەگریام، لەو کاتەدا ئافرەتێکی پشتیوانان داوای مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی کرد، منیش مۆڵەتم دا، ئەویش هات دانیشت و لەگەڵم دەستی کرد بە گریان، لەو حاڵەدا بووین کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ژوورەوەو لە دوور منەوە دانیشت، چونکە لەو ڕۆژەوەی ئەو قسانە کرابوو لە کەنار منەوە دانەدەنیشت، ماوەی مانگێك بوو خوا سروشی دانەبەزاندبوو، پێغەمبەر (ﷺ) شایەتومانی فەرموو و دواتر فەرمووی (يا عائشة، فإنه بلغني عنك كذا وكذا، فإن كنت بريئة فسيبرئك الله، وإن كنت ألممت بذنب، فاستغفري الله وتوبي إليه، فإن العبد إذا اعترف بذنبه ثم تاب تاب الله عليه)، (ئەی عائیشە ئاواو ئاوام لەبارەتەوە بیستووە، ئەگەر پاکیت ئەوە خوا پاکیت دەسەلمێنێت، ئەگەریش تووشی تاوانێك بویت ئەوەی داوای لێخۆشبوون لە خوا بکەو تەوبە بکە، چونکە بەندە ئەگەر دانی نا بە تاوانیدا و دواتر تەوبەی کرد ئەوە خوا لێی خۆش دەبێت)،

کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمایشتەکەی تەواو بوو فرمێسك لە چاوانم بڕا، بە باوکم وت تۆ لە بری من وەڵامی پێغەمبەر (ﷺ) بدەرەوە، ئەویش وتی بەخوا نازانم چی بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێم، وتم دەی دایکە تۆ لە بری من وەڵام بدەرەوە، ئەویش هەمان شتی وت، وتم بەخوا دەزانم ئێوە قسەی ئەو خەڵکەتان بیستووە و بڕواتان بە قسەی ئەوان کردووە، ئەگەر پێتان بڵێم من پاکم بڕوام پێ ناکەن، خواش خۆی دەزانێت من بێتاوانم، ئەگەریش بڵێم شتی وامکردووە بڕوام پێدەکەن لەکاتێکدا خوا دەزانێت من شتی وام نەکردووە، نموونەی من و ئێوە هەروەك بەسەرهاتەکەی باوکی یووسفە کە فەرمووی(فصبر جميل والله المستعان على ما تصفون)، ئینجا چووم بۆ ناو جێگەکەم و دەپارامەوە خوا پاکیم نیشان بدات، بەڵام بەخوا هەرگیز گومانیشم نەدەبرد کە لە بارەمەوە سروش دابەزێت، خۆم زۆر بە کەمتر لەوە دەزانی قورئان لە بارەمەوە بدوێت، بەڵام هیوام وابوو پێغەمبەر (ﷺ) خەوێك بینێت کە تیایدا خوا پاکی من بسەلمێنێت، بەخوا کەس لەو کۆڕە نەچوویە دەرەوە تا سروش دابەزی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو باری نارەحەتیەی لە سروشدا تووشی دەبوو تووشی بوو، لەو رۆژە باراناویەدا عارەقەی نێوچاوانی دەتوت مرواریە، کە پێغەمبەر (ﷺ) قورسی سروشی لەسەر لاچوو، پێدەکەنی، یەکەم قسە بە منی فەرموو (ئەی عائیشە سوپاسی خوا بکە، خوا پاکی تۆی سەلماند)، دایکم وتی هەستە وەرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، وتم نابەخوا ناچم بۆ لای و تەنها سوپاسی خوا دەکەم، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلۡإِفۡكِ عُصۡبَةٞ مِّنكُمۡۚ لَا تَحۡسَبُوهُ شَرّٗا لَّكُمۖ بَلۡ هُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۚ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُم مَّا ٱكۡتَسَبَ مِنَ ٱلۡإِثۡمِۚ وَٱلَّذِي تَوَلَّىٰ كِبۡرَهُۥ مِنۡهُمۡ لَهُۥ عَذَابٌ عَظِيمٞ ﴿١١﴾ لَّوۡلَآ إِذۡ سَمِعۡتُمُوهُ ظَنَّ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمۡ خَيۡرٗا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفۡكٞ مُّبِينٞ ﴿١٢﴾

لَّوْلَا جَآءُو عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَآءَ ۚ فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا۟ بِٱلشُّهَدَآءِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ عِندَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٣﴾ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ فِى ٱلدُّنْيَا وَٱلْءَاخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِى مَآ أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٤﴾ إِذْ تَلَقَّوْنَهُۥ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِۦ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُۥ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ ٱللَّهِ عَظِيمٌ ﴿١٥﴾ وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴿١٦﴾ يَعِظُكُمُ ٱللَّهُ أَن تَعُودُوا۟ لِمِثْلِهِۦٓ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧﴾ وَيُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٨﴾)، کە خوا لە بارەی منەوە ئەو ئایەتانەی دابەزاند، ئەبووبەکر کە پێشتر بە پارە یارمەتی میسطەحی کوڕی ئەثاثەی دەدا، وتی بەخوا ئیتر لەمەودوا تا ماوم هیچ یارمەتی نادەم مادەم سەبارەت بە عائیشە وای دەوت، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(وَلَا يَأْتَلِ أُو۟لُوا۟ ٱلْفَضْلِ مِنكُمْ وَٱلسَّعَةِ أَن يُؤْتُوٓا۟ أُو۟لِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينَ وَٱلْمُهَٰجِرِينَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَلْيَعْفُوا۟ وَلْيَصْفَحُوٓا۟ ۗ أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَكُمْ ۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٢﴾)، ئەبووبەکر وتی بەڵێ خوایە من ئەوەم پێ خۆشترە لێم خۆش بێت، بۆیە دەستی کردەوە بە یارمەتیدانی میسطەح.[1]

کاتێك ڕووداوی ئیفك ڕوویدا، زەینەبی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) شایەتی خێری دا بۆ عائیشە، عائیشە دەڵێت لەناو خێزانەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) زەینەبی کچی جەحش ڕکەبەرم بوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بەو مەسەلەیە پرسیاری لێکرد

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2539، صحيح مسلم، الرقم 5080، صحيح ابن حبان، الرقم 7208، سنن الترمذي، الرقم 3186، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8656، مسند احمد بن حنبل، الرقم 25051، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19038.

زەینەب وتی بەخوا تەنها خێر دەزانم، ئەوەبوو خوا پاراستی لەو بوهتانە، بەڵام حەمنەی خوشکی لەبەر خوشکەکەی بەرامبەرم تێکەوت.[1]

حەسسانی شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە مەسەلەی ئیفکدا تێکەوت، مەسەلەی ئیفکیش ئەو بوختانە بوو کە کرا بۆ دایکی باوەڕداران عائیشە گوایە تووشی زینا بووە، چەند هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) بە هەڵە کەوتنە ژێر کاریگەری دووڕووان و کەوتنە ئەو هەڵەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە حەسسانی کوڕی ثابتی شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) و میسطەح و حەمنە، ئەوەبوو خوای گەورە لەو بارەوە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە:

(إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ مَا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ)

(بێگومان کەسانێ کە ئەو بوهتانەیان (بۆ عائیشەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) هەڵبەست دەستەیە بوون لە خۆتان (با مونافیقیشیان تیا بوو) وا مەزانن ئەو (بوهتانە) شەڕ و خراپە بۆتان (وانیە) بەڵکو خێرو چاکەیە بۆتان بۆ هەریەك لەوانە هەیە لەتاوان بەو ئەندازەی هەوڵی داوە (لەو بوهتانەدا) وە ئەو کەسەیان کە بەشی گەورەی بوختانەکەی گرتە ئەستۆ (کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی بوو) (لە ڕۆژی

1 - صحیح مسلم، الرقم 5080.

دواییدا) بۆ ئەوە سزای هەرە گەورە)،[1] بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد هەشتا جەلد درا لەو سێ کەسە.[2]

لە ژیانی هەریەك لە حەسسانی کوڕی ثابت و حەمنەو میسطەحدا روونکردنەوەی پێویستمان هێناوە سەبارەت بە هەڵوێستیان لە رووداوی ئیفکدا.

چەند دیمەنێ لە ژیانی ئاسایی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)

طەخفە دەڵێت ئێمە لە مزگەوت ئەهلی صوففە بووین، پێغەمبەر (ﷺ) دوای نوێژی ئێوارە فەرمووی ئەی فلانە کەس تۆ لەگەڵ فلانە کەس برۆ، تۆش لەگەڵ فلانە کەس برۆ، بەو جۆرە تا هەمووی چوو و من پێنجەم کەس بووم مابوومەوە، فەرمووی لەگەڵ من وەرن، لەگەڵی چووینەوە بۆماڵەوەو لە ماڵی عائیشە بوو، هێشتا ئایەتی حیجاب دانەبەزیبوو، فەرمووی ئەی عائیشە خواردنمان بۆ بهێنە، ئەویش نانێکی بۆ هێناین، دواتر هەمدی فەرمووی ئەی عائیشە خواردنمان بۆبهێنە، ئەویش خواردنی حەیسی –خورما و شیر و رۆن پێکەوە لێبنرێت– بۆ هێناین، هەمدی داوای خواردنی کرد و ئەویش قاپێ–شیری– بۆ هێناین، پێغەمبەر (ﷺ) لێی خواردەوەو دواتر فەرمووی ئەی عائیشە خواردنەوەمان بۆ بهێنە، ئەویش قاپێکی تر –شیری– هێنا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێتان خۆشە لای ئێمە بمێننەوەو

---

1 - مشكل الآثار للطحاوی، الرقم 2494

2 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 4803، مشكل الآثار للطحاوی، الرقم 2494، تاريخ المدينة لابن شبة، الرقم 634.

بخەون، حەزیش دەکەن بچن بۆ مزگەوت و لەوێ بخەون، ئیمەش چووین بۆ مزگەوت.[1]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: بەیانیەك پێغەمبەر (ﷺ) چوویە دەرەوەو جلێکی خوری لەبەر بوو کە لە مووی ڕەش دروستکرابوو، ئینجا حەسەنی کوڕی عەلی هات و پێغەمبەر (ﷺ) هێنایە ژوورەوە، دوای ماوەیەکی تر حوسەین هات و لەگەڵی هاتە ژوورەوە، دواتر فاطیمە هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایەژوورەوە، ئینجا عەلیش هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایە ژوورەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت و يطهركم تطهيرا).[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك ئەبووبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لام و دوو کچۆڵەم لا بوون کە دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش (ﷺ) بە جلەکانی خۆی داپۆشیبوو، ئەبووبەکر هەڵشاخی پیایاندا، پێغەمبەر (ﷺ) جلەکانی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی(دعهما يا أبابكر فإنها أيام عيد و تلك الأيام أيام منى)،[3] (وازیان لێ بێنە ئەی ئەبووبەکر، چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی جەژنن و ڕۆژانی مینان).

ئەنەس دەڵێت دراوسێیەکی پێغەمبەر (ﷺ) فارس بوو، شلەی –گۆشتاوی– زۆر بەتامی دروست دەکرد، جارێك ئامادەی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و هات بانگهێشتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ئەمەش)

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5627، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4554، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31462، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2662،

3 - صحيح البخاري، الرقم 958 و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 1527 حتى أيام عيد.

مەبەستی عائیشە بوو کە لەگەڵیدا بوو، کابرا وتی نا تەنها خۆت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی نایەم، ئەوەبوو کابرا هەمدی هاتەوەو پێغەمبەری خوای(ﷺ) بانگهێشتکردەوە، هەمان شت روویدایەوە، لە جاری سێیەمدا کابرا وتی باشە با ئەویش بێت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) و عائیشە بە شانەخڕێ و گەمەکردنەوە چوون تا گەیشتنە ماڵی کابرای فارس.[1]

عائیشە دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) پێشبڕکێمان کرد، من لێم بردەوە، دوای ماوەیەك قەڵەو بووم، هەمدی پێشبڕکێمان کرد و پێغەمبەر (ﷺ) لێی بردمەوەو فەرمووی ئەمەیان بەوی تر.[2]

عائیشە دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووین، کە گەیشتینە ناوچەی بەیداء گەردنبەندێکم پچڕا، پێغەمبەر (ﷺ) بۆی گەڕا و خەڵکیش بۆی گەڕان و هیچ ئاویشمان پێ نەبوو، خەڵکی هاتن بۆ لای ئەبووبەکر و وتیان نابینیت عائیشە چی کرد؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و خەڵکەکەی سەرقاڵ کرد و هیچ ئاویشمان پێ نیە و نزیکیش نین لە ئاوەوە، ئەبووبەکر هات و بینی پێغەمبەر (ﷺ) سەری لەسەر رانم بوو خەوتبوو، وتی ئاوا پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکەکەت دواخست و هیچ ئاویش لێرە نیەو ئاویشمان پێ نیە؟ زۆر سەرکۆنەی کردمو بەدەستی تێیدەخوڕیم، تەنها لەبەرئەوە نەدەجووڵام کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر رانم

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 3891، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12001.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4764، سنن أبي داود، الرقم 227، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8669، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25704، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2578.

خەوتبوو، کە رۆژ بوویەوەو پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو ئاو نەبوو، خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی دابەزاند، خەڵکەکە تەیەمومیان کرد، ئوسەیدی کوڕی حوضەیر وتی ئەی بنەماڵەی ئەبووبەکر ئەمە یەکەمجارتان نیە ئاوا بەرەکیتان هەبێت، ئینجا ئەو وشترەی لەسەری بووم جوولا، دەبینین گەردنبەندەکە لەژێر ئەودایە.[1]

عائیشە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (إني لأعلم إذا كنت عني راضية، وإذا كنت علي غضبى)، (من دەزانم تۆ کەی لێم رازیت و کەی لێم تووڕەیت) منیش وتم چۆن دەزانیت؟ فەرمووی (أما إذا كنت عني راضية، فإنك تقولين لا ورب محمد، وإذا كنت علي غضبى قلت لا ورب إبراهيم)، (ئەگەر لێم رازی بیت دەڵێیت نا بە خوای موحەممەد، ئەگەریش لێم تووڕە بیت دەڵێیت نا بەخوای ئیبراهیم)، منیش وتم بەڵێ بەخوا وایە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

لە حەجی ماڵئاواییدا کە عائیشەش هاودەم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو و عەبدوڕەحمانی برای عائیشەش بەشدار بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە عەبدوڕەحمان تا عائیشە ببات تا عومرەکەی بکات و دواتر بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[3]

[1] - صحيح البخاري، الرقم 331، صحيح مسلم، الرقم 576، صحيح ابن حبان، الرقم 1316، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 290، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 930، مسند احمد بن حنبل، الرقم 24883، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19032.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 4933، صحيح مسلم، الرقم 4573، صحيح ابن حبان، الرقم 7219، مسندأحمد بن حنبل، الرقم 23760.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1494.

عائیشە دەڵێت شەوێك دوای نوێژی عیشا لە پێغەمبەر (ﷺ) دواکەوتم، دواتر چوومەوە بۆ لای، فەرمووی لە کوێ بوویت؟ وتم گوێمان لە قورئانخوێندنی هاوەڵێکت دەگرت لە مزگەوت قورئانی دەخوێن، دەنگی وا خۆش و خوێندنی وا دروستم نەبیستبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و منیش لەگەڵی هەستام، چوو گوێی لێگرت، دواتر لایکردەوە بە لای مندا و فەرمووی(ئەوە سالیمی مەولای ئەبووحوذەیفەیە، سوپاس بۆ خوا کە کەسی وای لە ئوممەتەکەمدا داناوە).[1]

غیرەی دایکانی باوەڕداران عائیشە

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت ئەو غیرەی بەرامبەر خەدیجە هەمبوو بەرامبەر هیچ کەسی تر هێندە نەمبوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ)زۆر باسی دەکرد.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە گۆشتی دەنارد بۆ هاوڕێکانی خەدیجەو و هێندەش زۆر باسی خەدیجەی دەکرد وام لێدەهات دەموت ئەڵێیت هەر خەدیجە ژن بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو ئەو ئاواو و ئاوا بوو و من لەو منداڵم هەبوو).[3]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت جارێك هالەی خوشکی خەدیجە هاتە بەردەرگا، کە پێغەمبەر (ﷺ) زانی هالەیە خێرا راپەڕی و فەرمووی(اللهم هاله) (ئای خوایە هالە هاتووە)، منیش غیرە دایگرتم و وتم چیە ئەوەنە باسی ئەو پیرەژنە

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4953، صححه الذهبي.
2 - صحيح البخاري، الرقم 3629.
3 - صحيح البخاري، الرقم 3630.

قورەیشیە دەکەیت،[1] پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی لێ بیستم دەموچاوی توورە هەلگەرا.[2]

عائیشەی دایکی باوەرداران دەڵێت کاتێك ناوی خەدیجە دەبرا ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) زۆر وەسفی دەکرد و زۆر یادی دەکردەوە، منیش رۆژێك غیرەم هەبوو وتم چیە ئەوەنە باسی ئەو لاجانگ سوورە ئەکەیت خوا لە بری ئەو چاکتری پێ بەخشیویت، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی(ما أبدلني الله عز وجل خيرا منها، قد آمنت بي إذ كفر بي الناس، وصدقتني إذ كذبني الناس، وواستني بمالها إذ حرمني الناس، ورزقني الله عز وجل ولدها إذ حرمني أولاد النساء)،[3] (خوای گەورە لەو چاکتری پێ نەبەخشیوم، خەدیجە کاتێك باوەری پێ هێنام کە خەڵکی بروایان پێ نەدەهێنام، کاتێك خەڵکی بە درۆیان دەخستمەوە بەراستی زانیم، کاتێك خەڵك بێبەشیان دەکردم ئەو بە سامانەکەی دڵنەوایی و پاڵپشتی دەکردم، خوای گەورە لەو منداڵی پێ بەخشیم کەچی لە ژنەکانی ترم بێبەشی کردم لە منداڵ).

عائیشە و حەفصەی دایکانی باوەرداران غیرەیەکیان هەبوو بەرامبەر بە هەڵوێستێك کە پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ زەینەبی کچی جەحش هەیبوو، حەفصە دوای عائیشەو زەینەبیش دوای حەفصە بوون بە هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بۆ لای زەینەب لای ئەو هەنگوینی دەخوارد، عائیشەو حەفصەش بریاریاندا پێکەوە کارێك بکەن پێغەمبەر (ﷺ) راگرن لەو خواردنی

1 - صحيح البخاري، الرقم 3633.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7118.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24309، قال الذهبي في البداية والنهاية (ج3، ص 128) إسناده لا بأس به، صححه شعيب الأرناؤوط.

هەنگوینە، بۆیە بڕیاریان دا پێغەمبەر (ﷺ) بچێت بۆ لای هەرکامیان بڵێن ئەوە مەغافیرت خواردووە (خواردنێکی بۆن ناخۆشە)، ئەو بۆنەت لێ دێت، پێغەمبەریش (ﷺ) کە ئەوەی پێ وترا فەرمووی (نا، بەڵام من لای زەینەبی کچی جەحش هەنگوینم خواردووە، ئیتر هەرگیز نایخۆم و سوێندیشم خواردووە، هەواڵی ئەمەش مەڵێ بە کەس)،[1] ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ تَبْتَغِي مَرْضَاتَ أَزْوَاجِكَ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ، قَدْ فَرَضَ اللَّهُ لَكُمْ تَحِلَّةَ أَيْمَانِكُمْ وَاللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ، وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا فَلَمَّا نَبَّأَتْ بِهِ وَأَظْهَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ عَرَّفَ بَعْضَهُ وَأَعْرَضَ عَنْ بَعْضٍ فَلَمَّا نَبَّأَهَا بِهِ قَالَتْ مَنْ أَنْبَأَكَ هَذَا قَالَ نَبَّأَنِيَ الْعَلِيمُ الْخَبِيرُ، يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنْفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَارًا وَقُودُهَا النَّاسُ وَالْحِجَارَةُ عَلَيْهَا مَلَائِكَةٌ غِلَاظٌ شِدَادٌ لَا يَعْصُونَ اللَّهَ مَا أَمَرَهُمْ وَيَفْعَلُونَ مَا يُؤْمَرُونَ)،[2] (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆچی شتێك لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوویت تۆ ڕەزامەندی ژنەکانت دەوێ لە کاتێکدا خوا لێخۆشبووی میهرەبانە، بێگومان خوا دایناوە بۆتان هەڵوەشاندنەوەی سوێندەکانتان خوا کارساز و دۆستی ئێوەیە وە ئەو زانای کاردروستە، کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) بەنهێنی لای هەندێ لە ژنەکانی قسەیەکی درکاند ئینجا کە ئەو (ژنە) قسەکەی کرد (بۆ هەوێکەی) خواش پێغەمبەری (ﷺ) ئاگادار کرد (پێغەمبەر (ﷺ)) هەندێك (لە قسەکان) ی باسکرد و بێ دەنگ بوو لە هەندێکی تری ئینجا کە پێی وت (ژنەکەی) وتی: کێ ئەمەی پێ گەیاندی فەرمووی خوای زانای ئاگادار پێی گەیاندم، ئەی (حەفصە و

1 - صحيح البخاري، الرقم 4630.

2 - صحيح مسلم، الرقم 2772.

عائیشە) ئەگەر هەردووکتان تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا (جیّ ی خۆیەتی) چونکە بەڕاستی دڵتان لایدا (لە حەق و ڕاستی) وە ئەگەر پشتی یەکتر بگرن لە دژی پێغەمبەر (ﷺ) (سەرکەوتوو نابن) چونکە بێگومان خوا پشگیری ئەوەو هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکانیش دوای ئەوان فریشتەکانیش پشتیوانی ئەون).

لە گێڕانەوەیەکی تری موسلیمدا هەمان بەسەرهات هاتووە، بەڵام وا هاتووە کە خاوەنی هەنگوینەکە حەفصە بووەو پلان دانانەکەش عائیشەو سەودە بون،[1] بەڵام ئیبن حەجەر لە شەرحی بوخاریدا دەڵێت دەگونجێت ئەو ڕووداوە جارێکی تر بووبێت و پەیوەست نەبووە بەم ڕووداوەو بە دابەزینی ئەم ئایەتانەوە، چونکە ڕووداوی هەنگوینەکەی زەینەب و پیّ ناخۆش بوونی عائیشەو حەفصە چەسپاوە، لەو بارەشەوە مشتومڕێکی ورد دێنێت، ئەو پێی وایە کە لەوانەیە ڕووداوەکەی هەنگوین خواردن لای حەفصە پێش ئەم ڕووداوە بووبێت و پەیوەست نەبووبێت بەو ئایەتانەوە،[2] بەڵام ئەمە وردەکاری دەوێت، چونکە ناکرێت پێغەمبەر (ﷺ) دوو جار بە هەمان ڕووداو تێکەوتبێت، وەك خۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت (لا يلدغ المؤمن من جحر واحد مرتين)،[3] (باوەڕدار دوو جار لە کونێکدا ناگەزرێت)، ناگونجێت پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم جار بەو جۆرەی بەرامبەر کرابێت و بۆ جاری دووەمیش هەمان شتی بەرامبەر کرابێت و هەستی پیّ نەکردبێت، دوور بێت لە پێغەمبەری

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 2773.

2 - فتح الباري، ج9، ص 376 - 377.

3 - صحيح البخاري، الرقم 5787، صحيح مسلم، الرقم 5427، صحيح ابن حبان، الرقم 664، سنن أبي داود، الرقم 4241، سنن الدارمي، الرقم 2731، مسند احمد بن حنبل، الرقم 8725، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 6889.

خواوە (ﷺ) ئەمە بە لاوازدانانی هەست و پێزانینی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، بۆیە دەکرێت ئەگەرێکی تر هەبێت، ئەویش ئەوەیە دەبێت پێغەمبەر (ﷺ) ئاگادار نەبووبێت بە رووداوی یەکەم و ئەو شتەی بۆ ئاشکرا نەبووبێت تا لە رووداوی دووەمدا ئینجا خوای گەورە ئاشکرای کردبێت، چونکە وەك هاتووە کاتێك هەریەك لە عائیشەو سەودە وا دەڵێن بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئەویش دەچێتەوە بۆ لای حەفصە، حەفصە دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو هەنگوینەت بۆ تێبکەم؟ ئەویش دەفەرموێت نا پێویستم نیە، ئینجا سەودە بە عائیشەی وت سوبحانەڵا، بەخوا ئەو هەنگوینەمان لێ حەرام کرد، عائیشەش بە سەودەی وت بێدەنگ بە،[1] بۆیە نابینین هیچ سوێند خواردنێکی تێدا بووبێت بۆ نەخواردنی و باسی دابەزینی ئایەتەکەشی تێدا نیە.

بەهەرحاڵ ئەم رووداوە بەڵگەیە لەسەر بوونی غیرە لای ئافرەتان، وەك دەبینین ئوممو سەلەمەی دایکی باوەڕداران خۆی دان بەوەدا دەنێت و کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) داوای دەکات ئەو دەڵێت ئاخۆ من ئافرەتێکم غیرەیەکی زۆرم تێدا هەیە،[2] هەروەها کاتێك پرسیار دەکرێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی ئافرەتێکی پشتیوانان بەهاوسەر ناگریت؟ ئەویش لە وەڵامدا دەفەرموێت (إن فيهم غيرة شديدة)،[3] (ئەوان غیرەیەکی زۆر زۆریان تێدایە).

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 2773.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16024،

3 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 8367، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5197، معجم أبي يعلى الموصلي، الرقم 160.

هەروەك ئەمە بەڵگەیەكی جوان و روونە بۆ موسڵمان تا ئەگەر هەڵەیەكی لە هەر كەسێك بەدی كرد نەیكاتە بیانوو بۆ سفركردنەوە یان شكاندنی ئەو كەسە، چونكە مرۆڤ هەركات جێی هەڵەكردنەو دەكەوێتە هەڵەوە، دەبینین ئەوە هاوسەرانی پێغەمبەری خوان (ﷺ) و دایكانی باوەڕدارانن، كەچی دەكەونە هەڵەوەو تەوبەش دەكەن و خوای گەورەش نایانشكێنێتەوە، بەڵكو پێشنیازی تەوبەیان بۆ دەخاتەڕوو، پێغەمبەریش (ﷺ) هەڵوێستی قورسی نەگرتەبەر بەرامبەریان و كارەكەی جێهێشت بۆ فەرمانی خوا، كەچی دەبینین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا موسڵمانانێك هەن چاو دادەخەن لە ئاست هەوڵ و ماندوێتی بانگەواز و جیهاد و رەنجی دەیان یان سەدان بانگخوازی رێی خوادا و بە بینینی هەڵەیەك لە هەر كەسێك لەوانە دەكەونە زەقكردنەوەی هەڵەكەی و شكاندنی و ئیدی بە كەم تەماشاكردنی، جا خۆ ئەگەر وا بوایە دەبوو ئەم ژنانەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو ئاستە بەرزەیان داماڵرابان و دەركرابان، بەڵام ئایا خوا و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیار و خوێندنەوەیان بۆ باری مرۆیی وایە؟ نەخێر، خوا داینـاوە مرۆڤ هەڵە دەكات و تەوبەی لەسەر واجب دەبێت، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (كل بني آدم خطاء و خير الخطائين التوابون)، (هەموو ئادەمیزاد هەڵەكارن و چاكترینی هەڵەكاران تەوبەكارانن)، تەنانەت خوای گەورە داینـاوە هەر دەبێت مرۆڤ هەڵە بكات و تەوبەی لێ بكات، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتووە (والذي نفسي بيده لو لم تذنبوا لذهب الله بكم، ولجاء بقوم يذنبون فيستغفرون الله فيغفر لهم)،[1] (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێوە تاوان نەكەن، بە دڵنیاییەوە خوای گەورە ئێوە لادەبات و

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 5042، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7874.

خەڵکانێك دێنێت کە تاوان دەکەن و ئینجا داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەن و خوای گەورەش لێیان خۆش دەبێت).

پلەوپایەی لای پێغەمبەر (ﷺ)

عەمری کوڕی عاص دەڵێت پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) کێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لە پیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەکر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح.[1]

عائیشە دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) باسی گەورەیی فاطیمەی کرد، منیش قسەم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئایا بەوە رازی نیت هاوسەری دنیا و ئاخیرەتیشم بیت؟) وتم بەڕێ وەڵا، فەرمووی(دەی تۆ هاوسەری دنیا و ئاخیرەتی منیت).[2]

هاوەڵان دەیانزانی پێغەمبەر (ﷺ) چەندە عائیشەی خۆشدەوێت، بۆیە هەرکات بیانویستبا دیاریەکی بۆ ببەن، دەوەستان تا بچێت بۆ ماڵی عائیشە ئینجا دیاریەکەیان بۆ دەبرد، جا دەستەیەك لە ژنانی پێغەمبەر (ﷺ) کە هاوڕای ئومموسەلەمە بوون، بە ئومموسەلەمەیان وت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) قسە بکە تا بە خەڵکەکە بڵێت هەرکەس دەیەوێت دیاری ببات بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بۆی ببات با لە ماڵی هەر ژنێکی بێت، ئومموسەلەمەش چوو ئەوەی وت بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، جارێکی تر ژنەکانی تری ئومموسەلەمەیان بۆ

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7108، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6771، صحيح ابن حبان، الرقم 7204، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الارناؤوط.

هەمان مەبەست ناردەوەو پێغەمبەر (ﷺ) وەلآمی نەدایەوە، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تؤذيني في عائشة فإن الوحي لم يأتني وأنا في ثوب امرأة إلا عائشة)،[1] (سەبارەت بە عائیشە ئازارم مەدە، چونکە هیچ کات لەژێر یەك جل لەگەڵ ئافرەتێك بوویم سروشم بۆ نەهاتووە مەگەر لەگەڵ عائیشە).

جارێك هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەرەوەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەك پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە وەلآمدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[2]

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2462، سنن الترمذي، الرقم 3896، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8624، قال الذهبي في سير أعلام النبلاء، ج2، ص 143 متفق على صحته.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2462.

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(فضل عائشة على النساء كفضل الثريد على سائر الطعام)،[1] (فەزڵ و گەورەیی عائیشە بەسەر ژنانەوە وەك فەزڵی تریتی پڕ بە گۆشت وایە بەسەر هەموو خواردنەکاندا).

فیتنە لە ماڵی عائیشەوە

ئیبن عومەر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دەداو ئاماژەی کرد بە ماڵی عائیشەو فەرمووی(هنا الفتنة-ثلاثا- من حيث يطلع قرن الشيطان)،[2] (فیتنە لێرەوەیە، فیتنە لێرەوەیە، فیتنە لێرەوەیە، لێرەوە شاخی-یان هەوادارانی- شەیتان دەردەکەون).

جا نەیارانی عائیشە ئەوە دەکەن بە تانە کە عائیشە سەری فیتنەیە، بەلاَم بە خوێندنەوەی فەرموودەکە کە لە دەقی تردا روونکراوەتەوە دەردەکەوێت مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) ماڵی عائیشە نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەو بەرەیە بووە کە بەری رۆژهەلاَت دەکات.

ئیبن عومەر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) رووی کردبوویە رۆژهەلاَت و فەرمووی(بزانن فیتنە لێرەوەیە، بزانن فیتنە لێرەوەیە، بزانن فیتنە لێرەوەیە، لێرەوە کە شاخی شەیتان دەردەکەوێت).[3]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3266، صحيح مسلم، الرقم 4582، صحيح ابن حبان، الرقم 7220، سنن الدارمي، الرقم 2042، سنن ابن ماجة، الرقم 3278، سنن الترمذي، الرقم 3904، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8621، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12345.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 2954.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 6697، صحيح مسلم، الرقم 5275.

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئیبن عومەر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی عائیشەوە هاتە دەرەوەو فەرمووی(فیتنە ئا ئەلێرەوەیە کە شاخی شەیتان دەردەکەوێت) مەبەستی ڕۆژهەڵات بوو.[1]

جا ڕۆژهەڵاتەکەی ڕووەو بەحرەین بوو کە یەکەم فیتنە لەوێ بە دەرکەوتنی موسەیلەمەی درۆزن دەرکەوت.[2]

لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ)

عائیشە دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازاری زیادی کرد، مۆڵەتی لە هاوسەرەکانی تری خواست تا لە ماڵی من بمێنێتەوە، ئەوانیش ڕازی بوون، ئەوەبوو دوو کەس ئەملاولا، پێغەمبەری خوایان (ﷺ) گرت و ئەویش قاچەکانی بە زەویدا دەخشان، –ئەوانیش بریتی بوون لە عەبباس و عەلی کوڕی ئەبووطالیب–.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت دەیفەرموو (أين أنا غدا؟)، (سبەی لە ماڵی کام هاوسەرمم؟) چونکە حەزی دەکرد لە ماڵی عائیشە بێت، ئەوەبوو هاوسەرەکانی تری مۆڵەتیان دا تا کام ماڵی پێ خۆشە لەوێ بمێنێتەوە، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی عائیشە مایەوە تا وەفاتی کرد.[4]

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 5278.

[2] - صحيح ابن حبان، الرقم 6758.

3 - صحيح البخاري، الرقم 194.

[4] - صحيح البخاري، الرقم 4194.

سالیم باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن

و پێغەمبەر (ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش بوو و لە ماڵی عائیشە بوو، عەبدوڕەحمان چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سیواکی پێ بوو دەیهێنا بە دانیدا، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی سیواکەکەی کرد، عائیشە سیواکەکەی لە عەبدوڕەحمان وەرگرت و پاکی راگرت و دواتر دای بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) سیواکەکەی بەکارهێنا.[2]

عائیشە دەڵێت فاطیمە هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان رێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا لە کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمە گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمە دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەك نزیك بن، وتم چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمەش وتی نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم لێکردەوە، ئەویش وتی چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1527، سنن ابن ماجة، الرقم 1230، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 1234.

2 - صحيح البخاري، الرقم 864.

مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی(ئایا رازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران– بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

عائیشە دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی کە لە سەرەمەرگیدا بوو، جامێك ئاوی لەلا بوو، دەستی دەکرد بە ناو ئاوەکەدا و دەموچاوی پێ دەسڕی و دەیفەرموو (اللهم أعنی علی سکرات الموت)،[2] (خوایە هاوکارم بە لەسەر ئازار و نارەحەتیەکانی مەرگ).

## لە خیلافەتی باوکیدا

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری صدیق بوو بە خەلیفە و عائیشەش لەو ماوەدا لە مەدینە مایەوەو رێنمایی و زانستی پێشکەش بە موسڵمانان دەکرد.

عائیشە چوو بۆ لای فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەرێ کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرمەرگدا بوو، بینیم خۆت دا بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) و دواتر گریایت، ئینجا هەمدی خۆت دا بەسەریدا و پێکەنیت، ئەویش وتی لە یەکەمیاندا پێی وتم دەمرێت، منیش گریام، لە دووەمیاندا پێی وتم من لەناو

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3446.

[2] - سنن ابن ماجة، الرقم 1618، المستدرك على الصحيحين، الرقم 3666، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6872، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23800، صححه الذهبي في التلخيص، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1623.

کەسوکاریدا لە هەموان زووتر پێی دەگەمەوە و هەروەها من گەورەی ژنانی بەهەشتم جگە لە مەریەمی کچی عیمران، منیش پێکەنیم.[1]

حەسەن دەڵێت کاتێك ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو، بە عائیشەی وت ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێك کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، ئەرکی ئەوەی دوای خۆتت سەخت کرد.[2]

لە خیلافەتی عومەردا

دوای وەفاتی ئەبووبەکر، عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفەو عائیشە لەو سەردەمەشدا هەمان شێوەی پێشووتر سەرقاڵی بەخشینەوەی زانست بوو.

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب مووچەی بۆ خەڵکی بڕیەوە، بۆ هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دە هەزاری بڕیەوە، بەڵام بۆ عائیشە دوانزە هەزاری بڕیەوە، چونکە دەیزانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی زیاتر خۆشدەویست.[3]

---

[1] - صحيح ابن حبان، الرقم 7062، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 36.

[3] - الكامل في التأريخ، ج2، ص 351.

هەروەها کە عومەر بە دەستی ئەبوولوئلوئەی مەجووسی بریندار کرا، شەش کەسی دانا تا لەنێو خۆیاندا کەسێك بۆ خیلافەت هەڵبژێرن، ئینجا وتی بڕۆن مۆڵەت لە عائیشە وەربگرن و لە ماڵەکەی ئەودا راوێژەکەتان بکەن، ئەوانیش وایانکرد.[1]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی سوپاس بۆ خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێك نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا، ئەی عەبدوڵا بڕۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟[2]

عەمری کوڕی مەیموون دەڵێت ئامادە بووم کاتێك عومەر بە عەبدوڵای کوڕی وت بڕۆ بۆ لای دایکی باوەڕداران عائیشەو بڵێ عومەر سەلامت لێ دەکات، دواتر پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟ عائیشەش وتی من ئەوەم بۆ خۆم دانابوو، بەڵام ئەمڕۆ لە خۆم دەگوزەرم بۆ عومەر، کە عەبدوڵا هاتەوە عومەر وتی چیت کرد؟ ئەویش وتی مۆڵەتی دا، عومەر وتی هیچ شتێ هێندەی ئەو شوێنە لام گرنگ نیە، جا کە مردم بمبەن بۆ ئەوێ و دواتر سەلام بکەن، دواتر هەمدی بڵێ عومەری کوڕی خەططاب داوای مۆڵەت دەکات،

---

[1] - الكامل في التاريخ، ج2، ص 460.

[2] - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 447.

ئەگەر عائیشە هەمدی مۆڵەتی دا ئەوکات ئەسپەردەم بکەن، ئەگەریش دەرفەتی نەدا بمگێڕنەوەو بمبەن بۆ گۆڕستانی موسڵمانان.[1]

له خیلافەتی عوثماندا

له سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا عائیشە هەر له مەدینە بوو و زانستی دەبەخشیەوە، بەڵام له کاتی فیتنەی شەهیدکردنی عوثماندا، ئاشووبگێڕان سوودیان وەرگرت لەناوبانگی عائیشە تا دژ بە خەلیفە عوثمان بەکاری بهێنن.

کاتێك عوثمان گەمارۆ درابوو، عائیشە لە مەککە بوو، ئەوەبوو بەرەو مەدینە کەوتەوە ڕێ، بەڵام لە ڕێدا هەواڵی کوژرانی عوثمانی بیست، بۆیە گەڕایەوە بۆ مەککە و وتی بەخوا عوثمان بە بێتاوانی کوژرا و دەبێت داوای خوێنی بکەم.[2]

مەسرووق دەڵێت بە عائیشەم وت: سەیری ئەو کارەت، نامەت بۆ خەڵك نووسیوەو داوات لێکردن تا دژ بە عوثمان راپەڕن، عائیشەش وتی سوێند بەوەی باوەڕداران باوەڕیان پێ هێناوەو بێباوەڕان باوەڕیان پێ نەهێناوە من ڕەشیەکم لەسەر پەڕەی سپی بۆ نەنووسیون—واتە من هیچم بۆ نەنووسیون، ئەعمەش دەڵێت ئەو خەڵکە وایان دەزانی ئەو نامەیە لەسەر زاری عائیشەوە نووسراوە.[3]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 1339.

[2] - الكامل في التاريخ، ج3، ص 100.

[3] - العواصم من القواصم.

له خیلافه‌تی عه‌لی کوڕی ئه‌بووطالیبدا

کاتێك عوثمان شه‌هید کرا دوای ئه‌وه به‌یعه‌تی خیلافه‌ت درا به عه‌لی کوڕی ئه‌بوو طالیب، به‌ڵام کێشه‌که له‌وه‌دا بوو به‌یعه‌ته‌که هه‌موو موسڵمانانی له‌خۆنه‌گرت، به‌ڵکو به‌هۆی راجیایی سه‌باره‌ت به خوێنی عوثمان فیتنه‌یه‌ك له‌نێوان هاوه‌ڵاندا روویدا، ئه‌ویش بوویه هۆی رووداني هه‌ردوو جه‌نگی جه‌مه‌ل و صفین، دواجاریش کێشه‌که هه‌ر به‌و باره‌یه‌وه مایه‌وه تا له‌سه‌ر ده‌ستی حه‌سه‌نی کوڕی عه‌لی فیتنه‌که کوژایه‌وه.

به‌و به‌یعه‌تدانه موعاویه له شام و خه‌ڵکی شام مانه‌وه‌و به‌یعه‌تیان نه‌دا به عه‌لی، جگه له‌وه‌ی ته‌لحه‌و زوبه‌یرو دایکی باوه‌ڕداران عائیشه‌ش ئیجتیهادیان وابوو ده‌بێت بکوژانی عوثمان یه‌کسه‌ر بکوژرێنه‌وه، به‌ڵام عه‌لی کوڕی ئه‌بووطالیب رای وابوو په‌له نه‌کرێت له کوشتنه‌وه‌یان چونکه ئه‌وان له‌ناو مه‌دینه‌دان و سه‌ربازانی ده‌وڵه‌تی ئیسلامیش له ده‌ره‌وه‌ن و ئه‌گه‌ر هه‌یه خێرا بکرێت له لێدانیان بتوانن مه‌دینه بگرن.

به‌هه‌رحاڵ ئه‌مه بوویه هۆی که‌وتنه‌وه‌ی فیتنه‌یه‌کی گه‌وره که ئه‌نجامێکی دڵته‌زێنی هه‌بوو بۆ موسڵمانان و تا ئه‌مڕۆش ئاهی داخی ئه‌و فیتنه‌یه لای موسڵمانان گه‌رمه‌و هێشتا خه‌فه‌تیان به‌و فیتنه‌یه دانه‌مرکاوه‌ته‌وه‌و بووه به چه‌کێك به‌ده‌ست دوژمنانی ئیسلام و مێژووی ئیسلامی و هاوه‌ڵانه‌وه تا داخی دڵی خۆیان بڕژن.

کاتێك عوثمانی کوڕی عه‌ففان کوژرا، دایکانی باوه‌ڕداران (هاوسه‌ره‌کانی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)) چووبوون بۆ حه‌ج بۆ مه‌ککه تا له‌ده‌ست ئه‌و فیتنه‌ی مه‌دینه‌ی گرتووه‌ته‌وه رزگار بن، کاتێك ویستیان بگه‌ڕێنه‌وه مه‌ککه، هه‌واڵیان پێگه‌یشت که

عوثمان کوژراوە، بۆیە لە مەککە مانەوە تا بزانن بارەکە بە چی دەگات، ئەوەبوو بێ پێشنیازی خۆی عەلی کوڕی ئەبوو طالیب بەیعەتی پێدرا، بەتایبەت کە خەواریجەکان زۆریان لە عەلی کرد هەرچەندە عەلی خۆی رقی بوو لێیان، بەڵام هیوای وابوو دەرفەتێکی بۆ بگونجێت تا لەناویان بەرێت، ئەوەبوو کە ئەو فشارە بینرا ژمارەیەك لە خزمانی عوثمان لە بەنوئومەییە دەرچوون بۆ مەککە، هەریەك لە زوبەیر و طەلحەش داوای مۆڵەتیان کرد تا بچن بۆ مەککەو عەلیش مۆڵەتی پێدان و ئەوانیش چوون بۆ مەککە، خەڵکێکی زۆریش شوێنیان کەوت، لە بەصرەو مەدینەو یەمەن و چەند شوێنی ترەوە خەڵکێکی زۆر روویکردە مەککەو لەوێ ژمارەیەکی زۆری هاوەڵان و دایکانی باوەڕداران و جەماوەرێك کۆبوونەوەو داوای خوێنی عوثمانیان دەکرد، عائیشەی دایکی باوەڕدارانیش جڵەوی مەسەلەکەی گرتبوویەدەست.[1]

لە مەککە سێ رای جیاواز دروست بوو، دەستەیەك وتیان با بچین بۆ لای موعاویە بۆ شام و لەوێوە بێین تۆڵە بکەینەوە، دەستەی دووەم وتیان بەڵکو با بچین بۆ مەدینە بۆ لای عەلی و داوای تۆڵەی عوثمان بکەینەوە، دەستەی سێیەم وتیان بەڵکو دەچین بۆ بەصرەو لەوێ خۆمان بەهێز دەکەین و هەر لەوێوە دەکەوینە لەناوبردنی بکوژانی عوثمان، ئەوەبوو لەسەر ئەم رایە رێککەوتن.[2]

(سەبارەت بە چوونی –هاوەڵانی عائیشەو طەلحەو زوبەیر– بەرەو بەصرە راستەو هیچ کێشەیەکی لەسەر نیە، بەڵام بۆچی دەرچوون؟ لەمەدا گێڕانەوەیەکی لەسەر نیەو متمانە بە هیچ گێرانەوەیەکیان ناکرێت چونکە کەسی جێمتمانە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 230 – 231.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 231.

نەیگێڕوانەتەوە، قسەی کەسی هەوادار وەرناگیرێت، حەزی تانەدان لە ئیسلام و بەکەمدانانی هاوەڵان چووەتە ناخی کەسی هەوادار و دەمارگیر.

لەوانەیە بۆ ئەوە دەرچووبن تا لەبەر شتێك کە بۆیان دەرکەوتووە ویستبێتیان عەلی —لە خیلافەت— لاببەن، بۆیەش بەیعەتیان دابێت تا شۆڕشگێڕەکان هێور ببنەوە، دواتر کەوتبنە داوای حەق.

لەوانەشە بۆیە چووبنە دەرەوە تا بکوژانی عوثمان لەناوبەرن.

لەوانەشە بە چەند دەستەیەکی موسڵمانانەوە دەرچووبن تا بیانگێڕنەوە بۆ یەك قانوون تا بەریەکنەکەون و دژ بەیەك نەجەنگن، ئەمەش دروستە نەك شتی تر، هەواڵی راستیش بەم جۆرە هاتووە.

سەبارەت بە گێڕانەوەکانی بەشەکانی یەکەم هەموویان پووچ و لاوازن.

سەبارەت بەوەی ئەوان بە زۆر و ناچاری بەیعەتیان دابێت ئەوە بێبنەما و پووچەو پێشتریش روونمان کردوەتەوە.

سەبارەت بەوەی ویستبێتیان عەلی لە خیلافەت لاببەن ئەمەش بێ بنەما و پووچە، چونکە لابردن بە راو روانینی هەموان دەبێت، دەکرێت یەك یان دوو کەس لە دەسەڵاتدا بن، بەڵام لابردن تەنها دوای سەلماندن و روونکردنەوە دەبێت.

سەبارەت بەوەش کە لەوانەیە بۆ کوشتنی بکوژانی عوثمان دەرچووبن، پێش ئەمە کارەکە بنەرەتەکەی بۆ یەکدەنگی بووە، دەشکرێت هەردوو مەسەلەکە پێکەوە بن.

دەگێردرێتەوە لە کاتی ئامادەنەبوونی— طەلحە و زوبەیر و عائیشە لە مەدینەدا— ئاژاوەی نێوان خەڵك نەما، طەلحە و زوبەیر و عائیشەش دایکی

باوەڕدارانیش بەو هیوایە چوونەدەرەوە تا خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ لای دایکیانو ڕەچاوی حورمەتی پێغەمبەرەکەیان بکەن).[1]

کە گەیشتنە بەصرە بەرپرسی ئەوێ نوێنەری نارد تا بزانێت بۆچی هاتون، چوونە لای عائیشە وتیان بۆچی هاتویت؟ وتی بۆ داوای خوێنی عوثمان هاتوین، چوونە لای طەلحە ، ئەویش هەمان شتی وت، چوونە لای زوبەیریش ئەویش هەمان شتی وت.[2]

بەڵام سوپاکەی عوثمانی کوڕی حنیف بەوە رازی نەبوون و هەوڵیاندەدا لەگەڵ سوپای عائیشە بجەنگن، عائیشەش فەرمانی کرد کەس جەنگ نەکات، رۆژێك خۆیان پاراست، بەڵام لە رۆژی دووەمدا جەنگ روویدا و ژمارەیەك لە هاوەڵان و کەسانی تر کوژران.[3]

دواتر بڕیاریان دا هەواڵ وەربگرن ئەگەر طەلحەو زوبەیر بە ناچاری بەیعەتیان دابوو ئەوە عوثمان بەصرەیان بۆ چۆڵ بکات، ئەگەریش بە ویستی خۆیان بووبێت ئەوە ئەو دوانە دەبێت بەصرە چۆڵ بکەن، نوێنەریان ناردە مەدینەو نوێنەر هەواڵی پرسی، کەس وەڵامی نەدەدایەوە جگە لە ئوسامەی کوڕی زەید کە وتی بەخوا بە ناچاری بەیعەتیان دا، کەچی خەڵکانێك هەڵمەتیان بۆ برد، چەند هاوەڵێك رزگاریان کرد، بارەکە نەگەیشتە ئەنجام.[4]

---

1 - العوصم من القواصم لابن العربي.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 232.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.

لە بەصرە جەنگ روویداو ژمارەیەکی تر کوژران و عوثمان بەدیل گیرا و برا بۆ لای عائیشە، ئەویش داوای کرد ئازاد بکرێت، بەڵام شار کەوتە دەست سوپای عائیشە.[1]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب کە ئەمەی بیست بڕیاریدا بچێت بەرەو بەصرە، خەڵکێکی کەمی مەدینەی لەگەڵ بوو، ژمارەیەك لە هاوەڵانی بەشداربووی غەزای بەدری لەگەڵدا بوو، ژمارەی سوپاکەی عەلی تەنها نۆسەد کەس بوو، حەسەنی کوڕی داوای لێکرد نەچێت، عەبدوڵای کوڕی سەلامیش هەمان داوای لێکرد، بەڵام عەلی رازی نەبوو، ئینجا هەواڵی نارد بۆ کووفە تا بدەنە پاڵی، بەرەبەرە سوپاکەی عەلی روی لە زیاد بوون بوو.[2]

عەلی کە عوثمانی کوڕی حنیفی بینی و هەواڵی کارەکانی طەلحەو زوبەیری بیست، نزای کرد خوایە طەلحەو زوبەیر بەرامبەر بەو هەڵەی کردوویانە بێدار بکەیتەوە.[3]

کاتێك زوبەیر لە بەصرە بوو کەسێك هات بۆ لای و وتی ئەرێ بچم عەلی بکوژم؟ ئەویش وتی چۆن دەیکوژیت لەکاتێکدا سەربازی زۆری لەگەڵدایە؟ ئەویش وتی دەچمە ناو سوپاکەی و خۆمی لێ نزیك دەکەمەوەو دواتر دەرفەتی لێ دێنم، زوبەیر وتی پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو:(الإيمان قيد الفتك، لا يفتك مؤمن)،[4] (ئیمان نامەردکوژی کۆت کردووە، باوەڕدار نامەردکوژی ناکات).

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 233.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 234 – 235.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 235.
4 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36752، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1375، صححه شعيب الأرناؤوط.

دواجار قەعقاع کەوتە نێوانەوە، چوویە بەصرەو طەلحەو زوبەیری بانگهێشت کرد بۆ یەکڕیزی و دوورگرتن لە دووبەرەکی، سەرەتا لەگەڵ عائیشە قسەی کرد و وتی دایە گیان بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟ ئەویش وتی کوڕی شیرینم بۆ ڕێککردنی باری نێوان خەڵك، ئینجا قەعقاع داوای کرد طەلحەو زوبەیریش بانگ بکات، ئەوانیش هاتن قەعقاع وتی دایکی باوەڕداران دەڵێت بۆ صولح هاتوم، ئەوانیش وتیان ئێمەش بەس بۆ ئەوە هاتوین، ئەویش وتی دەی پێم بڵێن ئەو صولحەتان لە چ روانگەیەکەوەیە؟ ئەگەر بە ڕەوامان زانی شوێنتان دەکەوین، ئەگەریش بە ڕەوامان نەزانی ئیتر هیچ، ئەوانیش وتیان بکوژانی عوثمانمان دەوێن لەناویبرێن، قەعقاع وتی خۆ ئێوە بکوژانی ئەوتان لە بەصرە کوشت، شەش سەد کەستان کوشت شەش هەزار کەس چوونە ریزی ئەوانەوەو دژتان وەستان، داوای تەنها کەسێکتان کرد کە حرقووص بوو شەش هەزار کەس بوونە پارێزەری، ئەمەی ئێوە داوای دەکەن بۆ چاکەیە، بەڵام خراپەیەکی زۆر گەورەی لێدەکەوێتەوە، عائیشە وتی ئەی تۆ چ چارەسەرێکت پێیە؟ قەعقاع وتی من پێم وایە دەرمانی ئەم دەردە ئارامگرتنە تا بارەکە هێور دەبێتەوە، ئەمە بکەن خێر و ڕەحمەت دێت، ئەگەریش رازی نەبن باری خراپە زیاتر دەبێت بۆ هەردوو لامان، ئەوانیش وتینا دەی بۆچوونەکەت زۆ دروستە، برۆ ئەگەر عەلیش هەمان رای هەبوو رازی دەبین، ئەویش چوویەوە بینی عەلی هەمان رای هەیە، ئیتر هەردوولا ڕێککەوتن، عائیشەش نوێنەری نارد بۆ لای عەلی تا پێی بڵێت ئەو تەنها بۆ صولح هاتووە، هەردوولا دڵخۆش بوون و عەلیش وتارێکی پێشکەش کرد بۆ خەڵکەکە کە تیایدا باسی خراپەی دووبەرەکی کرد و نیازی ڕێککەوتنەکەی خستەڕوو.[1]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 237.

## جەنگی جەمەل

کاتێك لە وتارەکەی عەلیەوە دەستەی ئاژاوەگێڕان زانییان خەریکە ڕێکدەکەون، کەوتنە خۆ، لەوانە ئەشتەری نەخەعی و عەبدوڵای کوڕی سەبەء و شریح و سالم و چەندێکی تر کە هیچ هاوەڵێکیان تێدا نەبوو نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد کەسێك دەبوون کەوتنەخۆ و وتیان ئەم ڕێککەوتنە دژ بە ئێمەیەو ژمارەشمان کەمە و ڕێککەوتنی ئەوان تەنها لەسەر خوێنی ئێمەیە، بۆیە دەبێت عەلیش وەك عوثمان لێبکەین، خەڵکەکەش ڕازی بوون، بەڵام عەبدوڵای کوڕی سەبەء وتی ڕاکەتان زۆر خراپە، چونکە ئەوکات هەردوولا دەبنە دوژمن و لێتان دەدەن، بەڵکو دەبێت جەنگ لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا هەڵگیرسێنین، کاتێك زوبەیر و طەلحە چوون بۆ لای عەلی تا ڕێکبکەون، دەستەی سەبەئیەکان خۆیان بەشکرد بەسەر هەردوولادا و جەنگیان هەڵگیرساند، هەردوولا وایانزانی بەرامبەر ناپاکی نواندووە، بۆیە کەوتنە هێرش، سوپای عەلی نزیکەی بیست هەزار کەس و سوپای عائیشەش نیکەی سی هەزار کەس دەبوون، جەنگێکی قورس روویدا، عەلی هاواری دەکرد دەست هەڵگرن، بەڵام کەس نەیدەبیست، لەولاشەوە عائیشە بە سواری وشترێکەوە بۆ هەمان نیاز هات، عەلی هێندە بێزار بوو بە حەسەنی کوڕی دەوت کوڕم خۆزگە باوکت بیستساڵ لەمەوبەر دەمرد، عەلی چو تا زوبەیر و طەلحە بدوێنێت، وتی ئەم سوپایەتان ئامادە کردووە، بیانووشتان بۆ قیامەتتان ئامادە کردووە؟ دەی لەخوا بترسن، من خوێنی ئێوەم حەڵاڵ نەکردووە، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان پێیە بۆ ڕەوایی خوێنی من؟[1]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 238 – 241.

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کە خوشکەزای عائیشە بوو، جڵەوی وشترەکەی عائیشەی پووری گرتبوو و ئاگاداری پووری بوو و هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد، لەو کاتەدا ئەشتەری نەخەعی هەڵمەتی بۆ برد و یەکتریان بریندار کرد، عەبدولاّ هێندە بریندار بوو کە دەوترێت نزیکەی سی و حەوت برینی پێوە بووە.[1]

بەردەوام سوپای عەلی هەوڵیان دەدا وشترەکەی عائیشە بخەن تا بەوە سەرکەوتن رابگەیەنن، ئەوەبوو کوشتارێکی زۆر کرا تا دواجار توانییان وشترەکە بپێکن و بیخەن و عائیشەش لە کەژاوەکەی کەوتە خوارەوە، عەلی فەرمانی کرد خێرا کەژاوەکەی عائیشە ببەنە دەرەوەو فەرمانی کرد موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەممار خیوەتێکیان بۆ هەڵدا، موحەممەدی برای عائیشە لەناو سوپای عەلیدا بوو، ئینجا عەلی هات بۆ لای عائیشە و وتی دایەگیان چۆنیت؟ وتی باشم، عەلی وتی خوا لێت خۆش بێت، ئینجا یەك یەك سەرکردەو کەسایەتیەکان دەهاتن سەلامیان دەکرد لە عائیشە، دواتر کە شەو داهات عائیشە هاودەم بە موحەممەدی برای چوونەوە بەصرە، ئینجا عەلی پاش سێ رۆژ فەرمانی کرد چی کەلوپەلێ گیراوە ببرێتە بەصرەو هەوادارانی عائیشە بێن چییان هەبووە بیبەنەوە، خەڵکێ گلەییان کرد کە بۆچی خوێنیان رەوا بێت کەچی سامانیان رەوا نەبێت، با بیبەین، عەلیش بە تووڕەییەوە وەك تانەیەك بۆیان وتی کامتان پێی خۆشە دایکی باوەڕداران ببات بۆ خۆی؟ هەمووان بێدەنگ بوون، دواتر عائیشە بڕیاری دا بەصرە جێبهێڵێت، عەلی هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادە کرد و مۆڵەتی دا هەرکەسیش لە سوپاکەی رزگار بووە لەگەڵی بگەڕێتەوە، ئینجا چل ئافرەتی بەصرەی هەڵبژارد تا لەگەڵ عائیشە

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 244.

بچنەوە، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکریشی لەگەڵ ناردەوە، ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو عائیشە بڕوات، عەلی هاتە بەردەگاو عائیشەش بە کەژاوەکەوە هێنرایە دەرەوەو ماڵئاوایی لە خەڵك دەکرد، عائیشە وتی کوڕە شیرینەکانم، کەستان لەسەر ئەم بارە سەرکۆنەمان نەکات، بەخوا نێوانی من و عەلی تەنها وەك ئافرەت و پارێزەرانی وایە و ئەو لای من لە کەسە هەرە چاکەکانە، عەلیش وتی بەخوا ڕاست دەکات نێوانمان وایە و ئەو هاوسەری پێغەمبەرەکەتانە لە دنیا و ئاخیرەتدا، ئینجا عەلی چەند کیلۆمەترێك لەگەڵ عائیشە چوو و بەڕێی کرد، عائیشەش چوو بەرەو مەککەو لەوێ حەجی ئەو ساڵەی کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینە.[1]

هەر لەو کاتەی عائیشە لە بەصرە بوو، عەلی کوڕی ئەبووطالیب گلەیی لە عائیشە دەکرد کە بۆچی وایکرد، عائیشەش زۆر پەشیمان بوو، دواتر عەلی کاروانی ئامادە کرد و عائیشەی بەرەو مەدینە ناردەوەو دوانزە هەزاریشی پێدا.[2]

عائیشە دوای جەنگی جەمەل زۆرپەشیمان بوو کە چووبوو بەرەو بەصرەو لە جەمەلدا بەشداری کردبوو، پێشتریش واینەدەزانی بارەکە دەگاتە ئەوە، بۆیە دوای جەنگی جەمەل هەرکات ئەو ئایەتە بخوێنرایە(وقرن فی بیوتکن)(ئەی ئافرەتان لە ماڵەکانتاندا ئۆقرە بگرن)، عائیشە هێندە دەگریا تا کولمەکانی تەڕ دەبوون.[3]

---

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 240247.
[2] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 178.
[3] - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 177.

له خیلافەتی حەسەنی کوڕی عەلیدا

عائیشه لەو ماوەیەدا له مەدینه مابوویەوەو کەناری گرتبوو و له مەسەله سیاسیەکاندا هیچ قسەو کردارێکی نەبوو، پەیوەندیشی لەگەڵ حەسەندا زۆر چاك بوو، تەنانەت دوای ئەوەش که وازی هێنا له خیلافەت، حەسەنی کوڕی عەلی له سەرەمەرگیدا حوسەینی برای بانگ کرد و وەسیەتی بۆ کرد، تیایدا وتی: داوام له عائیشه کردووه ئەگەر مردم مۆڵەتم بدات له ماڵەکەی ئەودا لەلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردە بکرێم، ئەویش رازی بووە، دەڵێم لەوانەیە له شەرمدا وتبێتی بەڵێ و رازی بووبێت، بۆیه ئەگەر مردم برۆ بۆ لای و داوای هەمان شتی لێ بکەرەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو ئەوە له ماڵەکەی ئەودا ئەسپەردەم بکە، گومانم زۆره خەڵکێك نەهێڵن ئەوە بکەیت، جا ئەگەر رێگرییان لێکردیت لەسەر ئەوە لێیان مەپاڕێرەوەو لەسەری مەڕۆ و له بەقیع ئەسپەردەم بکە، چونکه لەوێش کەسانی پێشەنگی لێیە).[1]

کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی وەفاتی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی حوسەینی برای چوو بۆ لای عائیشەو داوای لێکردەوە که حەسەنی برای لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردە بکرێت، ئەویش رازی بوو و وتی باشه، بەڵام مەڕوان که ئەمەی بیست وتی سوێند بەخوا نابێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکرێت، نەیانهێشت عوثمان لەوێ ئەسپەردە بکرێت و ئێستا ئەمان دەیانەوێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکەن؟ ئەوەبوو رێی نەدا و له بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 391-392.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 392.

جارێك موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان سەد هەزار درهەمی نارد بۆ عائیشە، عائیشەش لە پەسا کەوتە بەخشینەوەی تا هیچی نەما، خزمەتکارەکەی وتی جا با بە درهەمێکی کەمێ گۆشتت بۆ ئێمەش بکڕیایە، عائیشە وتی جا با قسەت بکردایە.[1]

کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، حوسەینی کوڕی عەلی و چەندێکی دی نارازی بوون، جا عائیشە وای بیست کە موعاویە هەڕەشەی لەوانە کردووە ئەگەر بەیعەت نەدەن دەیانکوژێت، بۆیە ئامۆژگاری موعاویەی کرد و پێی وت بیستوومە هەڕەشەی کوشتنت لەوانە کردووە! موعاویە وتی ئەی دایکی باوەڕداران ئەوانە زۆر لەوە شکۆدارترن کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ بکەم، بەڵام من بەیعەتم بۆ یەزید وەرگرتووەو خەڵکی جگە لەوان بەیعەتیان داوە، جا رات وایە دوای ئەو هەمووە بەیعەتەکەی لەکار بخەم؟ عائیشە وتی دەی بەرامبەریان نەرمونیان بە، ئەگەر خوا بیەوێت دێنە سەر راکەت، موعاویەش وتی وادەکەم.[2]

---

[1] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 187.

[2] - الكامل في التاريخ، ج3، ص 353.

وەفاتی عائیشە

سەبارەت بە ساڵی وەفاتی عائیشە دەستەیەك دەڵێن لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا بووە، دەستەیەکیش دەڵێن لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا بووە، کاتەکەشی لە شەودا بوو، لە شەوی سێ شەممە حەڤدەی مانگی رەمەزاندا بوو،[1] پاش ئەوەی نوێژی ویتر کرا وەفاتی کرد، خۆیشی فەرمانی کردبوو هەر شەو تەرمەکەی ئەسپەردە بکەن.[2]

کاتێك عائیشە لە سەرەمەرگدا بوو، ئیبن عەبباس هات بۆ لای، عائیشە وتی دواجار هاتیت؟ عەبدوڵای برازایشی لەلای سەریەوە بوو، وتی ئەوە ئیبن عەبباسەو داوای مۆڵەت دەکات، عائیشە وتی وازم لێ بێنە پێویستم بە هاتن و تەزکیەی ئەو نیە، عەبدوڵا وتی دایە گیان ئیبن عەبباس لە کورە چاکەکانتەو هاتووە بۆ ماڵئاوایی و سەلام لێکردنت، ئەویش وتی ئەگەر حەز دەکەیت مۆڵەتی بدە، ئیبن عەبباس هات و دانیشت و وتی موژدەت لێ بێت، بەخوا تەنها دەرچوونی رۆحت لە جەستەت رێگرە لە گەیشتنت بە موحەممەد و ئازیزان، ئەویش وتی وایە ئیبن عەبباس، ئیبن عەبباس وتی تۆ خۆشەویستترین هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بووی لا پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش تەنها کەسی پاکی خۆشدەویست، ئینجا بەسەرهاتی دابەزینی ئایەتی تەیەمومەکەی بۆ گێرایەوە، ئینجا وتی دواتر خوای گەورە ئایەتی تایبەت بە پاکی تۆی دابەزاند و لەوسا بەدوا چی مزگەوتێ یادی خوای تێدا بکرێت تیایدا پاکی

---

[1] - أسد الغابة، ج7، ص 208.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 192.

تۆیش باس دەکرێت، عائیشە وتی وازم لێ بێنە ئیبن عەبباس خۆزگە باسم ببڕایەتەوەو ناوم لەناوانا نەبوایە.[1]

لە سەرەمەرگیدا بوو کە داخی ڕووداوی جەمەلی لەیاد نەدەچوو چی کردووە، بۆیە وتی من دامنابو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی خۆمدا ئەسپەردە بکرێم، بەڵام دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بەزمم سازاند، بۆیە بمبەن لەگەڵ هاوسەرەکانی تری پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردەم بکەن، ئیتر برا لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

کاتێك وەفاتی کرد ئەبووهورەیرە نوێژی لە سەر تەرمەکەی کرد و دواتر تەرمەکەی لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[3]

هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر و عوروەی کوڕی زوبەیر کە خوشکەزای بوون و قاسم و عەبدوڵای کوڕانی موحەممەد کە برازای بوون و عەبدوڵای کوڕی عەبدوڕەحمان کە ئەویش برازای بوو تەرمەکەیان خستە ناو گۆڕەکەوە.[4]

کاتێك وەفاتی کرد تەمەنی شەست و سێ ساڵ و چەند مانگێك بوو.[5]

عائیشە ئافرەتێکی زۆر زانا بوو، گەورە هاوەڵان سەبارەت بە فەرزو سوننەتەکان پرسیاریان لەو دەکرد،[6] ئەوەش نامۆ نیە، چونکە نزیکترین کەس و خۆشەویستترین کەسی پێغەمبەر (ﷺ) بووە.

---

[1] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 180.
[2] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 193.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 192.
[4] - أسد الغابة، ج7، ص 208.
[5] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 193.
[6] - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 180-183.

چەند فەرموودەیەك كە عائیشە دەیانگێڕێتەوە:

عائیشە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) حەزی بەوە بوو لە نەعل لەپێكردن و قژ داهێنان و دەستنوێژ و هەموو كارێكی تریدا لەلای راستەوە دەست پێبكات.[1]

عائیشە دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(إذا نعس أحدكم وهو يصلي فليرقد، حتى يذهب عنه النوم ، فإن أحدكم إذا صلى وهو ناعس، لا يدري لعله يستغفر فيسب نفسه)،[2] (ئەگەر یەكێكتان لە كاتی نوێژدا باوێشكی دا، با رابكشێت تا خەوەكەی دەڕوات، چونكە لەوانەیە یەكێكتان بە باوێشكەوە نوێژ بكات و نەزانێت چی دەڵێت لەبری داوای لێخۆشبوون قسە بە خۆی بڵێت).

عائیشەی دایكی باوەڕداران دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە جلێكی رەشەوە نوێژی دەكرد كە بڕێك گوڵنك و شتی پێوە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەم گوڵنك و شتانەی ئەم جلەم لە نوێژەكەم سەرقاڵم دەكەن، ئەمە ببەن بۆ ئەبوو جەهم و ئینبیجانیەتەكەی ئەوم بۆ بهێنن،[3] ئەوەبوو جلێكی كوردی ئەبوو جەهمی كردەبەری.[4]

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 165، صحيح مسلم، الرقم 422.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 208، صحيح مسلم، الرقم 1349، صحيح ابن حبان، الرقم 2625، سنن الدارمي، الرقم 1403، سنن أبي داود، الرقم 1128، سنن ابن ماجة، الرقم 1366، سنن الترمذي، الرقم 331، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4387، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 28059.

[3] - صحيح البخاري، الرقم 369، صحيح مسلم، الرقم 895 ، سنن أبي داود، الرقم 793، صحيح ابن حبان، الرقم 2368، سنن ابن ماجة، الرقم 3547.

4 - سنن أبي داود، الرقم 793، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 915.

وشەی ئینبیجانیەت وا پێناسەی هاتووە کە جلێکی لە خوری دروست کراو و زۆر زبرە.[1]

بەو پێیە بێت دەبێت ئەو جلەی پێغەمبەر (ﷺ) پۆشیویەتی جلێکی وەك شالْ بووبێت.

عائیشە دەلێت داوای مۆلەتم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تا بەشداری جیهاد بم، فەرمووی (جیهادی ئێوەی ئافرەتان حەجە).[2]

## عائیشە لەنێوان هەوادارن و نەیارانیدا

بە گشتی ئەوانەی هەلۆیستی نەیارییان هەیە بەرامبەر بە دایکی باوەڕداران عائیشە، خۆیان لە دوو دەستەدا دەبیننەوە:

دەستەی یەکەم: دڵسۆزانێکی ئیسلام کە بە نەشارەزایی هەلۆیست دەنوێنن، ئەوانە پێیان وایە کە شکاندنی عائیشەو تانە لێدانی سەرخستنی دینە، ئەمانەش چەند جۆرێکن:

هەوادارانی ئالوبەیتی پێغەمبەر (ﷺ) کە بەپێی شرۆڤەیەکی مەزهەبی پێیان وایە ئالوبەیت تەنها لە خێزانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەرتەسك بووەتەوە، جا قەناعەتیشیان پێ کراوە کە عائیشەو عەلی هەر لە کۆنەوە نەیاری یەك بوون و عائیشە ئامانجی بووە هەر مافێکی ئاسمانی و زەمینی عەلی زەوت بکات و وا بکات

1 - النهاية في غريب الحديث و الأثر، ج1، ص 73.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2741.

بە مافی ڕەوای خۆی نەگات، ئیتر لێرەوە لە بری گەڕانێکی بێلایەنانە بە دوای ڕاستیەکاندا، دەکەونە هەوڵی کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ ئەو قەناعەتەیان، جا چ داماویەك، چاو لە ئایەتێ دابخەن کە عائیشەی بە دایکی باوەڕداران دانابێت و بەدوای برێ ڕیوایەتی بێ سەنەددا بگەڕێن، ئەمانە پێویستیان بە دڵسۆزی هەیە، دەبێت کەسانێکی دڵسۆزی شارەزای نەرمونیان ببنە هاریکاریان و بەو چاوەوە بۆیان بروانن کە خوشك و برای خۆیانن و خەریکە دەکەونە چاڵێکی ئاگرینەوە، تا لێواری چاڵەکە دەبێت دەستیان ڕاکێشن بەرەو ئەملا، ئەو کاتەی هیوای ڕزگاربوون نەما ئەوجا دەستیان لێ بەربدەن تا ئەوانیش نەکەونە ئەو چاڵەوە، بەڵام نابێت لە نێوەندی ئەو دڵسۆزی نواندن و نەمونیانیەدا دەستبەرداری تاکە حەقیقەتێك بن، چۆن ڕاشکاوانە دەبێت بڵێن عائیشە لە خیلافەتی عەلیدا ئیجتیهادی هەڵەی کرد، بە هەمان شێوە دەبێت تا دواجار جەخت لەوە بکەنەوە عائیشە پاك بووەو دایکی باوەڕداران و خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و گەورە زانایەکی ئوممەتی ئیسلام بووە.

دەستەیەکی تر لەوانەی دڵسۆزیەکی نەشارەزایانە دەنوێنن، بریتین لە موسڵمانانێکی دەروون بەزیو بەرامبەر بە نەیارانی ئیسلام و مێژووی ئیسلام و لەپێناو ڕازیکردنی دڵی نەیارانی ئیسلامدا ئامادەن تانە بدەن لە عائیشەو ئەوەش بە پاراستنی دین بزانن، وادەزانن ئەگەر بڵێن عائیشە هەندێ فەرموودەی هەڵبەستووە بەدەم پێغەمبەرەوە(ﷺ)، ئیتر ئیسلامیان سەرخستووە، بێئاگا لەوەی خوا بە دەقی ئایەت ڕاستگۆیی عائیشەی سەلماندووە.

یان هەندێ لەپێناو راگرتنی بەرزی و شکۆی کەسانێکی تری وەك خەدیجە یان فاطیمەو...هتد، دێن لە شان و شکۆی عائیشە کەم دەکەنەوە، تا لەو مشتومڕەی دەوترێت عائیشە پلەی بەرزترە یان خەدیجە یان عائیشەو فاطیمە کامیان پلەیان بەرزترە، بەڵکو عائیشە بخەنە ریزی دووەمەوە، هەموو ئەم جۆرە کەسانەی وا دەڕواننە عائیشە نیەتێکی چاك و ڕێگەیەکی هەڵەو خراپیان گرتووەتەبەر.

دەستەی دووەم: نەیارانێکی شارەزای کینەلەدڵ، ئەمانە لە نەشارەزاییانەوە نیە تانە دەدەن لە عائیشە، بەڵکو چاك شارەزای بارەکەن، بەڵام لەپێناو سەرخستنی بڕواو روانینی خۆیان دەنەونە تانەدان لە عائیشە، جا ئەمانە یان کەسانێکن لەنێو رێبازی شیعەدا، یان کەسانێکن لە رۆژهەڵاتناسان کە مەبەستیانە لە خستنی عائیشەوە بدەن لە خودی کەسێتی پێغەمبەر (ﷺ)، زمان و دەست و دڵی ئەمانە بە دوو هۆکار دەوەستێت، یان خوای گەورە رێنموونییان پێ ببەخشێت، یان موسڵمانان وەڵامی رەواو یەکلا بە گومانەکانیان بخەنەڕوو، هەر هێرشێکی هەرچەشنەی ئەوان وەڵام بدەنەوە.

خستنی عائیشەو تانەلێدانی تەنها بریتی نیە لە لابردنی کەسێتیەك لە مێژووی ئیسلامیدا و بەس، بەڵکو ئەگەر بڵێین ئەو تۆمەتانەی دەدرێنەوە پاڵ عائیشە راستن، ئەوە ئەبێت بەم دەرەنجامانەش رازی بین:

یەکەم: گومان کردن لە قورئانی پیرۆز، چونکە قورئانی پیرۆز عائیشەی بە دایکی باوەڕداران ناوبردووە(ٱلنَّبِيُّ أَوۡلَىٰ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ مِنۡ أَنفُسِهِمۡۖ وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ)، جا چۆن دەکرێت قورئان ئافرتێکی خراپەکار بە دایکی باوەڕداران وەسف بکات، نەك تەنها دایکی موسڵمانان، بەڵکو دایکی باوەڕداران، وەك دەشزانین باوەڕداری

پلەیەکی بەرزترە لە موسڵمانێتی، هەروەها خوای گەورە بە دەقی ئایەت پاکی عائیشەی سەلماندووە وەك پێشتر لە ڕووداوی ئیفکدا باسمان کرد.

دووەم: گومان لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین، چ لە ڕاستگۆیی، چ لە غیرەتی، چ لە پەیڕەوی، چونکە چۆن دەکرێت پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتێك بە هاوسەری خۆی بهێڵێتەوە کە تووشی زینا بووبێت، هاوکات لەسەر ئەو ئافرەتە سزای هاوەڵانی خۆی بدات، پاشان حوکمی ئیسلامی بەسەردا جێبەجێ نەکات لە کاتێکدا سوێندی دەخوارد کە ئەگەر فاطیمەی کچم دزی بکات دەستی دەبڕم.

سێیەم: بە خستنی عائیشە بە جارێك سەدان فەرموودەی ناو کتێبەکانی فەرموودە لەکاردەکەون، چونکە گێڕەرەوەکەیان عائیشە بووە، جا عائیشە خۆی هێندە تاوانی هەبووبێت، چۆن فەرموودەی لێوە وەربگیرێت؟!

چوارەم: عەلی کوڕی ئەبوو طالیب ستەمێکی گەورەی کردووە کە ئافرەتێکی وا تاوانباری پاش جەنگێکی سەخت و خوێن ڕژانێك گرتبێت، ئینجا بە دایك ناوی ببات و بەڕێی بکات بۆ مەدینەو پارەشی پێ بدات و هیچ سزایەکی نەدات، لەکاتێکدا بەرامبەر بە خەواریجەکان ئەوەی کرد کە کردی.

پێنجەم: کۆمەڵگەی سەردەمی هاوەڵان و دەستەی یەکەمی خوێندکارانی پێغەمبەر (ﷺ) تاوانبار بوون کە هێشتوویانە ئافرەتێکی وا بتوانێت بەو هەموو تاوانەوە ڕێرەوی بەشێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و لایەکی فراوانی زانستی ئیسلامی بگرێتە دەست.

بۆیە مەسەلەی تانەدان لە عائیشە، تەنها تانەدان نیە لە کەسایەتیەکی ئاسایی و بەوە کۆتایی بێت، بەڵکو تانەدانە لە کەسێتیەك کە بەشێك لە بنەڕەتەکانی ئەم دینە پێوەی پەیوەست بوون، قورئان و پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵان و کۆگایەك لە فەرموودەو فەتوا، ناشگونجێت یەك کۆمەڵگەی گەورە دەرفەت بدەن ئافرەتێکی خراپ(دوور لە دایکمان عائیشە) بتوانێت بە ویستی خۆی چی دەوێت بیکات.

## عائیشەو بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب

پەیوەندی نێوان عائیشەی دایکی باوەڕداران و خێزانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب پەیوەندیەکی دۆستانە بوو و هەرکام لەوان فەزڵی یەکتریان دەزانی، فەرموودەکانیش شایەتی ئەو راستیەن، لێرەشدا بە نموونە چەند گێڕانەوەیەك دەخەینەڕوو:

عائیشەو فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینە:

عائیشە دەڵێت دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، زەیدی کوڕی حارثەی نارد بۆ لامان و ئەبوورافیعی مەولاشی لەگەڵدا نارد، دوو وشتر و پێنج سەد درهەمی پێدان تا بۆ کۆچەکە چی وشتریان پێویستە بیکڕن، ئەبووبەکریش عەبدوڵای کوڕی ئورەیقیطی بە دوو یان سێ وشترەوە نارد و نامەیەکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر و فەرمانی پێدەکرد دایکی و من و ئەسمائی خوشکم بەودا بنێرێت بۆ مەدینە، ئەوەبوو کەوتنەڕێ، لەنیوەی رێدا زەید بە پارەکە سێ وشتری کڕی، دواتر هەموویان هاتنە مەککەو رێیان کەوتە طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا

کە دەیویست خێزانی ئەبووبەکر ببات بۆ مەدینە، ئەوەبوو هەموومان کەوتینەڕێ، زەید و ئەبوورافیع فاطیمە و ئوممولکلثوم و سەودەی کچی زەمعەیان هێنان، هەروەها زەید ئوممولئەیمەن و ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش دایکم و من و ئەسمائی هێنا، طەلحەش هاودەم بە ئێمە هات و هەموو پێکەوە کەوتینەڕێ تا گەیشتینە مەدینە، ئەو کات موسڵمانان خەریکی دروستکردنی مزگەوتی مەدینە بوون.[1]

فاطیمە بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) وت بەڵێ خۆشم دەوێت:

جارێك هەندێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کۆبوونەوە تا ناڕەزایی دەرببڕن بەرامبەر بەو خۆشەویستیە زۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەیبوو بۆ عائیشە، فاطیمەی کچی پێغەمبەریان (ﷺ) نارد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و تیان پێی بڵێ بۆ خاتری خوا لە خۆشەویستی بۆ عائیشە دادپەرەوەر بێت، ئەویش چوو و ئەوەی بە پێغەمبەر (ﷺ) وت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (کچە ئازیزەکەم ئایا ئەو ئافرەتەت خۆش ناوێت کە من خۆشم دەوێت؟) فاطیمە وتی با، گەڕایەوەو هەواڵەکەی دایەوە بە هاوسەرەکانی تری، ئینجا بڕیاریان دا زەینەبی کچی جەحش بنێرن، زەینەب چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتووڕە بوو و وتی ژنەکانت دەڵێن بۆ خاتری خوا بەرامبەر بە خۆشەویستیت بۆ عائیشە دادپەروەر بە، هێندە دەنگی بەرز کردەوە تا کار گەیشتە ئەوەی قسەیەکی وت بە عائیشە، عائیشەش لەولاوە دانیشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد وەك پێی بفەرموێت قسەت نیە؟ عائیشەش کەوتە

[1] - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6755.

وەلأمدانەوەی زەینەب تا بێدەنگی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی عائیشەی کرد و فەرمووی: ئەوە کچی ئەبووبەکرە.[1]

عائیشە پەیامی فاطیمە دەگەیەنێت:

جارێك فاطیمە لای باوکی سکالأی کرد کە لەدەست کارو هەویر شێلان چی بە دەستەکانی هاتووە، ئەوەبوو پاش ماوەیەك برێ دیل هێنران کە ئافرەتیشی تێدا بوو، فاطیمە چوو تا داوای خزمەتکارێك بکات، بەلأم پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ نەبوو، بۆیە باسی حالّی خۆی بۆ عائیشە کرد و پێی وت بۆچی هاتووەو بە عائیشەی وت تا بە پێغەمبەر (ﷺ) بلێت، کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە، عائیشە پێی وت فاطیمە بۆ شتێکی لەو جۆرە هاتووە، پێغەمبەریش (ﷺ) چوو بۆ مالّەوەو عەلی و فاطیمەش لە جێگەدا بوون، ویستیان هەستن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی لە شوێنی خۆتاندا بن، ئینجا هات و لەلایان دانیشت، فەرمووی (ألا أدلكما على خير مما سألتما، إذا أخذتما مضاجعكما فسبحا ثلاثا وثلاثين، واحمدا ثلاثا وثلاثين، وكبرا أربعا وثلاثين، فهو خير لكما من خادم)،[2] (ئایا شتێکی باشتر لەوەتان پێ نیشان نەدەم کە داواتان کردبوون، کە چوونە ناو جێگەکەتان سی و سێ جار سوبحانەلأ و سی و سێ جار الحمد لله و سی و چوار جار الله أكبر بکەن، ئەوە زۆر بۆتان باشترە لە خزمەتکارێك).

1 - صحيح البخاري، الرقم 2462.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2962، صحيح مسلم، الرقم 5012، صحيح ابن حبان، الرقم 5601، سنن أبي داود، الرقم 4424.

عائیشه شایەتی پاکی دەدات بۆ عەلی و فاطیمه و حەسەن و حوسەین:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: بەیانیەك پێغەمبەر (ﷺ) چوویه دەرەوەو جلێکی خوری لەبەر بوو کە لە مووی رەش دروستکرابوو، ئینجا حەسەنی کوڕی عەلی هات و پێغەمبەر (ﷺ) هێنایه ژوورەوە، دوای ماوەیەکی تر حوسەین هات و لەگەڵی هاتە ژوورەوە، دواتر فاطیمه هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایەژوورەوە، ئینجا عەلیش هات و پێغەمبەر (ﷺ) ئەویشی هێنایه ژوورەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە (إنما يريد الله ليذهب عنكم الرجس أهل البيت و يطهركم تطهيرا).[1]

عائیشه شایەتی بۆ ڕێزداری فاطیمه دەدات:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: هیچ کەسم نەدیوە هێندەی فاطیمه هەڵسوکەوت و قسەکردنی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچێت، هەرکات فاطیمه دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و بەخێرهاتنی دەکرد و دەستی دەگرت و لە پاڵ خۆیدا دایدەنیشاند، هەرکاتیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) بچوایه بۆ لای فاطیمه، فاطیمه لەبەری هەڵدەسا و ماچی دەکرد و دەستی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەگرت و ماچی دەکرد.[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 4554، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31462، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 2662،

2 - سنن أبي داود، الرقم 4561، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7784، صحيح ابن حبان، الرقم7063، سنن الترمذي، الرقم 3889 وقال حسن صحيح، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 5217.

عائیشه شایەتی دەدات فاطیمه گەورەی ژنانی بەهەشتە:

عائیشه دەڵێت فاطیمه هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) که دەچوو بەڕێدا دەتوت هەمان ڕێکردنی پێغەمبەرە(ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی مەرحەبا له کچەکەم، ئینجا لای خۆیەوە داینیشاند، دواتر چپەیەکی بۆ کرد و فاطیمه گریا، وتم بۆچی دەگریت؟ دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چپەیەکی تری بۆ کرد و فاطیمه دەستی کرد بە پێکەنین، منیش وتم تا ئێستا نەمدیوە خەم و خۆشی ئاوا لەیەك نزیك بن، وتم چۆن بوو واگریایت و دواتر پێکەنیت؟ فاطیمەش وتی نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا ناکەم، دواتر که پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، چووم هەمان پرسیارم لێکردەوە، ئەویش وتی چپاندی بە گوێمدا (جیبریل هەموو ساڵێك یەك جار قورئانی لەگەڵ دەور دەکردمەوە، ئەمساڵ دوو جار لەگەڵم دەوری کردەوە، وادەزانم ئەمە ئاماژەی مەرگمە، تۆیش یەکەم کەسیت بە من دەگەیتەوە)، منیش دەستم کرد بە گریان، دواتر فەرمووی(ئایا ڕازی نابیت تۆ گەورەی ژنانی بەهەشت –یان گەورەی ژنانی باوەڕداران– بیت؟) منیش بەوە پێکەنیم.[1]

عەلی شایەتی دەدات عائیشه هاوسەری هەردوو دنیای پێغەمبەرە(ﷺ):

پاش ئەوەی جەنگی جەمەل ڕوویدا و سوپای عائیشه شکستی خوارد، عەلی هات بۆ لای عائیشه وتی دایەگیان چۆنیت؟ وتی باشم، عەلی وتی خوا لێت خۆش بێت، ئینجا یەك یەك سەرکردەو کەسایەتیەکان دەهاتن سەلامیان دەکرد له عائیشه، دواتر که شەو داهات عائیشه هاودەم بە موحەممەدی برای چوونەوە بەصرە، ئینجا

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3446.

عەلی پاش سێ ڕۆژ فەرمانی کرد چی کەلوپەلێ گیراوە ببرێتە بەصرەو هەوادارانی عائیشە بێن چییان هەبووە بیبەنەوە، خەڵکێ گلەییان کرد کە بۆچی خوێنیان ڕەوا بێت کە چی سامانیان ڕەوا نەبێت، با ببیەین، عەلیش بە تووڕەییەوە وەك تانەیەك بۆیان وتی کامتان پێی خۆشە دایکی باوەڕداران ببات بۆ خۆی؟ هەمووان بێدەنگ بوون، دواتر عائیشە بڕیاری دا بەصرە جێبهێڵێت، عەلی هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادە کرد و مۆڵەتی دا هەرکەسیش لە سوپاکەی ڕزگار بووە لەگەڵی بگەڕێتەوە، ئینجا چل ئافرەتی بەصرەی هەڵبژارد تا لەگەڵ عائیشە بچنەوە، موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکریشی لەگەڵ ناردەوە، ئەو ڕۆژەی بڕیار بوو عائیشە بڕوات، عەلی هاتە بەردەگاو عائیشەش بە کەژاوەکەوە هێنرایە دەرەوەو ماڵئاوایی لە خەڵك دەکرد، عائیشە وتی کوڕە شیرینەکانم، کەستان لەسەر ئەم بارە سەرکۆنەمان نەکات، بەخوا نێوانی من و عەلی تەنها وەك ئافرەت و پارێزەرانی وایە و ئەو لای من لە کەسە هەرە چاکەکانە، عەلیش وتی بەخوا ڕاست دەکات نێوانمان وایە و ئەو هاوسەری پێغەمبەرەکەتانە لە دنیا و ئاخیرەتدا، ئینجا عەلی چەند کیلۆمەترێك لەگەڵ عائیشە چوو و بەڕێی کرد، عائیشەش چوو بەرەو مەککەو لەوێ حەجی ئەو ساڵەی کرد و دواتر گەڕایەوە بۆ مەدینە.[1]

عائیشە شوێنی گۆڕی خۆی دەدات بە حەسەنی کوڕی عەلی:

حەسەنی کوڕی عەلی لە سەرەمەرگیدا حوسەینی برای بانگ کرد و وەسیەتی بۆ کرد، تیایدا وتی : من داوام لە عائیشە کردووە ئەگەر مردم مۆڵەتم بدات لە ماڵەکەی ئەودا لەلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردە بکرێم، ئەویش ڕازی بووە، دەڵێم

[1] - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 240247.

لەوانەیە لە شەرمدا وتبێتی بەڵێ و رازی بووبێت، بۆیە ئەگەر مردم برۆ بۆ لای و داوای هەمان شتی لێ بکەرەوە، ئەگەر پێی خۆش بوو ئەوە لە ماڵەکەی ئەودا ئەسپەردەم بکە.[1]

کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی وەفاتی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی حوسەینی برای چوو بۆ لای عائیشەو داوای لێکردەوە کە حەسەنی برای لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردە بکرێت، ئەویش رازی بوو و وتی باشە، بەڵام مەڕوان رێی نەدا و لە بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

عائیشە لەسەر حوسەین ئامۆژگاری موعاویە دەکات:

کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان بەیعەتی بۆ یەزیدی کوڕی وەرگرت، حوسەینی کوڕی عەلی و چەندێکی دی نارازی بوون، جا عائیشە وای بیست کە موعاویە هەڕەشەی لەوانە کردووە ئەگەر بەیعەت نەدەن دەیانکوژێت، بۆیە عائیشە ئامۆژگاری موعاویەی کرد و پێی وت بیستوومە هەڕەشەی کوشتنت لەوانە کردووە ! موعاویە وتی ئەی دایکی باوەڕداران ئەوانە زۆر لەوە شکۆدارترن کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ بکەم، بەڵام من بەیعەتم بۆ یەزید وەرگرتووەو خەڵکی جگە لەوان بەیعەتیان داوە، جا رات وایە دوای ئەو هەمووە بەیعەتەکەی لەکار بخەم؟ عائیشە

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 391-392.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 392.

وتی دەی بەرامبەریان نەرمونیان بە، ئەگەر خوا بیەوێت دێنە سەر راکەت، موعاویەش وتی وادەکەم.[1]

عەبایەی کوڕی بەحیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبایەی کوڕی بەحیری باهیلیەو هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە.[2]

عەببادی کوڕی بیشر (رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی بیشری کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان،[3] یەکێکە لە بەشدابوانی غەزای بەدر.[4]

کاتێك هاوەڵانێك رووەو بەیتولمەقدیس نوێژیان دەکرد، عەبباد هات و وتی پێغەمبەر (ﷺ) روویکردە بەیتولحەرام، ئیتر هەرچی پیاوانن چوونە شوێنەکەی ژنان و ژنانیش چوونە شوێنەکەی پیاوان و دوو سوجدەکەی تریان رووەو کەعبە برد.[5]

عەبباد تا دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[6]

---

1 - الكامل في التاريخ، ج3، ص 353.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 635.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 611.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 611.

5 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20374، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4337.

6 - أسد الغابة، ج3، ص 147.

عەبادی کوڕی بیشری خەزرەجی(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی بیشری کوڕی وەقشە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، کونیەکەی ئەبووبیشر یان ئەبوورەبیعە،[1] دایکی ناوی فاطیمەی کچی بیشری کوڕی عەددیە.[2]

عەبباد لە مەدینەو لەسەر دەستی موصعەبی کوڕی عومەیر موسڵمان بوو، موسڵمانبوونەکەشی پێش ئوسەیدی کوڕی حوضەیر و سەعدی کوڕی موعاذ بوو.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەببادی کوڕی بیشر و ئەبووحوذەیفەی کوڕی عوتبەوە.[4]

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت لە شەوێکی تاریکدا دوو کەس لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) چوونە دەرو لە بەردەمی ئەو دوو کەسەوە رووناکیەك هەبوو تا ئەو شوێنەی لەیەك جیابوونەوە، کە جیابوونەوە رووناکیەکەش لە نێوانیاندا دابەش بوو و هەر بەشێکی لەگەڵ یەکێکیاندا بوو، هەر لە فەرموودەکەدا هاتووە کە ئەو دوو کەسە بریتی بوون لە ئوسەیدی کوڕی حوضەیرو عەببادی کوڕی بیشر.[5]

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت جوولەکەکان کاتێ ئافرەتیان دەکەوتە حەیزەوە نانیان لەگەڵ نەدەخواردنو لە ماڵدا لەگەڵیان دانەدەنیشتن، هاوەڵانی پێغەمبەر

1 - أسد الغابة، ج3، ص 148.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 440.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 148.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 440.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3617، صحيح ابن جبان، الرقم 2055، المستدرك على الصحيحين، الرقم 5227، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7972، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 12161، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2928، مسند الطيالسي، الرقم 2133، مسند الروياني، الرقم 1363.

(ﷺ) لەو بارەوە پرسیاریان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو خوا ئەم ئایەتەی دابەزاند(ويسألونك عن المحيض قل هو أذى فاعتزلوا النساء في المحيض...)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ( اصنعوا كل شيء إلا النكاح)،(هەموو شتێك بكەن جگە لە جووتبوون)، جوولەكەكان ئەمەیان بیست، وتیان ئەم كابرایە چیەتی، هەرچی ئێمە بیكەین پێچەوانەی ئێمە دەكات، ئوسەیدی كوڕی حوضەیرو عەببادی كوڕی بیشر هاتنو وتیان ئەی پێغەمبەری خوا جوولەكە ئاواو ئاوا دەڵێن بۆیە ئێمە لەگەڵ ئافرەتان كۆنابینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) رەنگی گۆڕا تا ئاستێ وتمان رقی لەو دوانە هەڵگرتووەو لێیان تووڕە دەبێت، ئەو دوانە چوونە دەرەوەو لەو كاتەدا بڕێ شیر بە دیاری هات بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێنیانداو ئەوانیش گەڕانەوەو پێغەمبەر (ﷺ) لە شیرەكەی پێدان تا بیخۆنەوە، ئیتر بەوەدا زانیمان رقی لێ هەڵنەگرتون.[1]

شەوێك پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی خۆیدا سەرقاڵی شەونوێژ بوو، عەببادی كوڕی بیشریش لە مزگەوت خەریكی شەونوێژ بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی عەببادی بیست و فەرمووی ئەی عائیشە ئەوە عەببادی كوڕی بیشرە؟ عائیشە وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوایە رەحم بكە بە عەبباد.[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 481، سنن الترمذي، الرقم 2986، صحيح ابن جبان، الرقم 1378، مسند أحمد بن حنبل، الرقم، 12110، سنن أبي داود228، الرقم 274، سنن الدارمي، الرقم 1087، سنن ابن ماجة، الرقم 641، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 272، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1393، مسند أبي يعلى الموصلى، الرقم 3437، مسند الطيالسي، الرقم 2151.

2 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 4272.

عەبباد لە غەزاکانی ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی دانا بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکانی حونەین، لە غەزای تەبووکیشدا کردی بە بەرپرسی پاسەوانەکانی.[1]

لەسەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکریشدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و دەستێکی کارای لە دوژمنان وەشاند و دواجار شەهید بوو،[2] ئەوکات تەمەنی عەبباد نزیکەی چل و پێنج ساڵان دەبوو.[3]

عەبباد خۆی تاسەی شەهیدی هەبوو، لە رۆژی یەمامەدا بە ئەبووسەعیدی خودری وت ئەمشەو خەوم بینی ئاسمان بۆم کرابوویەوەو دواتر داخرا بەسەرمدا، جا پشت بەخوا ئەوە شەهیدیە، ئەبووسەعید دەڵێت منیش وتم خێر دەبێت پشت بەخوا، ئیتر لە جەنگی یەمامەدا چاوم لەلای بوو چۆن هاواری دەکرد و پشتیوانانی هاندەدا بۆ جەنگ، دواجار عەبباد کوژرا و هێندە پێکرابوو کە نەمدەناسیەوە تەنها بە نیشانەیەکی سەر جەستەی نەبێت.[4]

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 440.

2 - المستدرك علی الصحیحین، الرقم 4968.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 149.

4 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 440.

عەببادی کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی حارثی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای ئوحودو هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عەببادی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی خالیدی غیفاریە، یەکێکە لە هاوەڵانی صوففە، عەبباد تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا و لە سەردەمی ئەودا کۆچی دوایی کرد.[2]

عەببادی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی سەهلی کوڕی مەخرەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بووە، بکوژەکەشی صەفوانی کوڕی ئومەییە بوو.[3]

عەببادی کوڕی شورەحبیل(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی شورەحبیلی یەشکریە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، عەبباد دەڵێت جارێك تووشی وشکەساڵی بووم و چوومە ناو باخێکی مەدینەوەو برێك بەرم بە بەرسیلەیی-فەریکەیی- خوارد، دواتر برێکیشم کردە ناو جلەکەمەوە،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 613.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 614.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 615.

خاوەنەکەی هات و لێیدام و جلەکەی بردم، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەویش بە کابرای فەرموو (مەگەر ئەو نەشارەزا بووەو فێرت کردووە؟! هیچت پێ نەداوە و برسیش بووە؟!) فەرمانی کرد جلەکەی بۆ گێڕامەوە، پاشان کۆڵێك یان نیو کۆڵ خواردنیشی پێبەخشیم.[1]

عەببادی کوڕی عەبدولعوززا (رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی عەبدولعوززایەو لە جەنگی جەمەلدا بەشدار بوو.[2]

عەببادی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی عوبەیدەو دەوترێت یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

عەببادی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عامیرەو لە پشیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدرو ئوحودیشدا بەشداری کرد.[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 2266، سنن ابن ماجة، الرقم 2295، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7250، مسند احمد بن حنبل، الرقم 17181، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه ابن حجر في الإصابة، ج3، ص 615، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 2620.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 617.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 617.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 594.

### عەببادی کوڕی قەیسی خەزرەجی(رضي الله عنه)

**ناوی عەببادی کوڕی قەیسی کوڕی عەبسەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، هاودەم بە سوبەیعی برای لە غەزای بەدردا بەشدار بوو، لە غەزاکانی تریشدا بەشدار بوو و لە غەزای موئتەدا شەهید بوو.[1]**

### عەببادی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه)

**ناوی عەببادی کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانەو پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و هاودەم بە عەبدولڵا و عوقبەی برای بەشدارییان کرد لە جەنگی جیسرئەبووعوبەیدا و هەموویان تیایدا شەهید بوون.[2]**

### عەببادی کوڕی کەثیر (رضي الله عنه)

**ناوی عەببادی کوڕی کەثیرە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]**

### عەببادی کوڕی میلحان (رضي الله عنه)

**ناوی عەببادی کوڕی میلحانە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[4]**

1 - أسد الغابة، ج3، ص 153-154.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج، ص 619.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 619.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 619.

## عەببادی کوڕی ئەحمەر (رضي الله عنه)

ناوی عەببادی کوڕی ئەحمەر یان کوڕی ئەخضەرە، عەبباد دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوویە ناو جێگەکەی قل یا أیها الکافرون ی دەخوێند.[1]

## عەبباسی کوڕی عوبادە(رضي الله عنه)

ناوی عەبباسی کوڕی عوبادەی کوڕی نەضلەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە.[2]

ژنەکەی عەبباس ناوی ئەنیسەی کچی عەبدوڵا بوو کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بەیعەتی پێدا.[3]

کەعبی کوڕی مالیك دەڵێت لەگەڵ برێك لە حاجیانی هۆزەکەمان چووین بۆ مەککە...لەوێ هەواڵی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) پرسی و هێشتا نەماندیبوو، هەواڵمان لە کەسێك پرسی، وتی دەیناسن؟ وتمان نەخێر، وتی ئەی عەبباسی مامی دەناسن؟ وتمان بەڵێ، چونکە عەبباسی مامی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەناسی، ئەو لە کاری بازرگانیدا دەهات بۆ سەردانمان، کابرا وتی کە چوونە ژوورەوە، موحەممەد ئەو کەسەیە کە لەگەڵ عەبباس دانیشتووە، ئێمەش چووین و پێغەمبەرمان (ﷺ) بینی لەگەڵ عەبباس دانیشتبوو، وادەمان دانا و لە عەقەبەدا بینیمان تا بەیعەتی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 610.

2 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 630.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 388.

پێبدەین و عەبباسی مامیشی ئامادە بوو، لە کۆتایی وتەکاندا عەبباسی کوڕی عوبادە بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) وت: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە، ئەگەر بتەوێت سبەینێ بە شمشێرەکانمانەوە دەدەین بەسەر خەڵکی مینادا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فەرمانی ئەوەم پێنەکراوە.[1]

دواتر عەبباس بە پشتیوانانی وت ئەی گرۆی خەزرەج دەزانن لەسەر چی بەیعەت دەدەن بە پێغەمبەر (ﷺ)؟ ئێوە وا بەیعەتی پێدەدەن کە جەنگی هەموو کەسی لەسەر بکەن، ئەگەر پێتان وایە ئەگەر سامانتان ببرێت و کەسە خانەدان و پیاوماقووڵەکانتان بکوژرێن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدەن بە دەستەوە، ئەوە هەر لە ئێستاوە پێتان بڵێم سەرشۆڕی دنیا و قیامەتتان تووش دەبێت، ئەگەریش دەزانن دەتوانن وەفادار بن بەرامبەر بەڵێنەکەتان و خۆدەگرن لەبەرامبەر فەوتانی سامان و کوژرانی پیاوماقووڵانتان، ئەوە خێری دنیاو قیامەتتان دەست دەکەوێت،[2] ئەوانیش وتیان بەخوا لەسەر نارەحەتی فەوتانی سامان و کوژرانی پیاوماقووڵانیشمان بەیعەتی پێدەدەین، بەڵام ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەگەر ئێمە وەفادار بووین چیمان بۆ هەیە؟ فەرمووی بەهەشت، ئەوانیش وتیان دەی دەستت بکەرەوە با بەیعەتت پێ بدەین، ئەوەبوو بەیعەتیان پێدا.[3]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493، قال شعيب الأرناؤوط حديث قوي و هذا إسناد حسن.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 704.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4769.

عەبباس دواتر چوو لە مەککە مایەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، دوای ماوەیەك کۆچی کرد بۆ مەدینە، بۆیە هەم لە کۆچەران و هەم لە پشتیوانانیش ئەژمار دەکرا.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبباسی کوڕی عوبادەو عوثمانی کوڕی مەظعوونەوە.[2]

عەبباس لە غەزای بەدردا بەشداری نەکرد، زۆرێك لە هاوەڵانی تریش بەشدار نەبوون لە بەدردا، چونکە سەرەتای چوونەکە بە مەبەستی جەنگ نەبوو و دواتر بارەکە بە ئاقاری جەنگدا چوو، بەڵام دواتر عەبباس لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

## عەبباسی کوڕی میرداس(رضي الله عنه)

ناوی عەبباسی کوڕی میرداسی کوڕی ئەبی عامیرە، باوکی بە دەستی جنۆکە کوژراوە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 630.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 162.
3 - أسد الغابة، ج3،ص 162.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 167.

عه‌بباس له‌ سه‌رده‌می نه‌فامیشیدا مه‌ی نه‌ده‌خوارده‌وه‌، ده‌یوت ناكرێت گه‌وره‌ی هۆزه‌كه‌م بم و هۆشم له‌ده‌ست بده‌م.[1]

پێش ئه‌وه‌ی فه‌تحی مه‌ككه‌ روبدات، عه‌بباس چوو به‌ره‌و مه‌دینه‌، له‌ رێدا گه‌یشت به‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و موسڵمانان كه‌ ده‌چوون بۆ فه‌تحی مه‌ككه‌، ئه‌ویش چوویه‌ ناو سوپاكه‌وه‌و به‌شداری فه‌تحی مه‌ككه‌ی كرد، دواتریش له‌ غه‌زای حونه‌یندا به‌شداری كرد.[2]

موسڵمانبوونی عه‌بباس ته‌نها به‌خۆیه‌وه‌ نه‌وه‌ستا، به‌ڵكو هاوده‌م به‌ سێ سه‌د كه‌س له‌ هۆزه‌كه‌ی موسڵمان بوو،[3] رایه‌كیش ده‌ڵێت نۆسه‌د كه‌س له‌ هۆزه‌كه‌ی له‌گه‌ڵیدا بوون،[4] پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) وه‌ك یه‌كێك له‌ دڵراگیركراوان به‌خششی عه‌بباسی ده‌كرد،[5] ئیتر هه‌موویان له‌ فه‌تحی مه‌ككه‌و غه‌زای حونه‌ین و طائیفدا به‌شدارییان كرد.[6]

عه‌بباس نه‌ له‌ مه‌دینه‌ نیشته‌جێ بوو، نه‌ له‌ مه‌ككه‌، به‌ڵكو له‌ نزیك به‌صره‌ له‌ ناوچه‌یه‌ك نیشته‌جێ بوو و بۆ كاتی غه‌زاكان ده‌چوویه‌وه‌ بۆ به‌شداری كردن.[7]

---

1 - أسد الغابة، 3، ص 168.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 633.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 167.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 271.
5 - أسد الغابة، ج3، ص 167.
6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 307.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 273.

## عەبباسی کوڕی ئەنەس(رضي الله عنه)

ناوی عەبباسی کوڕی ئەنەسی کوڕی عامیرە، شەریکی کاری عەبدوڵای باوکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام بە هاتنی ئیسلامیش کەسێکی بێباوەڕ بوو و لە غەزای خەندەقدا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بوو، پاش خەندەق هاودەم بە هۆزەکەی موسڵمان بوو هاوکات خۆی سەرۆکی هۆزەکەی بوو.[1]

## عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ)

ناوی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قوڕەیشی هاشمیە، مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و کونیەکەی ئەبولفەضلە، دایکی ناوی نەتیلەی کچی جونابە، دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەدایك بوو،[2] رایەکیش دەڵێت سێ ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) گەورەتر بوو.[3]

### ژن و منداڵەکانی

منداڵەکانی عەبباس بریتی بوون لە: فەضل کە موسڵمان بوو و دواتر بە تاعوون لە شام وەفاتی کرد، عەبدوڵا کە بە حیبری ئوممەت ناسراوە، عوبەیدوڵا کە کەسێکی دەوڵەمەند بوو، عەبدورەحمان کە لە شام مرد، قشم کە زۆر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو و دواتر بۆ جیهاد چوو بۆ خوراسان و لە سەمەرقەند وەفاتی کرد،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 629.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 631.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 5.

میعبەد کە لە ئەفریقیا شەهید بوو، ئوممولحەبیبەی کچی، دایکی ئەم منداڵانەی بریتی بوو لە ئوممولفەضل، کەثیر کە زانایەکی گەورە بوو، تەممام، صەفییە، ئومەیمە، دایکی ئەمانەش ئومموەلەد بوو، حارث کە دایکی ناوی حجیلەی کچی جوندوب بوو.[1]

## عەبباس لە مەککە

عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی نەفامیدا لە مەککە گەورەی قورەیش بوو، سەپەرشتی مەسجیدولحەرام بەدەست ئەو بوو، زۆر بە جوانی بارەکەی رادەگرت، نەیدەهێشت تاکە کەسێك لە مەسجیدولحەرامدا قسە بڵێت، خەڵکی قورەیشیش لەبەرئەوەی لەو بارەوە بەڵێنیان پێدابوو، بۆیە سەرکەوتوو بوو.[2]

عەبباس دەڵێت جارێك لە مزگەوت بووم کە ئەبووجەهل هات و وتی سوێند بێت ئەگەر موحەممەد ببینم لە سوجدەدا بێت بچمە سەر گەردنی، منیش چووم و هەواڵم دا بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) بە توورەییەوە چوویە مزگەوت و دەستی کرد بە قورئان خوێندن (اقرأ باسم ربك...) کە گەیشتە (كلا ان الإنسان ليطغى أن رآه استغنى) کەسێك وتی ئەی ئەبولحەکەم ئەوە موحەممەدە، ئەویش وتی مەگەر ئەوەی من دەیبینم ئێوەش نایبینن؟ بەخوا ئاسمان بەسەرمەوە وەستاوە.[3]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 6.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 163.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5386.

عەبباس هاودەم و کەسی نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، کەعبی کوڕی مالیك دەڵێت لەگەڵ برێك لە حاجیانی هۆزەکەمان چووین بۆ مەککە...لەوێ هەواڵی پێغەمبەری خوامان (ﷺ) پرسی و هێشتا نەماندیبوو، هەواڵمان لە کەسێك پرسی، وتی دەیناسن؟ وتمان نەخێر، وتی ئەی عەبباسی مامی دەناسن؟ وتمان بەڵێ، چونکە عەبباسی مامی پێغەمبەرمان (ﷺ) دەناسی، ئەو لە کاری بازرگانیدا دەهات بۆ سەردانمان، کابرا وتی کە چوونە ژوورەوە، موحەممەد ئەو کەسەیە کە لەگەڵ عەبباس دانیشتووە، ئێمەش چووین و پێغەمبەرمان (ﷺ) بینی لەگەڵ عەبباس دانیشتبوو، وادەمان دانا و لە عەقەبەدا بینیمان تا بەیعەتی پێبدەین و عەبباسی مامیشی ئامادە بوو،[1] عەبباس وتی ئەی گرۆی خەزرەج، موحەممەد لەناو ئێمەدا بەو چەشنەیە کە دەیزانن، ئێمە لێرە بەمجۆرە پاراستوومانە وەك چۆن خۆمان دەپارێزین وا ئاگاداری بوین،[2] پشتیوانانیش وتیان قسەکەتمان بیست، ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ قسە بکە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) قسەی کرد.[3]

### موسڵمانبوونی عەبباس

بەپێی چەند بەڵگەیەك دەردەکەوێت عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) هەر زوو لە مەککە موسڵمان بووە، بەڵام موسڵمانبوونەکەی شاردوەتەوە تا پشتیوانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکات و کاری هەواڵگری و پێویستی ئەرکەکانی مەککەی بۆ

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493، قال شعيب الأرناؤوط حديث قوي و هذا إسناد حسن.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7121.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15493.

راپەڕێنێت، مەسەلەی بەشداربوونی لە بەدردا پەیوەستە بە گوێڕایەڵی عەبباس بۆ فەرمانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەك دژایەتی کردنی، چونکە عەبباس وەك هەواڵگری پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککە مابوویەوە، ئەگینا خۆشەویستی بەرچاوی عەبباس بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لە چەندین هەڵوێستدا دیارە، وەك چوونی بە تەنها لەگەڵی بۆ بەیعەتی عەقەبەو راسپاردەی بۆ پشتیوانان تا تەواو نازی پێغەمبەر (ﷺ) راگرن‌و وریای بن،[1] هەروەها لە بەدردا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد هەرکەس گەیشت بە عەبباس نەیکوژێت چونکە بە نابەدڵی هاتووە،[2] کاتێکیش بەدیل گیرا بە پێغەمبەری خوا ناوی پێغەمبەری(ﷺ) دەبرد نەك بە موحەممەد[3] لە کاتێکدا برازاشی بوو، ئیتر چۆن لە دژی شمشێر هەڵگرێ، بەڵکو عەبباس کاتێ ویستی کۆچ بکات بۆ مەیدنە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (مقامك بمكه خير)(مانەوەت لە مەککە چاکترە)، ئەویش لە مەککە مایەوەو لەوێ هەواڵی دەنارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[4]

ئەبوورافیعی خزمەتکاری عەبباس دەڵێت: من خزمەتکاری عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب بووم و موسڵمان بووبووم، ئوممولفەضلي ژنی عەبباس و خودی عەبباسیش موسڵمان بووبوون، بەڵام عەبباس موسڵمانبوونەکەی خۆی دەشاردەوە.[5]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص160.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص284.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص278.
4 - أسدالغبة، ج3، ص163.
5 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5375، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23225، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

لەم بەسەرهاتەوە روونتر بابەتەکەمان بۆ روون دەبێتەوە:

کاتێك حەججاج موسڵمان بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من لە مەککە ژن و منالٚ و سامانم جێهێشتووە، دەبێت بچم بیانهێنم، جا ئەگەر ناچار کرام بەرامبەر بە تۆ قسە بڵێم مۆڵەتم دەدەیت؟ پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا تا چی ویست بیڵێت، ئەویش چوویەوە بۆ مەککەو بە ژنەکەی وت: چیت هەیە کۆی بکەرەوە چونکە من دەمەوێت شتێك لە سامانی فەوتاوو مەڕو ماڵاتی موحەممەد و هاوەڵانی بکڕم، چونکە ئەوان لە جەنگدا دۆڕاون و حاڵیان شڕە،[1] وا موحەممەد لەلایەن جوولەکەکانەوە بەدیل گیراوەو هاوەڵەکانیشی یان کوژراون یان بڵاوەیان لێکردووە،[2] ئەو هەواڵە لە مەککە بڵاوبوویەوەو موسڵمانەکانی مەککە پێی دڵگران بوون و بێباوەڕەکانیش پێی دڵخۆش بوون، هەواڵەکە گەیشتە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب، عەبباسیش کە ئەوەی بیست لە پێ کەوت و دۆش داما و نەیئەتوانی بجووڵێت، ئینجا عەبباس کوڕێکی هەبوو کە ناوی قوثەم بوو و زۆر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو، راکشا و لەسەر سنگی داینا و شیعری دەهۆنیەوە کە تیایدا دەیوت خۆشەویستم لە پێغەمبەری خوا دەچیت:

حبي قثم حبي قثم

شبيه ذي الأنف الأشم

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4600، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17157، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12166، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3383، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3124، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 108.

نبي رب ذي النعم

برغم أنف من رغم

ئینجا غولامێکی نارد بۆ لای حەجاجی کوڕی عیلاط و پێی وت ماڵوێران ئەمە چ هەواڵێك بوو هێنات؟ تۆ چی دەڵێیت؟ بەڵێنی خوا لەو هەواڵەی تۆ باشترە، حەجاجیش بە غولامەکەی وت: سەلامم بگەیەنە بە ئەبولفەضل و پێی بڵێ: بچێتە ماڵێکەوە تا بە تەنها ببینم، چونکە هەواڵێکم هەیە بۆی کە دڵی خۆش دەکات، غولامەکە هاتەوە، کە گەیشتەوە بەردەرگا، وتی موژدەت لێ بێت ئەی ئەبولفەضل، عەبباسیش لە خۆشیدا خۆی بۆ فڕێدا و ناوچاوانی ماچ کرد، ئەویش هەواڵی قسەکانی حەجاجی پێدا، عەبباسیش ئەو غولامەی ئازاد کرد، ئینجا چوو بۆ لای حەجاج و ئەویش هەواڵی دروستی پێ وت، وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەیبەری فەتح کردووەو سامانی ئەوانی بە دەستکەوت گرتووە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکاندا صەفیەی کچی حویەی بۆ خۆی هەڵبژارد و سەرپشکی کرد ئایا ئازادی بکات و ببێتە ژنی یان بچێتەوە بۆ ناو ماڵ و کەسوکاری خۆی، ئەویش پێی باش بوو ئازادی بکات و شوو بکات بە پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بۆیە هاتوم بۆ ئێرە تا ئەو سامان و ژن و منداڵەی لێرە هەمە بیبەم و بڕۆم، مۆڵەتیشم لە پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرت و ئەویش مۆڵەتی دام چی پێویست بکات بیڵێم، جا تکام وایە تا سێ ڕۆژ هیچ نەڵێیت، دوای سێ ڕۆژەکە چیت پێ خۆش بوو باسی بکە، ئەوەبوو ژنەکەی حەجاج چی خشڵ و پێویستی هەبوو کۆی کردەوەو دای بە حەجاج و حەجاجیش هەموو برد لەگەڵ خۆی و کەوتەڕێ، دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژەکە عەبباس چوو بۆ لای ژنەکەی حەجاج و وتی مێردەکەت کوا؟ ئەویش هەواڵی ئەوەی پێدا کە

حەججاج چووە بۆ مەدینە، ئینجا وتی خوا سەرشۆڕت نەکات ئەی ئەبولفەضل ئەوەی پێت وتین زۆر لەسەرمان قورس بوو، ئەویش وتی بەڵێ خوا سەرشۆڕم ناکات، سوپاس بۆ خواش تەنها ئەوە روویداوە کە حەزمان پێ بووە، حەججاج هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی، جا ئەگەر پێویستیەکت هەیە بە مێردەکەت ئەوە برۆ و خۆت بگەیەنە پێی، ژنەکەی حەججاجیش وتی سوێند بەخوا بڕوات پێ دەکەم، ئەویش وتی من راست دەڵێم و مەسەلەکە ئاوەهایە کە پێم وتیت، ئینجا عەبباس چوویەدەرەوەو چوو بۆ کۆڕی قورەیشیەکان و دەیبیست دەیانوت ئەی ئەبولفەضل بەس خێرت بێتەڕێ، ئەویش وتی سوپاس بۆ خوا خێرم هاتوەتەڕێ و حەججاجیش هەواڵی پێداوم کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشیوە بە پێغەمبەرەکەی و تیایدا پشکەکان جیاکراونەتەوەو پێغەمبەر (ﷺ) صەفییەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی، حەججاج داوای لێکردم سێ رۆژ ئەو قسەی بشارمەوەو نەیڵێم، ئەو تەنها بۆ ئەوە هاتبوو چی سامانی هەیە بیبات و بڕوات، بەو هەواڵە خوای گەورە دڵتەنگی سەر موسڵمانانی هەڵگرت و دای بەسەر بێباوەڕاندا، چی موسڵمانی دڵتەنگی مەککەش هەبوون دەهاتن بۆ لای عەبباس، ئەویش هەواڵی پێدەدان و موسڵمانانیش دڵخۆش دەبوون.[1]

ئەم بەسەرهاتە بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی عەبباسی مامی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشتر موسڵمان بووەو مانەوەی لە مەککە بە ڕێنمایی پێغەمبەری خوا

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 4600، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17157، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12166، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3383، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3124، صححه شعيب الأرناؤوط.

(ﷺ) بووە تا هەم هەواڵی قورەیشیەکان بنێرێت بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، هەم ئاگای لە موسڵمانبووەکانی ناو مەککە بێت، وەك دەبینین کاتێك هەواڵی ناخۆش سەبارەت بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و موسڵمانان دەبیستێت زۆر دڵتەنگ دەبێت، هەروەها کاتێکیش هەواڵە راست و دڵخۆشکەرەکە دەبیستێت زۆر دڵخۆش دەبێت، موسڵمانانیش دێن بۆ لای و ئەویش موژدەیان پێ دەدات، واتە لەوێ وەك جەمسەرێك بووە بۆ موسڵمانە لاوازەکانی ناو مەککە کە توانای کۆچیان نەبووەو هەواڵی خۆشی و ناخۆشی موسڵمانانیشیان لەوەوە وەرگرتووە، لەو بارەوە ئیبن عەبدولبەر دەڵێت:(دەوترێت عەبباس پێش غەزای بەدر موسڵمان بووەو هەواڵی بێباوەڕانی دەنارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانانی مەککە وەك پشتێك تەماشای عەبباسیان دەکرد، عەبباس حەزی لەوە بوو بچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) نامەی بۆ نووسی کە مانەوەت لە مەککە باشترە، بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە رۆژی بەدردا فەرمووی(هەرکامتان گەیشت بە عەبباس با نەیکوژێت، چونکە ئەو بە ناچاری هاتووە)،[1] هەروەها عەبباس وردەکاری کارو ئامادەکاریەکانی قورەیشیەکانی بە نامە دەنووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وەك چۆن لە غەزای ئوحوددا کاتێك قورەیش خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ عەبباس هەموو زانیاریەکانی بە نامەیەکدا نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[2]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص 812.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 37.

عەبباس لە جەنگی بەدردا:

عەبباس بە ناچاری و بە نابەدڵی لە جەنگی بەدردا لەگەڵ بێباوەڕاندا بەشداری کرد و تیایدا بە دیل گیرا، جا کابرایەکی باڵاکورتی پشتیوانی عەبباسی بە دیلی هێنا، کە گەیشتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، عەبباس وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخوا ئەمە منی بەدیل نەگرت، کەسێکی زۆر کەشخە کە لەسەر ئەسپێکی رەش و سپی بوو منی گرت، ئەو کەسە لەناو ئەم خەڵکەدا نابینم، کابرای پشتیوانی وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئەوم بەدیل گرت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بێدەنگ بە، خوا بە فریشتەیەکی رێزدار پاڵپشتی کردیت.[1]

پێش ئەوەی جەنگی بەدر رووبدات، پێغەمبەر (ﷺ) ببە هاوەڵانی فەرموو هەرکەس عەبباسی بینی نەیکوژێت چونکە بە نابەدڵی دەرچووە،[2] ئەبووحوذەیفە وتی یانی باوك و کوڕ و برای خۆمان بکوژین و عەبباس نەکوژین؟! بەخوا بگەم پێی بە شمشێر پارچە پارچەی دەکەم، پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە، بە عومەری فەرموو (ئەی ئەبووحەفص رەوایە بە شمشێر بدرێت لە دەموچاوی مامی پێغەمبەری خوا؟)، عومەر وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتم بدە بە شمشێر بدەم لە گەردنی ئەو کابرایە، ئەوە مونافیق بووە، ئەبووحوذەیفە پەشیمان بوو لەو قسەی دەیکرد و دواتریش هەمیشە دەیوت هیچ کات دڵنیا نیم لەو قسەی ئەو رۆژە کردم و هیوام وایە تەنها شەهیدبوونم ئەو تاوانەم لەسەر بسڕێتەوە.[3]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 919، صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 284.

3 - المستدركعلى الصحيحين، الرقم 4941.

ئەو شەوەی عەبباس دیل بوو پێغەمبەر (ﷺ) نەخەوت، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی ناخەویت؟ فەرمووی نرکەی عەبباسی مامم بیست کە کۆتکراوە، ئەوانیش چوون کۆتەکەیان لابرد، ئیتر عەبباس بێدەنگ بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) خەوت.[1]

عەبباس کەسێکی کەشخەو باڵابەرز بوو، جەستەی بەخۆ بوو، لە کاتی بەندکردنەکەیدا جلێکیاندەست نەدەکەوت بۆی ببێت، تەنها جلەکەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول نەبێت، بۆیە جلەکەی ئەویان کردە بەری، پێغەمبەریش (ﷺ) ئەو چاکەی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لەبیر نەکرد و کاتێك مرد، هەرچەندە سەرکردەی دووڕووەکان بوو، کەچی جلەکەی خۆی کرد بە کفن بۆی.[2]

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس خۆت و عەقیلی برازات و نەوفەلی کوڕی حارث و عوتبەی هاوپەیمانت بە سامان ئازاد بکە، چونکە تۆ سامانت هەیە، ئەویش وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من موسڵمان بووم، بەڵام هۆزەکەم بە زۆر منیان هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوا زاناترە بە موسڵمان بوونت، ئەگەر وابێت کە دەیڵێیت ئەوە خوا پاداشتت دەداتەوە، بەڵام رووکەشی بارەکەت ئەوەیە کە دەبێت خۆت ئازاد بکەیت، ئەویش وایکرد.[3]

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16875.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 166.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 13-14.

کاتێك بێباوەڕان خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگی ئوحود، عەبباس وردەکاری زانیاری بێباوەڕانی بە نامەیەك نووسی بۆ پێغەمبەر (ﷺ).[1]

کۆچی عەبباس بۆ مەدینە

ماوەیەك پێش فەتحی مەککە، عەبباس بە ژن و منداڵیەوە کەوتەڕێ بۆ مەدینە، بەڵام لە نیوەی ڕێدا گەیشت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە دەچوو بۆ فەتحی مەککە.[2]

عەبباس لە فەتحی مەککەدا

لە شەوی فەتحی مەککەدا عەبباس بە ئەبووسوفیانی وت ماڵوێران سەرکەوە با بتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و داوای پەنات بۆ بکەم، ئەبووسوفیانیش لە دوای عەبباسەوە سەرکەوت، بەردەوام دەیاندا بە لای ئاگری موسڵمانانداو و یەك یەك عەبباس دەستەکانی پێ دەناساند، کە گەیشتە لای ئاگرەکەی عومەری کوڕی خەططاب، عومەر چوو و ئەبووسوفیانی بینی، وتی ئەبوسوفیان، ئەی دوژمنی خوا، سوپاس بۆ خوا کە بێ بوونی پەنا و بەڵێنێك تۆی خستە بەردەستم، ویستی بیکوژێت کە عەبباس نەیهێشت، عومەر بەوەوە نەوەستا لەگەڵیان چوو تا گەیشتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)، وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەمە دوژمنەکەی خوا بێ بوونی پەنا و بەڵێنێك کەوتووەتە بەردەستم، دەرفەت بدە تا بدەم لە گەردنی، عەبباس وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من پەنام داوە، ئینجا عەبباس وتی ئەی عومەر ئیتر بەسە، ئەگەر ئەمە کەسێك بوایە لە بەنی عەددی وات نەدەوت، بەڵام دەزانیت

1 -الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 37.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 287.

له بەنی عەبدمەنافه وا دەڵێیت، عومەر وتی راوەستە عەبباس، سوێند بەخوا موسڵمانبوونەکەی تۆم له موسڵمانبوونی خەططاب لا خۆشتر بوو، چونکه دەمزانی موسڵمان بوونی تۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) له موسڵمانبوونی خەططاب خۆشترە، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەی عەبباس ببیه بۆ لای خۆت و که بەیانی هات بیهێنه بۆ لام، بۆ بەیانی عەبباس ئەبووسوفیانی هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ماڵت وێران بێت ئەبووسوفیان ئیتر کاتی نەهاتووە بزانیت هیچ پەرستراوێ نیه جگه له خودا؟! ئەبووسوفیان وتی به دایکو باوکمەوە بەقوربانت بم چەندە لەسەرخۆ و خزم دۆست و بەخشندەیت، عەبباسیش وتی ماڵوێران دەی موسڵمان به پێش ئەوەی بدات له گەردنت، ئەبووسوفیانیش شایەتومانی هێنا.[1]

عەبباس وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەبووسوفیان حەزی به شانازی و ناوبانگە، بەڵکو پایەیەکی بۆ دابنێیت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(بەڵێ، هەرکەس بچێته ماڵی ئەبووسوفیانەوە پارێزراوە، هەرکەسیش دەرگای ماڵی خۆی دابخات پارێزراوە).[2]

پێشتر له ژیانی (صەخری کوڕی حەرب) وردەکاری ململانێی نێوان هاشمیو ئومەویەکانمان باسکردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 290.

2 - سنن أبي داود، الرقم 2642، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36243، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16995، حسنه الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود، الرقم 3022.

## پاش فەتحی مەککە

عەبباس پاش فەتحی مەککە لە نزیکی پێغەمبەرەوە(ﷺ) بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆر رێزی لە عەبباس دەنا و سەردانی دەکرد،[1] لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و لای مایەوەو ئەو کاتەی موسڵمانان شکان و بڵاوەیان کرد لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ)، عەبباس یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەرگری لێدەکرد.[2]

جارێك عەبباس بەوپەڕی تووڕەییەوە چوو بۆ لای پێغەمبەر، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی چی تووڕەی کردویت؟ عەبباس وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورەیش چیانە؟ کە بە یەکتر دەگەن بەیەکەوە روویان خۆشە، کەچی کە بە ئێمە دەگەن دەموچاویان جۆرێکی ترە، پێغەمبەر (ﷺ) تووڕە بوو تا ئەوەی دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو دواتر فەرمووی (سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیمان ناچێتە دڵی کەسێکەوە تا ئێوەی لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی خۆش نەوێت) پاشان فەرمووی (ئەی خەڵکێنە هەرکەس ئازاری مامم بدات ئەوە ئازاری منی داوە، چونکە مامی هەر کەسێك هاوتای باوکیەتی).[3]

عەبباس دەڵێت لە رۆژی حونەیندا لەگەڵ ئەبووسوفیان لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووین و لێی جودا نەدەبووینەوە، کە جەنگەکە روویداو موسڵمانان

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 164.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 164.

3 - سنن الترمذي، الرقم 3777، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7906، ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3758.

رایانکرد، من جڵەوی هێسترەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) گرت بۆ ئەوەی غار نەدات، ئەبووسوفیانیش هاوکارم بوو و مابوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی عەبباس هاوار بکە لە هاوەڵانی سەمورە–جۆرێك دارە–، منیش کەسێکی دەنگ بەرز بووم، تا توانیم هاوارم کرد هاوەڵانی سەمورە کوان؟ هەرکە دەنگی منیان بیست خێرا هاتن بەدەم بانگەوازەکەمەوەو وتیان بەڵێ، هاتن و لەگەڵ بێباوەڕان جەنگان تا سەرکەوتین.[1]

جارێك رەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام رەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی راکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین

1 - صحیح مسلم، الرقم 3411، صحیح ابن حبان، الرقم 7158، السنن الکبری للنسائي، الرقم 8379.

ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەك ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

عەبباس لە کاتی نەخۆشی پێغەمبەردا (ﷺ)

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت ئەرێ پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشەو چاك دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابینیت؟ بەخوا وای دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی بەخوا ئەگەر لەو بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین –داوای بکەین– و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم.[2]

1 - صحيح مسلم، الرقم 1849.

2 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

عەبباس یەکێك بوو لەوانەی کە تەرمی پێغەمبەری خوای(ﷺ) شۆرد،[1] دواتریش پێش هەموان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد،[2] کە تەرمەکەشی خرایە ناو گۆڕەکەی، عەبباس یەکێك بوو لەوانەی دابەزیە ناو گۆڕەکەی.[3]

عەبباس لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاطیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش (ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[4]

لێرەدا مشتومڕێکی مێژوویی هەیە سەبارەت بەوەی ئایا عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکری صدیق یان دواتر بەیعەتی داوە.

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان دواکەوتن لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 278.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 290.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 291.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 315.

ئەبووذەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[1]

پێشتر لە ژیانی جوندوبی کوڕی جونادەدا (ئەبووذەری غیفاری) باسی راستی ئەم گێڕانەوەمان کردووەو لێرەدا دووبارەی ناکەینەوە.

### عەبباس لەسەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب بوو بە خەلیفەو مووچەی بۆ خەڵکی بڕیەوە، بۆ عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) پێنج هەزار درهەمی دیاری کرد چونکە مامی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، رایەکیش دەڵێت حەوت هەزار درهەمی بۆ تایبەت کرد.[2]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب کە وشکەساڵی روویدا، عومەری کوڕی خەططاب ئیستیسقای بارانی بە عەبباسی مامی پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەوەبوو خوای گەورە بارانی باراند.[3]

فەرموودەیەك بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێك لەسەر روانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

1 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 297.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 166.

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لە ماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم ئەی مال-ناوەکەی کورت کردوەتەوە- خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، بڕۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی مالیك لێنەوە، ئینجا یەرفەء -پەردەدارەکەی عومەر- هات و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە-مەبەستی عەلی بوو-، ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، -مالیك دەڵێت وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر-، عومەر وتی لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ

کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٦ )، لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) خەرجی ساڵێك یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر روویکردە ئەو چوارەی تر و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، تۆ– عەبباسی دەدواند– و ئەمە–واتە عەلی– چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد–واتە پێغەمبەر (ﷺ)– ئەمیش میراتی ژنەکەی–واتە فاطیمە– لە باوکیەوە –واتە پێغەمبەر (ﷺ)– داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم من دۆست و وەلی پێغەمبەر (ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاك و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم

گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر-جیا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەرۆیشت- دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە- کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەچوو- دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر (ﷺ) میراتیَ جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاك تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2944، صحيح مسلم، الرقم 3389 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6712، سنن أبي داود، الرقم 2589، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6127،

تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

هاوەڵان پلەوپایەی عەبباسیان دەزانی و رێزێکی زۆریان لێدەگرت و راوێژیان پێدەکرد.[1]

## کۆچی دوایی عەبباس

عەبباس لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی بوو و دواجار لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و پێش کوژرانی عوثماندا لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە رۆژی هەینی و لە دوانزەی رەجەب یان دوانزەی رەمەزاندا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا، لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵان بوو.[2]

عەبباس تا کاتی وەفاتی نزیکەی حەفتا کۆیلەی ئازاد کرد،[3] چونکە کەسێکی بازرگان بوو، دەوڵەمەند بوو و خێری زۆری دەکرد.

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 166.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 166.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 166.

عەبباس دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ذاق طعم الإيمان، من رضي بالله ربا و بالإسلام دينا و بمحمد نبيا)،[1] (ئەوە چێژی ئیمانە، کەسێك رازی بێت خوا پەروەردگاری بێت و ئیسلام ئایینی بێت و موحەممەد پێغەمبەری بێت).

عەبباس دەڵێت جارێك پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فێری شتێکم بکە کە داوای بکەم لە خوا، فەرمووی(داوای عافیەت لە خوا بکە)، چەند رۆژێك پاش ئەوە هەمدی هەمان پرسیارم کردەوە لە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش فەرمووی(ئەی عەبباس، ئەی مامی پێغەمبەری خوا، داوای عافیەت لە خوا بکە لە دنیا و قیامەت).[2]

## عەبەسی کوڕی عامیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبەسی کوڕی عامیری کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئوحود.[3]

## عەبدەی خزمەتکار (رضي الله عنه)

ناوی عەبدەیەو خزمەتکاری پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 74.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3521 و قال حديث صحيح، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي، الرقم 3514.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 537.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 392.

عەبدەی کوڕی موسهیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدەی کوڕی موسهیرەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێکرد لە ناوچەی خۆیان ئەسپ راگیر بکات.[1]

عەبدەی کوڕی موعتیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدەی کوڕی موعتیبی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[2]

عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیعی تەمیمی سەعدیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوەکەی گۆڕی.[3]

عەبدقەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدقەیسە و لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، ئیبن حەجەر دەڵێت پێم وا نیە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نەگۆڕیبێت.[4]

1 - ر الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 391.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 391.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 281.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 380.

### عەبدوڕەحمانی باوکی خەللاد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانەو باوکی خەللادە، لە غەزای تەبووکدا بەشداربوو،[1] فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە لە غەزای تەبووکدا پێغەمبەر (ﷺ) وتاری پێشکەش کردووە.[2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی بودەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی بودەیلی کوڕی وەرقائە، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدولاّ کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) عەبدولاّ و عەبدوڕەحمانی وەك نوێنەر نارد بۆ یەمەن، دواتر هەریەك لە عەبدوڕەحمان و عەبدولاّی برای تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیان و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداربوون.[3]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی بیشر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی بیشر یان کوڕی بەشیرە، لە پشتیوانانە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[4] عەبدوڕەحمان دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(من مات له ثلاثة من الولد، لم يبلغوا الحنث، لم ير

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 369.
2 - الزهد الكبير للبيهقي، الرقم 812.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 442.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 290.

النار إلا عابر سبيل)،[1] (هەرکەس سێ منداڵی بمرێت کە نەگەیشتبنە تەمەنی باڵغ بوون، ئەوە دۆزەخ نابینێت مەگەر وەك بینینی تێپەڕبوونی ڕێبوارێك).

### عەبدوڕەحمانی کوڕی جابیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی جابیری عەبدیە، وەك ئەندامێکی وەفدی عەبولقەیس هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی حەنبەل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەنبەلی جومەحیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو دواتر لە حونەیندا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە فەتحی دیمەشقدا بەشدار بوو.[3]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی حەییان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەییانی عەبدیە، وەك ئەندامێکی وەفدی عەبدولقەیس هاودەم بە حەکەمی برای هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[4]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4144.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 294.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 297.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 100.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی خەبباب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی خەببابە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای تەبوك، عەبدوڕەحمان دەڵێت لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووم کە خەڵکی هاندەدا تا هاوکار بن بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی سوپای تەبوك، عوثمانی کوڕی عەففان هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووسەد وشتر بە شمەکەکانیەوە لە رێی خوادا لەسەر من، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دووسەد وشتر بە هەموو شمەکەکانیەوە لەرێی خوادا لەسەر من، هەمدی پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی هاندەدا، عوثمان هەمدی هەستا و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سێ سەد وشتر بە هەموو پێداویستیەکانیەوە لە رێی خوادا لەسەر من، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە سەر مینبەرەکە دادەبەزی و دەیفەرموو (ما علی عثمان ما عمل بعد هذه، ماعلی عثمان ما عمل بعد هذە)،[1] (دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە، دوای ئەمە عوثمان هەرچی بکات لەسەری نیە).

## عەبدوڕەحمانی کوڕی خیراش (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی خیراشە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوو لەیلایە، لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری جەنگی صفین بوو.[2]

---

1 - سنن الترمذي، الرقم 3720، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3700.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 300.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕەبیع(ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕەبیعە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) کەسێکی نارد بۆ لای پیاوێکی ئەشجەعی تا زەکاتی لێ وەربگرێت، کابرا ڕازی نەبوو، تا سێ جار ئەمە ڕوویدا، لە جاری سێیەمدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر ڕازی نەبوو ئەوە بدە لە گەردنی.[1]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕوقەیش (ﷺ)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ڕوقەیشی ئەسەدیە، برایەکی هەبوو بە ناوی زەید، هاودەم بە زەیدی برای پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد.[2]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیرەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت ژنەکەی ریفاعەی قورەظی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ریفاعە منی تەڵاق داوە، تەڵاقەکەشی وایە کە گەڕانەوەی تێدا نیە، دوای ئەوە من شووم کردووە بە عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر، بەڵام هەر ئەوەی چێژ و خۆشی بێت لەم پیاوە نایبینم،[3] پێغەمبەریش (ﷺ) کە قسەکانی ئەو ژنەی بیست زەردەخەنەیەکی کرد،[4] پاشان فەرمووی(لعلك تريدين ترجعي إلى رفاعة؟ لا حتى يذوق عسيلتك و تذوقي

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 303.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 305.

3 - صحيح البخاري، الرقم 4962.

4 - صحيح مسلم، الرقم 2665.

عسیلتە)،[1] (لەوانەیە مەبەستت ئەوە بێت بتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ لای ریفاعە، نا شتی وانیە تا ئەوەی دەبێت تۆ و عەبدوڕەحمان تامی هەنگوینی یەکدی بکەن-واتە تا جیماع لەنێوانتاندا روودەدات-)، لەو کاتەدا ئەبووبەکریش لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو و خالیدی کوڕی سەعیدیش لەبەردەرگا بوو چاوەڕێ بوو مۆڵەتی پێ بدرێت بچێتە ژوورەوە، خالید هاواری کرد ئەی ئەبووبەکر گوێت لەو ژنە نیە لای پێغەمبەر (ﷺ) چی باس دەکات؟![2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی سەبرە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەبرەی ئەسەدیە، هاودەم بە باوکی چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورەی کوڕی حەبیبی عەبشەمیە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە، سەرەتا ناوی عەبدکەلوول یان عەبدولکەعبە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان، دواتریش لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد.

عەبدوڕەحمان دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووم (يا عبد الرحمن بن سمرة، لا تسأل الإمارة، فإنك إن أوتيتها عن مسألة وكلت إليها، وإن أوتيتها من غير مسألة أعنت عليها، وإذا حلفت على يمين، فرأيت غيرها خيرا منها، فكفر عن يمينك

1 - صحيح البخاري، الرقم 4962،

2 - صحيح مسلم، الرقم 2665.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 308.

وأت الذي هو خير)،[1] (ئەی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورە، داوای دەسەڵات مەکە، چونکە ئەگەر لەسەر داوای خۆت پێی بگەیت بارت قورس دەبێت، ئەگەریش بەبێ داواکاری پێی بگەیت هاوکاری دەکرێیت لەسەری، ئەگەریش سوێندێکت خواردو بینیت شتێکی تر جیا لەوەی سوێندت لەسەر خواردووە باشترە، ئەوە کەفارەتی سوێندەکەت بدەو برۆ ئەوە بکە کە چاکترە).

عەبدوڕەحمان پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فتووحاتی عێراقدا بەشداری کرد،[2] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا سجستان و کابول و چەند ناوچەیەکی تری فەتح کرد،[3] دواتر چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو و لەساڵی پەنجا یان پەنجا و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد،[4] زیادی کوڕی ئەبووسوفیان نوێژی لەسەر کرد.[5]

لە ماوەی ناکۆکی نێوان موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان و حەسەنی کوڕی عەلیدا، عەبدوڕەحمان نێوەندگیر بوو.[6]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 6258، صحيح مسلم، الرقم 3205، صحيح ابن حبان، الرقم 4544، سنن الترمذي، الرقم 1489، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 18457، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20098.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 311.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 47.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 311.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 366.

6 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 47.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننەی ئەسلەمیە، لە مەدینە مایەوە تا لەوێ وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (بدأ الإسلام غريبا ثم يعود غريبا كما بدأ، فطوبى للغرباء)، (ئیسلام بە نامۆیی دەستی پێکرد و دواتریش وەك سەرەتا دەگەڕێتەوە بۆ نامۆیی، جا سەربەرزی و براوەیی بۆ نامۆکان)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامۆکان کێن؟ فەرمووی (الذين يصلحون إذا فسد الناس، والذي نفسي بيده لينحازن الإيمان إلى المدينة كما يحوز السيل، والذي نفسي بيده ليأرزن الإسلام إلى ما بين المسجدين كما تأرز الحية إلى جحرها)،[2] (ئەوانەی لەکاتی خراپەی خەڵکدا چاکسازی دەکەن، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئیمان وێنەی لافاو دەگەڕێتەوە بۆ مەدینە، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە ئیسلام لەنێوان دوو مزگەوتدا بەرتەسك دەبێتەوە (دەچێتەوە نێوان مەککەو مەدینە) وەك چۆن مار خۆی دەکاتەوە بە کونەکەیدا).

## عەبدوڕەحمانی کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی سەهلی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، دایکی ناوی لەیلای کچی نافیعە، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 471.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16371، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4166، صعفه شعيب الأرناؤوط.

بەشداری کرد، لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا بەشداری فتووحات بوو.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی شیبل (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی شیبلە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیش ژیا.[2]

عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخر (ئەبوو هورەیرە) (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخرە، ئیبن حەجەر دەڵێت ئەوە بڵاوترین ناوە سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتبێت و نەوەوی ئەوە بە راستتر دەزانێت،[3] ئەگەرنا چەندین ناوی تر سەبارەت بە ناوی ئەبووهورەیرە هاتون تا ئاستێك ئیبن ئەثیر دەڵێت هێندە ناوی جیاواز سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتووە هیچ کەسێکی تر نیە هێندە ئەگەری ناوی زۆر لەبارەیەوە هەبێت.[4]

هەریەك لە ناوەکانی عەبدوڵا و بورەیر و سکین و عەبدشەمس و عەبد نوهم و عەبد غەنەم و عەبد عەمر و چەندینی تر هاتووە، بەڵام هەرچیەك بێت ناوەکەی رەوا

1 - أسد الغابة، ج3، ص 472.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 315.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 316.
4 - أسد الغابة، ج6، ص 337.

نەبووەو پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕیوە، یان ناوی ناوە عەبدوڵا یان ناوی ناوە عەبدوڕەحمان.[1]

ذەهەبی دەڵێت راستترینیان ئەوەیە ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخرە.[2]

زیاتر بە ئەبووهورەیرە ناسراوە، چونکە جارێك بێچووی پشیلە کێویەکی دیوەو لە کۆشی گرتووە، ئیتر پێی وتراوە ئەبووهورەیرە.[3]

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە ئەبووهورەیرە دەڵێت من شوانەییم دەکرد و بێچووە پشیلەیەکم هەبوو کە بە شەو دەمخستە ناو دارێکەوە، کە رۆژ دەبوویەوە لەگەڵ خۆم دەمبرد و یاریم لەگەڵ دەکرد، ئیتر ئەو کونیەیان بەسەردا بڕیم.[4]

ئەم هاوەڵە یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە زۆرترین فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو زانستێکی زۆری لێ وەرگرتووە، هەر بۆیە هێرشێکی زۆریشی دەکرێتەسەر.

کاتێك طوفەیلی کوڕی عەمر لە ساڵی حەوتەمی کۆچیدا هات بۆ مەدینە، هاودەم بە طوفەیل نزیکەی حەفتا یان هەشتا کەس لە هۆزەکەی هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، لەنێویاندا ئەبووهورەیرەش هاتبوو.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج6، ص 337.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 578.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 579.

4 - سنن الترمذي، الرقم 3857، حسنه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 3840.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 353.

لە ڕێی هاتنیاندا بەرەو مەدینە، ئەبووهورەیرە خزمەتکارێکی خۆی لەگەڵ بوو، بەڵام خزمەتکارەکەی هەڵهات،[1] دواتر کە ئەبووهورەیرە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێدا، خزمەتکارەکەی هاتەوە، ئەبووهورەیرەش لەپێناو خوادا ئازادی کرد.[2]

موسڵمانبوونی ئەبووهورەیرە لە سەرەتای ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بوو، واتە لە ساڵی غەزای خەیبەردا،[3] بەم پێیە نزیکەی چوار ساڵ لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بووە،[4] بەڵام زانستێکی بێوێنەی لێ وەرگرتووە.

کاتێك ئەبوو هورەیرە موسڵمان بوو و بەرەو مەدینە هات، سەیری کرد پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ نیە و سیباع بەرپرسی مەدینە بوو، ئەوەبوو سیباع بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانانی مەدینەو ئەبووهورەیرەش لە دوایەوە نوێژی کرد.[5]

دایکی ئەبوو هورەیرە بێباوەڕ بوو، ئەو کاتەش کە ئەبووهورەیرە موسڵمان بووبوو هێشتا ئەو بێباوەڕ بوو، ئەبوو هورەیرە بەسەرهاتی موسڵمانبوونی دایکی باس دەکات و دەڵێت: بەردەوام دایکم بانگ دەکرد بۆ ئیسلام، ڕۆژێك کە داوام کرد موسڵمان بێت، قسەیەکی ناشیرینی وت بە پێغەمبەر (ﷺ) کە پێم ناخۆش بوو، بۆیە چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دەگریام، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 590.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 326.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 586.
4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 590.
5 - صحيح ابن حبان، الرقم 4928، صححه شعيب الأرناؤوط.

من دایکم بانگ دەکەم بۆ ئیسلام و ئەو رازی نابێت، جا ئەمڕۆ کە بانگم کرد بۆ ئیسلام، سەبارەت بە تۆ شتێکم لێ بیست کە پێم ناخۆش بوو، جا نزای بۆ بکە بەڵکو خوا رێنموونی بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی (خوایە دایکی ئەبوو هورەیرە رێنموونی بکە)، منیش بە دڵخۆشیەوە دەرچووم، کە گەیشتمە بەردەرگای ماڵەوە بینیم داخراوە، دایکم خشپەی پێی منی بیست و وتی ئەبووهورەیرە لە شوێنی خۆت راوەستە، دەنگی خوڕەی ئاوم دەبیست، دایکم جلوبەرگی پۆشی و لەچکەکەی دا بە سەریدا و دەرگاکەی کردەوەو دواتر بەبەرچاومەوە شایەتومانی هێنا، منیش گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و لە خۆشیدا دەگریام، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) موژدە بێت خوا نزاکەی وەرگرتیت و رێنموونی دایکی ئەبووهورەیرەی کرد، پێغەمبەریش (ﷺ) سوپاس و شتایشی خوای کرد، دواتر وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزام بۆ بکە خوا من و دایکم لای بەندە باوەڕدارەکانی خۆشەویست بکات و ئەوانیش لای ئێمە خۆشەویست بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) نزای کرد و فەرمووی (اللهم حبب عبيدك هذا وأمه إلى عبادك المؤمنين، وحبب إليهم المؤمنين)، (خوایە ئەم بەندە بچووکەی خۆت و دایکی لای بەندە باوەڕدارەکانت خۆشەویست بکەو باوەڕدارانیش لا ئەوان خۆشەویست بکە)، ئیتر هەر باوەڕدارێك باسی منی دەبیست یان دەیبینیم منی خۆش دەویست.[1]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 4650، صحيح ابن حبان، الرقم 7261، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8053، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20974.

ئەبووهورەیرە لەناو ئەهلی صوففەدا لە مزگەوت دەمایەوە، تووشی برسێتیەکی زۆر دەبوو، دەڵێت جارێك زۆر برسی بووین، پێغەمبەر (ﷺ) خورمای بۆ ناردین، ئێمەش لە برساندا دوو دوو خورمامان دەخوارد.[1]

جار جارە ئەبووهورەیرە دەچوو بە نانەسکێ خزمەتی کچەکەی غەزوانی دەکرد تا رۆژان هات و رۆژان چوو و خوای گەورە ئەو ئافرەتەی کرد بە هاوسەری ئەبووهورەیرە.[2]

ئەبووهورەیرە دەڵێت جار هەبوو لە برساندا دەکەوتمە سەر زەوی، بەردم لە سکم دەبەست، رۆژێك لەسەر رێی خەڵك دانیشتم، ئەبووبەکر تێپەڕ بوو و منیش سەبارەت بە ئایەتێکی قورئان پرسیارم لێکرد، بەخوا بەس لەبەرئەوە پرسیارم لێکرد بەڵکو شتێك خواردنم پێ بدات، کەچی تێپەڕ بوو و هیچ، دواتر عومەر هات و هەمان شت روویدا، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) هات و کە منی بینی زەردەخەنەیەکی کرد و بە دەموچاومدا زانی حاڵم چۆنە، پاشان فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی(دوام کەوە)، منیش بەدوایدا چووم، چوویە ژوورەوەو داوای مۆڵەتی کرد و مۆڵەت بە منیش درا و چوومە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بڕێك شیری بەدیکرد و فەرمووی ئەم شیرە لە کوێ بوو؟ وتیان ئەوە فلانەکەس بە دیاری هێنای، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرموی(بڕۆ بۆ لای ئەهلی صوففەو بانگیان بکە بۆم)، منیش ئەوەم پێ ناخۆش بوو، وتم ئەو تۆزە شیرە بۆ ئەهلی صوففە؟ من شیاوترم

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 5309، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 327.

بیخۆم تا خۆم پێ رابگیرێت، بەڵام هەر دەبێت فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بەجێبگەیەنم، چووم و بانگم کردن و هاتن، داوای مۆڵەتیان کرد و مۆڵەت دران و هەریەکەو لە لایەکەوە دانیشتن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی بگرە بیاندەرێ، منیش یەك یەك دەمدا بە دەستیانەوەو ئەوانیش تێریان دەخواردەوە، هەموویان تێریان خواردەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) قاپە شیرەکەی گرتەدەست و تەماشای منی کرد و پێکەنی، فەرمووی ئەی ئەبووهیر، وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی من و تۆ ماوینەتەوە، وتم راست دەفەروویت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی دابنیشە بخۆرەوە، منیش دانیشتم و شیرم خواردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بخۆرەوە، منیش هەمدی خواردمەوەو پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام دەیفەرموو بخۆرەوە، ئیتر تێرم خواردەوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئیتر جێی نابێتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی بیدە بە من، منیش قاپە شیرەکەم پێ بەخشی، سوپاسی خوای کرد و بسم الله الرحمن الرحیم ی فەرموو و ئەوەی مابوویەوە خواردیەوە.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت رۆژێك لە برساندا لە ماڵ چوومە دەرەوە، چوومە مزگەوت و دەستەیەك لە هاوەڵانم بینی، وتیان لەم کاتەدا بۆچی هاتوویتەتە دەرەوە؟ وتم برسێتی هێنامیە دەرەوە، ئەوانیش وتیان بەخوا ئێمەش برسێتی هۆکار بوو، چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی لەم کاتەدا بۆچی

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 6069، صحيح ابن حبان، الرقم 6629، سنن الترمذي، الرقم 2460، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 11377، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4031، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 10439.

هاتوونەتە دەرەوە؟ وتمان برسێتی زۆری بۆ هێناوین، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوای قاپێکی کرد کە خورمای تێدا بوو، هەرکەسەو دوو خورمای پێداین و فەرمووی (ئەو دوو خورمایە بخۆن و ئاوی بەدوادا بخۆنەوە، ئەوانە بۆ ئەمڕۆتان بەستان دەکەن)، منیش خورمایەکم خواردەوەو دانەیەکیانم هەڵگرت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بۆچی هەڵتگرت؟ وتم بۆ دایکم، فەرمووی (بیخۆ، دوو خورماشت پێدەدەین بۆ دایکت).[1]

ئەبووهورەیرە زۆر نزیکی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو و زۆربەی کات لە خزمەتیدا بوو، لەم چەند فەرموودەیەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساتە جیاوازەکاندا لە خزمەتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) بووە:

ئەبوو هورەیرە دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە بازاڕی مەدینە بووم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) چوو و منیش بە دوایدا چووم، پێی فەرمووم (أين لكع)(کوا لوکەع)–وشەی لوکەع بۆ خۆشی بۆ منداڵ بەکاردەهێنرا–، سێ جار ئەوەی فەرموو، ئینجا فەرمووی (حەسەنی کوڕی عەلی بانگ بکە)، منیش چووم بینیم حەسەن دەڕوات بە رێدا و ملیوانێك لە ملیدایە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە دەست ئاماژەی بۆ کرد و ئەویش ئاماژەی بۆ کرد–واتە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) باوەشی بۆ کردەوەو بە ئاماژەی دەست بانگی کرد–، کە حەسەن هات پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گرتیە کۆش و فەرمووی (خوایە من خۆشم دەوێت دەی تۆیش خۆشت بوێت و ئەوەشت خۆش بوێت کە ئەوی

1 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 10022، سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 593.

خۆش دەوێت)، ئەبووهورەیرە دەڵێت ئیتر دوای ئەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) کەس نەبوو هێندەی حەسەنی کوڕی عەلی لام خۆشەویست بێت.[1]

ئەبوو هورەیرە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (من أحب الحسن و الحسين فقد أحبني، ومن أبغضهما فقد أبغضني)،[2] (هەرکەس حەسەن و حوسەینی خۆش بوێت ئەوە منی خۆش ویستووە، هەرکەسیش رقی بێت لێیان ئەوە رقی لە منە).

ئەبووهورەیرە دەڵێت جارێك ئەقرەعی کوڕی حابیسی تەمیمی لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) حەسەنی کوڕی عەلی ماچ کرد، ئەقرەع وتی من دە کوڕم هەیە تا ئێستا هیچکامیانم ماچ نەکردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) سەیرێکی کرد و پاشان فەرمووی(من لا يرحم لا يرحم)،[3] (ئەوەی میهرو سۆزی نەبێت میهر و سۆزی بۆ نیە).

هەروەها ئەبوو هورەیرە دەڵێت رۆژێك پێغەمبەرم (ﷺ) بینی چوو بۆ بەر دەرگای ماڵی فاطیمەو فەرمووی ئەی حەسەن، حەسەن هاتە دەرەوە بۆ لای،

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 5552 و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 4550، صحيح ابن حبان، الرقم 7073، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8174، مسند الحميدي، الرقم 1004.

2 - سنن ابن ماجة، الرقم 142، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7672، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6084، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 4895، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 143.

3 - صحيح البخاري، الرقم 5657، صحيح مسلم، الرقم 4383، صحيح ابن حبان، الرقم 458، سنن أبي داود، الرقم 4562، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 7105.

پێغەمبەر (ﷺ) دەمی ماچ کرد و زمانی مژی و گرتیە کۆش، ئەبووهورەیرە دەڵێت سوێند بە خوا تا ئێستاش بەردەوام حەسەنم خۆش دەوێت.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین کە سوورەتی جوموعە دابەزیە سەر پێغەمبەر (ﷺ)(واخرين منهم لما يلحقوا بهم)، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانە کێن؟ وەڵامی نەدامەوە، تا سێ جار پرسیم و ئەویش وەڵامی نەدامەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە سەر سەلمان و فەرمووی(لو كان الإيمان عند الثريا، لناله رجال – أو رجل – من هؤلاء)،[2] (ئەگەر ئیمان لە سورەییاش بێت، بە دڵنیاییەوە کەسێك یان کەسانێك لەمانە دەستی خۆیانی پێدەگەیەنن).

ئەبووهورەیرە دەڵێت حەسەنی کوڕی عەلیم بینی لە ژوورەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و پەنجەکانی دەکرد بە ناو ریشی پێغەمبەردا (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) زمانی دەکرد بە دەمیدا، واتە زمانی حەسەنی دەکرد بە دەمی خۆیدا، ئینجا فەرمووی(خوایە من خۆشم دەوێت، دەی تۆیش خۆشت بوێت و ئەوەشت خۆش بوێت کە حەسەنی خۆش دەوێت).[3]

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا باس لە فەزڵی هاوەڵانێکی دەکات دەفەرموێت (أرحم أمتي بها ابو بكر وأقواهم في دين الله عمر وأصدقهم حياء عثمان

---

1 - المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 6586.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4617،

3 - معجم ابن الأعرابي، الرقم 1326، معجم ابن المقرىء، الرقم 631.

وأقضاهم على بن أبي طالب وأفرضهم زيد وأقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب وأعلمهم بالحلال والحرام معاذ بن جبل وأمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح وأبو هريرة وعاء)[1] (بەرەحمترینی ئوممەتم بە ئوممەتەکەم ئەبوبەکرەو بەهێزترینیان لە ئایینی خوادا عومەرەو بە شەرمترینیان عوثمانە و دادوەرترینیان عەلی کوری ئەبووطالیبەو شارەزاترینیان بە فەرز زەیدە و شارەزاترینیان بە قورئان خوێندنەوە ئوبەی کوڕی کەعبە و شارەزاترینیان بە حەڵاڵ و حەرام موعازی کوڕی جەبەلەو ئەمینداری ئەم ئوممەتەش ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحە و ئەبوو هورەیرەش قاپ و جامێکە).

بۆچی ئەبووهورەیرە فەرموودەی زۆری دەگێڕایەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە خودی ئەبووهورەیرەوە وەردەگرین، چونکە هەمان ئەو پرسیارەی لێکراوە.

ئەبووهورەیرە دەیوت خەڵکی دەڵێن ئەبووهورەیرە فەرموودەی زۆر دەگێڕێتەوە، جا ئەگەر دوو ئایەت لە قورئاندا نەبوونایە یەك فەرموودەشم نەدەگێڕایەوە، دواتر ئەم ئایەتەی خوێندەوە( إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡتُمُونَ مَآ أَنزَلۡنَا مِنَ ٱلۡبَيِّنَٰتِ وَٱلۡهُدَىٰ مِنۢ بَعۡدِ مَا بَيَّنَّٰهُ لِلنَّاسِ فِي ٱلۡكِتَٰبِ أُوْلَٰٓئِكَ يَلۡعَنُهُمُ ٱللَّهُ وَيَلۡعَنُهُمُ ٱللَّٰعِنُونَ ﴿١٥٩﴾

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص17، ئيبن ماجة بة دةقيَكى هاوشيَوةى ئةمة كة هةمان ئةم واتاية دةبةخشيَت هيَناويةتى، سنن ابن ماجة، الرقم 154، صحيح. مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12707، صحيح، بةلآم لاى ئيبن ماجة و ئيمامى ئةحمةد باسي ئةبووهورةيرةى تيَدا نية، شيَخى ئةلبانى ئةمةى بة صحيح داناوة(أرحم أمتي بأمتي أبو بكر و أشدهم في أمر الله عمر و أصدقهم حياء عثمان و أقرؤهم لكتاب الله أبي بن كعب و أفرضهم زيد بن ثابت و أعلمهم بالحلال و الحرام معاذ بن جبل و لكل أمة أمين و أمين هذه الأمة أبو عبيدة بن الجراح).الجامع الصغير و زيادتة، 897.

﴿إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَبَيَّنُواْ فَأُوْلَٰٓئِكَ أَتُوبُ عَلَيۡهِمۡ وَأَنَا ٱلتَّوَّابُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٠﴾ البقرة: 159–160)، برا کۆچەریەکانم سەرقاڵی کاری ناوبازاڕ بوون و برا پشتیوانیەکانم سەرقاڵی ئیشی ماڵەوە بوون، بەڵام ئەبووهورەیرە بەردەوام وابەستەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و کاتێك ئەوان ئامادە نەبوون ئەو ئامادە بوو، ئەوەی ئەوان لەبەریان نەدەکرد، ئەبوو هورەیرە لەبەری دەکرد).[1]

ئەبووهورەیرە دەیوت ئەی خەڵکینە ئێوە دەڵێن ئەبوهورەیرە فەرموودەی زۆر دەگێڕێتەوەو کۆچەران و پشتیوانان هێندە فەرموودە ناگێڕنەوە، دەی برا کۆچەریەکانم سەرقاڵی کاری ناوبازاڕ بوون و برا پشتیوانیەکانم سەرقاڵی ئیشی ماڵەوە بوون، بەڵام من کەسێکی هەژاری ناو ئەهلی صوففە بووم کە دایم هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بووم، کاتێك ئەوان ئامادە نەبوون من لەوێ بووم، کاتێك ئەوان بیریان دەرۆیشت من بیرم لای پێغەمبەر (ﷺ) کۆکردبوویەوە، رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(هەرکەس جلەکەی رابخات تا هەموو قسەکەم تەواو بکەم و دواتر کۆی بکاتەوە ئەوە هەموو ئەوە وەردەگرێت کە دەیڵێم) منیش عەبایەکی سەرشانم هەبوو بڵاوم کردەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) هەموو قسەکانی کرد، ئینجا نام بە سنگمەوە، ئیتر لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر (ﷺ) هیچیم بیرنەچووەتەوە.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 117.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 595و صححه الذهبي.

ئەبووهورەیرە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموودەی زۆرت لێ دەبیستم و بیرم دەچێتەوە، فەرمووی(عەباکەت راخە)، منیش رامخست، دەستی پێدا هێنا و فەرمووی کۆی بکەرەوە، منیش کۆمکردەوە، ئیتر دوای ئەوە هیچ فەرموودەیەکم بیر نەچوویەوە.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت جارێك وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە رۆژی دواییدا چ کەسێك بەختەوەرترە بە شەفاعەتی تۆ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لقد ظننت يا أبا هريرة أن لا يسألني عن هذا الحديث أحد أول منك، لما رأيت من حرصك على الحديث، أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال: لا إله إلا الله، خالصا من قبل نفسه)،[2] (ئەی ئەبووهورەیرە گومانم برد هیچ کەس پێش تۆ سەبارەت بەمە پرسیارم لێ نەکات، چونکە دەبینم زۆر سووریت لەسەر وەرگرتنی فەرموودە، بەختەوەرترین کەس بە شەفاعەتی من لە رۆژی دواییدا ئەو کەسەیە بە پوختی و نیازپاکی لە ناخی دڵیەوە وتبێتی لا اله الا الله).

ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت هەرکات دەچووم بۆ لای ئەبوو مەحذورە هەواڵی سەمورەی دەپرسی، هەرکاتیش دەچووم بۆ لای سەمورە هەواڵی ئەبوو مەحذورەی دەپرسی، رۆژێك وتم بە ئەبوو مەحذورە بۆچی دەچم بۆ لای سەمورە هەواڵی تۆ دەپرسێت و دێم بۆ لای تۆیش هەواڵی ئەو دەپرسیت، ئەویش وتی جارێك من و سەمورە و ئەبووهورەیرە پێکەوە بووین، پێغەمبەری خوا (ﷺ) هاتەژوورەوە بۆ

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 118.

2 -صحيح البخاري، الرقم 6211، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5669، مسند احمد بن حنبل، الرقم 8655، الإيمان لابن منده، الرقم 922.

لامان و فەرمووی ئەوەتان کە کۆتا کەس دەمرێت لە دۆزەخدایە، ئەوسی کوڕی خالید دەڵێت ئەوەبوو یەکەمجار ئەبووهورەیرە مرد، دواتر ئەبوو مەحذورە مرد، دواتر ئەویش مرد.[1]

پێشتر لە باسی ژیانی سەمورەی کوڕی جوندوبدا روونکردنەوەمان سەبارەت بەم فەرموودەیە خستوەتەڕوو.

ئەبووهورەیرە دەڵێت لە موئتەدا بەشدار بووم، ثابتی کوڕی ئەقرەم پێی وتم تۆ لە جەنگی بەدردا لەگەڵماندا نەبوویت، ئێمە لە بەدردا بە زۆری ژمارەمان سەرنەکەوتین.[2]

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەبووبەکر بوو بە خەلیفە، ئەبووهورەیرە بەیعەتی پێدا و لە جەنگی هەڵگەڕاوەکانیشدا بەشداری کرد.[3]

ئەبووهورەیرە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا لەلایەن خەلیفەوە کرا بە بەرپرسی بەحرەین، پاش ماوەیەك خەلیفە لەو پۆستەی لایبرد، دواتر خەلیفە

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6591، مسند ابن أبي شيبة، الرقم 831، البداية والنهاية لابن كثر، ج6، ص26، تأريخ السلام للذهبي، ج4، ص233، سير أعلام النبلاء، ج3، ص185.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 383.

3 -السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3317، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 68، صححه أحمد شاكر، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 3971.

ویستی ئەرکی تری پێ بسپێرێت، بەڵام ئەبووهورەیرە ئامادە نەبوو پۆست وەربگرێت، لە مەدینە مایەوەو سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی زانست بوو.[1]

ئەبووهورەیرە دەڵێت کە لە بەحرەینەوە هاتمەوە، عومەر وتی ئەی ئەبووهورەیرە دەسەڵات چۆن بوو؟ وتم کە منت نارد حەزم پێ نەبوو، کە لاتبردم حەزم پێی بوو، ئینجا ئەبووهورەیرە چوارسەد هەزار درهەمی لە بەحرەینەوە هێنا، خەلیفە وتی هیچت بە ناحەق وەرنەگرتووە؟ وتی نا، وتی ئەی خۆت چەندت هەیە؟ وتی بیست هەزار، عومەر وتی لەکوێت بوو؟ ئەبووهورەیرە وتی بازرگانیم دەکرد، عومەر وتی سەرمایە و بەشەکەی خۆت هەڵبگرەوەو ئەوی تری بخەرە بەیتولمالەوە.[2]

لەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هاودەم بە ئیبن عومەر و حەسەن و حوسەین و مەڕوان و ئەبووهورەیرە و ژمارەیەکی تر وەستان تا بەرگری بکەن لە خەلیفە، خەلیفەش سوێندی دان وازبهێنن و بچنەوە ماڵەوە،[3] بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانی کوڕی حەکەم نەچوونەوەو بەرگرییان کرد، عەبدوڵا چەندین شمشێر و تیری بەرکەوت و زۆر بریندار بوو، هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانیش بریندار بوون.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج6، ص 339.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج، ص 336.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 181.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 188.

کاتێك حەسەنی کوڕی عەلی وەفاتی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی حوسەین چوو بۆ لای عائیشەو داوای لێکردەوە کە حەسەنی برای لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپەردە بکرێت، ئەویش رازی بوو و وتی باشە، بەڵام مەڕوان کە ئەمەی بیست وتی سوێند بەخوا نابێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکرێت، نەیانهێشت عوثمان لەوێ ئەسپەردە بکرێت و ئێستا ئەمان دەیانەوێت حەسەن لەوێ ئەسپەردە بکەن؟ کە حوسەینیش ئەم قسەی بیست بە چەکەوە هاودەم بە چەندێکی تر چوو، مەڕوانیش خۆی ئامادە کرد، کە ئەبووهورەیرە بیستی بارەکە گەیشتوەتە ئەوە وتی سوێند بەخوا ئەوە ستەمێکە لە حەسەن دەکرێت، دەبێت رێ بدرێت لەگەڵ باوکیدا (واتە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو) کفن بکرێت، ئەو کچەزای پێغەمبەرە(ﷺ)، ئینجا چوو بۆ لای حوسەین و قسەی لەگەڵ کرد و سوێندی دا وازبهێنێت، وتی مەگەر براکەت نەیوت ئەگەر زانیت جەنگی لێدەکەوێتەوە ئەوا بمبەنەوە بۆ گۆڕستانی موسڵمانان؟ بۆیە زۆر لێی پاڕایەوە تا حوسەین رازی بوو و حەسەنیان برد لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردەی بکەن، حوسەین حەزی دەکرد خۆی نوێژی مردوو لەسەر تەرمی حەسەنی برای بکات، بەڵام سەعیدی کوڕی عاصی والی مەدینەی پێش خست و وتی ئەگەر سوننەت نەبوایە تۆم رانەدەسپارد بۆ ئەو بەرنوێژیە، سەعیدی کوڕی عاصیش کە ئەمیری مەدینە بوو ئامادەی مەراسیمی نوێژ و ئەسپەردەکردنی تەرمی حەسەن بوو، هەروەها خالیدی کوڕی وەلیدیش ئامادەی مەراسیمی ئەسپەردەکردنەکەی بوو، گۆڕەکەی حەسەن لەپاڵ گۆڕی فاطیمەی دایکیدا بوو.[1]

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 392.

کاتێك مەڕوانی کوڕی حەکەم والی مەدینە بوو، کە دەچوو بۆ مەککە یان بۆ شوێنێکی دی، ئەبووهورەیرەی دەکرد بە بەرپرسی مەدینە تا خۆی دەگەڕایەوە.[1]

ئەبووهورەیرە نەخۆشکەوت و لە جێگەدا بوو، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هات بۆ لای، عەبدوڕەحمان دەڵێت وتم خوایە شیفای ئەبوو هورەیرە بدەیت، ئەبووهورەیرە وتی خوایە نزاکەی وەرنەگریت، پاشان وتی ئەی ئەبووسەلەمە ئەگەر دەتوانیت بمریت بمرە، وتم ئەی ئەبووهورەیرە ئێمە حەزمان بە ژیانە، وتی سوێند بەوەی گیانی ئەبووهورەیرەی بەدەستە سەردەمێ دێت بەسەر زانایاندا مەرگ لایان لە زێڕی سوور خۆشەویستتر دەبێت، دەدەن بە لای گۆڕی براکەتاندا و دەڵێن خۆزگە من لە شوێنی ئەودا بوومایە.[2]

خەڵکی دەچوون بۆ سەردانی ئەبووهورەیرە، جارێك ئەبووهورەیرە دەستی کرد بە گریان، خەڵکەکە وتیان بۆچی دەگریت؟ ئەویش وتی بۆ ئەم دنیایەی ئێوە ناگریم، بەڵکو بۆ دووری ڕێ و کەمی توێشووی خۆم دەگریم، وا ئێوارە دێت و منیش لە دووڕیانی بەهەشت و دۆزەخدام و نازانم کامیان دەمبات.[3]

دواتر کە ئەبووهورەیرە سەرەمەرگی نزیك بوویەوە، وتی هیچ لەسەر گۆڕەکەم هەڵمەدەن و بە ئاگرەوە مەکەونە دوام، ئەگەر منتان برد بەرەو گۆڕستان خێرا

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 336.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 8664، صححه الذهبي في التلخيص.

3 - الزهد لاحمد بن حنبل، الرقم 838، شعب الايمان للبيهقي، الرقم 10247، المحتضرين لابن ابي الدنيا، الرقم 168.

بمبەن، با ئەگەر چاکەکار بوویم زوو بمگەیەننەوە بە پەروەردگارم، ئەگەریش وانەبووم بارێکی سەر گەردنتان سوك دەکەن و فرێی دەدەن.[1]

ئینجا مەڕوانی کوڕی حەکەم چوو بۆ لای و بینی حاڵی ئەبووهورەیرە زۆر سەختە، وتی خوایە شیفا ئەبووهورەیرە بدەیت، ئەویش سەرێکی بەرز کردەوەو وتی خوایە من حەزم بە دیداری تۆیە دەی تۆیش حەز بە دیدارم بکە، هێندەی نەبرد ئەبووهورەیرە وەفاتی کرد.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی ئەبووهورەیرە چەند ساڵێك هاتووە، لەوانە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچی یان پەنجاو هەشتی کۆچی یان پەنجا و نۆی کۆچی، لەکاتی وەفاتیشیدا تەمەنی نزیکەی حەفتاو هەشت ساڵ بوو، دەوترێت لە ناوچەی عەقیق وەفاتی کردووەو تەرمەکەی براوە بۆ مەدینە، لەوێ والی ئەوکاتی مەدینە کە وەلیدی کوڕی عوتبە بوو نوێژی لەسەر کرد.[3]

جارێك ئەبووهورەیرە خەڵکێکی لە دەور بوو، پیاوێك کە ناوی شوفەی بوو وتی ئەرێ ئەو کەسە کێیە؟ وتیان ئەبووهورەیرەیە، شوفەی دەڵێت منیش لێ نزیك بوومەوە تا لە خزمەتیدا دانیشتم، ئەویش فەرموودەی دەگێڕایەوە بۆ خەڵك، کاتێك بێدەنگ بوو و خەڵکی چواردەوریان چۆڵ کرد، پێم وت داوات لێدەکەم بە حەقی خۆم تا فەرموودەیەکم بۆ بگێڕیتەوە کە لە پێغەمبەرت (ﷺ) بیستووەو بە جوانی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 338.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 339.

3 - أسد الغابة، ج6، ص 339.

وەرتگرتووەو دەیزانیت، ئەبووهورەیرەش وتی باشە، فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووەو باش لێی تێگەیشتووم و دەیزانم، ئینجا حاڵی ئەبوهورەیرە وا تێکچوو خەریك بوو ببورێتەوە، ماوەیەك مایەوە تا چاك هۆشی هاتەوە، ئینجا وتی فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی و گوێم لێ بوو و من و ئەو لەوماڵەدا بووین و کەسی تر جگە لە من و ئەو لەوێ نەبوو، دووبارە حاڵی تێکچوو و نیمچە بورانەوەیەکی تووش بوو، ماوەیەك وەستا تا چاك هۆشی هاتەوە، ئینجا دەموچاوی خۆی سڕی و وتی فەرموودەیەکت بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە تەنها من و ئەو لەم ماڵە بووین و لێم بیست، جارێکی تر حاڵی تێکچوو و نیمچە بورانەوەی تووش بوو و ماوەیەکی زۆر وەستا تا چاك هاتەوە هۆشی خۆی، ئینجا فەرموودەکەی بۆ گێڕامەوە،[1] ئەبووهورەیرە وتی لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست کە دەیفەرموو (إن أول الناس يقضى يوم القيامة عليه رجل استشهد، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: قاتلت فيك حتى استشهدت، قال: كذبت، ولكنك قاتلت لأن يقال: جريء، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار، ورجل تعلم العلم، وعلمه وقرأ القرآن، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: تعلمت العلم، وعلمته وقرأت فيك القرآن، قال: كذبت، ولكنك تعلمت العلم ليقال: عالم، وقرأت القرآن ليقال: هو قارئ، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه حتى ألقي في النار، ورجل وسع الله عليه، وأعطاه من أصناف المال كله، فأتي به فعرفه نعمه فعرفها، قال: فما عملت فيها؟ قال: ما تركت من سبيل تحب أن ينفق فيها إلا أنفقت فيها لك، قال:

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 409، صحيح ابن خزيمة، الرقم 2311، سنن الترمذي، الرقم 2362، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 2382.

كذبت، ولكنك فعلت ليقال: هو جواد، فقد قيل، ثم أمر به فسحب على وجهه، ثم ألقي في النار)،[1] (یەکەم کەس لە ڕۆژی دواییدا دادگایی دەکرێت کەسێکە کە شەهید بووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت لە پێناو تۆدا جەنگام تا شەهید بووم، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو جەنگایت تا بوترێت کەسێکی دلێر و نەبەرد بوو، جا ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت بەسەر دەموچاودا ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ، هەروەها کەسێك کە زانست فێر بووەو فێری خەڵکی کردووەو قورئانی خوێندووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت زانست فێر بووم و خەڵکم فێری ئەو زانستە کرد و لە پێناو تۆدا قورئانم خوێند، خواش دەفەرموێت درۆت کرد، بەڵکو تۆ زانست فێر بوویت تا بوترێت زانایە، قورئانیشت خوێند تا بوترێت قورئان خوێنە، دەی ئەوەش وترا، بۆیە فەرمان دەکرێت لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ، هەروەها کەسێك کە خوای گەورە سامانی زۆری پێ بەخشیوە و لە هەموو جۆرەکانی سامانی پێ بەخشیوە، دەهێنرێت و خوای گەورەش بەخششەکانی خۆی بەسەریەوە بۆ باس دەکات، ئەویش دان دەنێت بەو بەخششانەدا، ئینجا خوا دەفەرموێت ئەی چۆن کارت کرد بەوانە؟ ئەویش دەڵێت چی ڕێگەیەکم بینیبێت کە تۆ پێت خۆش بووبێت سامانم بەخشیوە تیایدا لە پێناو تۆدا، خوا دەفەرموێت درۆت

1 - صحيح مسلم، الرقم 3618.

کرد، بەڵکو واتکرد تا بوترێت ئەو بەخشندە و بەسەخاوەتە، ئەوەش وترا، ئینجا فەرمان دەکرێت و لەسەر دەموچاوی ڕادەکێشرێت تا فڕێ دەدرێتە ناو دۆزەخ).

یەکێك لەو گومانانەی ئاراستەی ئەبووهورەیرە دەکرێت دەڵێت زانستی شاردوەتەوەو هەمووی ئاشکرا نەکردووە، ئەبووهورەیرە خۆی لە وتەیەکیدا دەڵێت ئەگەر هەموو ئەوەی دەیزانم پێتان بڵێم ئەوە خەڵکی گۆزەشیان تێدەگرتم و دەیانوت ئەبووهورەیرە شێتە،[1] ئەم دەقە بە چەند شێوەی تر هاتووە.

ئەوەی ئەبووهورەیرە باسی نەکردووەو شاردوویەتیەوە پەیوەست نەبووە بە مەسەلەی حەڵاڵ و حەرامەوە، بەڵکو پەیوەست بووە بە مەسەلەی فیتنەو ڕووداوەکانی دواترەوە کە دێن یان شتانێك کە لەو سەردەمەدا نەبون، بۆیە دەڵێت ئەگەر بیانڵێم بە شێتم دەزانن، ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو وتەیدا تێپەڕ بووبوو کە حەسەن دەیوت بەخواراستی فەرموو ئەگەر پێی بوتینایە ماڵی خوا دەڕووخێنرێت یان دەسووتێنرێت خەڵکی بڕوایان پێ نەدەکرد.[2]

لە گێڕانەوەیەکی تردا ئەبووهورەیرە دەڵێت لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) دوو کووپ زانستم وەرگرتووە کە یەکێکیانم لەناو خەڵکدا بڵاوکردوەتەوەو ئەوی تریان نا، چونکە ئەگەر بڵاوی بکەمەوە ئەم قورقوراگە دەبڕن.[3]

ئیبن کەثیر دەڵێت ئەو کووپە زانیاریەی ئەبوهورەیرە شاردیەوەو نەیوت هەمان باسی ئەو فیتنانە بوو کە ڕوویاندا و دواتریش ڕوودەدەن و ئەگەر پێش

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 331.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 331.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 106.

روودانیان بە خەڵك بوترایە بڕوایان پێ نەدەکرد و بە درۆیان دەخستەوەو بەرپەرچی ئەو دەقە حەقەیان دەدایەوە.[1]

گومانێکی تر کە سەبارەت بە ئەبووهورەیرە هاتووە ئەوەیە دەوترێت بەرامبەر بە ئالوبەیت گێڕانەوەی دژایەتی و شکاندنی ئالوبەیتی هێناوە، ئەمەش لە راستیەوە دوورەو فەرموودەی صەحیح لە ئەبووهورەیرەوە نەهاتووە سەبارەت بە ئالوبەیت مەگەر لە وەسف و پیاهەڵدانیاندا نەبێت وەك چۆن پێشتر چەند نموونەیەکمان خستەڕوو کە باسی فەزڵی حەسەن و حوسەین دەکات، هەروەها هەڵوێستی ئەومان باسکرد لەکاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی حەسەنی کوڕی عەلیدا.

عەبدوڕەحمانی کوڕی عائیذ(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عائیذی کوڕی موعاذە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە، عەبدوڕەحمان هاودەم بە باوکی بەشداری غەزای ئوحودی کرد، دواتریش بەشداری غەزاکان بوو، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد یان کوڕی عوبەیدی ئەزدیە، کونیەکەی ئەبووراشیدەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[3]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 106.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 320.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 330.

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد دەڵێت هاودەم بە سەد کەس لە هۆزەکەم چووین بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە نزیك بووینەوە وەستاین، هۆزەکەم وتیان تۆ پێش بکەوە، ئەگەر بارەکەت پێ باش بوو ئێمەش رازین، ئەگەرنا دەگەڕێینەوە، منیش تەمەنم لە هەموویان کەمتر بوو، چووم و وتم بەیانیت باش ئەی موحەممەد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەوە سەلامی موسڵمانان نیە لەنێو خۆیاندا) وتم ئەی چۆنە؟ فەرمووی (ئەگەر هاتیت بۆ لای دەستەیەکی موسڵمانان بڵێ السلام علیکم و رحمة الله)، منیش وتم السلام علیك یارسول الله و رحمة الله و برکاتە، ئەویش فەرمووی (وعلیك السلام و رحمة الله و برکاتە)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ناوت چیەو تۆ کێیت؟ وتم من ئەبوموعاویەی کوڕی عەبدلات و عوززام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەڵکو تۆ ئەبووراشید عەبدوڕەحمانیت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) زۆر رێزی گرتم و لەپاڵ خۆیەوە داینیشاندم و عەباکەی خۆی دا بەسەر شانمدا و گۆچانەکەی خۆی پێ بەخشیم، منیش موسڵمان بووم، خەڵکێك کە لەوێ دانیشتبوون وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبینین زۆر رێزی ئەم کابرایەت گرت، ئەویش فەرمووی(ئەمە پیاوماقوڵی هۆزەکەیەی، جا ئەگەر پیاوماقوڵی هۆزێك هات بۆ لاتان رێزی بگرن)، منیش خزمەتکارێکم هەبوو کە ناوی سەرحان بوو ئەویش لەگەڵم موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووراشید ئەوە کێیە لەگەڵت؟ وتم خزمەتکارێکمە پێی دەوترێت سەرحان، فەرمووی ئەی چۆنە ئەی ئەبووراشید ئازادی بکەیت و بەرامبەر هەر بەشێکی جەستەی خوا بەشێکی جەستەت لە دۆزەخ رزگار بکات؟ منیش رزگارم کرد و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ شایەت بە ئەو

لەپێناو خوادا ئازادە، دواتر چوومەوە بۆ لای هۆزەکەم و ئەوانیش هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوون.[1]

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا خەلیفە لێپێچینەوەی دانابوو بۆ هەموو کاربەدەستانی و نیوەی سامانەکەی لێ وەردەگرتن و لە بەیتولمال دایدەنا، جا کە عەبدوڕەحمان لە فەلەستینەوە هاتەوەو موعاویە بەرپرسی لێپێچینەوە بوو، عەبدوڕەحمان دەستی کرد بە گریان، ئەویش وتی بۆچی دەگریت، وتی لە ترسی لێپێچینەوە ناگریم، بەڵکو بیری لێپێچینەوەی ڕۆژی دواییم کەوتەوەو گریام، موعاویەش وازی لێهێنا و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکرد.[2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای بەلوی (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای بەلویە، کونیەکەی ئەبووعەقیلە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستێکی کارای وەشاند و دواتر شەهید بوو.[3]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەمری کوڕی یەزیدە، باوکی بە ئەبی صەعصەعە ناسراوە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

---

1 - الكنى و الأسماء للدولابي، الرقم 192.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 331.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 325.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 316.

عەبدوڕەحمان دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (خوایە لە پشتیوانان خۆش بەو لە منداڵانی پشتیوانان خۆش بە، لە نەوەکانی پشتیوانان خۆش بە).[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی کوڕی عەبدعەوفی قوڕەیشی زوهریە، کونیەکەی ئەبوومحەممەدە، دایکی ناوی شیفائی کچی عەوفە.[2]

یەکێکە لە دە موژدەپێدراوانی بەهەشت و یەکێکیشە لە شەش هاوەڵی شووورای سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب، پێغەمبەر (ﷺ) تا وەفاتی کرد لێی رازی بوو.[3]

عەبدوڕەحمان سەرەتا ناوی عەبدعەمر یان عەبدولکەعبە بوو، بەڵام کە موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عەبدوڕەحمان.[4]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرم 4108.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 124.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 346.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 124.

برایەکی هەبوو بە ناوی ئەسوەد کە ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و ماوەیەك پێش فەتحی مەککە کۆچی کرد بۆ مەدینە،[1] برایەکی تریشی هەبوو بەناوی عەبدوڵا کە لەڕۆژی فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[2]

خوشکێکی هەبوو بە ناوی حەمنەن کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[3] خوشکێکی تری ناوی شیفائی کچی عەوف بوو کە لە مەککە موسڵمان بوو و هاودەم بە عاتیکەی خوشکی کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

ژن و منداڵەکانی:

ژنێکی هەبوو بە ناوی ئومموکلثومی کچی عوتبە کە کوڕێکی لێ بوو بەناوی سالم، ژنێکی تری کچی شەیبە بوو کە کچێکی لێی بوو بە ناوی ئوممولقاسم، ژنێکی تری ناوی ئومموکلثومی کچی عوقبە بوو کە موحەممەد و ئیبراهیم و حەمید و ئیسماعیل و حەمیدەو ئەمەتورەحمانی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی سەهلەی کچی عاصم بوو کە میعەن و عومەر و زەید و ئەمەتوڕەحمانی بچووکی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی بەحریەی کچی هانیء بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عوروە، ژنێکی تری ناوی سەهلەی کچی سوهەیل بوو کە سالمی بچووکی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئوممحەکیم بوو کە ئەبووبەکری لێی هەبوو، ژنێکی تری کچی ئەبیلحەیس بوو کە کوڕێکی لێی هەبوو بەناوی عەبدوڵا، ژنێکی تری ناوی تەماضوری کچی ئەصبەع

1 - أسد الغابة، ج1، ص 135.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 76.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 76.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 730.

بوو کە عەبدوڵای بچووکی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئەسمائی کچی سەلامە بوو کە عەبدوڕەحمانی لێی هەبوو، ژنێکی تری ناوی ئومموحورەیث بوو کە موصعەب و ئامینەو مەریەمی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی مەجدی کوڕی یەزیدە کە کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی سوهەیل، ژنێکی تری ناوی غەزالی کچی کیسرا بوو کە کەنیزەك بوو و کوڕێکی لێی هەبوو بە ناوی عوثمان، چەند ئوممووەلەدێکی تری هەبوو بەناوی عوروەو یەحیا و بیلال، ژنێکی تری ناوی بادیە بوو کە جوەیریەی لێ هەبوو، ژنێکی تری ناوی زەینەبی کچی صەباح بوو کە ئوممویەحیای لێ هەبوو.[1]

عەبدوڕەحمان دە ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) بچوکتر بوو، چونکە دە ساڵ پاش ساڵی فیل لەدایك بوو.[2]

موسڵمانبوونی:

موسڵمانبوونی عەبدوڕەحمان هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمانبوونی عوثمانی کوڕی مەظعوون و عوبەیدەی کوڕی حارث و ئەبووعوبەیدەدا، ئەمەش پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بچێتە ماڵی ئەرقەم و لەوێ بانگەواز بکات، عەبدوڕەحمان هاودەم بەو هاوەڵانەی چوونە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی ئیسلامی کرد بۆیان و وردەکاریەکانی ئیسلامی خستەڕوو بۆیان، ئەوانیش موسڵمان بوون.[3]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 126-128.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 124.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 8.

عەبدوڕەحمان یەکێکە لە بەشداربوانی کۆچی حەبەشەو لە هەردوو کۆچەکەدا بەشداری کرد، دواتر گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی ڕەبیع و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە.[2]

عەبدوڕەحمان کە سەرەتا هاتە مەدینە کەسێکی هەژار و نەدار بوو، هیچی نەبوو.[3]

سەعد کەسێکی دەوڵەمەند بوو، بە عەبدوڕەحمانی وت ماڵەکەم لەگەڵتدا دووکەرت دەکەم و ژنێکیشت لێ مارە دەکەم، ئەویش وتی خوای گەورە بەرەکەت بخاتە ژن و ماڵتەوە، ڕێی بازاڕم نیشان بدەن.[4]

حارث لە غەزای بەدریشدا بەشداری کرد، عەبدوڕەحمان دەڵێت لە بەدردا لە ریزدا وەستابووم، تەماشای راست و چەپی خۆم کرد، دوو منداڵی پشتیوانانم بینی، یەکێکیان وتی مامە گیان ئەبووجەهل دەناسیت؟ وتم بەڵێ، بۆچیتە برازاکەم؟ وتی بیستوومە قسەوی وتووە بە پێغەمبەر (ﷺ)، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەگەر بیبینم وازی لێ ناهێنم تا دەیکوژم یان دەمکوژێت، ئەوی تریش هەمان شتی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 125.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 58.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 91.
4 - صحيح البخاري، الرقم 1961.

پێ وتم، منیش نیشانم دان و ئەوانیش کوشتیان و دواتر هاتنەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی کامتان کوشتی؟ هەرکامیان وتی من، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەستان شمشێرەکەتان سڕیوە؟ وتیان نا، سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد و فەرمووی هەردووکتان کوشتووتانە.[1]

حارث دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە شیوەکە بوو سەبارەت بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف پرسیاری لێکردم و هەواڵی ئەوی پرسی، منیش وتم وا لە لاپاڵی شاخەکەوەیە، بینیم دەستەیەکی دوژمن هاتبوون بۆی و منیش ویستم بچم بۆ پاڵپشتی ئەو، بەڵام کە تۆم بینی هاتم بۆ لای تۆ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(ألا إن الملائكة تقاتل معه)، (چاك بزانە فریشتەکان لەگەڵ ئەودا دەجەنگن و پاڵپشتی دەکەن)، حارث دەڵێت منیش گەڕامەوە بۆ لای عەبدوڕەحمان و بینیم لە نێو حەوت لاشەی کوژراودایە، پێم وت نەناڵیت هەموو ئەمانەت کوشت؟ وتی ئەمەیان ئەرطەئەی کوڕی شورەحبیل کوشتی، ئەم دوانەش من کوشتنم، بەڵام ئەمانەی تر بەدەستی کەسانێك کوژران کە نەمدەبینین، منیش وتم خوا و پێغەمبەرەکەی راستیان فەرموو.[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2989، صحيح مسلم، الرقم 3383، صحيح ابن حبان، الرقم 4917.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 3304، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 1908.

عەبدوڕەحمان لە غەزای بەدردا برینی زۆری تووش بوو، نزیك بە بیست پێکان و برین بە جەستەیەوە بوو و قاچی تووشی شەلینێك کرد.[1]

سائیبی کوڕی ئەبی حوبەیش دەڵێت لە غەزای بەدردا کابرایەکی قژدرێژ باڵابەرز بەسەر ئەسپێکەوە منی بەدیل گرت و منی بەستەوە، دواتر عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف هات و وتی کێ ئەمەی بەند کرد؟ کەس نەبوو وەڵامی بداتەوە، ئەویش سائیبی برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی یەکێك لە فریشتەکان تۆی بەدیل گرت، پاشان فەرمووی ئەی کوڕی عەوف دیلەکەت ببە.[2]

پێغەمبەر (ﷺ) لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا عەبدوڕەحمانی کرد بە ئەمیری سریەیەك و ناردی بۆ دەومەتەلجەندەل و فەرمانی پێکرد ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە کچی پاشاکەیان بەهاوسەر بگرێت، ئەوانیش موسڵمان بوون و عەبدوڕەحمانیش کچەکەی پاشاکەیانی بەهاوسەرگرت کە ناوی تەماضوری کچی ئەصبەعی کەلبی بوو.[3]

لە رێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشداری کرد و یەکێك بوو لە شاهیدەکانی رێککەوتنەکە.[4]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عوف یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 35.
2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 915، البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 281.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 179.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج4، ص 169.

الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[1] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە، عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

جارێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیلێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید –واتە خۆی–.[2]

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە نوێژی کردووە، ئەو فەزڵەش خوا تەنها بە ئەبووبەکری صدیق و عەبدوڕەحمانی کوڕی

---

1 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

عەوفی بەخشی، موغیرەی کوڕی شوعبە دەڵێت لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، دەمی بەیان پێغەمبەر (ﷺ) لە خەڵکەکە دوورکەوتەوەو منیش بەدوایدا چووم و لە دووریەوە چاوەڕوان بووم، کە هاتەوە فەرمووی کارت هەبوو ئەی موغیرە؟ وتم نا، فەرمووی ئایا ئاوت پێیە؟ وتم بەڵێ، دەستنوێژێکی تەواوەتی گرت و مەسحی سەر خوفەکانی کرد، کە گەیشتینەوە بە خەڵکەکە نوێژ دابەسرابوو، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بەرنوێژی دەکرد، رکاتێکی کردبوو و لە رکاتی دووەمدا بوو، ویستم بڕۆم بە عەبدوڕەحمان بڵێم دەست هەڵگرێت ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێکردم، ئێمەش ئەو رکاتەمان لە دوایەوە کرد و دوای سەلامدانەوەی عەبدوڕەحمان رکاتەکەی ترمان تەواو کرد.[1]

ئیبن کەثیر دەڵێت ئەوەش لە غەزای تەبووکدا بوو.[2]

عەبدوڕەحمان زۆر جار لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بۆ دەرچوون و هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵیدا بوو، بۆ نموونە جارێك سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود هات بۆ لای تا سەردانی بکات.[3]

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 436واللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17790، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1541، صحيحابن حبان، الرقم 1363.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 22.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1255، صحيح مسلم، الرقم 1583.

عەبدوڕەحمان دەڵێت جارێك چوومە مزگەوت و پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ نەبوو، منیش کەوتمە دوای پێغەمبەر (ﷺ) تا بینیم چوویە ناو باخە خورمایەك و روویکردە قیبلەو سوجدەیەکی دووردرێژی برد، منیش وەستابووم، وامزانی وەفاتی کردووە، چوم بەرەو لای، سەرم نزم کردەوەو سەیرێکی دەموچاویم کرد، پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوەو فەرمووی چیە ئەی عەبدوڕەحمان؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە سوجدەکەت درێژ کردەوە ترسام وەفاتت کردبێت بۆیە هاتم تەماشام کردیت، فەرمووی(إني لما دخلت النخل لقيت جبريل، فقال إني أبشرك أن الله يقول من سلم عليك سلمت عليه، ومن صلى عليك صليت عليه)،[1] (من کە هاتمە ناو باخە خورماکە گەیشتم بە جیبریل و ئەویش فەرمووی موژدەت پێدەدەم خوا دەفەرموێت هەرکەس سەلامت لێ بکات سەلامی لێدەکەم و هەرکەس صەلەواتت لەسەر بدات صەلەواتی لەسەر دەدەم).

هەروەها لەکاتی وەفاتی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) عەبدوڕەحمان لە نزیك پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بوو، ئەنەس دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چووم کە بەرەو لای ئیبراهیم دەچوو، لە رێدا ئەبوو سەیفمان بینی کە کوورەی ئاسنگەریەکەی تاو دەدا،ماڵیش پڕ دووکەڵ بوو، منیش لەبەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) خێراتر هەنگاوم هەڵنا و گەیشتمە لای ئەبوو سەیف و پێم وت ئەی ئەبووسەیف دەست هەڵگرە وا پێغەمبەر (ﷺ) هات، ئەویش دەستی هەڵگرت، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئیبراهیمی کرد و گرتیە کۆش و لەخۆی گوشیو چەند جار

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 756 و قال الحاكم ولا أَعْلَمُ فِي سَجْدَةِ الشُّكْرِ أَصَحُّ مِنْ هَذَا الْحَدِيثِ، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 3667، مسند أحمد بن حنبل، الرقم1600، صححه الذهبي في التلخيص، صححه أحمد شاكر، قال شعيب الأرناؤوط حسن لغيره،

فەرمووی (ماشاء الله)، ئیبراهیمیش خەریکبوو گیانی دەدا، چاوەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) فرمێسکیان دەڕشت، فەرمووی(تدمع العين ويحزن القلب و لا نقول إلا ما يرضي الرب و إنا بك يا إبراهيم لمحزونين)[1]، (چاو فرمێسك دەڕژێ و دڵ خەمبار دەبێ، هیچیش ناڵێین جگە لەوەی پەروەردگار پێی رازی بێت، ئەی ئیبراهیم ئێمە زۆر دڵگرانین بۆت)، عەبدورەحمانی کوڕی عەوفیش کە بینی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەگری وتی تۆیش ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (يا إبن عوف إنها رحمة)،(ئەی کوڕی عەوف ئەوە سۆزو رەحمە).[2]

جارێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف نیوەی سامانی خۆی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە نیوەی سامانەکەمەو هێناومە بۆت و نیوەکەی تریم هێشتوەتەوە بۆ ماڵ و مناڵم، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(بارك الله لك فيما أعطيت و ما أبقيت)، (خوا بەرەکەت بخاتە ئەوەی بەخشیوتەو ئەوەشی هێشتووتەتەوە)، ئەوەبوو دووڕووەکان بە لاچاو بە تانەوە سەیریان دەکرد و دەیانوت بەس لەبەر رووپامایی و حەزی ناوبانگ بەخشیویەتی، ئینجا یەکێك لە موسڵمانە هەژارەکان هات کە ناوی حەبحاب بوو وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من ئەمڕۆ بە دوو بەش خورما کرێکاریم کردووە، بەشێکیم (مشتێك) داناوە بۆ ماڵ و منداڵم و ئەم مشتەشم هێناوە، دووڕووەکانیش بە لاچاو سەیریان دەکرد و تانەیان لێدەدا و وتیان خوا و پێغەمبەرەکەی بێباکن لە مشتەکەی

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 4402، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 12818،

2 - صحيح البخاري، الرقم 1254.

ئەبی عەقیل، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاند(الذين يلمزون المطوعين من المؤمنين في الصدقات والذين لا يجدون الا جهدهم فيسخرون منهم سخر الله منهم ولهم عذاب اليم)،[1] ئەوەش وەڵامێك بوو بۆ دووڕووەكان.[2]

جارێك عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و سكاڵای لە خالید كرد، پێغەمبەریش (ﷺ) بە خالیدی فەرموو (ئەی خالید بۆچی ئازاری كەسێك لە بەشداربوانی بەدر دەدەیت؟ خۆ ئەگەر هێندەی ئوحود زێڕ ببەخشیت ناگەیتەوە بە كردەوەی ئەودا)، خالیدیش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەر دەنێنە سەرم و قسەم لەرووددا دەكەن، منیش ناچار دەبم وەڵامیان بدەمەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(لا تؤذوا خالدا فإنه سيف من سيوف الله صبه الله على الكفار)،[3] (ئازاری خالید مەدەن، چونكە ئەو شمشێرێكە لە شمشێرەكانی خوا كە بەرووی بێباوەڕاندا هەڵیكردووە).

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف یارمەتی زۆری خێزانەكانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) دەدا و پارەیەكی زۆری دابەش دەكرد بەسەریاندا.[4]

ئەبووبەكری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەكان جەنگی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و

1 - التوبة: 79.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2078.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7200، المعجم الصغير للطبراني، الرقم 581، صححه شعيب الأرناؤوط.

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 86.

برێك كەسی كرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی كوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری كوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف و طەلحەی كوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی كوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای كوڕی مەسعوود.[1]

عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف لە سەردەمی هەریەك لە ئەبووبەكری صدیق و عومەری كوڕی خەططابدا فەتوای دەدا.[2]

لە ساڵی سیانزەی كۆچیدا عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف پێشەنگی مەراسیمی حەجی كرد بۆ خەڵك.[3]

كاتێك ئەبووبەكری صدیق نەخۆش كەوت، عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوفی بانگ كرد و وتی هەواڵی عومەرم پێ بدە، ئەویش وەسفی كرد و وتی بەڵام توندیەكی تێدایە، ئەبووبەكر وتی ئەوە لەبەرئەوەیە كە منی دیوە نەرم بوم بۆیە، ئەگەر خۆی بێت زۆرێك لەوەی هەیەتی واز لێدێنێت.[4]

لە سەردەمی عومەری كوڕی خەططابدا

كاتێك عومەری كوڕی خەططاب ویستی بەخششی خەڵك دیاری بكات، راوێژی كرد بە عەبدوڕەحمانی كوڕی عەوف و عەلی كوڕی ئەبووطالیب، ئەوانیش وتیان لە خۆتەوە دەست پێ بكە، چونكە تۆ شیاوتریت بەوە، عومەریش وتی نا سوێند بەخوا

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 311.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 86.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 87.
4 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 272.

له نزیکترین کەسەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەست پێ دەکەم،[1] ئینجا لەوانەی بەشداری بەدر بوون، بەوجۆرە دەچم تا دەگاتە خۆم، یەکەمجار پێنج هەزاری بڕیەوە بۆ عەلی کوڕی ئەبوو طالیب، دواتر بۆ هاشمیە بەشداربووەکانی بەدر.[2]

جارێك کاروانێکی بازرگانی هاتنە مەدینە، عومەری کوڕی خەططاب کە خەلیفە بوو بە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی وت با ئەمشەو پاسەوانی ئەمانە بکەین، ئەویش وتی باشە، ئەو شەوە عومەرو عەبدوڕەحمان پێکەوە پاسەوانی ئەو کاروانەیان کرد، منداڵێك بەردەوام دەگریا، عومەر بە دایکی وت لەخوا بترسە وریای منداڵەکەت بە، کەچی منداڵەکە هەر دەگریا، چەند جارێك عومەر ئەوەی وت بە دایکی، دواجار دایکی هاتە جواب و وتی ئەمەوێت لەشیری ببڕمەوە، بەڵام بیری ناچێتەوە، عومەر وتی بۆ وا دەکەیت؟ وتی ئاخۆ عومەر تەنها بۆ کەسێك بەشی بڕیوەتەوە کە شیرەخۆرە نەبێت، عومەر وتی ماڵوێران پەلە مەکە لە شیربڕینەوە، ئەوەبوو بۆ بەیانی بڕیاری دا هەر منداڵێك لەدایك بوو هەر لە لەدایکبوونیەوە بەشی بۆ ببڕێتەوە.[3]

سائیبی کوڕی یەزید دەڵێت لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا ئێمە لە ڕێی حەجدا بەرەو مەککە دەچووین و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیشمان لەگەڵدا بوو، عەبدوڕەحمان کەناری گرت لە ڕێگەکەو بە ڕەباحی وت ئەی ئەبووحەسسان کەمێك گۆرانیمان بۆ بڵێ، چونکە ڕەباح دەنگێکی خۆشی هەبوو،

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 350.

2 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32250.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 135.

ئەویش دەستی پێکرد، لەو کاتەدا عومەری کوڕی خەططاب هات و وتی ئەمە چیە؟ عەبدورەحمان وتی کێشەیەك نیە دەمانەوێت ڕێگەکەمان لێ بڕوات، عومەریش وتی هەر دەیڵێیت ئەوا شیعرەکەی ضیراری کوڕی خەططاب بڵێ.[1]

له کۆتا حەجی عومەری کوڕی خەططابدا عەبدوڕەحمانیش بەشدار بوو، بیستی کەسێك دەیوت ئەگەر عومەر مرد من بەیعەت بە فلانە کەس دەدەم، عەبدوڕەحمانیش بە خەلیفەی وت چی ڕوویداوە، عومەر وتی دوای عەسر پشت بەخوا ڕوونکردنەوە دەدەم بەو خەڵکە، عەبدوڕەحمان وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەوە مەکە، چونکە ئێستا هەمەچەشنە خەڵك هاتون و لەوانەیە قسەیەك بکەیت کە وەك خۆی وەرینەگرن، بەڵام کە چوویتەوە مەدینە قسەی خۆت بکە، عومەریش ڕاکەی عەبدوڕەحمانی وەرگرت.[2]

لەو نوێژەدا کە عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، خێرا فەرمانی کرد عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف نوێژەکەی بۆ خەڵکەکە کرد، پاشان عەبدوڕەحمانی بانگ کرد و وتی دەمەوێت تۆ ڕاسپێرم بۆ باری دەسەڵاتی دوای خۆم، عەبدوڕەحمان ڕازی نەبوو، عومەر وتی دەی ئەم ماوە بێدەنگ بە تا ئەو کەسانە ڕاسپێرم کە پێغەمبەر (ﷺ) تا وەفاتی کرد لێیان ڕازی بوو.[3]

عومەری کوڕی خەططاب پاش ئەوەی پێکرا، شەش کەسی ڕاسپارد تا لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن بۆ خیلافەت، ئەوانیش بریتی بوون لە عەلی کوڕی ئەبوو

1 - السنن الکبری للبیهقي، الرقم 19543.
2 - البدایة والنهایة لابن کثیر، ج5، ص 245.
3 - الکامل في التاریخ، ج2، ص 447.

طالیب، عوثمانی کوڕی عەففان، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا، زوبەیری کوڕی عەووام، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف.[1]

عومەری کوڕی خەططاب ئەگەری دانا بۆ درووستبوونی راجیایی لەسەر دیاریکردنی کەسێك و چارەسەری بۆ داناو وتی ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدولای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[2]

ئەوەبوو دواجار سیانیان وازیان هێنا لە مافەکەیان بۆ ئەوانی تر، مانەوە سەر عەبدوڕەحمان و عەلی و عوثمان، عەبدوڕەحمان وتی منیش لەپێناو خوادا واز لە مافەکەم دێنم و ئێوەش یەکێکتان وازبهێنن تا بەیعەت بدەین بەوی تر، دواجار ئەهلی شوورا بڕیاری کۆتاییان دایە دەست عەبدوڕەحمان، ئەویش کەوتە وەرگرتنی رای خەڵکی و تەنانەت رای ژن و منداڵیشی وەرگرت، رای سوارەو پیادەکانیشی وەرگرت، سێ شەو و رۆژ بەردەوام بوو لەو راوەرگرتنەی، رای زۆرینەی هەرەزۆر لەسەر عوثمانی کوڕی عەففان بوو، دواجار لەبەری بەیاندا مێزەرەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردە سەر و ناردی بە شوێن ناودارانی ناو کۆچەران و پشتیوانان و خەڵکی ترداو مزگەوت پڕ بوو لە خەڵك، چوویە سەر مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەیەکی زۆر وەستا و بە دەنگی نزم نزایەکی زۆری کرد، دواتر خەڵکەکەی دواند، ئینجا عەلی بانگ کرد و دەستی گرت و وتی لەسەر قورئان و سوننەتی

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4074.

2 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 461.

پێغەمبەرەکەی  و کرداری ئەبوبەکر و عومەر بەیعەتم پێدەدەیت؟ وتی ناوەڵا، بەڵکو هێندەی توانام هەبێت، عەبدورەحمان دەستی بەردا و عوشمانی بانگ کرد و دەستی گرت و هەمان شتی بەویش وت، عوشمان وتی بەڵێ بەخوا، ئەوەبوو عەبدورەحمان لە شوێنەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت و عوشمانیش لە پلیکانەی خوارترەوەو خەڵکەکە هاتن بەیعەتیان دا بە عوشمانی کوڕی عەففان و عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش بەیعەتی پێدا.[1]

جا برێك دەق هاتون کە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەو بڕیارە ناڕازی بووبیت و ئەوەی بە فێڵ دانابێت، ئیبن کەثیر دەڵێت: (ئەوەی زۆرێك لە مێژوونووسانی وەك ئیبن جەریر و کەسانێکی تر لە برێك کەسی نەناسراوەوە تۆماریان کردووە گوایە عەلی بە عەبدورەحمانی وتووە تۆ منت خەڵەتاند و تۆ لەبەر خزمایەتی و لەپێناو ئەوە عوشمانت دانا تا لە هەموو شتێکدا رات وەربگرێت و...هەموو ئەمانە پێچەوانەی تۆماری صەحیح و دروستن و دەدرێنەوە بە رووی خاوەنەکانیاندا).[2]

لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

عەبدورەحمانی کوڕی عەوف هاودەم بە موسڵمانان بەیعەتی دا بە عوشمانی کوڕی عەففان و گوێرایەڵ و کەسی نزیکی بوو، هاوکات خەلیفەش رێز و گەورەیی ئەوی دەزانی و دەیوت ئێستا کەس نیە فەزڵی لەو پیاوە زیاتر بێت لەبەرئەوەی بەشداری هەردوو کۆچەکە بوو.[3]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 147.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 75.

جارێك طەلحە نەخۆش کەوت و جۆرێك لە عاجزی لەنێوان ئەو و عەبدوڕەحماندا هەبوو، عەبدوڕەحمان چوو بۆ لای، طەلحە وتی براکەم بەخوا تۆ زۆر لە من باشتریت، عەبدوڕەحمان وتی براکەم وامەڵێ، ئەویش وتی بەرێ وەڵا، چۆن وا نەڵێم، ئەگەر تۆ نەخۆش بکەوتیتایە من دەهاتم بۆ سەردانت؟![1]

جارێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف وەسیەتی کرد چی بەشداربووی بەدر ماون دیاری بکرێن تا هاوکارییان بکات، تەنها سەد کەس مابوون، بۆ هەرکامیان چوارسەد دیناری پێ بەخشی، تەنانەت بەشی عوثمانی کوڕی عەففانیشی دا،[2] چونکە ئەو هەرچەندە بەشدار نەبوو بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) کاتی خۆی بە بەشداربووی بەدر حسابی کردبوو.

جارێك عەبدوڕەحمان دانیشتبوو خواردنی بۆ هێنرا، وتی موصعەبی کوڕی عومەیر کوژرا و زۆر لە منیش باشتر بوو و تەنها عەبایەك هەبوو بۆ کفنەکەی، حەمزەش کوژرا و لە من زۆر باشتر بوو و ئەویش تەنها عەبایەك هەبوو بۆ کفنەکەی، دەترسم خۆشیەکان بۆ ئێمە خرابنە دنیا و لەو دنیا بێبەش بین، ئیتر دەستی کرد بە گریان.[3]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە کە عوثمانی کوڕی عەففان نووسراوێکی نووسی تا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دوای خۆی ببێت بە خەلیفە، کاتێك عەبدوڕەحمان ئەوەی بیست چوویە نێوان مینبەرو گۆڕەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و نزای کرد خوایە

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 88-89.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 90.

3 - صحيح البخاري، الرقم 1227، صحيح ابن حبان، الرقم 7128.

ئەگەر بڕیاری وا هەیە ئەوا پێش ئەو بارە بمرێنە، ئەوەبوو شەش مانگی نەخایاند کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا لە مەدینە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردە کرا.[2]

کاتێك وەفاتی کرد عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر کرد.[3]

### مشتومڕی پاش مەرگی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف

عەبدوڕەحمان پاش خۆی سامانێکی زۆر زۆری بەجێهێشت، پاش مەرگی نزیکەی هەزار وشتر و سێ هەزار مەڕو سەد ئەسپی جێهێشتبوو،[4] لە میراتەکەی هەر ژنێکی سەد هەزاری بەرکەوت.[5]

کاتێك عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف مرد و سامانێکی جێهێشت ئەبووذەر ئەوەی بەو کەنزە دانا کە لەسەری سزا دەدرێت، عوثمانیش سەبارەت بەو مەسەلە دانوستان و مشتومڕی لەگەڵ ئەبووذەر دەکرد تا ئەوەی کەعب هاتەژوورەوەو هاوڕای عوثمان بوو، بۆیە ئەبووذەر لێیدا، هەر بەو هۆکارەش لە شام ئەبووذەر کێشەی لەگەڵ موعاویە هەبوو، دەستەیەکیش هەبوون هاوڕای ئەبووذەر بوون... خۆ

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 88.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 92.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، 164.

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 92.

5 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 91.

خوای گەورە لە قورئاندا میراتی دیاری کردووەو دابەشی کردووە، دەی میراتیش بۆ کەسێك دەبێت کە دوای خۆی سامانێك جێبهێڵێت، چەندین هاوەڵ لە پشتیوانان و بگرە لە کۆچەرانیش هەبوون کە لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) سامانیان هەبووە، چەندین پێغەمبەریش هەبون کە سامانیان هەبووە.[1]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی عەون (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەونی کوڕی عەددیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[2]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی عەووام (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەووامی ئەسەدیەو برای زوبەیری کوڕی عەووامە، لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد، دواتر لە فەتحی مەککەدا کە موسڵمان بوو پێغەمبەر (ﷺ) ناوی لە عەبدولکەعبەوە گۆڕی بۆ عەبدوڕەحمان، دواتر عەبدوڕەحمان لە سەردەمی خیلافەتی راشیدینیشدا ژیاو بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

1 - العواصم من القواصم لابن العربي.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 333.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 344-345.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی تەیمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی کوڕی عوبەیدوڵای تەیمیە، رایەك دەڵێت لە رێککەوتنی حودەیبیەدا موسڵمان بووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، بەپێی رای یەکەم بەشداربووە لە عومرەی پاش حودەیبیەدا.[1]

عەبدوڕەحمان دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد، دوای ئەوەش تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیا و لە مەککەو لەساڵی حەفتاو سێی کۆچیدا بە دەستی ئومەویەکان کوژرا.[2]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی جومەحی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی کوڕی مەظعوونە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) کە لە ساڵی دووەمی کۆچیدا وەفاتی کرد، بۆیە عەبدوڕەحمان لە کاتی وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ) تەمەنی زیاد لە نۆ ساڵان دەبوو.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 332.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 332.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 488.

## عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیسی کوڕی عەمری بەلەویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، دواتر یەکێك بوو لە بەشداربوانی فیتنەی سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و دژ بە خەلیفە لە میصرەوە هات بەرەو مەدینە، دواتر لەلایەن موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانەوە بەند کرا، عەبدوڕەحمان رایکرد و لە کاتی راکردنیدا کوژرا.[1]

## عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادەی سولەمیە، عەبدوڕەحمان دەڵێت بیستم لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (خلق الله آدم، ثم أخذ الخلق من ظهره، فقال: هؤلاء في الجنة ولا أبالي، وهؤلاء في النار ولا أبالي)، (خوا ئادەمی دروست کرد، دواتر لە پشتی ئەوەوە خەلقی بەدیهێنا، دواتر فەرمووی ئەمانە لە بەهەشتدان وباکم نیە، ئەمانەش لە دۆزەخدان و باکم نیە)، جا کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئیتر لەسەر چی ئیش بکەین؟ فەرمووی(على مواقع القدر) لەسەر جێپێکانی قەدەر.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 334.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 339، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17324، المستدرك على الصحيحين، الرقم 82، صححه الذهبي في التلخيص، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیسەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، عەبدوڕەحمان دەڵێت کابرایەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی من ستەملێکراوم، ئەویش فەرمووی (ستەملێکراوان لە ڕۆژی دواییدا سەرکەوتوان).[1]**

عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، هاودەم بە باوکی بەشدار بوو لە غەزای ئوحوددا، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]**

عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبولەیلایە، لە غەزای ئوحود و خەندەق و غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، بەڵام لە غەزای تەبووکدا لەبەر کەمدەستی نەیدەتوانی بەشداری بکات و لە خەفەتی بەشداری نەکردنی دەستی کرد بە گریان.[3]**

**دەستەیەك لە هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ژمارەیان حەوت کەس بوو، بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عومەیر و عولبەی کوڕی زەید و عەبدورەحمانی**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 355.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 505.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 355.

کوڕی کەعب و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، داوایان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا پڕچەکیان بکات تا بتوانن بەشداری غەزای تەبووك بن، چونکە ئەمانە کەمدەرامەت و دەستکورت بوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندن هیچی لەبەردەست نیە تا داواکەیان بێنێتەدی، یامینی کوڕی عەمر دەڵێت گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم بۆچی دەگرین؟ وتیان چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و بڕێك شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد.[1]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیکی کوڕی شیدادە، سەرەتا ناوی عوروە یان مەڕوان بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، لە پشتیوانانە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکان، عەبدورەحمان هاودەم بە باوکی بەشداری غەزای ئوحود و غەزاکانی دواتریش بوو، لە بەیعەتی ڕیضوانیشدا بەشداری کرد.[3]

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1970.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 358.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 358.

### عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیج(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیجەو فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی(من كنت مولاه فعلي مولاه).[1]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەعی سولەمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی خەیبەر.[2]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذی کوڕی عوثمانی قورەیشی تەیمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[3]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرین (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرینی موزەنیە، سەرەتا ناوی عەبد عەمر بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڕەحمان.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 359.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 359.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 361.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 363.

### عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەعە، لە پشتیوانانە، برایەکیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام باوکیان لە دووڕووەکان بوو، لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا بەشداری کرد و تیایدا هاودەم بە عەبدوڵای برای شەهید بوو.[1]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی نەحام (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی نەححامە، لە فەرموودەیەکی صەحیحدا باسی هاتووە کە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(هەرکەس تیرێك ئاراستەی دوژمن بکات خوای گەورە بەوە پلەیەك بەرزی دەکاتەوە)، عەبدوڕەحمان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پلەیەك چیە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما إنها ليست بعتبة أمك ما بين الدرجتين مائة عام)،[2] ( ئەوە وەك دەرگاکەی دایکت نیە، نێوانی دوو پلە ماوەی سەد ساڵە).

### عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیبی کینانیە، برایەکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە هەردووکیان پێکەوە لە غەزای ئوحوددا بەشدارییان کرد و تیایدا شەهید بوون.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 227.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4687، صححه شعيب الارناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 364.

## عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی وائیل (رضي الله عنه)

ناوی عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی وائیلی کوڕی عامیره، یه‌کێکه له به‌شداربوانی غه‌زای ئوحود و له غه‌زاکانی دواتریشدا به‌شداری کرد، له جه‌نگی قادسیه‌دا به‌شداری کرد و تیایدا شه‌هید بوو.[1]

## عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی ئه‌بووبه‌کری صدیق (رضي الله عنه)

ناوی عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی ئه‌بووبه‌کره، باوکی نزیکترین هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و موژده‌پێدراوی به‌هه‌شت و یه‌که‌م خه‌لیفه‌ی موسڵمانان بوو، عه‌بدوڕه‌حمان هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو و موحه‌ممه‌دی کوڕیشی هاوه‌ڵ بوو.[2]

سه‌ره‌تا ناوی عه‌بدولکه‌عب بوو، به‌ڵام پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عه‌بدوڕه‌حمان.[3]

عه‌بدوڕه‌حمان به بێباوه‌ڕی به‌شداری به‌درو ئوحودی کرد، دواتر له حوده‌یبیه‌دا موسڵمان بوو،[4] رایه‌کیش ده‌ڵێت له‌پێش فه‌تحی مه‌ککه‌دا هاوده‌م به موعاویه و ژماره‌یه‌ك گه‌نجی قوڕه‌یش چوو به‌ره‌و مه‌دینه‌و موسڵمان بوون.[5]

جارێك ئه‌بووبه‌کر میوانداری ده‌سته‌یه‌کی کرد و به عه‌بدوڕه‌حمانی کوڕی وت میوانه‌کانت ببه وا من ده‌چم بۆ لای پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، تا دێمه‌وه خزمه‌تیان بکه،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 365.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 326.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 326.

عەبدوڕەحمانیش چوو و چی هەبوو داینا بۆیان و وتی بخۆن، ئەوانیش وتیان ئەی گەورەی ماڵ لە کوێیە؟ عەبدوڕەحمان وتی نانەکەتان بخۆن، ئەوانیش وتیان نان ناخۆین تا گەورەی ماڵ نەیەتەوە، ئەویش وتی خزمەتمان قبووڵ بکەن، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، عەبدوڕەحمان زانی باوکی بێتەوە تووڕە دەبێت، بۆیە کە ئەبووبەکر هاتەوە عەبدوڕەحمان ماوەیەك خۆی ون کرد، دواتر ئەبووبەکر بە میوانەکانی وت چیتان کرد؟ ئەوانیش وتیان چی بووە؟ ئەبووبەکر وتی ئەی عەبدوڕەحمان، ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، هەمدی بانگی کرد و ئەویش وەڵامی نەدایەوە، ئەبووبەکر تووڕە بوو و قسەیەکی پێ وت و وتی سوێندت دەدەم ئەگەر دەنگم دەبیستیت وەڵامم بدەرەوە، عەبدوڕەحمان هاتە دەرەوەو وتی پرسیار لە میوانەکانت بکە، ئەوانیش وتیان راست دەکات، خزمەتی کردین، ئەبووبەکر وتی یانی چاوەڕوانی من بوون؟ بەخوا ئەمشەو نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان دەی بەخوا تا تۆ نان نەخۆیت ئێمەش نان ناخۆن، ئەبووبەکر وتی شەوی وەك ئەمشەو خراپم نەدیوە، ماڵوێرانان چیتانە؟ بۆچی میوانداری و خزمەتمان قبووڵ ناکەن؟ عەبدوڕەحمان خواردنەکە بهێنە، ئەوەبوو خواردنەکەی هێنا و ئەبووبەکر بیسمیلاهی کرد و لێی خوارد و ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردن،[1] بۆ بەیانی ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی ئەوان سوێندەکەیان بردە سەر و من سوێندەکەم خست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵکو تۆ بەوەفاتر بوویت بە سوێندەکەت و چاکترینیان بوویت).[2]

1 - صحيح البخاري، الرقم 5794.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3927.

عەبدوڕەحمان کەسێکی پیاوچاك بوو، هاوکات حەزی بە گاڵتەو بزەبەخشی هەبوو.[1]

لە حەجیماڵئاواییدا کە عائیشەش هاودەم بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوو و عەبدوڕەحمانیش بەشدار بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد عائیشە ببات تا عومرەکەی بکات و دواتر بگەڕێتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ).[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش بوو و لەماڵی عائیشە بوو، عەبدوڕەحمان چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سیواکی پێ بوو دەیهێنا بە دانیدا، پێغەمبەر (ﷺ) تەماشایەکی سیواکەکەی کرد، عائیشە سیواکەکەی لە عەبدوڕەحمان وەرگرت و پاکی راگرت و دواتر دای بە پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) سیواکەکەی بەکارهێنا.[3]

لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت، پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو.[4]

کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت، عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر هاودەم بە حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر نارازی بوون بەوە، عەبدوڕەحمان وتی خۆ ئەمە حوکمی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 326.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1494.

3 - صحيح البخاري، الرقم 864.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.

قەیصەری نیە، کە قەیصەر مرد قەیصەرێکی تر بێتە شوێنەکەی، بەخوا بەمە رازی نابین، هەرچەندە موعاویە ویستی رازی بکات بەڵام رازی نەبوو، پێش مەرگی موعاویە عەبدوڕەحمان مرد و دەسەڵاتداری یەزیدی نەبینی.[1]

جارێك لە دووری دە میل لە مەککە بوو و خەوتبوو کە ئیتر هەڵنەسایەوەو مرد، ئینجا برا بۆ مەککەو لەوێ ئەسپەردە کرا، کاتێك عائیشەی خوشکی هەواڵی مەرگی ئەوی بیست، چوویە لای گۆڕەکەی و گریا.[2]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی، دەوترێت لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد،[3] هەریەك لە ساڵانی پەنجاو چوار و پەنجا و پێنج و پەنجاو شەش و پەنجاو هەشت بۆ کاتی وەفاتی هاتووە.[4]

### عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیل (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیلی ثەقەفیە، عەبدوڕەحمان دەڵێت لەناو وەفدی ثەقیفدا بووم چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، سەرەتا بمانزانیبا هەرکەس زووتر دەچێت بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و خۆی لێ نزیك دەکاتەوە زۆر زۆر رقمان لێی دەبوو، کەچی دواتر کە لای پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووین، ئەو کەسەی لای پێغەمبەر (ﷺ) نزیك بوایە لە هەموو کەس خۆشترمان دەویست.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 327.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 327.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 327.

5 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 205.

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرەی موز ەنیە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[1]

عەبدوڕەحمان دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە موعاویەی فەرموو (اللهم اجعله هاديا مهديا و اهد به)،[2] (خوایە بیکەیتە ڕێنموونی کراو و ڕێنموونی کەر و خەڵکی بەهۆیەوە ڕێنموونی بکە).

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلای ئەنصاریە، هاودەم بە باوکی لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، جا هەندێ ئەم هاوەڵە لەگەڵ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلای تابعیدا تێکەڵ دەکەن.[3]

عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەری کوڕی عەوفە، برازای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، کونیەکەی ئەبووجوبەیرە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین، تا سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژیا.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 342.
2 - سنن الترمذي، الرقم 3859، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17566، صححه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 6235.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 357.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 284.

عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعمور (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعموری دیئلیە، کونیەکەی ئەبولئەسوەدە، دواتر لە کووفە نیشتەجێ بوو.[1]

عەبدوڕەحمان دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (الحج عرفات، فمن أدرك عرفة ليلة جمع قبل أن يطلع الفجر فقد أدرك، أيام منى ثلاثة أيام، فمن تعجل في يومين فلا إثم عليه، ومن تأخر فلا إثم عليه)،[2] (حەج عەرەفاتە، هەرکەس پێش خۆرهەڵاتن شەو گەیشتە عەرەفە ئەوە گەیشتووە، ڕۆژانی مینا سێ ڕۆژە، هەرکەس لە دوور ڕۆژدا پەلەی کرد ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە، هەرکەسیش دواکەوت ئەوە هیچ تاوانی لەسەر نیە).

عەبدوڵای کوڕی قومامە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قومامەی سولەمیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نامەیەکی بۆ خۆی و براکەی نووسی.[3]

عەبدوڵای کوڕی ذەررە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ذەررەی موزەنیەو هاودەم بە خوزاعی کوڕی عەبدنوهم هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 368.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 3955، صححه شعيب الأرناؤوط.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 210.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 229.

عەبدوڵای کوڕی عەمری ئەلهانی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی زەیدی ئەلهانیەو وەك وەفد هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[1]**

عەبدوڵای کوڕی بەدر (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی بەدری جوهەنیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، کە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، ناوی هۆزەکەشی لە بەنوغەییانەوە گۆڕی بۆ بەنو روشدان.[2]**

**عەبدوڵا لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد، دواتریش لە فەتحی مەککەدا بەشدار بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی دابوویە دەستی، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[3]**

**عەبدوڵا دەڵێت رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەمڕۆژی عاشوورایە دەی بەڕۆژوو بن)، کابرایەك وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) من کە هاتم هۆزەکەم نیوەیان بەڕۆژوو بوون و نیوەیان بەڕۆژوو نەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(برۆ بۆلایان، ئەوەی بەڕۆژوو نەبووە با لە ئێستاوە رۆژووەکەی تەواو بکات).[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 191.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 19.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 19.

4 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 27003، المعجم الأوسط للطبراني، الرقم 5788، صححه شعيب الارناؤوط.

### عه‌بدوڵای كوڕی به‌ڕاء (رضي الله عنه)

ناوی عه‌بدوڵای كوڕی به‌ڕائی داریه‌و سه‌ره‌تا ناوی طه‌یب بوو، به‌ڵام پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ناوی گۆڕی به‌ عه‌بدوڵا.[1]

### عه‌بدوڵای كوڕی بوده‌یل(رضي الله عنه)

ناوی عه‌بدوڵای كوڕی بوده‌یله‌و فه‌رمووده‌ی له‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه‌(ﷺ) گێڕاوه‌ته‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ مه‌سح له‌سه‌ر خوف.[2]

### عه‌بدوڵای كوڕی بوده‌یلی خوزاعی(رضي الله عنه)

ناوی عه‌بدوڵای كوڕی بوده‌یلی كوڕی وه‌رقائی خوزاعیه‌، باوكیشی هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ری خوایه‌(ﷺ) و پێشتر له‌ پیتی (ب) دا باسمان كردووه‌.

عه‌بدوڵا هاوده‌م به‌ باوكی له‌ فه‌تحی مه‌ككه‌دا موسڵمان بوو، له‌ غه‌زای حونه‌ین و طائیف و ته‌بووكیشدا به‌شداری كرد.[3]

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) عه‌بدوڵا وعه‌بدوڕه‌حمانی برای وه‌ك نوێنه‌ر نارد بۆ یه‌مه‌ن.

له‌ سه‌رده‌می خیلافه‌تی عه‌لی كوڕی ئه‌بووطالیبدا له‌ناو سوپای عه‌لیدا هاوده‌م به‌ عه‌بدوڕه‌حمانی برای به‌شداری جه‌نگی صفینی كرد و تیایدا كوژرا.[4]

---

1 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 22.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 22.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 21.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 21.

عەبدوڵای کوڕی بوسر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بوسری مازنیەو کونیەکەی ئەبووبوسر یان ئەبووصەفوانە، هەم خۆی و هەم دایك و باوك و دوو براکەشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون.[1]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای باوکم و ئێمەش خواردنێکمان بردە خزمەتی، پاشان خورماش هێنرا، پێغەمبەر (ﷺ) لە خورماکەی دەخوارد و ناوکەکەی دەخستە نێوان پەنجەکانی، پاشان خواردنەوە هێنراو لێی خواردەوە، دواتر باوکم وتی نزامان بۆ بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(خوایە بەرەکەت بخەرە ئەو رۆزیەی پێت بەخشیون و لێیان خۆش بەو رەحمیان پێ بکە).[2]

عەبدوڵا دەڵێت جار هەبوو خوشکەکەم شتێکی بە دیاری ئامادە دەکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) و بە مندا دەینارد بۆی، منیش دەمبرد و پێغەمبەریش (ﷺ) وەریدەگرت.[3]

عەبدوڵا کەسێکی زۆر خواناس بوو، شوێنەواری زۆر سوجدە بردن بە نێو چاوانیەوە دیار بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 23.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3898، سنن أبي داود، الرقم 3259، سنن الترمذي، الرقم 3587، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9761، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 13647، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17347.

3 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17341، حسنه شعيب الأرناؤوط.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 413.

سەبارەت بە کاتی مردنی دەوترێت لە ساڵی هەشتاو هەشتی کۆچی لە حیمص کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی نەوەد و شەشی کۆچی وەفاتی کرد و ئەو کات تەمەنی سەد ساڵان بوو،[1] رایەکیش دەڵێت تەمەنی نەوەد و چوار ساڵان بوو.[2]

وەستانێك:

سەبارەت بەوەی ئایا عەبدوڵا لە ساڵی نەوەد و شەشی کۆچی وەفاتی کردبێت، ئەمە راست نیە، سەبارەت بەوەش کۆتا هاوەڵ بووبێت وەفاتی کردبێت، دووبارە ئەوەش راست نیە، بەڵکو کۆتا هاوەڵ وەفاتی کردووە ئەنەسی کوڕی مالیك بووە کە زۆرترین کات بۆ وەفاتی ساڵی نەوەدو سێی کۆچی بووە.

ذەهەبی دەڵێت: کۆتا هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) کە کۆچی دوایی کرد ئەنەسی کوڕی مالیك بوو،[3] پێشتر لە ژیانی ئەنەسی کوڕی مالیکدا باسی تەمەنو ساڵی وەفاتیمان کردووە.

عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصری (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصریەو جیایە لەو هاوەڵەی تر کە ناوی باوك و باپیریان یەکە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدولواحید کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوەو دەڵێت باوکم بۆی گێڕامەوەو وتی جارێك لەپاڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 23.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج7، ص 413.
3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج6، ص289.

که به رووگەشیەوە دەرکەوت و دەموچاوی دەگەشایەوە، وتمان چی بووە، فەرمووی خوا شەفاعەتی پێ بەخشیم، وتمان تەنها بۆ هۆزەکەت، فەرمووی نەخێر بەڵکو بۆ ئوممەتە تاوانبارە بارگرانەکەم.[1]

عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەنصاری (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی کوڕی فاکیهە، لە پشتیوانانەو لە غەزای خەندەقدا بەشدار بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەوسی (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی کوڕی قەیسە، کونیەکەی ئەبوورەبیعە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوون.

کاتێك عەبدوڵای کوڕی ثابت نەخۆش کەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی، تەماشای کرد لەهۆش خۆی چووە، هاواری لێکرد کەچی وەڵامی نەدایەوە، ژنەکان دەستیان کرد بە گریان، جابیریش هەوڵیدەدا بێدەنگیان بکات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(وازیان لێبهێنە، هەرکات واجب بوو ئەوکات ئیتر با نەگرین) وتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) واجب بوو چیە؟ فەرمووی ئەگەر مرد، کچەکەی وتی بەخوا هیوام وایە شەهید بیت چونکە تۆ باری خۆت بەجێگەیاند، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(خوای گەورە بە ڕێژەی نیەتەکەی پاداشتی بۆ داناوە، ئێوە شەهیدی بە چی دادەنێن؟) وتیان بە کوژران لە ڕێی خوادا، فەرمووی (شەهیدی

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 24.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 29.

حەوت جۆرە جگە لە کوژران لە ڕێی خوادا، ئەوەی بە سك ئێشە دەمرێت شەهیدە، ئەوەی دەخنکێت شەهیدە، ئەوەی دومەڵی دەتەقێتەوەو دەیکوژێت شەهیدە، ئەوەی لێدراوە شەهیدە، ئەوەی دەسووتێت شەهیدە، ئەوەی لەژێر داڕمانی بینادا دەمرێت شەهیدە، ژنی دووگیان کە بمرێت شەهیدە).[1]

عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبەی کوڕی خوزەیمەوە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەبدوڵای کوڕی ثەور (ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثەورەو یەکێکە لە سەرکردەکانی جەنگی دژ بە هەڵگەڕاوەکان، ئەمەش بەڵگەی هاوەڵبوونیەتی، چونکە لەو کاتەدا تەنها هاوەڵان دەکران بە ئەمیر.[3]

عەبدوڵای کوڕی جابیر (ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جابیرە، لە پشتیوانانە، عەبدوڵا دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئاو دەڕژا، وتم سەلامت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، وەڵامی نەدامەوە، دووبارەم کردەوەو سەلامی نەدامەوە، تا سێ جار، ئینجا

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 3246، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1234، سنن أبي داود، الرقم 2720، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1952، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23115، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1757، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 3111.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 31.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 33.

پێغەمبەر (ﷺ) کەوتەڕێ و منیش لە دوایەوە چووم تا چوویە ژوورەوەو منیش چوومە مزگەوت و بە دڵتەنگی دانیشتبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوەو خۆی شۆردبوو و سێ جار فەرمووی و علیك السلام و رحمة الله، پاشان فەرمووی(ئەی عەبدوڵای کوڕی جابیر خێرترین سوورەتی قورئانت پێ بڵێم؟ وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، فەرمووی(الحمد لله رب العالمين بخوێنە تا تەواوی دەکەیت.[1]

عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدیەو وەك ئەندامێکی وەفدی عەبدولقەیس هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

عەبدوڵای کوڕی جەحش (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەحشی کوڕی ریابە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان.

عەبدوڵا ژنێکی هەبوو بە ناوی زەینەبی کچی خوزەیمە، بەڵام عەبدوڵا کە لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) زەینەبی بەهاوسەرگرت.[3]

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 17261، حسنه شعيب الأرناؤوط.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 34.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 672.

عەبدوڵا یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتریش گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵا و عاصمی کوڕی ثابتەوە.[1]

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وەك سریەیەك ئێمەی نارد و فەرمووی کەسێك دەکەم بە ئەمیرتان کە لە هەمووتان زیاتر خۆڕاگرە بۆ برسێتی و تینوێتی، ئەوەبوو عەبدوڵای کوڕی جەحشی کرد بە ئەمیرمان، ئەویش یەکەم ئەمیری ناو ئیسلام بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی جەحش لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە بەندکراوانی بەدر راوێژی بە چەند کەسێك کرد، یەکێك لەوانە عەبدوڵای کوڕی جەحش بوو.[3]

عەبدوڵا یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت لە رۆژی ئوحوددا عەبدوڵای کوڕی جەحش پێی وتم وەرە با لە خوا بپاڕێینەوە، ئەوەبوو چووینە سووچێکەوە، من نزام کرد وتم خوایە سبەی بگەم بە کابرایەکی زۆر بەهێز و لەپێناو تۆدا لەگەڵی بجەنگم و دواتر بەسەریدا سەربکەوم تا بیکوژم و شمەکەکەی بە دەستکەوت بەرم، عەبدوڵای کوڕی جەحشیش وتی خوایە سبەینێ توشم بێت بە تووشی کابرایەکی زۆر بەهێزەوەو لەپێناو تۆدا لەگەڵی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 35.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 35.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 35-36.

بجەنگم، بمکوژێت و گوێ و لووتم ببڕێت، کە ڕۆژی دوایی گەیشتمەوە بە تۆ بفەرموویت ئەی عەبدوڵا بۆچی گوێ و لووتت بڕاوە؟ منیش بڵێم لەپێناو تۆ و پێغەمبەرەکەتدا، تۆیش بفەرموویت ڕاست دەکەیت، سەعد دەڵێت: نزاکەی عەبدوڵا لەوەی من باشتر بوو، کۆتایی ڕۆژی ئوحود تەرمەکەیم بینی گوێ و لووتی کرابوون بە دەزوویەکەوە.[1]

لە کاتی شەهیدبوونیدا تەمەنی عەبدوڵا سەروو چلساڵان بوو، دواتریش تەرمی عەبدوڵا و حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) لە یەك گۆڕدا ئەسپەردە کرا.[2]

### عەبدوڵای کوڕی جەد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵا کوڕی جەدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

### عەبدوڵای کوڕی جەراد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەرادە، دواتر لە طائیف نیشتەجێ بوو.[4]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 2349، صححه الذهبي في التلخيص.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 36.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 37.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 39.

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك نوێژە بارانەی دەکرد دەیفەرموو (اللهم اسقنا غيثا مغيثا مريا، توسع به لعبادك، تغرز به الضرع، وتحيي به الزرع).[1]

عەبدوڵای کوڕی جەعفەر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جەعفەی کوڕی ئەبووطالیبە، ئامۆزازای پێغەمبەرە(ﷺ) و کونیەکەی بە ئەبوومەحەممەدو ئەبووجەعفەریش و ئەبووهاشمیش هاتووە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی عومەیسە.[2]

دایك و باوکی عەبدوڵا کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، لەوێ عەبدوڵا لەدایك بوو، یەکەم منداڵی موسڵمان بوو لە حەبەشە لەدایك بوو، لە کاتی غەزای خەیبەردا جەعفەر هاودەم بە ژن و منداڵ و هاوەڵانی موسڵمانی هاتنەوە بۆ مەدینە.

عەبدوڵا دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە دوای خۆیەوە سواری وشترەکەی کردم، فەرموودەیەکی پێ فەرمووم کە هەرگیز بە کەسی ناڵێم.[3]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە لە سەفەر دەهاتەوە، منداڵانی بنەماڵەکەی دەگرتە کۆش، جارێك پێشتر من برام بۆ لای و لە بەردەم خۆیدا سواری کردم، دواتر منداڵێکی فاطیمەش هێنرا بۆی و لە دوای خۆیەوە سواری کرد، ئیتر هەرسێکمان بەسەر سوارەکەوە بووین تا چووینە ناو مەدینە.[4]

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6051،

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 40.

3 - صحيح مسلم، الرقم 543.

4 - صحيح مسلم، الرقم 4559.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا نزیکەی دە ساڵان دەبوو.

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی عەلیدا لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی صفیندا سەرکردەیەکی سەربازی ناو سوپاکە بوو.

دواجار عەبدوڵا لە ساڵی هەشتای کۆچیدا وەفاتی کرد و ئەبانی کوڕی عوثمان کە ئەوکات ئەمیری مەدینە بوو نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی هەشتاو دوو یان هەشتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو تەمەنی نەوەد ساڵ بوو و لە ساڵی نەوەدی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی جوبەیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی جوبەیری کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو برای خەواتی کوڕی جوبەیرە،[2] یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزای بەدردا بەشداری کرد.[3]

لە غەزای ئوحودیشدا بەشدار بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی کردبوو بە بەرپرسی تیرهاوێژەکانو فەرمانی کردبوو تا خۆی هەواڵ نەنێرێت بە شکان و سەرکەوتنی موسڵمانان ئەوان شوێنی خۆیان جێنەهێڵن، بەڵام کاتێك تیرهاوێژەکان

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 42.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 35.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 475.

بینییان موسڵمانان سەرکەوتن، شوێنی خۆیان جێهێشت، عەبدوڵا داوای کرد وانەکەن، وتی مەگەر فەرمایشتی پێغەمبەری خواتان (ﷺ) لەبیر کرد، بەڵام بەگوێیان نەکردو چوون،[1] کەمتر لە دە کەس لە دەوری مانەوە، عەبدوڵاش خۆی چی تیری پێ بوو هەمووی هاویشت، دواتر بە شمشێریش جەنگا تا شەهید بوو، بێباوەڕان کە دڵنیابوون لەوەی کوژراوە کەوتنە راکێشانی تەرمەکەی و تەرمەکەیان شێواند، رمیان دەکرد بە سکیدا.[2]

## عەبدوڵای کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی جەزئی زوبەیدیە، سەرەتا ناوی عاصی بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، تا فەتحی میصر ژیاو دواتر چوو لەوێ نیشتەجێ بوو.[3]

عەبدوڵا دەڵێت جارێك لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) گۆشتێکی برژاومان خوارد و لە مزگەوتدا بووین کە قامەت کرا بۆ نوێژ، تەنها دەستمان بە وردەچەو سڕی و تەواو.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 2895، صحيح ابن حبان، الرقم 4811، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 10635، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18223.

2 -الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 476.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 46.

4 - سنن ابن ماجة، الرقم 3308، مسند رأحمد بن حنبل، الرقم 17365، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1506، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة الرقم 3311و قال دون مسح الأيدي.

عەبدوڵای کوڕی حارثە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثەی کوڕی نوعمانە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی ناسراوی پێغەمبەر (ﷺ) و پێشتر لە پیتی (ح) دا باسمان کردووە، عەبدوڵا کوڕێکی هەبوو بە ناوی ئیبراهیم کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[1]

عەبدوڵای کوڕی حارثی سەهمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی قەیسی قوڕەیشی سەهمیە، زوو لە مەککە موسڵمان بوو و یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتریش کە گەڕایەوە مەدینە بەشداری غەزاکانی کرد و لە غەزای طائیفیشدا بەشدار بوو، رایەك دەڵێت لەو غەزایەدا شەهید بوو، رایەکی تر دەڵێت لە جەنگی یەمامەدا تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت هەر لە حەبەشە کۆچی دوایی کرد.[2]

عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدوی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدویەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە کە ئەبووریفاعەیە، دواتر لە بەصرە نیشتەجێ بوو، دواتر چووە بۆ کابول و لە ساڵی چل وچواری کۆچی لەوێ کوژرا، رایەکیش دەڵێت گۆڕەکەی لە بەیهەقە.[3]

ئەبووریفاعە دەڵێت گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) کە وتاری دەدا، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسێکی غەریبە هاتووە سەبارەت بە ئایینەکەی پرسیارت

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5389.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 49.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 139.

لێدەکات، پێغەمبەریش (ﷺ) روویکردە من و وازی لە وتارەکەی هێناو هات بۆ لام و کورسیەك هێنرا وابزانم پایەکانی لە ئاسن بوون، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دانیشت و فێری ئیسلامی دەکردم، دواتر چوو وتارەکەی تەواو کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی حارثی غامیدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی کەثیری غامیدیە، سەرەتا ناوی عەبدشەمس بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا و نامەیەکیشی بۆ نووسی، عەبدوڵا تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگ و فتووحاتەکاندا بەشداری دەکرد و لە جەنگی قادسیەدا ئاڵاهەڵگری هۆزەکەی بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی حارثی هاشمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموطەلیبی هاشمیە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ) سەرەتا ناوی عەبدشەمس بوو، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا عەبدوڵا، پێش ئەوەی فەتحی مەککە بکرێت، عەبدوڵا کۆچی کرد بەرەو مەدینەو دواتریش لە غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو و لە رێدا وەفاتی کرد و پێغەمبەر (ﷺ) لە جلێکی خۆیدا کفنی کرد.[3]

1 - صحيح مسلم، الرقم 1497، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1688، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 9488، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 5430، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20224.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 50.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 47.

عەبدوڵای کوڕی حارثی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حارثی کوڕی هیشەیەو لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[1]

عەبدوڵای کوڕی حەفص(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەفصی کوڕی غانمی قوڕەیشیە، یەکێك بووە لە هاوەڵە کۆچەرەکان و لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و ئاڵای کۆچەرانی بە دەستەوەو بوو و لە جەنگەکەشدا شەهید بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی حەکیم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەکیمی کوڕی حیزامە، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون و پێشتر لە پیتی (ح)دا باسی باوکیمان کردووە، ئەم هاوەڵە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتریش ژیا تا لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا لەناو سوپای عائیشەدا بەشداری جەنگی جەمەلی کرد و کوژرا.[3]

عەبدوڵای کوڕی حەنطەب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەنطەبی قوڕەیشیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی موطەلیب کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 51.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 61.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 62.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 64.

عەبدوڵا دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە تەماشایەکی ئەبووبەکر و عومەری کرد و فەرمووی(ئەو دوانە چاو و گوێن).[1]

عەبدوڵای کوڕی حەنظەلە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیرە، لە پشتیوانانە لەو ئەوسیەکان، خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، حەنظەلەی باوکی ناسراوە بە غەسیلولمەلائیکەو پێشتر لە پیتی(ح) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

شەوێك پێش غەزای ئوحود بوو کە حەنظەلە ژنی گواستەوە، حەنظەلە پێشتر داوای مۆڵەتی کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا شەو لای ژنەکەی بێت چونکە دەیگوازێتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا،[2] ئەوەبوو پاش نوێژی بەیانی هەمدی چوویەوە لای جەمیلەی ژنی و جیماعیان کرد، دواتر کە گوێی لە بانگەوازی جیهاد بوو چوو خۆی گەیاند بە سوپاکەی پێغەمبەر (ﷺ)،[3] پێش ئەوەی بکەوێتەڕێ جەمیلەی ژنی چوار کەس لە هۆزەکەی خۆی بانگ کرد و کردنی بە شاهید کە حەنظەلە چووەتە لای، ئەوانیش لێیان پرسی بۆچی شاهیدت لێگرت؟

1 - سنن الترمذي، الرقم 3691، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4380، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 654، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2091، حسنه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3671.

2 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 406.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4869، قال الذهبي إسناده مظلم.

جەمیلە وتی خەوم بینی ئاسمانی بۆ کراوەو حەنظەلە چوویە ئاسمان و دواتر ئاسمان داخرایەوە، منیش وتم ئەمە شەهیدبوونی حەنظەلەیە، بۆیە شاهیدم لەسەر گرت کە هاتوەتە لام، ئەوەبوو دواتر سکی کرد،[1] لەو سکەی عەبدوڵای بوو.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا هێشتا حەوتساڵان بوو،[3] واتە عەبدوڵا تەنها تەمەنی منداڵی لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بردووەتە سەر.

عەبدوڵا لە ساڵی شەست و سێی کۆچیدا کوژرا.[4]

## عەبدوڵای کوڕی حەوالە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حەوالەیەو کونیەکەی ئەبووحەوالە یان ئەبوو موحەممەدە، هەندێك بە ئەزدی و هەندێك بە ئەردەنی ناوزەدی دەکەن.[5]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئێوە دواتر دەبنە چەند دەستەیەکی سوپا، سوپایەك لە شام و سوپایەك لە عێراق و سوپایەك لە یەمەن)، منیش وتم ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بژاردەم بۆ بکە لە کام لا بم، فەرمووی (علیك

---

1 - دلائل النبوة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 406.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 221.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 220.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 221.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 67.

بالشام، فمن أبى فليلحق بيمنه وليسق من غدره، فإن الله تكفل لي بالشام وأهله)،[1] (بڕۆ بۆ شام، هەرکەس ئەوەی نەکرد با خۆی بگەیەنێت بە یەمەن و لە حەوزی ئاوی ئەویێ بخواتەوە، چونکە خوای گەورە زامنی شام و خەڵکەکەی بۆ کردوم).

عەبدوڵا چەندین فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو لە کتێبەکانی فەرموودەدا تۆمار کراون.

عەبدوڵا لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی هەشتای کۆچی لە شام کۆچی دوایی کرد.[2]

## عەبدوڵای کوڕی حوبشی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حوبشیە، عەبدوڵا دەڵێت جارێك پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ) چ کارێك چاکترینە؟ فەرمووی(إيمان لا شك فيه، وجهاد لا غلول فيه، وحجة مبرورة)، ئیمانێك کە هیچ گومانی تێدا نەبێت، وە جیهادێك کە هیچ فێڵ و ناپاکیەکی تێدا نەبێت، وە حەجێکی بێ تاوان و پاك، وترا ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی چ نوێژێك باشترینە؟ فەرمووی وەستانی درێژ بێت...[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7414، سنن أبي داود، الرقم 2137، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19859، المستدرك على الصحيحين، الرم 8634، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كماصححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 2483.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 68.

3 - سنن الدارمي، الرقم 1442، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2277، مسند احمد بن حنبل، الرقم 15104، قال شعيب الارناؤوط إسناده قوي، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 2526.

## عەبدوڵای کوڕی حوذافە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حوذافەی کوڕی قەیسی قورەیشی سەهمیە، لە کۆچەرانە، کونیەکەی ئەبووحوذافەیە، یەکێکە لە یەکەم دەستەی موسڵمانبوان، هەروەها یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە.[1]

دایکی ناوی تەمیمەی کچی حەرثانە، برایەکی هەبوو بەناوی خونەیس کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەبدوڵا هاودەم بە قەیسی برای کۆچی کرد بۆ حەبەشە و لە کۆچی دووەمی حەبەشەدا بەشدار بوو.[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵای وەك نێردراوی خۆی نارد بۆ لای کیسرای فارسەکان و کیسراش نامەکەی دڕاند.[4]

ئەبووسەعیدی خودری دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی نارد بە سەرکردایەتی عەلقەمەی کوڕی موجەززیز و منیش لە سریەکەدا بووم، لە نیوەی ڕێدا دەستەیەك لە سوپاکە داوای مۆڵەتیان لە عەلقەمە کرد و ئەویش مۆڵەتی دا پێیان و عەبدوڵای کوڕی حوذافەی کرد بە ئەمیریان، لە نیوەی ڕێدا بوون کە ئاگرێکیان کردەوە تا خۆیان گەرم بکەنەوە یان خواردنێك ئامادە بکەن، عەبدوڵا گاڵتەو سوعبەتێکی هەبوو، وتی مەگەر گوێڕایەڵی من لەسەرتان واجب نیە؟ وتیان با، وتی

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 11.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 189.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 213.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 214.

دەی فەرمانێکتان پێ بکەم چی دەڵێن؟ وتیان چی بڵێیت دەیکەین، وتی دەمەوێت خۆتان تل دەنە ناو ئەو ئاگرەوە، دەستەیەك هەستان ئەوە بکەن، خێرا عەبدوڵا وتی دەست راگرن، گاڵتەم لەگەڵ کردن، دواتر کە چووینەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرهاتەکەمان بۆ باسکرد، فەرمووی (من أمركم منهم بمعصية الله، فلا تطيعوه)،[1] (هەرکەس لەوان (سەرکردەکان) فەرمانی پێکردن بە سەرکەشی لە خوا ئەوە گوێڕایەڵی مەکەن).

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردم لە رۆژانی تەشریقدا هاوار بکەم ئەم رۆژانە رۆژانی خواردن و خواردنەوەن.[2]

ئەمەش لە حەجیماڵئاواییدا بوو و پێغەمبەر (ﷺ) چەند کەسێکی راسپارد تا بەناو خەڵکدا ئەو هاوارە بکەن.

عەبدوڵا پاش وەفاتی پێغەمبەری خواش (ﷺ) ژیا و بەشداری غەزا و فتووحاتەکانی کرد.

لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا عەبدوڵا بەشداری هێرشێك بوو بۆ سەر رۆمەکان، بەڵام لە جەنگەکەدا بەدیل گیرا، ئینجا برا بۆ لای پاشاکەیان، وتیان ئەمە لە هاوەڵانی موحەممەدە، ئەویش وتی دەبیت بە مەسیحی و نیوەی سامانی خۆم بدەم بە تۆ؟ عەبدوڵا وتی ئەگەر چیت هەیە و چی موڵکی هەموو

---

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 2860، صحيح ابن جبان، الرقم 4628، مسند احمد بن حنبل، الرقم 11414، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1318، جسنه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 2863.

2 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2816، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15431، صححه الألباني في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 3573.

پاشایانی عەرەبە بیدەیت بە من، هێندەی چاوترووکانێ وازناهێنم لە ئایینەکەی موحەممەد، پاشاکە وتی دەی دەتکوژم، ئەویش وتی چی دەکەیت بیکە، ئەوەبوو فەرمانی کرد و لەخاچ درا، پاشان بە تیرهاوێژەکانی وت تیرەکە بدەن لە نزیکی جەستەی و مەیکوژن، زوو زوو پێی دەوت دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش رازی نەدەبوو، ئینجا لەسەر خاچەکە دایانگرت و مەنجەڵێکی گەورە ئاوی کوڵاویان هێنا، دوو دیلی موسڵمانانی بانگ کرد و هێنران، فەرمانی کردو یەکێکیان خرایە ناو مەنجەڵەکەوە، ئینجا بە عەبدوڵای وت دەبیت بە مەسیحی؟ ئەویش وتی نابم، هاوکات دەگریا، بە پاشا وترا ئەو گریا، بۆیە وایزانی ترساوە، وتی بۆچی دەگریت، عەبدوڵا وتی من یەك گیانم هەیە دەرچێ، خۆزگە هێندەی تاڵەکانی سەرم گیانم هەبوایەو هەموویان لەپێناو خوادا دەخرانە ناو ئاگر، پاشا وتی ئامادەیت سەرم ماچ بکەیت و ئازادت بکەم؟ عەبدوڵا وتی ئەگەر هەموو دیلەکان ئازاد بکەیت بەڵێ، پاشا وتی بەڵێ، ئەویش سەری ماچ کرد و دیلەکانی لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ لای عومەر و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، خەلیفەش وتی ئەرکی سەرشانی هەر موسڵمانێکە سەری عەبدوڵا ماچ بکات و وا منیش خۆم دەست پێدەکەم، ئەوەبوو سەری عەبدوڵای ماچ کرد.[1]

هەر لەو ماوەی سزادانەیشدا جارێك برایە ژوورێك و مەی و گۆشتی بەرازی بۆ دانرا، سێ رۆژ بەس ئەوەی بۆ دانرا، ئەویش هیچی لێ نەخوارد، پاشا پێی وت بۆچی دەستت بۆ هیچیکامیان نەبردووە؟ ئەویش وتی لەبەر ناچاری بۆم حەڵاڵ بوو بیخۆم، بەڵام حەزم نەکرد تۆ دڵخۆش بکەم، ئینجا داوای کرد سەری ماچ بکات و لە

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 14.

بەرامبەردا دیلەکانی بۆ ئازاد بکات، ئەویش سەری ماچکرد، ئەوەبوو پاشاکە سێ سەد دیلی لەگەڵ ئازاد کرد و سی هەزار دینارو چەندین خەڵاتی تریشی پێدا.[1]

عەبدوڵا دواتر چوویە میصر و لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لەوێ کۆچی دوایی کرد.[2]

عەبدوڵای کوڕی حورەیث(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حورەیثی بەکریە، کچێکی هەبوو بە ناوی بەهیە کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

عەبدوڵای کوڕی حومەییر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی حومەییری ئەشجەعیە، براکەی ناوی خاریجەیە و ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەبدوڵا لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کرد.[4]

عەبدوڵای کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خالیدی کوڕی وەلیدە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی ناسراوی پێغەمبەر (ﷺ) و بە شمشێری خوا ناسراوە، پێشتر لە پیتی(خ) دا

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 15.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 215.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 60.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 219.

ژیانەکەیمان بە وردی هێناوە، بەڵگەی هاوەڵبوونی عەبدوڵا ئەوەیە کە لەگەڵ باوکیدا بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

عەبدوڵای کوڕی خەبباب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خەببابی کوڕی ئەرەتە، باوکی یەکێکە لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و پێشتر لە پیتی (خ) دا ژیانەکەیمان باسکردووە.

عەبدوڵا لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایك بوو، دواتر بە دەستی خەواریجەکان شەهید کرا.[2]

عەبدوڵای کوڕی خوبەیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی خوبەیبی جوهەنیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی موعاذ کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە.[3]

عەبدوڵا دەڵێت شەوێك باران دەباری و زۆر تاریك بوو، چووین بەدوای پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەگەڕاین تا نوێژمان بۆ بکات، بینیمان، فەرمووی نوێژتان کردووە؟ منیش هیچم نەوت، جاری دووەم فەرمووی بڵێ، منیش بێدەنگ بووم، بۆ جاری سێیەم فەرمووی بڵێ، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی بڵێم؟ فەرمووی (قل قل هو الله أحد والمعوذتين حين تمسي، وحين تصبح، ثلاث مرات تكفيك من كل

---

1 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 72.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 311.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 73.

شيء)،[1] (كە ئێوارە دێت و كە بەیانی دەكەیتەوە سێ جار سورەتی ئیخلاص و فەلەق و ناس بخوێنە، بەستە بۆ هەموو شتێك–لە هەموو شتێك بتپارێزێت–).

عەبدوڵای كوڕی راشید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای كوڕی راشیدی كیندیە، وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

عەبدوڵای كوڕی رافیع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای كوڕی رافیعی كوڕی سوەیدە، لە پشتیوانانە، یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[3]

عەبدوڵای كوڕی رەبیع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای كوڕی رەبیعی كوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە، یەكێكە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە، لە غەزاكانی بەدر و ئوحودیشدا بەشداری كرد.[4]

عەبدوڵای كوڕی رەبیعەی هاشمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای كوڕی رەبیعەی كوڕی حارثی كوڕی عەبدولموتەلیبی هاشمیە، دایكی ناوی ئومموحەكیمی كچی زوبەیرە، باوكیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و پێشتر لە پیتی (ر) دا باسمان كردووە.

1 - سنن أبي داود، الرقم 4440واالفظ له، سنن الترمذي، الرقم 3586، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7597، مسند احمد بن حنبل، الرقم 22053، حسنه شعيب الأرناؤوط، كما حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 5082.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 77.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 77.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 539.

## عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، کونیەکەی ئەبوومحەممەد یان ئەبووڕەواحە یان ئەبوو عەمرە، دایکی ناوی کەبشەی کچی واقیدە.[1]

عەبدوڵا یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوانی ناو پشتیوانان، هەروەها یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکەی شەوی بەیعەتی عەقەبە.[2]

عەبدوڵا لە هەریەك لە غەزاکانی بەدر و ئوحود و خەندەق و لە حودەیبیە و عومرەی پاش حودەیبیەشدا بەشداری کرد،[3] عەبدوڵا کە دەچوو بۆ غەزا، یەکەم کەس دەکەوتەڕێ و لەوسەریشەوە کۆتا کەس بوو دەگەڕایەوە.[4]

رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر وڵاخێ بوو، دەچوو بۆ سەردانی سەعدی کوڕی عوبادە، ئوسامەی کوڕی زەیدیش لەدوایەوە لەگەڵیدا سەرکەوتبوو، ئەمەش لەپێش جەنگی بەدردا بوو، دای بەلای کۆڕێکدا کە موسڵمانو جوولەکەو بتپەرستیشی تێدابوو، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلولیش لەوێ بوو، هەروەها عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەش لەوێ بوو، کاتێ تەپوتۆزی وڵاخەکە بەر کۆڕەکە کەوت، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی لووتی خۆی بە عەباکەی داپۆشی، ئینجا وتی تۆزمان بەسەردا مەکەن، پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی بۆ کردنو دواتر وەستاو بانگی کردن بۆ لای خواو قورئانی

1 - أسد الغابة، ج3، ص 237.

2 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص 898.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 526.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 84.

بەسەریاندا خوێندەوە، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول وتی هۆ کابرا، ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەگەر حەق بێت لەوە باشتر نیە، دەی ئیتر لە مەجلیسەکانماندا بێزارمان مەکەو بڕۆرەوە بۆ شوێنی خۆت، هەرکامان هات بۆ لات بۆی بخوێنەرەوەو قسەی خۆتی بۆ بکە، عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرە مەجلیسمان ئێمە دڵخۆشین بەوە، موسڵمانو بێباوەڕو جوولەکەکان بەینیان شلۆق بوو، خەریك بوو بدەن بە یەکدا، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئارامی کردنەوە، ئینجا سواری وڵاخەکەی بوویەوەو چوو بۆ لای سەعدی کوڕی عوبادە، پێی فەرموو ئەی سەعد نەتبیستووە ئەبووحوباب چی وتووە؟ مەبەستی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو، ئاوها و ئاوای وت، سەعد وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی خۆش بەو چاوپۆشی لێ بکە، سوێند بەوەی قورئانی بۆ دابەزاندویت خوای گەورە ئەو حەقە دێنێت کە بۆ تۆی ناردووە، خەڵکی ئەم ناوچە ڕێککەوتبوون بیکەن بە سەرگەورەی ئێرە، کە خوا تۆی بە حەق نارد ئەو بەوە بێزار بوو، بۆیە دەبینیت ئەوە دەکات کە لەبەرچاوتە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی پاش غەزای ئوحود بچێت بۆ بەدر کە وادەی بوو لەگەڵ قورەیشیەکان لەوێ ڕوبەڕووی یەکدی ببنەوە، عەبدوڵای وەك بەرپرسی مەدینە دانا تا دەگەڕێتەوە.[2]

جارێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(هەجوی قورەیش بکەن، چونکە ئەوە لە تیرباران کردنیان زۆر قورسترە بۆیان)، ئەوەبوو ناردی بەشوێن عەبدوڵای کوڕی ڕەواحەدا و فەرمووی(هەجویان بکە)، عەبدوڵاش بە شیعر کەوتە شکاندن و

1 - صحیح البخاري، الرقم 4299.

2 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 526.

هێرشکردنه سەر قورەیشیەکان، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) بەوە رازی نەبوو و ناردی بەشوێن کەعبی کوڕی مالیکدا، دواتر ناردی بەشوێن حەسسانی کوڕی ثابتدا.[1]

له غەزای خەندەقدا کاتێك خەندەق لێدەدرا، پێغەمبەریش (ﷺ) خۆی بەشداری کرد و خۆڵی دەگواستەوەو لەگەڵ ئیشەکەیدا شیعرێکی عەبدوڵای کوڕی رەواحە دووبارە دەکردەوە:

اللهم لولا أنت ما اهتدينا

ولا تصدقنا ولا صلينا

فأنزلن سكينة علينا

وثبت الأقدام إن لاقينا

إن الألى قد بغوا علينا

وإن أرادوا فتنة أبينا[2]

(خوایە گەر تۆ نەبوویتایە، رێنوێنیمان لەکوێ بوایە،نە نوێژمان دەبوو، نە رۆژویەك، سوکناییمان بۆ برژێنە، لە ساتی جەنگی دوژمنیش، پێچەسپاویمان پێ ببەخشە، ئەوان لێمان یاخی بون، خراپەیان بوێت رازی نابین).

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 4649.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3896.

لە عومرەی دوای رێککەوتنی حودەیبییەدا، عەبدوڵا هاودەم بە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ عومرەکەو بەشداری کرد، جا لەوێ لە کاتی رێڕۆیشتنی پێغەمبەردا (ﷺ) ئەم شیعرەی وت:

خلوا بني الكفار عن سبيله

اليوم نضربكم على تنزيله

ضربا يزيل الهام عن مقيله

ويذهل الخليل عن خليله

عومەری کوڕی خەططاب وتی ئەی کوڕی رەواحە لە حەرەمی خوادا و لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئەو شیعرە دەڵێیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(وازی لێ بێنە ئەی عومەر، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، وتەکەی لە تیر بەرکەوتن سەختترە بۆیان–بۆ قورەیشیەکان).[1]

جارێك عەبدوڵای کوڕی رەواحە بە هاوڕێیەکی خۆی وت وەرە با ساتێك ئیماندار بین،کابرا وتی مەگەر ئێمە ئیماندار نین؟ عەبدوڵا وتی با، بەڵام یادی خوا بکەین تا ئیمانمان زیاد بکات.[2]

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2501واللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 5867، سنن الترمذي، الرقم 2848وقال حسن صحيح، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3728، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19566، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3298، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي.

2 - شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 49.

ژنەکەی عەبدوڵا کە پاش شەهیدبوونی عەبدوڵا شووی کردەوە، بە مێردەکەی تری دەوت: عەبدوڵا کە دەیویست بچێتە دەرەوە دوو رکات نوێژی دەکرد، کە دەشهاتەوە ماڵەوە دوو رکات نوێژی دەکرد، هەمیشە ئاوا بوو و قەت لەبیری نەدەچوو.[1]

جارێك عەبدوڵا لای ژنەکەی راکشابوو، دواتر چوو بۆ لای کەنیزەکەکەی و لەگەڵیدا جووت بوو، ژنەکەی سەیری جێگەکەی کرد عەبدوڵای نەبینی، هەستا و چوو عەبدوڵای لەگەڵ کەنیزەکەیدا بینی، خێرا چوویەوە بۆ ماڵەوەو چەقۆیەکی هەڵگرت و هات بەرەو لای عەبدوڵا، عەبدوڵاش لە سەرجێی تەواو بووبوو، کە ژنەکەی بینی وتی چیتە؟ ژنەکەی وتی چیمە؟ ئەگەر فریات دەکەوتم بەم چەقۆیە پشتم لەت دەکردیت، عەبدوڵا وتی چیت لێ دیوم؟ ژنەکەی وتی بینیم بەسەر کەنیزەکەی خۆتەوە boویت، عەبدوڵا وتی تۆ ئەزانیت پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێکردوین ئەگەر یەکێکمان لەشگران بوو قورئان بخوێنێت، جا وا-بۆ دڵنیابوونی تۆ کە من لەگەڵ کەنیزەکەم جووت نەبوم- قورئان دەخوێنم، ژنەکەی وتی ئادەی، عەبدوڵاش بەم شیعرە وتی:

أتانا رسول الله يتلو كتابه

كما لاح مشهور من الفجر ساطع

أتى بالهدى بعد العمى فقلوبنا

به موقنـــات أن مـــا قال واقع

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 233، صححه ابن جر في الإصابة، ج3، ص 84.

يبيت يجافي جنبه عن فراشه

إذا استثقلت بالمشركين المضاجع

ژنەکەی کە ئەوەی بیست بڕوای پێکرد و وتی بڕوام بە خوا هێنا و چاوەکانم بەدرۆ خستەوە، کە ڕۆژ بوویەوە عەبدوڵا چوو بەسەرهاتەکەی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) کە بەسەرهاتەکەی بیست دەستی کرد بە پێکەنین تا ددانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن.[1]

جارێك عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە دەچوو بۆ مزگەوت، نزیك بوویەوە لە مزگەوت و گوێی لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە وتاری دەدا و فەرمووی(دابنیشن)، عەبدوڵاش هەر لە دەرەوە دانیشت، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەوەی بیستەوە، بە عەبدوڵای فەرموو (خوای گەورە سوور بونت لەسەر گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی زیاد بکات).[2]

ئەبوودەرداء دەڵێت جاری وا هەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەردەچووین، ڕۆژەکە زۆر گەرم دەبوو، کەس نەبوو بەڕۆژوو بێت جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) و عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە.[3]

ڕۆژێك عەبدوڵا نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانی، نزای بۆ کرد و فەرموی(خوایە ئەگەر ئەجەلی هاتووە لەسەری سووك بکە، ئەگەریش ئەجەلی نەهاتووە شیفای بدە)، عەبدوڵا کەمێك هاتەوە هۆش خۆی و وتی

---

1 - سنن الدارقطني، الرقم 374.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 2511، صححه ابن حجر في الإصابة، ج3، ص 84.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 233.

ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایکم دەیوت کێوەکەم ڕۆ، پشتی شکاوم، فریشتەیەکیش چەکوشێکی ئاسنینی پێ بووو دەیوت تۆ وایت؟ جا ئەگەر بموتایە بەڵێ، بەوە شەت و پەتی دەکردم.[1]

عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە لە غەزای موئتەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.

موئتە لە خوارووی بەلقا بوو ماوەیەك دوور بوو لە شام، ئەوەبوو لە مانگی جەمادیلئوولادا پێغەمبەر (ﷺ) بە نامەیەکەوە حارثی کوڕی عومەیری ئەزدی نارد بۆ لای پاشای بوصرا، کەچی کە گەیشتە موئتە شورەحبیلی کوڕی عەمری غەسانی ڕێی پێ گرت و کوشتی، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی لەسەر سەخت بوو، بۆیە سوپایەکی نارد کە نزیکەی سێ هەزار کەس دەبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمیری خەڵکەکە زەیدی کوڕی حارثەیە، ئەگەر کوژرا ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا ئەوە عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئەمیرە، ئەگەر ئەویش کوژرا با موسڵمانان بە ڕەزامەندی خۆیان لەنێو خۆیاندا کەسێك دیاری بکەن و بیکەنە ئەمیریان)، پێغەمبەر (ﷺ) ئاڵایەکی سپی دایە دەست زەیدی کوڕی حارثەو وەسیەتی کرد بۆیان تا بچنە شوێنی کوژرانەکەی حارثی کوڕی عومەیر و خەڵکی ئەوێ بانگ بکەن بۆ ئیسلام، ئەگەر موسڵمان بوون باشە، ئەگەرنا پشت بەخوا ببەستن و دژیان بجەنگن، خۆیشی بۆ بەڕێکردنیان لەگەڵیان چوو تا گەیشتە (ثنیة الوداع)، ئیتر لەوێ وەستا و ماڵئاوایی کرد لێیان، موسڵمانانیش نزایان دەکرد بۆیان و دەیانوت خوا بتانپارێزێ و بە چاکی و دەستکەوتەوە بتانگێڕێتەوە،

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 232.

دوژمنیش ئەم هەواڵەی بیست و سوپای کۆکردەوەو شورەحبیل نزیکەی سەد هەزار سەربازی کۆکردەوەو دەستەی پێشڕەوی نارد.

کاتێك موسڵمانان گەیشتنە خاکی شام و هەواڵی زۆری سوپای دوژمن و هاتنی هیرەقلیشیان بە سوپایەکەوە بیست کە نزیك لەو ناوچە بوو، وتیان با نامە بنێرین بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا بزانین فەرمان بە چی دەکات، بەڵام عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە موسڵمانانی هاندا تا درێژە بدەن بە چوونەکەیان، ئەوەبوو درێژەیان دا بە چوونەکەیان تا گەیشتنە موئتە، دوژمنیش بە سوپایەکی گەورەوە هاتن و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، زەید بە ئاڵاکەوە جەنگا تا ڕمێکی بەرکەوت و شەهید بوو، ئینجا جەعفەری کوڕی ئەبووطالیب ئاڵاکەی گرتەدەست و لەسەر ئەسپەکەی دابەزی و دەمارێکی پێی ئەسپەکەی بڕی تا نیشانی بدات ڕاکردن نیە، ئینجا جەنگا تا سەربازێکی ڕۆمی بە شمشێر لێیدا و وا لێیدا کردی بە دوو بەشەوە، یەکێك لە بەشەکانی جەستەی نزیکەی سی و ئەوەندە برینداری پێوە بوو، بە هەموو جەستەیەوە نزیکەی حەفتاو ئەوەندە برینداری بینرا چ لە بەرکەوتنی شمشێر یان ڕم بێت، ئینجا عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە ئاڵاکەی هەڵگرت و ئەویش جەنگا تا کوژرا، ئینجا موسڵمانان ئاڵاکەیان دایە دەست خالیدی کوڕی وەلید و ئەویش بە پلانێکی سەرکەوتوو توانی پاشەکشە بکات بە سوپای موسڵمانان.[1]

زەیدی کوڕی ئەرقەم کە هەتیو بوو و لای عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە بووو ئەو سەرپەرشتی دەکرد، لە غەزای موئتەدا هاودەم بە عەبدوڵا چوو و بەشداری کرد، جا لەوێ کە شەو داهات عەبدوڵا بە هێواشی شیعری دەهۆنیەوەو تیایدا ئاواتی بە

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 128-129.

شەهیدی دەخواست، زەید کە ئەو شیعرەی بیست دەستی کرد بە گریان، عەبدولاش بە گۆچانەکەی دەستی تێیخوڕی و وتی لاسار تۆ چ زەرەرێك دەکەیت خوا شەهیدی بە من ببەخشێت و تۆیش لەگەڵ کاروانەکە بگەڕێیتەوە.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی کوژرانی جەعفەر و زەید و عەبدولای کوڕی ڕەواحەی بیست دانیشت و خەفەت دەموچاوی داگرتبوو،[2] ئینجا دەیفەرموو (خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە زەید خۆش بیت، خوایە لە جەعفەر خۆش بیت، لە عەبدولای کوڕی ڕەواحە خۆش بیت).[3]

## عەبدولای کوڕی زەمعە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولای کوڕی زەمعەی کوڕی ئەسوەدی قورەیشی ئەسەدیە، دایکی ناوی قریبەی کچی ئەبی ئومەییەیە، خوشکەزای ئوممسەلەمەی دایکی باوەڕدارانە.[4]

عەبدولا ژنێکی هەبوو بە ناوی زەینەبی کچی ئەبی سەلەمە کە ئەم منداڵانەی لێی هەبوو (عەبدوڕەحمان، یەزید، وەهب، ئەبووسەلەمە، کەبیر، ئەبووعوبەیدە، قەریبە، ئوممکلثوم، ئوممسەلەمە).[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 84-85.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1250، صحيح مسلم، الرقم 1602، صحيح ابن حبان، الرقم 3204، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1953، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6678، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23755.

3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 11769،

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 95.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 461.

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(لا يجلد أحدكم امرأته جلد العبد، ثم يجامعها في آخر اليوم)،[1] (کەس لە ئێوە وێنەی لێدانی کۆیلە نەدات لە ژنەکەی و دواتریش لە کۆتایی ڕۆژدا لەگەڵیدا جووت بێت).

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت کاتێك نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەسێك بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان،[2] دواتر عومەر پێی وتم ماڵوێران بیت ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[3]

عەبدوڵا لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا لە ڕووداوی الحرة دا بە دەستی سەربازانی حەججاجی کوڕی یوسف کوژرا.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4911.

2 - سنن أبي داود، الرقم 4062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 95.

## عەبدوڵای کوڕی زەید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زەیدی کوڕی ثەعلەبەیە، لە پشتیوانانە، چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدرو ئوحود، سەبارەت بە کاتی وەفاتی دوو را هاتووە، رایەك دەڵێت لە جەنگی ئوحوددا شەهید بووە، رایەکیش دەڵێت لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا وەفاتی کردووە، بەڵام رای یەکەم دروستە.[1]

## عەبدوڵای کوڕی زەیدی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زەیدی کوڕی عاصمە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە مازنیەکان.[2]

سەبارەت بە بەشداریکردنی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام بۆ بەشداریکردنی لە غەزای ئوحوددا یەکدەنگی هەیە.[3]

عەبدوڵا چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە: عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) بۆ نوێژە بارانە عەباکەی هەڵگێڕایەوە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 97.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 253.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 99.

4 - صحيح البخاري، الرقم 979، صحيح مسلم، الرقم 1534، صحيح ابن خزيمة، الرقم 1321، صحيح ابن حبان، الرقم 2917، سنن أبي داود، الرقم 998.

عەبدوڵا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و دەستی هەبوو لە کوشتنی موسەیلەمەی درۆزندا، لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕواندا لە روداوی الحرة دا کوژرا.[1]

## عەبدوڵای کوڕی زوبەیری هاشمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قورەیشی هاشمیە، ئامۆزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، دایکی ناوی عاتیکەی کچی ئەبی وەهبە، لە غەزای حونەیندا لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوەو بەرگری لێدەکرد، عەبدوڵا لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، لە جەنگەکەدا دەیان سەربازی رۆمەکانی کوشت تا دواجار خۆیشی شەهید بوو، نزیکەی سی و سێ ساڵان دەبوو.[2]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 98.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 89.

عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووامی کوڕی خوەیلیدی قورەیشی ئەسەدیە، یەکێکە لە هاوەڵە گەنجەکانی دەوری پێغەمبەر (ﷺ)، کونیەکەی ئەبووبەکر و ئەبووخوبەیبیشە.[1]

زوبەیری باوکی یەکێك بوو لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و یەکێك بوو لە دە موژدەپێدراوەکانی بەهەشت، پێشتر لە پیتی(ز) دا بە وردی ژیانەکەیمان باس کردووە.

دایکی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکر بوو، ئەسمائی کچی ئەبووبەکری صدیق کە یەکێکە لە ئافرەتە زۆر خواناسەکان و خوشکە گەورەی عائیشەی دایکی باوەڕدارانە، واتە زوبەیر ئاوزاوای پێغەمبەر (ﷺ) بوو، لەگەڵ ئەم ژنەی کۆچی کرد بۆ مەدینەو لەوێ چەند منداڵێکی بوو، عەبدوڵا، عوروە، مونذیر،[2] عاصم، موهاجیر، خەدیجەی گەورە، ئوممولحەسەن، عائیشە.[3]

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص 905.
2 - أسد الغابة، ج7، ص 12.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 100.

لەدایکبوونی عەبدوڵا:

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە یەکەم ساڵی کۆچیدا لەدایك بوو و یەکەم مناڵی لەدایکبووی کۆچەران بوو پاش کۆچ بۆ مەدینە.[1]

ئەسمائی دایکی باسی سکپڕی خۆی بە عەبدوڵا و لەدایکبوونی عەبدوڵاوە دەکات و دەڵێت سکم هەبوو، کە گەیشتمە مەدینەو لە قوبائدا دابەزیم، لەوێ منداڵەکەم بوو، دواتر منداڵەکەم بردە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و خستمە کۆشی، ئەویش داوای خورمایەکی کرد و خورماکەی مژی و دواتر خستیە دەمی منداڵەکەوە، یەکەم شت چوویە ناو سکی منداڵەکەمەوە، لیکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، دواتر خورماکەی هێنا بە دەم و لێوی منداڵەکەدا،[2] جا موسڵمانان بە بیستنی هەواڵی لەدایکبوونی عەبدوڵا تەکبیریان دەکرد، چونکە جولەکەکان دەیانوت جادوویان کردووە لە موسڵمانان منداڵی کوڕیان نەبێت، کەچی بەوە خوای گەورە جولەکەکانی بەدرۆ خستەوە.[3]

عەبدوڵا تەمەنی نزیکەی حەوت یان هەشت ساڵان دەبوو کە زوبەیری باوکی بردی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا بەیعەت بدات، پێغەمبەر (ﷺ) کە بینی وا عەبدوڵا دێت، بزەیەکی کرد و بەیعەتی لێوەرگرت.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 90.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3717، صحيح مسلم، الرقم 4093، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26336.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 230.

4 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20198.

دواتر زوبەیر ئەسمائی تەڵاق داو ئەسمائیش لای عەبدوڵای کوڕی مایەوە.

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر دەڵێت لە غەزای خەندەقدا من و عومەری کوڕی ئەبی سەلەمە لەو شوێنە بووین کە ژنەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ بوون، جا یەکترمان بەرز دەکردەوە تا لە سەروو دیوارەکەوە تەماشای جەنگەکە بکەین، جا کاتێك عومەر منی بەرز کردەوە دەمبینی باوکم هەڵمەتی دەبرد بۆ بەنی قورەیضەو لەگەڵیاندا جەنگی دەکرد،[1] عەبدوڵا کە ئەمەی گێڕایەوە بۆ باوکی، زوبەیر وتی رۆڵە گیان ئەوکات منت بینی؟ وتی بەڵێ، زوبەیر وتی ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کێ دەچێت هەواڵی بەنی قورەیضەم بۆ بهێنێت، منیش چووم، کە هاتمەوە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم.[2]

## عەبدوڵا لە سەردەمی راشیدیندا

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری صدیقدا هێشتا تەمەنێکی کەمی هەبوو، لەو ماوەو دواتریشدا نازی بێشوماری عائیشەی پووری هەبوو، هاوکات سوودێکی زۆری وەردەگرت لە زانستی دایکی باوەڕداران عائیشە، عوروەی برای عەبدوڵا دەڵێت خۆشەویستترین کەس لای عائیشە لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکرەوە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو.[3]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 50.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3536، صحيح مسلم، الرقم 4541.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3334.

عەبدوڵا لە سەرەتای تەمەنی پێگەیشتنیدا بوو کە هاودەم بە باوکی بەشداری جەنگی یەرمووکی کرد، لەو جەنگەدا هاودەم بە زوبەیری باوکی چوو بەشداری کرد، بەڵام بەشداری جەنگەکە نەبوو، بەڵکو زوبەیر تەنها بۆ راهێنان ئەوی برد و دوو کەسی راسپاردبوو تا ئاگاداری بن.[1]

جارێك عومەری کوڕی خەططاب چوو بە کۆڵانێکدا کە برێك منداڵ یارییان دەکرد و عەبدوڵاش لەنێویاندا بوو، منداڵەکان هەموو رایانکرد تەنها عەبدوڵا نەبێت، عومەری کوڕی خەططاب وتی بۆچی تۆیش راتنەکرد؟ عەبدوڵا وتی تاوانم نەکردووە تا لێت بترسم، رێگەکەش تەنگ نیە تا رێت بۆ فراوان بکەم.[2]

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا بەشداری جەنگ و فتووحاتی کرد، بەشداری ئەو هێرشە بوو کە برا بۆ فەتحی قوسطە نطینیە.[3]

عەبدوڵا دەڵێت جارێك پرسیارم کرد لە باوکم وتی بۆچی دەتبینم وەك فڵان و فڵان نیت هێندە فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بگێڕیتەوە؟! ئەویش وتی من هەمیشە لەگەڵ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم، بەڵام لێم بیستووە دەیفەرموو (من

1 - صحيح البخاري، الرقم 3776.
2 - الكامل في التأريخ، ج4، ص 128.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 333.

كذب علي فليتبوأ مقعده من النار)،[1] (هەرکەس درۆم بەدەمەوە بکات با شوێنی خۆی لە دۆزەخ دیاری بکات).

عەبدوڵا لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا یەکێك بوو لەوانەی نوسخەکانی قورئانیان نووسیەوە.[2]

هەروەها عەبدوڵای کوڕی زوبەیر یەکێك بوو لە بەشداربوانی فتووحاتی ئەفریقیا، لەو سوپایەدا کە عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرح سەرکردایەتی دەکرد، هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەشدار بوون، سوپای جەرجیری پاشای بەربەرەکانیش بە زیاد لە سەد هەزار جەنگاوەرەوە هات، سوپای موسڵمانانیش نزیکەی بیست هەزار جەنگاوەر بوو، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر جەرجیری بینی لە دوای سوپاکەوە بوو و دوو کەنیزەك باوەشێنیان دەکرد، بۆیە داوای لە ئەمیری سوپا کرد بڕێك کەسی لەگەڵ بنێرێت تا بچێت جەرجیر لەناوبەرێت، ئەویش بڕێك کەسی لەگەڵ نارد، عەبدوڵا چوو و سوپای دوژمنیش وایانزانی نامەی پێیەو دەیبات بۆ پاشاکەیان، چونکە بڕوایان نەدەکرد وا بچێت بەدەم مەرگەوە، عەبدوڵا کە گەیشتە لای جەرجیر، خێرا جەرجیر هەستی بە مەترسی کرد و رایکرد، بەڵام عەبدوڵا بە رمەکەی لێیدا و بە شمشێرەکەی سەری جەرجیری لێکردەوەو سەرەکەی بە رمەکەی بەرز کردەوەو تەکبیری کرد، بەوە بەربەرەکان پەرتەوازە بوون و رایاندەکرد و موسڵمانانیش کەوتنە کوشتن و گرتنیان.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 106،

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 217.

3 -البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 152.

لەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان گەمارۆ درا، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هاودەم بە ئیبن عومەر و حەسەن و حوسەین و مەڕوان و ئەبووهورەیرە و ژمارەیەکی تر وەستان تا بەرگری لە خەلیفە بکەن، خەلیفەش سوێندی دان کە وازبهێنن و بچنەوەماڵەوە،[1] بەڵام عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانی کوڕی حەکەم نەچوونەوەو بەرگرییان کرد، عەبدوڵا چەندین شمشێر و تیری بەرکەوت و زۆر بریندار بوو، هەروەها حەسەنی کوڕی عەلی و مەڕوانیش بریندار بوون.[2]

کاتێك هەواڵی شەهیدبوونی عوثمان گەیشت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب، عەلی تەواو شڵەژا و هاودەم بە طەلحەو زوبەیر و سەعد چوون بۆ لای عوثمان و بینییان کوژراوە، عەلی تووڕە بوو لە حەسەن و حوسەین و وتی ئێوە لەبەر دەرگا بوون و هێشتتان ئەمیری باوەڕداران بکوژرێت؟! ئەوانیش وتیان ئێمە ئاگادار نەبوین بە کوژرانی، عەلی دەستی بەرزکردەوەو بۆگزێکی دا لە حەسەن و دای بەسەر سنگی حوسەینیشدا، قسەشی وت بە موحەممەدی کوڕی طەلحەو عەبدوڵای کوڕی زوبەیر.[3]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 181.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 188.

3 0 الثقات لابن حبان، ج2، ص 265.

عەبدوڵا لە کاتی کوژرانی باوکیدا

**عەبدوڵا هاودەم بە زوبەیری باوکی بەشداری جەنگی جەمەلی کرد.**

**عەبدوڵا دەڵێت لە سەرەتاوە باوکم منی بانگ کرد و منیش لە کەناریەوە وەستام، باوکم وتی: کوڕی شیرینم ئەمڕۆ هەرکەس دەکوژرێت یان ستەمکارە یان ستەم لێکراوە، من وادەبینم ئەمڕۆ بە ستەملێکراوی دەکوژرێم، گەورەترین خەمیشم قەرزەکانمە، پێت وایە قەرزەکەت هیچ لە ماڵ و سامانمان بهێڵێتەوە؟ پاشان وتی کوڕە شیرینەکەم، ئەوەی هەمانە بیفرۆشەو قەرزەکەم بدەرەوە، ئینجا وەسیەتی کرد بۆ هەرچیەکی تر کە بمێنێتەوە.[1]**

**عەلی بە زوبەیری وت سوێندت دەدەم بە خوا تۆ گوێت لە پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو کە پێی دەفەرموویت تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگێیت و تۆیش ستەمی لێدەکەیت؟ ئەویش وتی بەڵێ، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فەرموودەیەم بیردەکەوێتەوە، بۆیە کەناری گرت.[2]**

**ئینجا بە سوارەکەیەوە بە ناو ریزەکاندا دەگەڕایەوە، عەبدوڵای کوڕی وتی باوکە چیتە؟ زوبەیر وتی عەلی فەرموودەیەکی بۆ باسکردم کە من خۆم لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستبوو پێی فەرمووم (تۆ لەگەڵ عەلی دەجەنگیت و ستەمیشی لێ دەکەیت)، بۆیە لەگەڵی ناجەنگم، عەبدوڵا وتی بۆچی بۆ جەنگ هاتبوویت؟ تۆ هاتبوویت تا نێوانی خەڵکەکە رێکبخەیت و خوا بە هۆی تۆوە ئەم بارە رێکبخات، زوبەیر وتی سوێندم خواردووە جەنگ نەکەم، عەبدوڵا وتی دەی جیرجیسی کۆیلەت**

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2978.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5553.

ئازاد بکەو بوەستە تا نێوانی خەڵك ڕێکبخەت، ئەویش کۆیلەکەی ئازاد کرد و ڕاوەستا، بەڵام خەڵکەکە جیاوازی زیاتری تێکەوت، بۆیە بە ئەسپەکەیەوە چوو.[1]

زوبەیر کە چوو دای بە لای سەربازگەکەی ئەحنەفدا، ئەویش وتی کێ دەچێت هەواڵێکی ئەمەم بۆ وەربگرێت، ئیبن جرمووز وتی من، ئەوەبوو کەوتە شوێن زوبەیر، کە گەیشت بە زوبەیر، زوبەیر زۆر تووڕە بوو، وتی چیتە؟ ئیشت چیە؟ وتی هاتوم تا پرسیارێکت لێ بکەم، عەطیە کە خزمەتکارێکی زوبەیر بوو و لەگەڵ زوبەیر بوو وتی ئەو چەکی پێیە، بەڵام زوبەیر گوێی پێ نەدا، ئیبن جرمووز وتی کاتی نوێژە، ئەوەبوو دابەزین تا نوێژ بکەن، کەچی ئیبن جرمووز خۆی خستە پشتی زوبەیر و لە پشتەوە کەلەبەری زرێپۆشەکەی کردە ئامانج و دای لە زوبەیر و کوشتی و ئەسپ و چەکەکەشی برد، دواتریش وازی لە خزمەتکارەکەی هێنا، خزمەتکارەکەشی تەرمی زوبەیری ئەسپەردە کرد و دواتر چوو هەواڵەکەی بردەوە بۆ خەڵکەکە.[2]

عەبدوڵا جڵەوی وشترەکەی عائیشەی پووری گرتبوو و ئاگاداری پووری بوو و هیچ قسەیەکیشی نەدەکرد، لەو کاتەدا ئەشتەری نەخەعی هەڵمەتی بۆ برد و یەکتریان بریندار کرد، عەبدوڵا لە جەنگی جەمەلدا هێندە بریندار بوو کە دەوترێت نزیکەی سی و حەوت برینی پێوە بووە.[3]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5552، حسنه الألباني بل صححه للوجه الثاني للسند في سلسلة الاحاديث الصحيحة، الرقم 2659.

2 - تاريخ الطبري، ج3، ص 55.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 244.

عەبدوڵا پاش شەهیدبوونی باوکی

کاتێك بارەکە هێور بوویەوە، ئینجا عەبدوڵا دەستی کرد بە دانەوەی قەرزەکانی باوکی، زوبەیر دەڵێت حسابم کرد قەرزەکانی نزیکەی ملیۆنێك و دووسەد هەزار دەبوو، گەیشتم بە حەکیمی کوڕی حیزام، وتی برازاکەم قەرزەکەی براکەم چەندە؟ منیش حەزم نەکرد بیڵێم چەندە، وتم دووسەد هەزار، وتی دەی بڕوا ناکەم ئەوەی هەتانە بەشی دانەوەی بکات، منیش وتم ئەی ئەگەر ملیۆنێ و دووسەد هەزار بێت چی؟ وتی وا نابینم بتوانن بیدەنەوە، ئەگەر پەکت کەوت پێم بڵێ یارمەتیت دەدەم، عەبدوڵا باخەکەی زوبەیری فرۆشت بە ملیۆنێك و شەش سەد هەزار، دەیوت کێ قەرزی لای زوبەیر بووە با بێت باخەکەمان لێ بکڕێت، عەبدوڵای کوڕی جەعفەر هات کە چوارسەد هەزاری لای زوبەیر بوو، وتی حەز دەکەن مەمدەنەوە، حەزیش دەکەن دوای خەن، عەبدوڵا وتی نا، ئەویش وتی دەی پارچەیەکی باخەکەم بدەنێ، بەوجۆرە باخەکەی بەش بەش فرۆشت و هەموو قەرزەکەی دایەوەو زیاد لە چوارسەد هەزاریشی بۆ مایەوە.[1]

عەبدوڵا یەکێك بوو لە ئامادەبوانی تەحکیم وەك چۆن ژمارەیەکی زۆری خەڵك ئامادەی بوون.[2]

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا عەبدوڵا و حەسەنی کوڕی عەلی چوون بۆ لای موعاویە، موعاویە کە حەسەنی بینی، وتی مەرحەبا لە نەوەی

---

1 - المنتظم لابن الجوزي، ج5، ص 110.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 282.

پێغەمبەر (ﷺ)، ئینجا فەرمانی کرد سێ سەد هەزاری پێ بدرێت، بە عەبدوڵاشی وت مەرحەبا لە پوورزای پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمانی کرد سەد هەزاری پێ بدرێت.[1]

کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەیعەتی نەدا، هەریەك لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا،[2] بەڵام موعاویە بە نابەدڵی بەیعەتی وەرگرت لێیان، دواتر کە موعاویە مرد حوسەین و عەبدوڵا بەیعەتیان نەدا بە یەزید.[3]

کاتێك موعاویە مرد یەزید نامەی نارد بۆ وەلیدی کوڕی عوقبە کە والی مەدینە بوو، داوای لێکرد بەیعەتی بۆ وەربگرێت، وتی سەرەتا لە کەسە بەناوبانگەکانەوە دەست پێ بکەو لەگەڵ حوسەین نەرمونیان بە، وەلیدیش ناردی بە شوێن حوسەین و ئیبن زوبەیردا، هێشتا شەو بوو، داوای کرد لە هەردووکیان بەیعەت بدەن بە یەزید، ئەوانیش وتیان با بەیانی بێتەوە بزانین خەڵکی چی دەکەن، هەر ئەو شەوە لە مەدینە دەرچوون بەرەو مەککە، کە گەیشتنە ئەوێ حوسەین لەماڵی عەبباس دابەزی، عەبدوڵای کوڕی زوبەیریش لە ماڵی حجر دابەزی و بەیانی و ئێوارە سەردانی حوسەینی دەکرد و بەردەوام خەڵکی هاندەدا دژی ئومەویەکان، عەبدوڵا داوای لە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 137.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 79.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 291-292.

حوسەین دەکرد بەرەو عێراق بچێت و دەیوت ئەوان هەواداری تۆن، بەڵام ئیبن عەبباس بەردەوام ڕێگری لێدەکرد و دەیوت کاری وا نەکەیت.[1]

بەڵام لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کاتێك حوسەینی کوڕی عەلی ویستی بچێت بۆ عێراق، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر حوسەینی دواند کە بۆچی دەچێت، حوسەین وتی بەیعەتی چل هەزار کەسم بۆ هاتووە کە تەڵاق و بەڵێنی مەرگیان داوە لەگەڵ منن، عەبدوڵاش ئاگاداری دەکردەوەو دەیوت دەچیت بۆ لای خەڵکێك کە باوکی تۆیان کوشت و براکەشیان دەرکردیت؟![2]

عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەییاش کە لە عومرەوە دەهاتنەوە چوون بۆ لای حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، ئیبن عومەر وتی بۆ خاتری خوا بگەڕێنەوە بۆ ئەو بارەی خەڵکی تێدان و بۆ خەڵك باشترە و پەلە مەکەن، ئەگەر خەڵکی هەموو ڕازی بوون پێی ئەم دوانەش خۆتان جیا مەکەنەوە، ئەگەریش خەڵکی هەموان لەسەری ڕازی نەبوون ئەوکات ئەوەی دەتانەوێت بیکەن.[3]

کاتێك حوسەین ویستی بچێت بۆ عێراق، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر چوو بۆ لای حوسەین و وتی پێم باشە نەچیت بۆ کووفەو لە حیجازەوە ئەو کارە دەست پێ بکەیت و ئێمەش دژایەتیت ناکەین و پشتیوانت دەبین و بەیعەتت پێ دەدەین، بەڵام

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 295.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 161.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 296.

حوسەین زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی جەنگ و ئاژاوەیەك رووبدات نەكەوێتە مەككەو مەدینەوە، بۆیە ئامادەیی نەبوو لە حیجازەوە دەست پێ بكات.[1]

دوای حوسەینی كوڕی عەلی، لەملاوە عەبدولای كوڕی زوبەیر لە حیجازەوە راپەڕی، بۆیە یەزید موسلیمی كوڕی عوقبەی نارد بۆ حیجاز و گەمارۆی مەدینەی دا تا ئیبن زوبەیر لەناو ببات، ئەوەبوو رووداوی دڵتەزێنی الحرة روویدا، دواتر لەوێوە چوو بەرەو مەككە تا ئیبن زوبەیر لەناو بەرێت، بەڵام لە رێدا مرد، بۆیە یەزید حوصەینی كوڕی نومەیری لە شوێنیدا دانا و حوصەین چوو گەمارۆی مەككەی دا و زیانی زۆری بە مەككە گەیاندو تیایدا بەشێك لە كەعبە بە دەستی هێرشی ئومەویەكان سووتا،[2] لەو ماوەدا دەستەیەك لە خەواریجەكان پشتگیری عەبدولای كوڕی زوبەیریان دەكرد، بەڵام دواتر كە خیلافەتی راگەیاند، پاشگەز بوونەوە، چونكە زانییان عەبدولا عوثمانی كوڕی عەففانی خۆشویستووەو لێی رازی بووە، بۆیە لەبری پشتیوان بوون بە دوژمنی.[3]

بەڵام یەزید ئەو ئاواتەی هەیبوو بە لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیبن زوبەیر نەهاتەدی تا مرد.[4]

دوای مردنی یەزید ئەو سوپایەی چووبوو بۆ لەناوبردنی عەبدولا گەڕایەوە بۆ شام، بەوە قەڵەمڕەوی عەبدولا لە حیجاز زیادی كرد.[5]

---

1 - الكامل في التاريخ، ج3، ص 400.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 247.
3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 234.
5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 238.

## دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر

پاش مردنی یەزید و هاتنی موعاویەی کوڕی کە پیاوێکی زۆر خواناس بوو و کەم ژیاو وەفاتی کرد و کەسی لە دوای خۆی دیاری نەکرد، ئیتر بۆشاییەك لە دەسەڵاتدا دروست بوو، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ عەبدوڵا تا بەیعەتی پێ بدرێت و ببێتە خەلیفە،[1] گرنگتر لە هەمووی موعاویەی کوڕی یەزید پێش مەرگی خۆی بەیعەتی بۆ هیچ کەس وەرنەگرت.[2]

عەبدوڵا لە مەککەوە خیلافەتی ڕاگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێك بەیعەتیان پێ نەدا، عەبدوڵا ئومەویەکانی لە حیجاز دەرپەڕاند و هەموانیان بەرەو شام ڕایانکرد.[3]

ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.[4]

هەریەك لە ئیبن عەبباس و ئیبنولحەنەفیە بە ژن و منداڵ و کەسانیانەوە چوون بۆ مەککەو لەوێ مانەوە، ئیبن زوبەیر داوای کرد بەیعەت بدەن، ئەوانیش وتیان بەیعەتت پێ نادەین و خۆت سەرقاڵی کاری خۆت بە، هاوکات نە دژایەتی تۆ

---

1 - خوێنەری ئازیز، لەبەرئەوەی نووسینەکە تایبەت نیە بە وردەکاریە مێژووییەکانەوەو ئەگەر بۆ هەر هاوەڵێك ئەو وردەکاریانە بهێنین لەوانەیە دەیان بەرگی بوێت تا نوسینەکە تەواو بێت، بۆیە پوختەیەکی پێویست سەبارەت بە ماوەی دەسەڵات تا کوژرانی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر دەخەێنەڕوو و خوێنەر دەتوانێت بۆ زانیاری زیاتر سوود لەو نووسینانە وەربگرێت کە تایبەت بە ماوەی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر نووسراون و بە زمانی کوردیش بەردەستن.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 238.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 63.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.

دەکەین و نە دژایەتی بەرامبەرت دەکەین، بەڵام ئیبن زوبەیر زۆری دەکرد لێیان تا بەیعەت بدەن، کار گەیشتە ئەوەی دەیوت بەخوا یان دەبێت بەیعەت بدەن، یان دەتانسووتێنم.[1]

ئەو ناوچانەی بەیعەتیان دا بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بریتی بوون لە حیجاز و یەمەن و عێراق و میصر و خوراسان و هەموو شام جگە لە دیمەشق، ئەمەش لە ساڵی شەست و چواری کۆچیدا بوو،[2] بەڵکو والی حیمص و قنسرین و فەلەستینیش بەیعەتیان پێدا،[3] ئیتر عەبدوڵا کەوتە دانانی والی بۆ ناوچەکان.[4]

بەڵام لەولاوە ئومەویەکان لە دیمەشق پاش کۆبوونەوەیەك کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی مەڕوانی کوڕی حەکەم بەیعەتی پێ بدرێت، ئەو کارەیان کرد و پاش روودانی جەنگێك و کوشتنی کاربەدەستانی ئیبن زوبەیر توانییان شام بگرنەوە دەست،[5] دواتریش میصریان گرت و هەرچەند ئیبن زوبەیر ویستی بە سەرکردایەتی موصعەبی برای دەسەڵاتی مەڕوان لەناوبەرێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.[6]

1 - سير أعلام النبلاء، 3، ص 356.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 33، 339.

3 -البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239-245.

6 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 256.

مەروان دواتر هەوڵیدا عێراقیش بگرێتەوە دەست و بۆ ئەوەش سوپای نارد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، مەڕوان کۆچی دوایی کرد و کوڕەکەی هات کە هەر لە ژیانی باوکیدا بەیعەتی پێدرابوو.[1]

لەو ماوەدا ئیبن زوبەیر جەنگی خەواریجەکانی لە عێراق کرد و سوپاکەی سەرکەوت بەسەریاندا و سەرکردەی خەواریجەکانیش کوژرا.[2]

ئیبن زوبەیر لە ماوەی دەسەڵاتیدا بڕیاری دا کەعبە بڕووخێنێت و سەرلەنوێ بنیادی بنێتەوە، راوێژی کرد بە خەڵکەکەو هەندێ وەك جابیری کوڕی عەبدوڵا هاوڕای بوون، هەندێکیش وەك ئیبن عەبباس نەیاری بوون، بەڵام دواجار ئەو کارەی دەستپێکرد.[3]

زوبەیر فشاری لەسەر ئیبنولحەنەفیە دروست کرد و بەندی کرد و هەرەشەی کوشتنیشی لێکرد، بەڵام موختاری کوڕی عوبەیدوڵا کە لە کووفە بوو و نەیاریی دژ بە هەریەك لە ئومەویەکان و ئیبن زوبەیریش راگەیاندبوو، سوپایەکی نارد و ئیبنولحەنەفیەو هاوەڵانی ئازاد کرد، لەوێوە ئیبنولحەنەفیە رووەو شام چوو، کەچی عەبدولمەلیکیش پێی راگەیاند یان بەیعەتی پێبدات یان لە خاکی ژێر دەسەڵاتی بچێتە دەرەوە، ئەویش وتی بەو مەرجە بەیعەتت پێ دەدەم پەنای هاوەڵەکانم بدەیت، ئەویش رازی بوو، بەوە ئیبنولحەنەفیە خوێنی هاوەڵەکانی پاراست، دواتر ویستی بچێت بۆ مەککە بۆ عومرە، بەڵام عەبدوڵا رێی پێ نەدا، ئیبنولحەنەفیە

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 260.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 261.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 251.

روویکردە مەدینەو لەوێ مایەوە تا دوای کوژرانی ئیبن زوبەیر، دواتریش وەستا تا حەجاج چوو بۆ عێراق، ئەوکات چوو بۆ مەککەو عومرەکەی کرد.[1]

موختار کە لە کووفە بوو، زانی هەم ئومەویەکان و هەم ئیبن زوبەیریش دژایەتی دەکەن، ویستی پاڵ بداتە لای ئیبن زوبەیر، بەڵام لەو هەوڵە دیبلۆماسیەیدا سەرکەوتوو نەبوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لەساڵی حەفتای کۆچیدا موصعەبی برای بە سوپایەکەوە نارد بۆ عێراق و لەوێ لەگەڵ موختار بەرنگار بوویەوەو دواجار توانی سوپاکەی موختار تووشی شکست بکات وخودی موختاریش بکوژێت.[3]

دوای ئەوەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژمارەیەك لە هاشمیەکانی بەند کردبوو و بە هەوڵی موختار ئازاد کران، لەنێویاندا عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش هەبوو، پاش ماوەیەك عەبدوڵای کوڕی عەبباس کۆچی دوایی کرد و بەیعەتی هیچ کەسی لە گەردن نەبوو.[4]

لە ساڵی حەفتاو یەکی کۆچیدا سەرکردەی بەهێزی خیلافەتەکەی ئیبن زوبەیر کە موصعەبی برای بوو بە دەستی ئومەویەکان کوژرا، بەوە عێراقیش کەوتە دەست ئومەویەکان.[5]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 38.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8،ص 276.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 287-288.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 306.

5 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 314-316.

لە ساڵی حەفتاو دووی کۆچیدا عەبدولمەلیك حەججاجی کوڕی یووسفی نارد بۆ گەمارۆی مەککە تا دەسەڵاتەکەی ئیبن زوبەیر لەناوبەرێت، ئەمەش لەسەرداوای خودی حەججاج بوو،[1] حەججاج ماوەی پێنج مانگ و نیو گەمارۆی مەککەی دا، بە مەنجەنیق کەوتە لێدانی مەککە و خەڵکێکی زۆری کوشت، ئاو و خۆراکیشی لێ قەدەغە کردبوون، هەندێ لە بەردەکان بەر کەعبەش کەوتن، خەڵکەکە داوایان لە عەبدوڵا کرد لەگەڵیان رێکبکەوێت، بەڵام ئەو وتی بەخوا ئەوانە ئەگەر لەناو کەعبەشدا بتانگرن سەرتان دەبڕن، بۆیە هەرگیز داوای رێککەوتنیان لێ ناکەم، خەڵکەکە بەردەوام دەچوون بۆ لای حەججاج و داوای پەنایان دەکرد و عەبدوڵایان جێدەهێشت تا ئەوەی حەمزەو خوبەیبی کوڕیشی جێیانهێشت، عەبدوڵا چوو بۆ لای دایکی و سکاڵای حاڵی خۆی کرد چۆن هەموو خەڵکەکە جێیانهێشت، دایکی هانیدا تا خۆڕاگر بێت چونکە ئەو نیازەکەی بۆ قیامەت بووە، عەبدوڵا بەو وتانەی دایکی دڵخۆش بوو و چوو بەرگریەکی گەورەی کرد، لەو کاتەشدا هێشتا هەر شەونوێژی دەکرد، دواجار خشتێك کەوتەخوار و بەر سەری کەوت و سەری خوێناوی کرد و خستیە زەوی، خێرا دەستەیەك هاتن و کوشتیان و تەرمەکەیان برد بۆ لای حەججاج، دوای کوژرانی عەبدوڵا شیوەن مەککەی داگرت، بەڵام زۆرو زمانی حەججاج بێدەنگی کردن.[2]

کوژرانی عەبدوڵا لە نیوەی جومادیلئاخیرەی ساڵی حەفتاو سێی کۆچیدا بوو.[3]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 325.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 330-331.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 247.

کاتێك عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کوژرا، تەرمەکەی لەخاچ درا تا خەڵك ببیبنێت، کە عەبدوڵای کوڕی عومەر دای بە لای تەرمەکەیدا، وەستا و وتی سەلامەت لێ بێت ئەبووخوبەیب، سێ جار ئەوەی وتەوە، ئینجا وتی بەخوا من زۆر رێگریم لێکردیت لەمە، سێ جار ئەوەشی وتەوە، بەخوا هێندەی من تۆم ناسیبێت کەسێك بوویت نوێژ و رۆژووت زۆرزۆر بوو و پەیوەندی خزمایەتیشت زۆر بەهێز راگرتبوو، بەخوا ئوممەتێك تۆ خراپترینی بیت چاکترین ئوممەتە، پاشان عەبدوڵای کوڕی عومەر چوو، ئینجا حەججاج ئەو هەڵوێستەی ئیبن عومەری بیست، ناردی تەرمەکەی عەبدوڵا داگیرایە خوارەوەو فڕێ درایە ناو گۆڕستانی جوولەکەکان، دواتر حەججاج ناردی بە شوێن ئەسمائی کچی ئەبوبەکری دایکی عەبدوڵادا، ئەسماء ئامادە نەبوو بچێت بۆ لای، چەند جار نێردراوی نارد و ئەسمائیش نەچوو، حەججاج وتی دێیت یان کەسێك بنێرم بە پرچەکانت راکێشی ئێرەت بکات، ئەسمائیش هەر نەچوو و وتی بەخوا نایەم بۆ لات تا کەسێك نەنێریت کە بێت بە پرچەکانم راکێشم بکات، حەججاج خۆی چوو بۆ لای ئەسماء، وتی بینیت چیم کرد بە دوژمنی خوا–مەبەستی عەبدوڵای کوڕی بوو–؟ ئەسماء وتی بینیم دنیای ئەو و قیامەتی خۆتت شێواند...پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (لەناو ثەقیفدا درۆزنێك و خوێنرێژێك دەردەکەون) جا درۆزنەکەمان بینی، بۆ خوێنرێژەکەش تەنها تۆ شك دەبەم، حەججاج کە ئەوەی بیست هەستا و ئیتر نەهاتەوە بۆ لای ئەسماء..[1]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر هێندە پەرستشی دەکرد کە کتێبەکانی مێژوو دەیان گێڕانەوەیان لە بارەی پەرستشیەوە تۆمار کردووە کە چۆن لەناو هاوەڵان و

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 4722، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13649.

موسڵمانانندا به زۆری پەرستش ناوبانگی هەبووە، رۆژووگرتن و شەونوێژەکانی به نموونەی زۆر دەگمەن باسکراون.[1]

عەبدوڵای کوڕی زیبعەری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی زیبعەری کوڕی قەیسی قوڕەیشی سەهمیە، دایکی ناوی عاتیکەی کچی عەبدوڵایە، عەبدوڵا سەرەتا دوژمنێکی سەرسەخت و نەیاری موسڵمانان بوو، بەڵام لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.[2]

کە پێغەمبەر (ﷺ) فەتحی مەککەی کرد و چوویە مەککە، عەبدوڵای کوڕی زیبعەری هاودەم بە هوبەیرەی کوڕی وەهب رایانکرد، هەردووکیان چوون بۆ نەجران، لەوێ وتیان چی بووە؟ ئەوانیش وتیان موحەممەد هاتە مەککەو پێمان وایە بەرەو ئێرەش بێت، ئەوانیش کەوتنە پتەوکردنی قەڵاکەیان، ئینجا حەسسانی شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) شیعرێکی نووسی بۆ عەبدوڵای کوڕی زیبعەری، کە عەبدوڵا شیعرەکەی بیست خۆی ئامادە کرد تا بگەڕێتەوە بۆ مەککە، هوبەیرە پێی وت ئامۆزا بۆ کوێ؟ وتی دەچم بۆ لای موحەممەد، وتی دەتەوێت شوێنی بکەویت؟ وتی ئەرێ بەخوا، هوبەیرە وتی خۆزگە لەگەڵ کەسێکی تر دەهاتم، عەبدوڵا وتی جا بۆچی لەگەڵ ئەمانە بمێنمەوەو ئامۆزای خۆم و چاکترین کەس–موحەممەد–جێبهێڵم؟! بۆیە عەبدوڵا گەڕایەوەو چوو بەرەو لای پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك لەناو هاوەڵانیدا دانیشتبوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵای بینی فەرمووی(ئەوە کوڕی

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 334.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 87.

زیبعەریەو دەموچاوێکی پێوەیە کە رووناکی ئیسلامی تێدایە)، کە عەبدوڵا هات، وتی سەلامت لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و تۆیش بەندەو نێردراوی خوایت، سوپاس بۆ خوا کە رێنموونی کردم بۆ ئیسلام، من زۆر دژایەتی تۆم کرد و بە سواری ئەسپ و وشتر و بە پیادە هاتم بۆ دژایەتی تۆ، دواتر لە دەستت رامکرد بۆ نەجران و هەرگیز نیازی موسڵمان بوونم نەبوو، دواتر خوا خێری بۆ من ویست و خۆشەویستی ئیسلامی خستە دڵمەوە، بیرم کردەوە چۆن لە گومڕاییدا بووم و شوێن دارو بەرد پەرستنێ کەوتم کە سوودی بۆ هیچ کەسێکی ژیر نەبوو، ئەو بتانە نەیاندەزانی کێ دەیانپەرستێ و کێ نایانپەرستێ، پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبدوڵای فەرموو (سوپاس بۆ خوایەك کە رێنموونی کردیت بۆ ئیسلام، سوپاسی خوا دەکەم کە ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە).[1]

عەبدوڵای کوڕی سائیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سائیبی کوڕی صەیفی مەخزوومیە، یەکێك بوو لە قورئان خوێنان.[2]

عەبدوڵا چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە:

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە بەرنوێژی بۆ کردین بە سوورەتی موئمینون دەستی پێکرد.[3]

1 - الجزء المتمم لطبقات ابن سعد، الرقم 166.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 102-103.

3 - صحيح مسلم، الرم 722.

هەروەها دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە فەتحی مەککەدا نوێژی کرد و نەعلەکانی لە لای چەپیەوە دانابوو.[1]

عەبدوڵا تا سەردەمی دەسەلاتی عەبدولای کوڕی زوبەیر ژیاو لەو سەردەمەدا لە مەککە وەفاتی کرد و ئیبن عەبباس نوێژی لەسەر کرد.[2]

عەبدولای کوڕی سائیبی قوڕەیشی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولای کوڕی سائیبی کوڕی عوبەیدی قوڕەیشیەو هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بووە.[3]

عەبدولای کوڕی سەرجیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولای کوڕی سەرجیسی موزەنیە، عەبدولا دەڵێت جارێك کابرایەك بۆ نوێژی بەیانی هاتە مزگەوت و لە کەنارێکی مزگەوتەوە دوو رکات نوێژی کرد، دواتر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دووبارە کردەوە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) سەلامی دایەوە، فەرمووی(ئەی فلانە کەس، چاوەڕێی پاداشتی کام نوێژیان بوویت؟ بە نوێژی تەنهایی خۆت؟ یان بە نوێژەکەت لەگەڵ ئێمە؟).[4]

عەبدولا دەڵێت پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینیوەو نان و گۆشتم لەگەڵ خواردووە، جا کەسێك وتی ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) داوای لێخۆشبوونی بۆ

---

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 957.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 103.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 104.

4 - صحيح مسلم، الرقم 1199، صحيح ابن حبان، الرقم 2215، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 924، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20247.

کردیت؟ عەبدوڵا وتی بەڵێ، هەروەها وتی مۆری پێغەمبەرایەتی نێو دوو شانیم بینیوە.[1]

عەبدوڵای کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوری سەعدی کوڕی جابیرە، ئەمنەی خوشکی عوثمانی کوڕی عەففانی بەهاوسەر گرت و کوڕێکی لێی بوو بە ناوی موحەممەد.[2]

عەبدوڵای کوڕی سەعدی عامیری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرحی قورەیشی عامیریە، باوکی یەکێك بوو لە نەیارانی ئیسلام، خودی عەبدوڵاش هەر وابوو تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو.

پێغەمبەر (ﷺ) لە فەتحی مەککەدا لێخۆشبوونی بۆ هەندێ کەس بە رەوا دانەنا، یەکێك لەوانە عەبدوڵای کوڕی سەعد بوو کە دەبوو لە هەر کوێ بینرا بکوژرێت، عەبدوڵایش چوو لای عوثمانی کوڕی عەففان خۆی شاردەوە، عوثمان ئەوی هێنا بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەیعەت لە عەبدوڵا وەربگرە، پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوەو سێ جار تەماشای کرد و هەر جارە ئامادە نەبوو بەیعەتی لێ وەربگرێت، دواتر بەیعەتی لێ وەرگرت، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو (ئەرێ پیاوماقووڵێکتان–ژیرێکتان– تێدا نەبوو کە منی بینی بەیعەتی لێ وەرناگرم هەستێت بیکوژێت؟) هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا

1 - صحيح مسلم، الرقم 4431، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 1528.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 1-7.

(ﷺ) ئێمە چووزانین نیازی دڵی تۆ چیە؟ با بە چاو ئاماژەیەکت بکردایە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بۆ پێغەمبەرێك شیاو نیە چاوی ناپاکی هەبێت).[1]

عەبدوڵا تا سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان ژیا و لە سەردەمی خیلافەتی ئەودا والی میصر بوو، عەبدوڵا سەرکردەی فتووحاتی ئەفریقیا بوو، بەڵام لەکاتی فیتنەکەدا چوو بۆ عەسقەلان و لەوێ نیشتەجێ بوو و دواتر بەیعەتی بە کەس نەدا تا لە ساڵی سی و شەشی کۆچیدا وەفاتی کرد، گێڕانەوەیەکیش دەڵێت بەڵکو لە جەنگی صفیندا بەشداری کرد و لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ساڵی پەنجاو نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیانی کوڕی خالیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد تا لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ)لە تەبووکەوە کۆچی دوایی کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[4]

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 3814، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3408، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4306، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 4359.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 110.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 265.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 112.

عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەوسی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی خەیثەمەیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، عەبدوڵا یەکێك بوو لە بەشداربوانی حودەیبیەو لە بەیعەتی ریضواندا بەشداری کرد.[1]

رایەك دەڵێت لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، رایەکیش دەڵێت تا سەرەتای دەسەڵاتی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان ژیا.[2]

عەبدوڵای کوڕی سەلام (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەلامی کوڕی حارثەو لە نەوەی پێغەمبەر یووسفە(سەلامی خوای لەسەر بێت)، ئەم هاوەڵە سەرەتا ناوی حوصەین بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، عەبدوڵا سەرەتا جوولەکە بوو و لە بەنوقەینوقاع بوو.[3]

رایەك دەڵێت عەبدوڵا دوو ساڵ پێش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان بوو، بەڵام ذەهەبی دەڵێت ئەم قسەیە هەڵەیە و عەبدوڵا لە کاتی کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە موسڵمان بووە،[4] قسەکەشی راستە، وەك لەم گێڕانەوەدا دەردەکەوێت:

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 108.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 108.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 118.
4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 414.

کاتێك عەبدوڵای کوڕی سەلام بیستی پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە بۆ مەدینە، چوو بۆ لای و وتی من سەبارەت بە سێ شت پرسیارت لێ دەکەم کە تەنها پێغەمبەران دەیزانن، یەکەم: یەکەم نیشانەکانی ڕۆژی دوایی چین؟ دووەم: یەکەم خواردنی بەهەشتیەکان چیە؟ سێیەم: منداڵ لە چیەوە دەچێتەوە سەر باوکی و لە چیەوە دەچێتەوە سەر خاڵوانی؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێشتر جیبریل هەواڵی ئەوانەی پێدام، عەبدوڵا وتی جیبریل فریشتەیەکی دوژمنی جوولەکەیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(أما أول أشراط الساعة فنار تحشر الناس من المشرق إلى المغرب، وأما أول طعام يأكله أهل الجنة فزيادة كبد حوت، وأما الشبه في الولد: فإن الرجل إذا غشي المرأة فسبقها ماؤه كان الشبه له، وإذا سبق ماؤها كان الشبه لها)، (یەکەم نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ئەوەیە کە ئاگرێك دەبێت خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا کۆدەکاتەوە، یەکەم خواردنی بەهەشتیەکانیش زیادەی جگەری حووتە، ئەوەی منداڵ لە کێ دەچێت، ئەگەر پیاو لەگەڵ ئافرەت سەرجێی کرد و ئاوی پیاوەکە پێش ئاوی ئافرەتەکە کەوت، ئەوە لە پیاوەکە دەچێت، ئەگەریش ئاوی ئافرەتەکە پێش ئاوی پیاوەکە کەوت ئەوە لێکچوونەکەی بۆ-خاڵوانی-ئافرەتەکەیە)، عەبدوڵا وتی شایەتی دەدەم تۆ پێغەمبەری خوایت، پاشان وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جوولەکە خەڵکانێکن زۆر بوختان دەکەن، ئەگەر پێش ئەوەی پرسیاریان لێ بکەیت بە موسڵمانبوونی منیان زانیبێت ئەوە بوختانم بۆ دەکەن، ئەوەبوو جوولەکە هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و عەبدوڵا چوویە ژوورەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

عەبدوڵای کوڕی سەلام لەنێوتاندا چ جۆرە پیاوێکە؟ ئەوانیش وتیان زاناترین و کوڕی زاناترین و چاکترین و کوڕی چاکترینمانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر بینیتان عەبدوڵا موسڵمان بوو؟) ئەوانیش وتیان خوا بیپارێزێت لە شتی وا، عەبدوڵا هاتە دەرەوە بۆ لایان و وتی شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە خوا و موحەممەدیش نێردراوی خوایە، خێرا جوولەکەکان کەوتنە قسە پێ وتنی و وتیان خراپترین کەس و کوڕی خراپترینمانە.[1]

عەبدوڵا لەلایەن پێغەمبەری خواوە(ﷺ) شایەتی ئیسلامەتی و چوونە بەهەشتی بۆ درابوو.

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت نەمدیوە پێغەمبەر (ﷺ) بەهیچ کەسێك بڵێت ئەو کەسە بەهەشتیەو ئەو کەسەش بەسەر زەویدا رێ بکات–واتە زیندوو بێت.[2]

قەیسی کوڕی عوباد دەڵێت جارێك لە مزگەوتی مەدینە دانیشتبووم کە کابرایەك هاتە مزگەوت شوێنەواری خشوع بەنێوچاوانیەوە دیار بوو، وتیان ئەوە کابرایەکی بەهەشتیە، دوو رکات نوێژی کورتی کرد، ئینجا چوویە دەرەوە، منیش کەوتمە شوێنی، وتم تۆ کە هاتیتە مزگەوتەکەوە، خەڵکەکە وتیان تۆ بەهەشتیت، ئەویش وتی بەخوا شیاو نیە کەسێك شتێك بڵێت کە نایزانێت، سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) خەوێکم بینی و

1 -صحيح البخاري، الرقم 3166، صحيح ابن حبان، الرقم 7268، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 7981، مسند احمد بن حنبل، الرقم 10547، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 3751.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3624، صحيح مسلم، الرقم 4639، صحيح ابن حبان، الرقم 7270، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7979، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1397.

خەوەکەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) خەوەکەی بۆ لێکدامەوەو دواتر فەرمووی(تۆ تا دەمریت لەسەر ئیسلامەتی دەبیت).[1]

عەبدوڵای کوڕی سەلام یەکێك بوو لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان، موعاذی کوڕی جەبەل ڕێنمایی خوێندکارەکەی دەکرد زانست لە چوار کەس وەربگرێت، عەبدوڵای کوڕی مەسعوود و عەبدوڵای کوڕی سەلام و سەلمانی فارسی و ئەبوودەرداء.[2]

عەبدوڵا یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی نەهاوەند،[3] هەروەها لە فەتحی بەیتولمەقدیسیشدا بەشدار بوو.[4]

کاتێك فیتنەی سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففان روویدا، عەبدوڵا چوو بۆ لای عوثمان و وتی هاتووم تا پشتیوانیت لێبکەم.[5]

عەبدوڵای کوڕی سەلام لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا ژیا، کاتێك خەلیفە ویستی بڕوات بۆ عێراق، عەبدوڵا داوای لێکرد نەچێت بۆ عێراق و پێی وت لای مینبەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بمێنەرەوە، چونکە ئەگەر تۆ جێیبهێڵیت، ئیتر هەرگیز نایبینین.[6]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3625، صحيح مسلم، الرقم 4640، مسند احمد بن حنبل، الرقم 23150.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 352.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 422.

4 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 414.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 119.

6 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 119.

دواجار عەبدوڵای کوڕی سەلام لە ساڵی چل و سێی کۆچی و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەلەمەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە و کونیەکەی ئەبوومحەممەدە، دایکی ناوی ئونەیسەی کچی عەددیە، لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[2]

دوای غەزای ئوحود ئونەیسە چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵای کوڕم لە ئوحوددا کوژراوەو حەز دەکەم تەرمەکەی نزیك بکەمەوەو بە نزیکی تەرمەکەی ئۆقرەییم بۆ دێت، پێغەمبەریش (ﷺ) مۆڵەتی پێدا، ئەوەیش چوو و تەرمەکەی هێنایەوە.[3]

عەبدوڵای کوڕی سەهل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەهلی کوڕی زەیدی ئەنصاریە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 420.
2 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 120.
3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20327، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3735.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 123.

عەبدوڵای کوڕی سەهلی ئەشهەلی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سەهلی کوڕی رافیعە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەرد، لە غەزای خەندەقدا شەهید بوو.[1]

عەبدوڵای کوڕی سوراقە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوراقەی قوڕەیشی عەدویە،[2] برایەکی هەبوو بە ناوی عەمر کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عەمر و عەبدوڵا پێکەوە کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لای ریفاعەی کوڕی عەبدولمونذیر دابەزین.[3]

سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام بۆ بەشداربوونی لە غەزای ئوحوددا گومانێك نەهاتووە، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کردووە.[4]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(پارشێو بکەن با تەنانەت بە ئاویش بێت).[5]

1 - أسد الغابة، ج3، ص 273.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 259.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 141.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 259.

5 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 3727.

پارشێو کردن له فەرموودەی تردا فەرمانی پێکراوەو هۆکارەکەشی دیاری کراوه که بوونی بەرەکەته له پارشێودا، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت (تسحروا فإن في السحور بركة)،[1] (پارشێو بکەن چونکه له پارشێودا بەرەکەت هەیه).

عەبدوڵای کوڕی سوفیانی مەخزوومی (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومیه، یەکێکه له کۆچەرانی حەبەشه، له جەنگی یەرمووکدا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدیەو فەرموودەیەکی له پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(هەر کەس رۆژێك لەپێناو خوادا رۆژوو بگرێت، ئەوە خوا سەد ساڵ له دۆزەخ دووری دەگرێت).[3]

عەبدوڵای کوڕی سوهەیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سوهەیلی کوڕی عەمرەو کونیەکەی ئەبووسوهەیله، دایکی ناوی فاخیتەی کچی عامیره، یەکێکه له کۆچەرانی حەبەشه، دواتر له حەبەشەوە گەڕایەوە بۆ مەککە، لەوێ باوکی ئازاری زۆری دا تا واز له ئیسلام

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1836، صحيح مسلم، الرقم 1900، صحيح ابن حبان، الرقم 3525، سنن الترمذي، الرقم 674، سنن ابن ماجة، الرقم 1688، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2425، مسند احمد بن حنبل، الرقم 11717، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2779، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 2057.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 115.

3 - مسند الشاميين للطبراني،الرقم 1021، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3740.

بهێنێت، عەبدوڵایش وا خۆی نیشان دا کە وازی لە ئیسلام هێناوە، دواتر هاودەم بە بێباوەڕان چوو بۆ جەنگی بەدر، کە گەیشتە ئەویّ رایکرد بۆ ناو سوپای موسڵمانان.[1]

عەبدوڵا هاودەم بە سوهەیلی باوکی چوو بۆ جەنگی بەدر، باوکیشی هیچ گومانی نەبوو لە پاشگەزبوونەوەی عەبدوڵا، کە سوپای موسڵمانان و بێباوەڕان بەیەك گەیشتن، عەبدوڵا رایکرد بۆ ناو سوپای موسڵمانان و چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو کات تەمەنی نزیکەی بیست و حەوت ساڵان دەبوو، باوکی لەولاوە تەواو تووڕەو بێزار بوو.[2]

عەبدوڵا لە حودەیبیەشدا بەشداری کرد و یەکێك بوو لە شاهیدەکانی نووسراوی رێککەوتنی حودەیبیە.[3]

لە کاتی فەتحی مەککەدا عەبدوڵا پەنای وەرگرت بۆ سوهەیلی باوکی و دواتر باوکیشی موسڵمان بوو.[4]

عەبدوڵا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو، تەمەنی نزیکەی سی و هەشت ساڵان دەبوو.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 123.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 406.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 123.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 123.
5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 406.

## عەبدوڵای کوڕی سیلان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی سیلانە، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) چاوی بەرەو ئاسمان بەرز کردبوویەوەو دەیفەرموو (سبحان الله يرسل عليهم الفتن إرسال القطر)،[1] (سوبحانەڵا، خوا فیتەیان بەسەردا دەبارێنێت وێنەی بارینی لێزمەی باران).

## عەبدوڵای کوڕی شەریك(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شەریکی کوڕی ئەنەسە، لە پشتیوانانە لە ئەشهەلیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و هاودەم بە شەریکی باوکی بەشداری غەزاکەی کرد.[2]

## عەبدوڵای کوڕی شیبل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شیبلی کوڕی عەمرە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێك بوو لە نەقیبەکان، عەبدوڵا لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو چوو لە حیمص نیشتەجێ بوو و لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کۆچی دوایی کرد.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 125 و قال ابن حجر إسناده صحيح.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 128.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 278.

عەبدوڵای کوڕی شیهاب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی شیهابی کوڕی عەبدوڵایە، سەرەتا ناوی عەبدولجان بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، جا رایەك دەڵێت لە حەبەشە مایەوە، رایەکیش دەڵێت گەڕایەوە مەککەو پێش ئەوەی کۆچ بکات بۆ مەدینە هەر لە مەککە کۆچی دوایی کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی صەعصەعە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی صەعصەعەی کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە غەزاکانی تردا بەشداری کرد و لە جەنگی جیسردا شەهید بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی صەیفی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی صەیفی کوڕی وەبرەیە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[3]

عەبدوڵای کوڕی ضەمرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ضەمرەی بەجلیە، عەبدوڵا دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووم کە دەستەیەك لە هاوەڵانی هاتن و زۆربەیان یەمەنی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 130.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 132.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 134.

بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(کەمێکی تر لەم لایەوە چاکترینی یەمەن دێت بۆ لاتان)، خەڵکەکە دەستیان کرد بە گریان و هەر کام حەزی دەکرد کەسی خۆی بێت، ئەوەبوو جەریری کوڕی عەبدوڵای بەجلی دەرکەوت.[1]

عەبدوڵای کوڕی طاریق(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی طاریقی کوڕی عەمری بەلویەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەبباس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قوڕیشی هاشمیە، کونیەکەی ئەبولعەبباسەو ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ)[3] و یەکێك لە زانایانی ناو هاوەڵانە.[4]

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3762.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 136.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 141.

4 - خوێنەری ئازیز، ئەم هاوەڵە یەکێکە لە دیارترین هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) و گەورە موفەسیر و زانای فەرموودە و کەسێتی گەورەو دیاری سەردەمی خۆی بووە، بۆیە بۆ نووسینەوە ژیانی بە سەدان لاپەڕەش هێشتا مافی تەواوی نادات، ئێمە لێرەدا تەنها کورتەیەکمان لە ژیانەکەی هێناوەو دەتوانیت بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ژیانەکەی، بگەڕێیتەوە بۆ ئەو نووسینانەی تایبەت بە ژیانی نووسراون.

باوکی:

**عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیبی کوڕی هاشمی قوڕەیشی هاشمیە، مامی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و کونیەکەی ئەبولفەضلە، دوو ساڵ پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەدایك بوو،[1] رایەکیش دەڵێت بەڵکو سێ ساڵ لە پێغەمبەر (ﷺ) گەورەتر بوو.[2] لە پیتی (ع) دا ژیانی عەبباسمان باسکردووە.**

دایکی:

**دایکی ناوی ئوممولفەضلەو زیاتر بەو کونیەی ناسراوە، هاودەم بە عەبباسی مێردی موسڵمان بوو و ئیمانەکەی شاردەوەو فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو فەزڵ و پلەوپایەی گەورەی لای پێغەمبەر (ﷺ) هەبوو، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.[3]**

براو خوشکەکانی:

**برایەکی هەبوو بە ناوی فەضل کە موسڵمان بوو و دواتر بە تاعوون لە شام وەفاتی کرد، عوبەیدوڵڵای برای کەسێکی دەوڵەمەند بوو، عەبدورەحمانیان کە لە شام مرد، قثم کە زۆر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو و دواتر بۆ جیهاد چوو بۆ خوراسان و لە سەمەرقەند وەفاتی کرد، میعبەد کە دواتر لە ئەفریقیا شەهید بوو، ئوممومحەبیبە، کەثیر کە زانایەکی گەورە بوو، تەممام، صەفییە، ئومەیمە، حارث.[4]**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 631.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 5.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 276.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 6.

ژن و منداڵەکانی:

**کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبباس کە کوڕە گەورەی بوو و لوبابەی گەورە دایکی بوو.[1]**

لەدایکبوونی:

**عەبدوڵای کوڕی عەبباس لە شیوی بەنی هاشم لەدایك بوو، لەدایکبوونەکەشی سێ ساڵ پێش کۆچی پێغەمبەر (ﷺ) بوو بۆ مەدینە،[2] واتە دە ساڵ پاش پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەوکات هێشتا گەمارۆی سەر هاشمیەکان لانەبرابوو،[3] واتە لە گەرمەی ئابڵووقەی قوڕەیشیەکان بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمانان لەدایك بوو.**

**ئیبن عەبباس لە مەککە لە نزیك دایك و باوکیەوە گەورە بوو، هەر لەوێ مایەوە تا لە فەتحی مەککەوە چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ماوەی (30) سی مانگ لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوو.[4]**

**بەڵام موسڵمانبوونی ئیبن عەبباس پێشتر بوو، ئەمەش بە چەند بەڵگەیەك، لەوانە: ئیبن عەبباس دەڵێت من و دایکم لە کەسە بێدەسەڵاتەکانی مەککە بووین، من لە منداڵان بووم و دایکیشم لە ئافرەتان بوو.[5]**

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 295.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 332.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 335.

4 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 332.

5 - صحيح البخاري، الرقم 1303.

ئەبوورافیعی خزمەتكاری عەبباس دەڵێت: من خزمەتكاری عەبباسی كوڕی عەبدولموتەلیب بووم و من موسڵمان بووبووم، ئوممولفەضلي ژنی عەبباس و خودی عەبباسیش موسڵمان بووبوون، بەڵام عەبباس موسڵمانبوونەكەی خۆی دەشاردەوە.[1]

جا موسڵمانبوونی دایك و باوكی عەبدوڵا، بەڵگەیەكی روونە كە ئەو بانگەوازەشیان گەیاندووە بە منداڵەكانیان.

ئیبن عەبباس لە پاش فەتحی مەككە

ئیبن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) منی گوشی بە خۆیدا و فەرمووی(خوایە شارەزای بكە لە قورئان)،[2] لە گێڕانەوەیەكی تردا هاتووە دەڵێت فەرمووی(خوایە دانایی فێر بكە).[3]

ئیبن عەبباس دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو دەست بەئاو بگەیەنێت، منیش ئاوم بۆ برد، دواتر كە هاتە دەرەوە، فەرمووی كێ ئەوەی دانا؟ پێی وترا من بوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(اللهم فقهه فى الدين)،[4] (خوایە تێگەیشتووی بكەیت لە ئاییندا)، لە گێڕانەوەیەكی تردا هەروەها فەرمووی (خوایە فێری تەئویلی بكە).[5]

---

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5375، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23225، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح البخاري، الرقم 75،

3 - صحيح البخاري، الرقم 3567، صحيح ابن حبان، الرقم 7163، سنن الترمذي، الرم 3842، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7909.

4 - صحيح البخاري، الرقم 142، صحيح ابن حبان، الرقم 7164.

5 - صحيح ابن حبان، الرقم 7164، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه أحمد شاكر، كما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 2589،

جارێك ڕەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی ڕەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام ڕەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی ڕاکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەك ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي

اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

ئیبن عەبباس دەڵێت شەوێك لە ماڵی مەیموونەی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) مامەوە کە پوورم بوو، ڕاکشام و پێغەمبەریش (ﷺ) ڕاکشا، لە نیوەی شەودا لە خەو هەستاو بە دەستەکانی خەوی لە چاوانی دەتۆراند، دواتر دە ئایەتی کۆتای سورەتی ئالی عیمرانی خوێند، دواتر هەستاو دەستنوێژی گرت و دەستی کرد بە نوێژ کردن، منیش چەشنی ئەوم کرد، دواتر لە کەناریەوە وەستام، دەستی ڕاستی خستە سەر سەرم و بە دەستی گوێی ڕاستی گرتم و دەیپرواند، دوانزە ڕکات نوێژی کرد، دواتر یەك ڕکاتی کرد، دواتر ڕاکشا تا بانگبێژ هات، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) هەستا و دوو ڕکاتی کورت نوێژی کرد، ئینجا نوێژی بەیانی کرد.[2]

ئیبن عەبباس دەڵێت جارێك لەگەڵ باوکم لای پێغەمبەر (ﷺ) بووین، کابرایەك لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە پێکەوە قسەیان دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) پشتی کردبوو لە باوکم، لەلای چووینە دەرەوەو باوکم پێی وتم کوڕی شیرینم بینیت ئامۆزاکەت چۆن پشتی تێکردبووم؟ منیش وتم باوکە گیان، ئەو کابرایەکی لابوو پێکەوە قسەیان دەکرد، ئەوەبوو گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، باوکم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاواو ئاوام وت بە عەبدوڵا و ئەویش پێی وتم کە تۆ کەسێکت لا بووەو قسەی لەگەڵ کردویت، مەگەر تۆ کەست لابوو؟ پێغەمبەر (ﷺ)

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 1849.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1155، صحيح مسلم، الرقم 1315.

فەرمووی ئەی عەبدوڵا ئایا تۆ ئەوت بینی؟ وتم بەڵێ، فەرمووی(دەی ئەوە جیبریل بوو، بەهۆی ئەوەوە ئاگاداری تۆ نەبووم).[1]

ئیبن عەبباس دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی(پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی پێغەمبەر (ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(قوموا عنی ولا ینبغی عندی التنازع)،[2] (لەلام هەستن و بڕۆن، شیاو نیە لای مندا ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[3]

ئیبن عەباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێك سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[4] (کەس نیە

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 12467، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 10385، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2582، صححه أحمد شاكر، كما صححه شعيب الأرناؤوط.

2 - صحيح البخاري، الرقم 113.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3174.

4 - صحيح البخاري، الرقم 457، صحيح ابن حبان، الرقم 6970، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7834، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2337، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2528، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 11723.

بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر من دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیایەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەروومدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).

عومەری کوڕی خەططاب لە ماوەی خیلافەتی خۆیدا ئیبن عەبباسی زۆر لە خۆی نزیك رادەگرت و زۆر راوێژی پێدەکرد و رای ئەوی زۆر لا گرنگ بوو، ئەوەبوو جارێك هەندێ لە کۆچەران گلەییان لێکرد کە بۆچی ئیبن عەبباس لەوان زیاتر لە خۆی نزیك دەکاتەوە، عومەری کوڕی خەططابیش وتی ئەمڕۆ نیشانتان دەدەم بۆچی وا دەکەم، ئەوەبوو سەبارەت بە تەفسیری ئایەتێك پرسیاری کرد لەوان، وەلامێکیان دایەوە، پرسیارەکە سەبارەت بە سوورەتی(إذا جاء نصر الله) بوو، ئەوانیش وتیان خوا فەرمانی کردووە بە پێغەمبەر (ﷺ) کە بینی خەڵك دەستە دەستە دێنە ناو ئایینی خوا، سوپاسی خوا بکات و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات، ئینجا عومەر وتی ئیبن عەبباس تۆ قسە بکە، ئەویش وتی خوا بەو سوورەتە بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) گەیاند کە کاتی مردنیەتی و با ئیتر سوپاسی خوا بکات و داوای لێخۆشبوونی لێ بکات.[1]

ئیبن عەبباس لە سەردەمی هەریەك لە عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا فەتوای دەدا بۆ خەڵك.[2]

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 343.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 299.

ئیبن عەبباس لە ناو سوپاکەی عەبدوڵای کوڕی سەعددا بەشداری فتووحاتی ئەفریقیای کرد.[1]

خەڵکی مەدینە داوایان کرد ئیبن عەبباس سەرپەرشتی حەجیان بکات، ئەویش چوو بۆ لای خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان و خەلیفەش رایسپارد بۆ ئەو کارە، تا ئیبن عەبباس چوو حەجەکەی کرد و هاتەوە، دەبینێت خەلیفە کوژراوە.[2]

ئیبن عەبباس لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە خەلیفە، ئیبن عەبباسی کرد بە والی شام و وتی بڕۆ بۆ ئەوێ، بەڵام ئیبن عەبباس رازی نەبوو و وتی ئەگەر موعاویە نەمکوژێت، ئەوە بە دڵنیاییەوە بەندم دەکات، پاشان بە عەلی وت موعاویە بکە بە کاربەدەستی خۆت و دواتر لایبەرە، بەڵام عەلی بەو رایەی ئیبن عەبباس رازی نەبوو.[3]

ئیبن عەبباس هەوادار و پاڵپشتی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو، هەروەها لە جەنگی جەمەلدا بەشداری کرد، ئیبن عەبباس دەڵێت لە جەنگی جەمەلدا بە زوبەیرم وت ئەرێ هاتویت لەگەڵ کوڕی عەبدولموتەلیبدا بجەنگیت؟ ئیتر زوبەیر گەڕایەوە، کەچی ئیبن جرمووز خۆی گەیاند پێی و کوشتی، دواتر ئیبن عەبباس هات

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 336.
2 - سير أعلام النبلاء، 3، ص 349.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 353.

و پرسیاری کرد لە عەلی ئەریَ بکوژەکەی زوبەیر سەرەنجامی بەرەو کوێیە؟ عەلی وتی دۆزەخ.

لە پاش جەنگی جەمەل خەلیفە ئیبن عەبباسی کرد بە والی بەصرە تا کاتی جەنگی صفین هات، ئەوکات ئیبن عەبباس چوو بەشداری تێدا کرد و بەشی راستی سوپاکەی عەلی بە دەست ئەوەوە بو، دوای جەنگەکەش سەرلەنویَ بوویەوە بە والی بەصرە.[1]

هەروەها ئیبن عەبباس لە جەنگی خەواریجەکانیشدا بەشداری کرد و پاڵپشتێکی گەورەی عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو.[2]

کاتێك ئیبن عەبباس لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبوو طالیبدا ئەمیری بەصرە بوو، ئەبوو ئەیووب چوو بۆ ئەویَ و چوو بۆ لای، ئیبن عەبباسیش زۆر رێزی لێنا و وتی بە دڵنیاییەوە دەبێت پاداشتی ئەو رێزگرتنەت بدەمەوە کە بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) ئەنجامت دا، بۆیە چی شتێك لەناو ماڵەکەیدا هەبوو دای بە ئەبوو ئەیووب.[3]

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 353.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 299.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 404.

ئیبن عەبباس را زانستیەکانی خۆی بەرامبەر بە هەڵوێستەکانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەخستەڕوو و هەندێ هەڵەشی بۆ راست دەکردەوە، عەلیش راکانی ئەوی بە هەند وەردەگرت.[1]

ئیبن عەبباس لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا

پاش وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، موعاویە یەزیدی نارد بۆ لای ئیبن عەبباس بۆ سەرەخۆشی لە وەفاتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب، دواتر ئیبن عەبباس چوو بۆ لای موعاویە، موعاویەش رێزێکی زۆری گرت و سەبارەت بە مەرگی عەلیش سەرەخۆشی لێکرد و ئەوپەڕی خەمباری خۆی بۆ نواند، ئیبن عەبباسیش سوپاسی هەڵوێستەکەی کرد.[2]

ئیبن عەبباس لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا رێز و خۆشەویستیەکی زۆری هەبوو، جارێك موعاویە چوو بۆ حەج وئیبن عەبباسیشی لەگەڵ بوو، کە خەڵکەکە زانییان ئیبن عەبباسی لێیە، نیوەی جەماوەر لە کاروانی ئیبن عەبباسدا بوون و نیوەی تریان لە کاروانی موعاویەدا بوون، چونکە خەڵکەکە دەیانویست زانست لە ئیبن عەبباس وەربگرن.[3]

[1] - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 300.

[2] - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 300.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 351.

جارێك ئیبن عه‌بباس ره‌شۆی وڵاخه‌كه‌ی زه‌یدی گرت ، زه‌ید وتی كه‌نار بگره ئه‌ی ئامۆزای پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ)، ئه‌ویش وتی ئێمه به‌رامبه‌ر زاناو گه‌وره‌كانمان واده‌كه‌ین.[1]

ئیبن عه‌بباس له‌ سه‌رده‌می موعاویه‌دا له‌ به‌صره‌ بوو، ئه‌بووئه‌یووبی ئه‌نصاری چوو بۆ لای و سكاڵای قه‌رزاری خۆی كرد، ئیبن عه‌بباس وتی ئه‌وه‌ی تۆ كردت بۆ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ)، من له‌گه‌ڵ تۆ ده‌یكه‌م، ئه‌وه‌بوو ماڵه‌كه‌ی خۆی چۆڵكرد بۆ ئه‌بووئه‌یووب و دوو هێنده‌ی قه‌رزه‌كه‌ی پاره‌ی پێدا تا قه‌رزه‌كه‌شی بداته‌وه‌و هێنده‌شی بۆ بمێنێته‌وه‌.[2]

ئیبن عه‌بباس له‌ كاتی ئه‌سپه‌رده‌كردنی زه‌یدی كوڕی ثابتدا وتی ئاوایه‌ مه‌رگی زانایان، ئه‌مرۆ زانستێكی زۆر ژێر گڵ نرا.[3]

له‌ كاتی ئه‌سپه‌رده‌كردنی زه‌یدی كوڕی ثابتدا ئه‌بووهوره‌یره‌ وتی ئه‌مرۆ مه‌ره‌كه‌بی ئه‌م ئوممه‌ته‌(زانای ئوممه‌ت) مرد به‌ڵكو خوای گه‌وره‌ ئیبن عه‌بباس بكاته‌ جێگره‌وه‌ی.[4]

كاتێك موعاویه‌ی كوڕی ئه‌بووسوفیان ویستی به‌یعه‌ت بۆ یه‌زیدی كوڕی وه‌ربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێته‌وه‌، عه‌بدوڵای كوڕی زوبه‌یر به‌یعه‌تی نه‌دا، هه‌ریه‌ك له‌ عه‌بدوڕه‌حمانی كوڕی ئه‌بووبه‌كر و عه‌بدوڵای كوڕی عومه‌ر و حوسه‌ینی

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 437.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 352.

3 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 440.

4 - أسد الغابة، ج2، ص 333.

کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا،[1] بەڵام موعاویە بە نابەدڵی بەیعەتی وەرگرت لێیان، بەڵام دواتر کە موعاویە مرد حوسەین و عەبدوڵا بەیعەتیان نەدا بە یەزید.[2]

هەڵوێستی ئیبن عەبباس لە شۆڕشەکەی حوسەینی کوڕی عەلیدا

کاتێك موعاویە مرد و یەزید نامەی نارد بۆ وەلیدی کوڕی عوقبە کە والی مەدینە بوو، تا بەیعەتی بۆ وەربگرێت، وەلید ناردی بە شوێن حوسەینی کوڕی عەلی و ئیبن زوبەیردا، هێشتا شەو بوو، داوای کرد لە هەردووکیان بەیعەت بدەن بە یەزید، ئەوانیش وتیان با رۆژ بێتەوە بزانین خەڵکی چی دەکەن، هەر ئەو شەوە لە مەدینە دەرچوون بەرەو مەککە، کە گەیشتنە ئەوێ حوسەین لە ماڵی عەبباس دابەزی، ئیبن عەبباس بەردەوام رێگری دەکرد لە چوونی حوسەین بۆ عێراق و دەیوت کاری وا نەکەیت.[3]

حوسەین هەر کە چوو بۆ لای ئیبن عەبباس سەبارەت بەو کارەی راوێژی پێکرد، لە وەڵامدا ئیبن عەبباس رای وابوو کاری وا نەکات چونکە مەرگی ئەوی لێدەکەوێتەوە، بەڵام حوسەین پێی وت مەرگم لا خۆشترە لەوەی بەو بارە رازی بم.[4]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 79.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 291-292.

3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 295.

4 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 292.

ئینجا ئیبن عه‌بباس پێی وت کوڕی فاطیمه بۆ کوێ ده‌چیت؟ وتی ده‌چم بۆ عێراق بۆ لای هه‌وادارنم، ئه‌ویش وتی پێم خۆش نیه ئه‌م ده‌موچاوه‌ی تۆ بچێت بۆ لای خه‌ڵكێك كه باوكتیان كوشت، ئینجا زۆر قسه‌ی بۆ كرد.[1]

پێی وت ئه‌گه‌ر ئه‌و خه‌ڵكه‌ی كه داوایان لێكردویت بچیت بۆ لایان ئه‌میره‌كه‌ی ئێستایان كوشتووه‌و باری وڵاتیان ڕێكخستووه‌و دوژمنیان ده‌ركردووه ئه‌وه بڕۆ بۆ لایان، به‌ڵام ئه‌گه‌ر له كاتێكدا بانگت ده‌كه‌ن كه هێشتا ئه‌میره‌كه‌یان ماوه‌و كاربه‌ده‌ستانی سه‌رقاڵی سامان وه‌رگرتنن له خه‌ڵكی وڵاته‌كه، ئه‌وه ته‌نها تۆ بۆ جه‌نگ بانگ ده‌كه‌ن و منیش هیچ دڵنیا نیم له‌وه‌ی له‌خشته‌ت نه‌به‌ن و له قسه‌ت ده‌رنه‌چن و پشتت به‌رنه‌ده‌ن و له دژت نه‌جه‌نگن و ببنه سه‌رسه‌ختترین دوژمن بۆت، حوسه‌ینیش وتی نوێژی ئیستیخاره ده‌كه‌م بزانم چۆن ده‌بێت.[2]

ئیبن عه‌بباس هه‌ر خۆی پێ ڕانه‌گیرا و بۆ به‌یانیه‌كه‌ی هاته‌وه بۆ لای وتی ئامۆزا گیان زۆر خۆم ڕاگرت به‌ڵام خۆم پێ ڕاناگیرێت و ئارامم بڕاوه، من زۆر ده‌ترسم به‌م كاره‌ت له‌ناو بچیت، چونكه خه‌ڵكی عێراق ناپاكن، لێیان نزیك مه‌به‌ره‌وه‌و له‌م خاكه‌دا بمێنه‌ره‌وه، تۆ سه‌ییدی خه‌ڵكی حیجازیت، ئه‌گه‌ر خه‌ڵكی عێراق ڕاست ده‌كه‌ن تۆیان ده‌وێت نامه‌یان بۆ بنێره داوا بكه تا به‌رپرسه‌كه‌یان دووربخه‌نه‌وه‌و دواتر بڕۆ بۆ لایان، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ش ناكه‌یت ده‌ی بڕۆ بۆ یه‌مه‌ن چونكه له‌وێ قه‌ڵا و شیوی لێیه‌و خاكێكی فراوان و گه‌وره‌یه و هه‌وادارانێكی باوكیشت له‌وێن و دووریت له‌و خه‌ڵكه‌و له‌وێوه په‌یام و بانگخوازانت بڵاو بكه‌ره‌وه، پێم وایه ئه‌مه‌ت بۆ باشتره،

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 296.

2 - الكامل في التاريخ، ج3، ص 399.

بەڵام حوسەین وتی ئامۆزا گیان دەزانم تۆ دڵت بۆم دەسووتێت و ئامۆژگاریم دەکەیت، بەڵام من خۆم پێچاوەتەوەو یەکلا بوومەتەوە کە بچم، ئیبن عەبباس وتی دەی هەر دەڕۆیت ژن و منداڵەکانت مەبە، دەترسم وەك چۆن عوثمان کوژرا تۆش ئاوا لەناو ژن و منالەکانتا بکوژرێیت و ئەوانیش تەماشا بکەن.[1]

ئیبن عەبباس لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا

پاش مردنی یەزید و هاتنی موعاویەی کوڕی کە پیاوێکی خواناس بوو و کەم ژیاو وەفاتی کرد و کەسی لە دوای خۆی دیاری نەکرد، ئیتر بۆشاییەك لە دەسەڵاتدا دروست بوو، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ عەبدوڵای کوڕی زوبەیر تا بەیعەتی پێ بدرێت و ببێتە خەلیفە، گرنگتر لە هەمووی موعاویەی کوڕی یەزید پێش مەرگی خۆی بەیعەتی بۆ هیچ کەس وەرنەگرت.[2]

عەبدوڵای کوڕی زوبەیر لە مەککەوە خیلافەتی راگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێك لەو نێوەندەدا بەیعەتیان پێ نەدا، عەبدوڵا ئومەویەکانی لە حیجاز دەرپەڕاند و هەموانیان بەرەو شام رایانکرد.[3]

ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.[4]

---

1 - الكامل في التاريخ، ج3، ص 400-401.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 238.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 63.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.

هەریەك لە ئیبن عەبباس و ئیبنولحەنەفیە بە ژن و منداڵ و کەسانیانەوە چوون بۆ مەککەو لەوێ مانەوە، ئیبن زوبەیر داوای کرد بەیعەت بدەن، ئەوانیش وتیان بەیعەتت پێ نادەین و خۆت سەرقاڵی کاری خۆت بە، هاوکات نە دژایەتی تۆ دەکەین و نە دژایەتی بەرامبەرت دەکەین، بەڵام ئیبن زوبەیر زۆری دەکرد لێیان تا بەیعەت بدەن، کار گەیشتە ئەوەی دەیوت بەخوا یان دەبێت بەیعەت بدەن، یان دەتانسووتێنم.[1]

دوای ئەوەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ژمارەیەك لە هاشمیەکانی بەند کردبوو و بە هەوڵی موختار ئازاد کران، لەنێویاندا عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش هەبوو، ئەوەبوو پاش ماوەیەك عەبدوڵا کۆچی دوایی کرد و بەیعەتی هیچ کەسی لە گەردن نەبوو.[2]

عەبدوڵا لە ڕێی کۆچی هاشمیەکاندا لە ناوچەی طائیف کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ساڵی شەست و حەوت یان شەست و هەشتی کۆچیدا بوو،[3] ئەوکاتیش تەمەنی لە سەروو حەفتا ساڵانەوە بوو، ڕای ڕاستتر ئەوەیە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵ دەبوو، ئیبنولحەنەفیە نوێژی لەسەر ئیبن عەبباس کرد.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، 3، ص 356.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 306.
3 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 358-359.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 306.

ئیبن عەبباس کەسێکی بەخۆ و کەڵەگەت بوو، زۆر کەشخە بوو، خەنەی بەکاردەهێنا، جلی جوانی دەپۆشی و زۆر بۆنی خۆشی بەکاردەهێنا، رەنگی سپی بوو.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەبباس زۆر ڕێزی هاوەڵانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لابوو، ئەوانیش زۆر ڕێزیان لێدەگرت.

ئیبن عەبباس دەڵێت جار هەبوو بۆ یەك بابەت پرسیارم لە (30) هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەکرد.[2]

کاتێك ئیبن عەبباسی گەورە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، رافیع زۆر پێی کاریگەر بوو، دەیوت ئەمڕۆ کەسێك مرد کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێویستیان بە زانستەکەی بوو.[3]

موجاهید دەڵێت ئێمە لای خەڵك شانازیمان دەکرد بە چوار کەسەوە، بە فیقهناسەکەمانەوە ئیبن عەبباس،...[4]

ئیبن عومەر دەیوت ئیبن عەبباس حیبری ئەم ئوممەتەیە،[5] ئیبنولحەنەفیەش هەمان شتی دووبارە دەکردەوە.[6]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 306.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 344 و قال الذهبي إسناده صحيح.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 372.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص445.
5 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 339.
6 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6308.

عومەری کوڕی خەططاب بە ئیبن عەبباسی دەوت: بەراستی تۆ زانستێك فێر بویت کە ئێمە نایزانین.[1]

ئیبن عەبباس دەیوت: هەر ناخۆشیەکم لە برایەکی موسڵمانم بەدی بکردایە، یەکێك لەم سێ ئەگەرانەم بۆ دادەنا، ئەگەر لە سەروو خۆمەوە بوایە، ئەوە پلەو پایەکەیم لەبەرچاو دەگرت، ئەگەر هاوتای خۆم بوایە، زیاتر گەورەم رادەگرت، ئەگەریش لە خواروی خۆمەوە بوایە گوێم پێ نەدەدا، ئەوە رێی ژیانی منە، کێ حەزی پێ ناکات، ئەوە زەوی خوا فراوانە.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەبدمەناف(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدمەنافی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانەو کونیەکەی ئەبوویەحیایە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهمی کوڕی عەفیفی موزەنیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[4]

ئەم هاوەڵە ناسراوە بە ذولبیجادەتەین، چونکە منداڵێکی هەتیو بوو لە ماڵی مامی دەمایەوە و مامی زۆر چاك بوو لەگەڵی، جا کاتێك مامی بیستی عەبدوڵا

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 345.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج9، ص 316.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4،ص 161.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 161.

موسڵمان بووە، چی پێ بەخشیبوو هەمووی لێسەندەوە، تەنانەت جلو بەرگەکەشی لێسەندەوە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای دایکی و ئەویش پارچە قوماشێکی بۆ کرد بە دوو بەشەوە، بۆ بەیانی کە عەبدوڵا چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (تۆ عەبدوڵای خاوەن دوو بیجادەکەی –پارچە قوماش–).[1]

سەلەمەی کوڕی ذەکوان دەڵێت من شەوێك پاسەوانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) دەکرد کە دەچوو بۆ دەست بەئاوگەیاندن، لە رێدا دای بە لای کابرایەکدا کە نوێژی دەکرد و دەنگی بەرز دەکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(لەوانەیە بۆ رووپامایی بێت)، پاش ماوەیەك شەوێکی تر کە پاسەوانیم دەکرد و هەمدی پێغەمبەر (ﷺ) هاتە دەرەوە، بینی من پاسەوانی دەکەم، دەستی گرتم و چووین، دامان بە لای کابرایەکدا کە لە مزگەوت نوێژی دەکرد و دەنگیشی بەرز کردبوویەوە، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەوانەیە بۆ رووپامایی وا دەنگ بەرز بکاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی نەخێر، بەڵکو ئەوە دەنگی ئاھ و کروزانەوەیەتی، منیش چووم تەماشام کرد عەبدوڵا ذولبیجادەتەینە.[2]

عەبدوڵا لە غەزای تەبووکدا بەشداری کرد و تیایدا وەفاتی کرد، مردنیشی لە شەودا بوو، بەو شەوە لە کەناری سەربازگەکەوە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و عومەر گۆڕیان بۆ ئامادە کرد و پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ناو گۆڕەکەی و ئەسپەردە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 162.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3005.

کرا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ کرد و فەرمووی خوایە من ئەم ئێوارە بە ڕەزامەندی ئەوم بینی، دەی تۆیش لێی ڕازی بە.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، باوکی سەرکردەی دووڕووەکان بوو لە مەدینە، عەبدوڵا لە هاوەڵە زۆر چاك و ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، سەرەتا ناوی وباب بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بەعەبدوڵا.[2]

پێش جەنگی ئوحود حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیر و عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای ئوبەی کوڕی سەلوول–کە ژنبرای حەنظەلە بوو– هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، داوایان لێکرد مۆڵەتیان بدات تا باوکی خۆیان بکوژن، حەنظەلە لەبەرئەوەی بینی باوکی بەرەی دژ بە پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرتووەتەبەر و شمشێری لەدژ هەڵکردووە، عەبدوڵاش لەبەر ئەوەی بینی باوکی بووەتە ڕێبەری دووڕوان و دژ بە پێغەمبەر (ﷺ) خەبات دەکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێی نەدا بە هیچکامیان.[3]

ئەم دوو هاوەڵە خۆشەویستەی پێغەمبەر (ﷺ) کە بریتین لە حەنظەلەی کوڕی ئەبی عامیرو عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بە تەواوی واتا فەرمانی

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 162.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 302.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص 137.

خوایان بەجێگەیاند لە هەڵبژاردەکەیاندا، ئایا خواو پێغەمبەر و ڕێبازەکەی هەڵدەبژێریت یان باوك و کەسوکارێك کە دژایەتی پەیامی خوا دەکەن (قُلْ إِنْ كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُمْ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ وَاللَّهُ لا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)،[1] (ئەی موحەممەد(ﷺ) بڵێ: ئەگەر باوکانتان و کوڕانتان و برایانتان و هاوسەرانتان و خزم و عەشرەتان و ماڵ و دارایی یەك (بە زەحمەت) پەیداتان کردووە و بازرگانیەك کە دەترسن برەوی نەبێ (بێ بازاڕبێ) و خانوو بەرەیەك کە پێ ی ڕازین خۆشەویست ترە لاتان لە خواو پێغەمبەرەکەی و تێکۆشان لە ڕێگەکەیدا ئەوە چاوەڕوان بکەن هەتا خوا فەرمان (و تۆڵە) ی خۆی دێنێ (بۆتان) وە خوا ڕێنموونی کەسانی تێپەڕ لە سنوور ناکات).

عەبدوڵا لە هەریەك لە غەزاکانی بەدرو ئوحود و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[2]

زەید دەڵێت: لە غەزایەکدا بەشداربووم، جا گوێم لە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو–سەرکردەی مونافیقەکان– دەیوت دەستگرۆی ئەوانەی دەوری پێغەمبەر مەبن تا دەوری چۆڵ بێت، ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە شکۆدار سەرشۆڕی تێدا دەردەکات، منیش چووم ئەوەم گێڕایەوە بۆ مامم–یان بۆ عومەر–، ئەویش لای پێغەمبەر (ﷺ) باسی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) منی بانگ کرد و منیش بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بە شوێن عەبدوڵای کوڕی ئوبەی و هاوەڵانیدا، کە هاتن

---

1 - التوبة: 24.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 302.

سوێندیان خوارد شتی وایان نەوتووە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بڕوای بە قسەکەی ئەو کرد، ئیتر من تووشی دڵتەنگیەك بووم خەفەتی وام نەدیبوو، لەماڵەوە بۆ خۆم دانیشتم، ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُوا۟ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ﴿١﴾ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢﴾ ﴾، پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بە شوێنمدا، منیش چووم بۆ لای، فەرمووی: (ئەی زەید خوای گەورە قسەکەی بە ڕاست دانایت).[1]

جا عەبدوڵای کوڕی چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەرهاتەکەی باوکمم بیستووە، جا ئەگەر نیازی شتێکت هەیە، خۆم بنێرە تا سەری بهێنم بۆت، خەزرەجیەکان دەزانن کەس نیە هێندەی من لەگەڵ باوکی خۆی چاك بێت، جا دەترسم فەرمان بکەیت کەسێکی تر بیکوژێت و منیش خۆم نەگرم و بچم لەبری بێباوەڕێکدا باوەڕدارێك بکوژمەوەو بەوەش بچمە دۆزەخەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(بەڵکو تا لەگەڵمان بمێنێتەوە لەگەڵی نەرمونیان دەبین و بە چاکی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەین).[2]

کاتێك عەبدوڵای کوڕی ئوبەی سەرکردەی دووڕووەکان مرد، عەبدوڵای کوڕی هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جلەکەی خۆتم پێ بدە تا بیکەم بە کفن بۆ باوکمو نوێژیش لەسەر تەرمەکەی بکە، پێغەمبەر (ﷺ)

1 - صحيح البخاري، الرقم 4619، سنن الترمذي، الرقم 3317.

2 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1408.

جلەکەی خۆی پێدا، ئینجا کە ویستی نوێژ لەسەر تەرمەکەی بکات، عومەر پێغەمبەری خوای(ﷺ) گرت و وتی مەگەر خوا رێگری لێنەکردویت نوێژ نەکەیت لەسەر دووڕوان؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی با، من لە نێوان دوو بژاردەدام (استغفر لهم أو لا تستغفر لهم إن تستغفر لهم سبعين مرة فلن يغفر الله لهم) بۆیە نوێژی لەسەر کرد، ئەوەبوو ئایەتی خوا دابەزی(ولا تصل على أحد منهم مات أبدا ، ولا تقم على قبره).[1]

عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی یەکێك بوو لە نووسەرانی خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ).[2]

عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵا دوای ئەوەش ژیا و پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی خیلافەتی ئەبووبەکری صدیقدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد دژ بە موسەیلەمەی درۆزن و لەو جەنگەدا شەهید بوو.[3]

## عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای مەخزوومی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی مەخزوومیە، هاودەم بە باوکی موسڵمان بوو و لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) تەمەنی منداڵ بوو، کاتێك

1 - صحيح البخاري، الرقم 1222، صحيح مسلم، الرقم 4517، صحيح ابن حبان، الرقم 3223، سنن الترمذي، الرقم 3106، السنن الكبرى لنسائي، الرقم 10778.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 155.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 303.

پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد تەمەنی عەبدوڵا تەنها هەشت ساڵان بوو، عەبدوڵا فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیك(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیکەو زیاتر بە ئابی لەحم ناسراوەو لە بەرگی یەکەمدا لە ناوی ئابی لەحمدا ژیانەکەیمان باسکردووە.

عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدانەو وەك ئەندامێکی وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، سەرەتا ناوی عەبدولحەجەر بوو و پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) کە خەڵکێکی زۆر وازیان هێنا لە ئیسلام، عەبدوڵا لەناو هۆزەکەیدا خەڵکی هان دەدا تا لەسەر ئیسلامەتی بمێننەوەو رێگری دەکرد لە هەڵگەڕانەوە، لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا کۆچی دوایی کرد.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەد(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەدی کوڕی هیلالی مەخزوومیە، یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، دەوترێت یانزەهەم کەس بووە موسڵمان بووە،

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 156.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 160.

پوورزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و برای شیری پێغەمبەره(ﷺ)، دایکی ناوی بەڕرەی کچی عەبدولموطەلیبە، کونیەکەی ئەبووسەلەمەیەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە.[1]

حەلیمە پێش ئەوەی دایەنی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و شیردەری بێت، شیری داوە بە حەمزەی مامی پێغەمبەر (ﷺ) و دوای ئەوەش شیری داوە بە ئەبوو سەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدی مەخزوومی.[2]

عەبدوڵا یەکێك بوو لە کۆچەرانی حەبەشەو لە هەردوو کۆچی حەبەشدا بەشداری کرد،[3] دەوترێت یەکەم کەس بوو کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتریش گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێش کۆچی کرد بۆ مەدینەو یەکەم کەس بووکۆچی کرد بۆ مەدینە،[4] لە کۆچەکانیشیدا ئوموسەلەمەی خێزانیشی لەگەڵ خۆی برد.[5]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە برایەتی خستە نێوان سەعدی کوڕی خەیثەمە و ئەبووسەلەمەی کوڕی عەبدولئەسەدەوە.[6]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص152-153.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص 108.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 87.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 154.

5 - أسد الغابة، ج3، ص 300.

6 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 481.

عەبدوڵا یەکێکە لەبەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردو لە ئوحوددا بریندار بوو،[1] نزیکەی مانگێك برینێچی ئەو برینەی دەکرا تا دواتر باش بوو،[2] پاش ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) لە مانگی صەفەردا ئەبووسەلەمەی کرد بە ئەمیری سریەیەك بۆ سەر بەنی ئەسەد، کاتێك لەو سریەیە گەڕایەوە برینەکەی جەنگی ئوحودی تەقیو لە مانگی جومادیلئاخیرەدا بەو هۆیەوە وەفاتی کرد.[3]

هەروەها کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ غەزای عوشەیرە، ئەبوسەلەمەی کرد بە بەرپرسی مەدینە تا دەگەڕێتەوە.[4]

ئومموسەلەمەی خێزانی ئەبووسەلەمە کە دواتر شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ)، بەسەرهاتی خۆی لەگەڵ ئەبووسەلەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێت جارێك بە ئەبووسەلەمەم وت بیستوومە ئافرەت کە مێردەکەی مرد و لە دەستەی بەهەشتیەکان بوو و ئافرەتەکەش بەهەشتی بوو و شووی نەکردەوە، خوا لە بەهەشتدا کۆیان دەکاتەوە، بۆ پیاویش هەروا، دەی وەرە با من بەڵێنت پێ بدەم دوای تۆ شوو نەکەم و تۆیش دوای من ژن نەهێنیت، ئەبووسەلەمە وتی گوێڕایەڵم دەبیت؟ منیش وتم فەرمان بکە تا گوێڕایەڵت بم، عەبدوڵا وتی ئەگەر من مردم شوو

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 154.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 87.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 154.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 300.

بکە، دواتر وتی خوایە دوای من پیاوێکی باشتر ببەخشە بە ئومموسەلەمە کە دڵتەنگ و نارەحەتی نەکات، ئەوەبوو کە ئەبووسەلەمە مرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئومموسەلەمەی کرد.[1]

عەبدوڵا کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەلەمە کە دوای وەفاتی خۆی، کاتێك ئومموسەلەمەی خێزانی شووی کرد بە پێغەمبەر (ﷺ)، سەلەمە لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) گەورە بوو و مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ)ئومامەی کچی حەمزەی مارە کرد لە سەلەمە، ئەوکات هەردووکیان تازەپێگەیشتووبوون.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەتیك(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەتیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی کوشتنی ئیبن ئەبیلحوقەیقی جوولەکە، عەبدوڵا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد وتیایدا شەهید بوو.[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاری دا عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحوقەیقی جوولەکە بکوژرێت، دەستەیەك لە پشتیوانانی بۆ ئەو کارە نارد و عەبدوڵای کوڕی عەتیکی کرد بە ئەمیریان، کاتێك چوون بۆ ئەوێ، عەبدوڵا بە هاوەڵەکانی وت لە شوێنی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 88.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص149.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 313.

خۆتان دابنیشن، من ده‌ڕۆم و خۆم لای کابرای ده‌رگاوان شیرین ده‌که‌م به‌ڵکو بچمه ژووره‌وه، ئه‌وه‌بو چوو تا نزیك بوویه‌وه له ده‌رگاکه، دواتر جله‌که‌ی دا به‌سه‌ر خۆیدا وه‌ك ئه‌وه‌ی بڵێیت ده‌ست به ئاو ده‌گه‌یه‌نێت، خه‌ڵکی ده‌چوونه ژووره‌وه، ده‌رگاوانه‌که پێی وت ئه‌ی عه‌بدولاّ ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێت بێیته ژووره‌وه وه‌ره چونکه ده‌مه‌وێت ده‌رگاکه دابخه‌م، عه‌بدولاّ ده‌ڵێت چوومه ژووره‌وه‌و خۆم حه‌شاردا، که ده‌رگاکه داخرا و کلیله‌کان هه‌ڵواسران، چووم کلیله‌کانم برد و ده‌رگاکه‌م کرده‌وه، کاتێك خه‌ڵکه‌که جێیانهێشت، چوومه سه‌ره‌وه بۆی، هه‌ر ده‌رگایه‌کم ده‌کرده‌وه، له‌ودیوه‌وه دامده‌خست، وتم با خه‌ڵکه‌که ئه‌گه‌ریش زانییان فریام نه‌که‌ون تا ته‌واو بیکوژم، که گه‌یشتمه لای ده‌بینم له ژوورێکی زۆر تاریکدایه له‌ناو ژن و منداڵیدا، نه‌مده‌زانی کامیان ئه‌وه، بۆیه وتم ئه‌ی ئه‌بوورافیع، ئه‌ویش وتی ئه‌وه کێیه؟ منیش چووم به‌ره‌و لای ده‌نگه‌که‌و به شمشێره‌که‌م لێمدا، هاواری لیَ هه‌ستا، منیش له ژووره‌که چوومه ده‌ره‌وه‌و زۆر دوور نه‌که‌وتمه‌وه‌و گه‌ڕامه‌وه بۆ لای و وتم ئه‌ی ئه‌بوورافیع ئه‌وه چی بووه؟ وتی دایکت رۆڵه‌ڕۆت بۆ بکات که‌سێك له ژووره‌وه بوو به شمشێر لێیدام، زانیم هێشتا نه‌یکوشتووه، بۆیه لا تیژه‌که‌ی شمشێره‌که‌م خسته سه‌ر سکی و فشارم خسته سه‌ر تا دڵنیا بووم له‌وه‌ی کوشتوومه، ئینجا یه‌ك یه‌ك ده‌رگاکانم ده‌کرده‌وه تا گه‌یشتمه لای په‌یژه‌یه‌ك و قاچم دانا له‌سه‌ری، وامزانی گه‌یشتوومه‌ته خوار، که‌چی که‌وتم، قاچم شکا و به مێزه‌ره‌که‌ی سه‌رم به‌ستم، دواتر چووم له‌به‌ر ده‌رگا دانیشتم و وتم نارۆم تا دڵنیا نه‌بم له‌وه‌ی کوشتوومه، قووقه‌ی

کەڵەشێر هات و کەسێك هاواری دەکرد ئەبوورافیع کوژرا، ئیتر گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکانم و وتم تەواو بوو، خوا ئەبوورافیعی لەناوبرد، ئینجا گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، فەرمووی قاچت راکێشە، قاچم راکێشا، دەستی بەسەردا هێنا، ئیتر دەتوت هیچی بەسەر نەهاتووە.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەددی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەددیەو لە پشتیوانانە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەددی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەددی کوڕی حەمرائی قوڕەیشیە، کونیەکەی ئەبووعومەر یان ئەبووعەمرە، لەو هاوەڵانەیە کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، عەبدوڵا فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.[3]

عەبدوڵای کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی بوجرەی قوڕەیشی عەدویە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو و دواتر لە جەنگی یەمامەدا دژ بە موسەیلەمەی درۆزن بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3831.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 178.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 177.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 188.

عەبدوڵای کوڕی عەمری ثەعلەبی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری ثەعلەبیە، کاربەدەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو لەسەر هۆزەکەی خۆی و چەندێکی تر.[1]**

عەبدوڵای کوڕی عەمری خەزرەجی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرامە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەو یەکێکە لە دوانزە نەقیبەکە.[2]**

**عەبدوڵا ژنێکی هەبوو بە ناوی ئەنیسەی کچی عەنمەی کوڕی عەددی کە کوڕێکی لێی بوو بە ناوی جابیر کە ئەویش هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[3]**

**عەبدوڵا کە یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبەی دووەم هاودەم بە خۆی جابیری کوڕیشی برد.[4]**

**جابیر دەڵێت جارێك باوکم فەرمانی کرد خواردنی (خەزیزە) ئامادە کرا، ئینجا بە مندا ناردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش بردم بۆی و پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی خۆی بوو، فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) وتم نا بەڵکو خواردنی (خەزیزە)یە، ئەویش فەرمانی کرد و خواردنەکەیان لەدەست گرتم، کاتێك گەڕامەوە**

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 191.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 189.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 561.

4 - أسد الغابة، ج1، ص 377.

بۆ لای باوکم وتی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی وت؟ وتم بەڵێ فەرمووی (ئەی جابیر ئەوە چیە؟ ئایا گۆشتە؟) باوکم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم ببیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش کە گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) هەر لەو شوێنەی خۆی بوو، فەرمووی (ئەوە چیە ئەی جابیر) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەڕامەوە بۆ لای باوکم و تی ئایا پێغەمبەری خوات (ﷺ) بینی؟ وتم بەڵێ، وتی ئایا هیچی فەرموو؟ وتم بەڵێ وای فەرموو، باوکیشم وتی لەوانەیە پێغەمبەر (ﷺ) تاسەی گۆشتی کردبێت، بۆیە چوو گێسکێکی سەربڕی و چاك برژێنرا، ئینجا پێی وتم ببیە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (جزى الله الأنصار عنا خيرا، و لا سيما عبدالله بن عمرو بن حرام و سعد بن عبادة)،[1] (خوای گەورە لە بری ئێمە پاداشتی خێری پشتیوانان بداتەوە بەتایبەت عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی حەرام و سەعدی کوڕی عوبادە).

کاتێك بڕیار بوو غەزای ئوحود رووبدات، عەبدوڵا جابیری کوڕی بانگ کرد و وتی —کوڕم— هیوام وایە سبەینێ یەکەم کەس بم بپێکرێم، جا وەسیەتت بۆ دەکەم لەگەڵ کچەکانی عەبدوڵا—خوشکەکانت— باش بە، جابیر دەڵێت ئەوەبوو بەیانی باوکم کوژرا و دوو دوو تەرمەکان دەخرانە یەك گۆڕەوە، باوکیشم لەگەڵ کەسێکی تر خرایە یەك گۆڕەوە، شەش مانگ وابوو، دواتر دڵم ئۆقرەی نەگرت تا بڕیارم دا بە جیا

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7130، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7162، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2024، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5621، صححه الذهبي في تعليقاته على المستدرك، كما صححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة، الرقم 461.

لەیەك گۆڕدا بیخەمە ژێر خاك، تەرمەکەیم دەرهێنایەوە، بینیم خۆڵ و زەویەکە هیچی بە جەستەی نەکردبوو تەنها تۆزێکی نەرمایی گوێی نەبێت.[1]

عەبدوڵای باوکی جابیر لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و لەو غەزایەشدا شەهید بوو، دواتریش کە تەرمەکان خرانە ژێر خاك هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عەمر و عەمری کوڕی جەمووح خرانە یەك گۆڕەوە.[2]

جابیر دەڵێت تەرمی باوکم شێوێنرابوو، تەرمەکەی هێنرا و لەبەردەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) دانرا و بە جلێکیش داپۆشرابوو.[3]

جابیر دەڵێت کاتێك تەرمی باوکم دانرابوو پۆشاکەکەی سەر دەموچاویم لادەبرد و سەیرم دەکرد و دەگریام، هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) رێگرییان لێدەکردم، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێگری لێ نەدەکردم،[4] ویستم هەمتر پۆشاکەکەی سەر دەموچاوی لابەرم بەڵام هاوەڵان نەیانهێشت، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) خۆی لایبرد–یان فەرمانی کرد لابرا– کە دەموچاوی دەرکەوت دەنگی گریانێك بەرزبوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەوە کێیە؟ وتیان کچی عەمرە،[5] فاطیمەی کچی عەمری پوورم لەسەر تەرمی باوکم دەگریا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 563.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 44.
3 - صحيح البخاري، الرقم 1245.
4 - صحيح البخاري، الرقم 1199.
5 - صحيح مسلم، الرقم 4621.

(تبكين أو لا تبكين ما زالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفعتموه)،[1] (بگریت بۆی یان نەگریت بەردەوام فریشتەکان بە باڵەکانیان سێبەری بۆ دەکەن تا تەرمەکەی هەڵدەگرن).

عەبدوڵا یەکێك بوو لە شەهیدانی غەزای ئوحود، دواتریش لە سەردەمی دەسەڵاتی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا کە موعاویە جۆگایەکی بەلای گۆڕی شەهیدانی ئوحوددا راکێشا تەرمی عەبدوڵای باوکی جابیر دەرکەوت، ئەوەبوو پاش ماوەیەکی زۆر جابیر سەرلەنوێ جەستەی باوکی خۆی بینیو تەماشای کرد جەستەی هیچ تێکنەچووبوو.[2]

لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا موعاویە فەرمانی کرد جۆگایەك رابکێشرێت، ئەوانەی ئیشەکەیان دەکرد نامەیان نووسی بۆ موعاویە کە هەر دەبێت ئەو جۆگەیە بەناو گۆڕستانی ئوحوددا بڕوات، ئەویش نامەی نووسی بۆیان گۆڕەکان هەڵدەنەوە، جابیر دەڵێت تەرمی شەهیدەکانم دەدی بەسەر شانی ئەو خەڵکەوە بوون دەتوت خەوتون، پاچێك بەر لایەکی قاچی حەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب کەوت، خوێن لە قاچی هات.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 1199، صحيح مسلم، الرقم 4622، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 13903.
2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 190.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 11.

عەبدوڵای کوڕی عەمری ساعیدی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی وەهبە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود و تیایدا شەهید بوو.[1]**

عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی قورەیشی سەهمیە، سەرەتا ناوی عاص بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]**

**جارێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصی بینی، فەرمووی ئەریٚ عەبدوڵا وا بیستوومە بە ڕۆژ بەرۆژوویت و بە شەویش شەونوێژ دەکەیت؟ عەبدوڵا وتی بەڵیٚ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وامەکە، رۆژوو بگرەو رۆژووش بشکێنە و شەونوێژیش بکەو بشخەوە، جەستەت مافی هەیە بەسەرتەوە، چاوت مافی هەیە بەسەرتەوە، هاوسەرت مافی هەیە بەسەرتەوە، میوانت مافی هەیە بەسەرتەوە، هێندە بەسە لە هەموو مانگێکدا سیٚ رۆژ بەڕۆژوو بیت چونکە بەوە بۆ هەر چاکەیەك دە بەرامبەرت بۆ هەیە، ئەوە دەبێتە رۆژووی هەموو ساڵەکە)، منیش هەر وازم نەهێنا و داوام دەکرد مۆڵەتی زیاترم بدات، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من توانا لەخۆمدا بەدی دەکەم، فەرمووی(دەی وەك رۆژوی پێغەمبەری خوا داوود رۆژوو بگرە و لەوە زیاتر مەکە) وتم رۆژووی پێغەمبەری خوا**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 198.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 193.

داوود چۆن بووە؟ فەرمووی نیوەی ساڵەکە بەڕۆژوو دەبوو-واتە ڕۆژناڕۆژێك-، عەبدوڵا دواتر کە تەمەنی کرد و پیر بوو و توانای جارانی نەما، وتی خۆزگە مۆڵەت و کارئاسانیەکەی پێغەمبەری خوام (ﷺ) قبووڵ بکردایە.[1]

عەبدوڵا فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە فەرموودە لە تۆ دەبیستین، جا مۆڵەتمان دەدەیت بیاننووسین؟ فەرمووی بەڵێ، عەبدوڵا یەکەم کەس بوو نامەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ خەڵکی مەککە نووسیەوە،[2] عەبدوڵا دەڵێت وتم ئەوەی لە کاتی خۆشی و لە تووڕەییشدا دەیفەرموویت بینووسمەوە؟ فەرمووی(نعم، إنه لا ینبغی لی أن أقول إلا حقا)، (بەڵێ، من تەنها وتنی حەقم بۆ شیاوە-تەنها حەق دەڵێت).[3]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(المسلم من سلم المسلمون من لسانه ویده، والمهاجر من هجر ما نهی الله عنه)،[4] (موسڵمان ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمان و دەستی پارێزراو بن، کۆچەریش ئەو کەسەیە کە دوور دەگرێت لەوەی خوا دوورەپەرێزی لێکردووە).

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1891، صحيح مسلم، الرقم 2047، صحيح ابن حبان، الرقم 3698.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 4385، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4886، ضعفه شعيب الأرناؤوط،

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 326،

4 - صحيح البخاري، الرقم 10، صحيح ابن حبان، الرقم 230، سنن أبي داود، الرقم 2135، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8427، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19298، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6322، المعجم الصغير للطبراني، الرقم 461.

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(أربع من كن فيه كان منافقا خالصا، ومن كانت فيه خصلة منهن كانت فيه خصلة من النفاق حتى يدعه، إذا اؤتمن خان، وإذا حدث كذب، وإذا عاهد غدر، وإذا خاصم فجر)،[1] (چوار سیفەت هەن هەرکەس تیایدا بێت ئەوە دووروویەکی تەواوە، هەرکەسیش سیفەتێك لەوانەی تێدا بێت ئەوە سیفەتێکی دووڕوویی تێدایە تا وازی لێدەهێنێت، ئەگەر سپاردەی درایە لا ناپاکی دەکات، ئەگەر قسەی کرد درۆ دەکات، ئەگەر بەڵێنی دا ناپاکی دەکات، ئەگەریش دادوەری کرد ناحەقی بڵێت).

عەبدوڵای کوڕی عەمر دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (إن الله لا يقبض العلم انتزاعا ينتزعه من العباد، ولكن يقبض العلم بقبض العلماء، حتى إذا لم يبق عالما اتخذ الناس رءوسا جهالا، فسئلوا فأفتوا بغير علم، فضلوا وأضلوا)،[2] (خوای گەورە زانست لە دەست بەندەکانی هەڵناگرێت، بەڵکو وا زانست هەڵدەگرێت کە زانایان دەباتەوە، تا ئەوەی کە زانایان نەمان، خەڵکی بڕێ سەرکردەی نەزان دەگرنەبەر، پرسیاریان لێدەکەن و ئەوانیش بێ زانست فەتوا دەدەن، خۆیان گومڕا دەبن و خەڵکیش گومڕا دەکەن).

سەبارەت بە وەفاتی، رایەك دەڵێت لە شام و لە ساڵی شەست و پێنجی کۆچی و لە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا وەفاتی کردووە، چەند رایەکیش هاتووە لە میصر

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 34، صحيح مسلم، الرقم 113، صحيح ابن حبان، الرقم 254، سنن أبي داود، الرقم 4089، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8460، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17521، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6585.

2 - صحيح البخاري، الرقم 100، صحيح مسلم، الرقم 4934، صحيح ابن حبان، الرقم 6827، سنن ابن ماجة، الرقم 51، سنن الترمذي، الرقم 2643.

یان مەککە یان طائیف کۆچی دوایی کردبێت، سەبارەت بەساڵی وەفاتی هەریەك لە ساڵی شەست و هەشت یان شەست و نۆی کۆچی هاتووە.[1]

عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری، سەرەتا ناوی ئەعرەس بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

عەبدوڵای کوڕی عەنەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەنەمەی موزەنیە و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی عەییاش (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەیاشی کوڕی رەبیعەی قورەیشی مەخزوومیە، باوکی یەکێك بوو لە دەستەی یەکەمی موسڵمانبوان، کاتێك باوك و دایکی کۆچیان کرد بۆ حەبەشە، عەبدوڵا لەوێ لەدایك بوو.[4]

عەبدوڵای کوڕی عجرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عجرەی سولەمیەو شاعیر بووە، سەبارەت بە فەتحی مەککە شیعری هۆنیوتەوەو خۆیشی تیایدا بەشدار بووە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 193.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 199.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 201.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 204-205.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 176.

### عەبدوڵای کوڕی عوبەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوبەیسەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، دەوترێت لە غەزای بەدردا بەشدار بووە.[1]

### عەبدوڵای کوڕی عوتبان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوتبانەو لە پشتیوانانە، بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

### عەبدوڵای کوڕی عوثمان (ئەبووبەکری صدیق) (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوثمانی کوڕی عامیری کوڕی عەمری قورەیشی تەیمیە، کونیەکەی ئەبووبەکرەو بە صدیق ناسراوە، نزیکترین و ئازیزترین هاوەڵی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت و یەکەم خەلیفەی راشیدینە،[3] ئەبووبەکر بە هەریەك لە عەتیق و صدیق ناسرابوو.[4]

ئەبووبەکر دوو ساڵ و نیو پاش ساڵی فیل لەدایك بوو.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 164.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 165.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 315.
4 -نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 8-9.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 169.

ئەبووبەکر کەسێکی لەڕی باڵابەرزی سپی پێست بوو، دەموچاوی قەڵەو نەبوو، خەنەوسمەی بەکاردەهێنا.[1]

بنەماڵەکەی

باوکی ناوی عوثمانەو بە ئەبووقوحافە ناسراوە، لە فەتحی مەککەدا ئەبووبەکر باوکی برد بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، کە پێغەمبەر (ﷺ) بینی، فەرمووی با وازت بهێنایە لەو پیرە لە ماڵ خۆی بوایە من دەهاتم بۆ لای، ئەوەبوو ئەبووقوحافە موسڵمان بوو، دواتر لە ساڵی چواردەی کۆچی و لە تەمەنی نەوەدو حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[2]

دایکی ناوی سەلمای کچی صەخری قورەیشیە، زیاتر بە ئومولخەیر ناسراوە،[3] ئەم ئافرەتە زۆر زوو موسڵمان بوو، لە مەککە بون کە ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان بوو،[4] ئومولخەیر ژیا تا مەرگی ئەبووبەکری کوڕی بینی و لە میراتی ئەبووبەکریشی بەرکەوت، رایەکیش دەڵێت بەڵکو پێش مەرگی ئەبووبەکری کوڕی وەفاتی کرد.[5]

---

1 - نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 24.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 453.

3 - أسد الغابة، ج7، ص 353.

4 - أسد الغابة، ج7، ص 354.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص354.

هاوسەرەکانی:

قوتەیلەی کچی عەبدولعوززا کە دایکی عەبدوڵا و ئەسمائی کچی ئەبووبەکر بوو، ئوممورومان کە دایکی عائیشەو عەبدوڕەحمان بوو، ئەسمائی کچی عومەیس کە دایکی موحەممەد بوو،[1] حەبیبەی کچی خاریجە کە باوکی مارەی کرد لە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکریش لەم ئافرەتە منداڵێکی بوو بە ناوی ئوممولکلثوم،[2] ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[3]

منداڵەکانی

کوڕێکی ناوی عەبدوڵا بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدوڵا دەچوو هەواڵی قوڕەیشیەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێك بوو، عەبدوڵا لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و طائیفدا بەشداری کرد و برینداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

کوڕێکی تری ناوی عەبدوڕەحمان بوو، ئەمیش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و موحەممەدی کوڕیشی هاوەڵ بوو، عەبدوڕەحمان بە بێباوەڕی بەشداری بەدرو ئوحودی کرد، دواتر لە حودەیبیەدا موسڵمان بوو، لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا بەشداری جەنگی یەمامەی کرد و حەوت گەورە سەرکردەی بێباوەڕانی کوشت،

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 169.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 169.
3 - أسد الغابة، ج2، ص 105.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 27-28.

پاشان بەشداری فتووحات بوو، لە جەنگی جەمەلدا هاوشانی عائیشەی خوشکی بەشدار بوو، دواجار لە ساڵی پەنجاو سێ دا کۆچی دوایی کرد.[1]

کوڕێکی تری ناوی موحەممەد بوو، ئەم منداڵەی لە حەجیماڵئاواییدا لەدایك بوو، موحەممەد یەکێك بوو لە هێرش بەرانی سەر خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان، دواتریش کە میصری گرتە دەست لەگەڵ عەمری کوڕی عاص جەنگا و سوپاکەی موحەممەد شکا و دواتر کوژرا و سووتێنرا.[2]

کچێکی ناوی ئەسماء بوو، هەر زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەری زوبەیری کوڕی عەووام بوو، کۆچی کرد بۆ مەدینەو سکی هەبوو بە عەبدوڵای کوڕی زوبەیرەوە، بە خاوەن دوو پشتێنەکە ناسراوە، تەمەنێکی زۆری کرد تا لە سەردەمی ئومەویدا دەسەڵاتی عەبدوڵای لە حیجاز بینی و مەرگی عەبدوڵای کوڕی بینی و پاش ماوەیەکی کەم لەو رووداوە وەفاتی کرد،[3] لە پیتی (أ) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

کچێکی تری ناوی عائیشە بوو کە بە دایکی باوەڕداران ناسراوەو خۆشەویستترین خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو دوای وەفاتی خەدیجەو یەکێك بوو لە هاوسەرە زۆر شارەزاکانی، لە پیتی (ع) دا باسی ژیانەکەیمان کردووە.

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 481-483.

2 - أسد الغابة، ج5، ص 106.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 487.

کچێکی تری ناوی ئومموکلثوم بوو، ئەبووبەکر لە سەرەمەرگدا بوو کە حەبیبەی کچی خاریجە سکی هەبوو بەو کچەیەوە.[1]

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیدا

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیدا یەکێك بوو لە کەسایەتیە دیارەکان، سەرکردەیەکی ناو قورەیشیەکان بوو، بڕیاردەری قورەیشیەکان بوو، یەکێك بوو لەوانەی مەی لەسەر خۆی حەرام کردبوو و نەیدەخواردەوە، راوێژی زۆری پێ دەکرا.[2]

ئەبووبەکر لە سەردەمی نەفامیشدا هاوەڵێکی نزیك و دۆستی هەمیشەیی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[3]

خەڵکی مەککە زۆر تێکەڵی ئەبووبەکر دەبوون و لە دەوری بوون، چ لەبەر خۆشی کۆڕەکانی وقسەکردنی، چ لەبەر سەرقاڵبوونی بە کاری بازرگانی، چ لەبەر ئەو زانستەی کە هەیبوو.[4]

موسڵمانبوونی

ئەبووبەکری صدیق یەکەم کەس بوو موسڵمان بوو و یەکەم کەسیش بوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج2، ص 105.
2 - نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 10.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 169.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 171.
5 -نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 11.

ئەبووبەکری صدیق یەکێك بوو لەو حەوت کەسە یەکەمەی کە لە مەککە ئیمانی خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش بریتی بوون لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر و بیلال و صوهەیب و خەبباب و عەممار و سومەییە.[1]

### بانگەواز لە مەککەدا

کاتێك ئەبووبەکر موسڵمان بوو یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو چوو بۆ لای عوثمانی کوڕی عەففان و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و زوبەیری کوڕی عەووام و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص و باسی ئیسلامی کرد بۆیان و بانگهێشتی کردن بۆ ئیسلام، هەموو ئەوانە موسڵمان بوون.[2]

زوبەیری کوڕی عەوام لەسەر دەستی ئەبووبەکری صدیق موسڵمان بوو، چونکە ئەو پێشنیازی موسڵمان بوونی بۆ کرد و وردەکاری بانگەوازەکەی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بۆ خستەڕوو، زوبەیریش چوو بەدەم داواکەیەوەو موسڵمان بوو.[3]

کاتێك ئەبووبەکر موسڵمان بوو، کەوتە بانگەواز کردن بۆ ئیسلام، بێباوەڕان لەسەر ئەوە زۆر لێیان دا، عوتبەی کوڕی ڕەبیعە بە نەعلەکانی دەیدا لە دەموچاوی و دەچووە سەر سکی ئەبووبەکر، ئیتر وای لێهاتبوو دەموچاوی ئەبووبەکر نەدەناسرایەوە، بەنوتیم هاتن و ئەبووبەکریان خستە ناو بەرگێکەوەو بردیانەوە

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 40.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 30.

3 - الكامل في التأريخ، ج1، ص 583.

ماڵەوە و بڕوایان وابوو بە دڵنیایەوە دەمرێت، باوکی ئەبووبەکر و بەنوتیم دەیاندواند و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) چی لێ هات؟ ئەوانیش بە زمان هێرشیان دەکردە سەری و جێیاندەهێشت،[1] ئینجا بە ئوممولخەیریان وت بزانە شتێکی نادەیتێ بیخوات، کەچی ئەبووبەکر بە دایکیشی هەمان شتی دەوت، پێغەمبەر (ﷺ) چی لێهات، ئەویش دەیوت بەخوا هەواڵی هاوەڵەکەتم نیە، ئەبووبەکر وتی بڕۆ بۆ لای ئوممموجەمیلی کچی خەططاب و لای ئەو پرسیاری پێغەمبەری خوام (ﷺ) بۆ بکە، ئوممولخەیر چوو بۆ لای ئوممموجەمیلو وتی ئەبووبەکر داوای هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵات لێ دەکات، ئەویش وتی من ئەبووبەکر و موحەممەد ناناسم، ئەگەریش حەز دەکەیت لەگەڵت دێم بۆ لای کوڕەکەت، وتی بەڵێ، ئەوەبوو لەگەڵ ئوممولخەیر چوو بۆ ماڵی ئەبووبەکر و بینی لە چ بارێکدایە، ئوممموجەمیل دەستی کرد بە شیوەن و وتی بەخوا ئەوانەی وایان کردووە بە تۆ، فاسق و بێباوەڕن و داوام لە خوایە تۆڵەت لەوان بکاتەوە، ئەبووبەکر وتی پێغەمبەر (ﷺ) چی لێهات؟ ئوممموجەمیل وتی ئەوە دایکتە، قسەکانمان دەبیستێت، ئەبووبەکر وتی ترست نەبێت لەو، ئوممموجەمیل وتی پێغەمبەر (ﷺ) چاکەو سەلامەتە، ئەبووبەکر وتی لە کوێیە؟ وتی لە ماڵی ئیبنولئەرقەمە، ئەبووبەکر وتی دەی خوا ئاگادارە تا نەچم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) نە نان دەخۆم و نە ئاو دەخۆمەوە، ئوممموجەمیل و ئوممولخەیر وەستان تا خەڵکی بڵاوەیان کرد، ئینجا نەوینە ژێر باڵی و بردیان بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)،[2] کە گەیشتن بە یەکدی، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دا بەسەر ئەبووبەکردا و ماچی دەکرد و دڵی بۆی دەسووتا، ئەبووبەکر

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 353.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 30.

وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە دایکمەو تۆیش پیرۆزیت، نزای بۆ بکە و بانگی بکە بۆ ئیسلام، بەڵکو خوا بە هۆی تۆوە لە دۆزەخ رزگاری بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگەوازی دایکی کرد، ئەویش موسڵمان بوو.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە پاڵ کەعبەدا نوێژی دەکرد کە عوقبە هات و جلەکەی خستە گەردنی و توندی کرد لە گەردنی، ئەبووبەکر هات و پشتی ملی گرت و لایبرد و پێی وت (أتقتلون رجلا أن يقول ربی الله) (پیاوێك دەکوژن کە دەڵێت خوا پەروەردگارمە).[2]

پێغەمبەر (ﷺ) رۆژانە بەیانی و ئێوارە سەردانی ماڵی ئەبووبەکری صدیقی دەکرد، جا کە موسڵمانان تووشی نارەحەتی بوون، ئەبووبەکر ویستی کۆچ بکات بۆ حەبەشە، لە نیوەرێدا بوو کە ئیبنودوغنە پێی گەیشت و وتی ئەی ئەبووبەکر بۆ کوێ دەچیت؟ وتی قەومەکەم دەریانکردوم و دەمەوێت برۆمە شوێنێ پەرستشی پەروەردگاری خۆم بکەم، ئەویش وتی کەسی وەك تۆ نابێت نە بچێت و نە دەربکرێت، تۆ پاڵپشتی نەبووان و خزم دۆست و میواندۆستیت، من دەبم بە پەنادەرت و بگەرێرەوە لە شوێنی خۆت پەروەردگاری خۆت بپەرستە، ئەوەبوو ئەبووبەکر لەگەڵ ئیبنودوغنە گەڕایەوەو لە پاڵ کەعبەدا ئیبنودوغنە بە هەموانی راگەیاند کە پەنای ئەبوبەکری داوە، ئەبووبەکریش لەپاڵ ماڵی خۆیدا مزگەوتێکی دروست کرد و پەرستشی دەکرد و قورئانی دەخوێند و نوێژی تێدا دەکرد، ئافرەت و منداڵانی قورەیش دەهاتن و گوێیان لێدەگرت و تەماشایان دەکرد، ئەمەش

---

1 - أسد الغابة، ج7، ص 354.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3665، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6727.

قورەیشیەکانی ترساند، بۆیە ناردیان بۆ لای ئیبنودوغنەو داوایان لێکرد ئەو مزگەوتە بە ئەبووبەکر لاببات، ئەویش چوو و پێی وت یان پەرستشەکەت لە ماڵ بکەو یان پەناکەم بۆ بگێڕەوە، ئەبووبەکریش وتی بەڵکو پەناکەت بۆ دەگێڕمەوە و بە پەنای خوا و پێغەمبەری خوا (ﷺ) رازی دەبم، دوای ئەوە کۆچی موسڵمانان بەرەو مەدینە بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پێکردو ئەبووبەکریش خۆی ئامادە کرد تا کۆچ بکات، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (پەلە مەکە، من هیوام وایە مۆڵەتی منیش بدرێت)، ئەبووبەکر وتی بەباوکمەوە بەقوربانت بم هیوای ئەوە هەیە؟ فەرمووی بەڵێ، بۆیە ئەبووبەکر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە تا هاودەمی بکات، بەردەوام دو سواری بەستبوویەوەو ماوەی چوار مانگ خزمەتی ئەو سوارانەی دەکرد تا ئامادە بن بۆ کۆچکردنی هەردووکیان.[1]

ئەبووبەکری صدیق سامانێکی زۆری هەبوو، بەڵام هەمووی بۆ سەرخستنی بانگەوازی ئیسلامی خەرج کرد.[2]

طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا دەڵێت جارێك لە بازاڕی بوصرا بووم کە راهیبێك لە پەرستگاکەی خۆیدا بوو، وتی پرسیار بکەن لەم خەڵکە بزانن کەسیان تێدایە خەڵکی حەرەم بێت؟ منیش وتم بەڵێ من، وتی ئایا هێشتا ئەحمەد دەرنەکەوتووە؟ وتم ئەحمەد کێیە؟ وتی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عەبدولموطەلیب، ئەوە شارەکەیەتی کە تیایدا دەردەچێت و کۆتای پێغەمبەرانە و لە حەرەم دەردەکەوێت و کۆچ دەکات بۆ شاری دارخورما، وریابە زوو خۆتی پێ بگەیەنە، منیش قسەکانی چوویە دڵمەوەو

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2197،

2 - نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 13.

خێرا گەڕامەوە بۆ مەککەو وتم هیچ روویداوە؟ وتیان موحەممەدی کوڕی عەبدوڵا باسی پێغەمبەرایەتی دەکات و ئەبووبەکریش شوێنی کەوتووە، منیش چوم تا خۆم گەیاند بە ئەبووبەکر و وتم ئایا شوێنی ئەو پیاوە کەوتویت؟ وتی بەڵێ، تۆیش برۆ شوێنی بکەوە چونکە بانگەواز بۆ حەق دەکات، منیش بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، ئەبووبەکریش لەگەڵم هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و لەوێ موسڵمان بووم و بەسەرهاتەکەشم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) گێڕایەوەو ئەویش بەوە دڵخۆش بوو.[1]

ئەبووبەکر لە پێناو خوادا ژمارەیەك کۆیلەی ئازاد کرد، لەوانە بیلالی حەبەشی و عامری کوڕی فوهەیرەو زیننیرەو نهدیەو کچەکەی و کەنیزەیەکی بەنی نەوفەل و ئومموعوبەیس.[2]

زیننیرە کەنیزەیەکی رۆمی بوو لای قوڕەیشیەکان کاتێك بانگەوازی ئیسلامی بیست زۆر زوو موسڵمان بوو، ئیتر ئەبووجەهل زۆر سزای دەدا، زیننیرەش خۆڕاگر بوو و وزای نەدەهێنا لە ئیسلام، دواجار خوای گەورە ئەبووبەکری صدیقی کردە هۆکار و ئەبووبەکر زیننیرەی کڕیەوەو رزگاری کرد.[3]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 214-215.

2 - ناية الإرب للنويري، ج19، ص 13.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 664.

کۆچکردن بۆ مەدینە

دوای ئەوەی کۆچی موسڵمانان بەرەو مەدینە بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی پێکردو ئەبووبەکریش خۆی ئامادە کرد تا کۆچ بکات، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (پەلە مەکە، هیوام وایە مۆڵەتی منیش بدرێت)، ئەبووبەکر وتی بەباوکمەوە بەقوربانت بم هیوای ئەوە هەیە؟ فەرمووی بەڵێ، بۆیە ئەبووبەکر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە تا هاودەمی بکات، بەردەوام دو سواری بەستبوویەوەو ماوەی چوار مانگ خزمەتی ئەو سوارانەی دەکرد تا ئامادە بن بۆ کۆچکردنی هەردووکیان.[1]

رۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو ماڵی ئەبووبەکر هات و کاتەکەی جیا بوو لە هاتنی رۆژانی تری، هاتە ژوورەوەو بە ئەبووبەکری فەرموو (ئەی ئەبووبەکر ئەوانەی لەلاتن بیانکەرە دەرەوە)، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانە کەسانی تۆن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(مۆڵەتم پێدراوە) واتە بۆ کۆچکردن، ئەبووبەکریش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە باوکمەوە بەقوربانت بم یانی من هاودەمت دەبم؟ فەرمووی بەڵێ، ئەبووبەکر وتی دەی یەکێك لەو دوو سوارە بۆ تۆ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(بە پارە دەیبەم)، ئەوەبوو هەردوو سوارەکەیان چاك ئامادە کردن و ئەسمائیش پشتێنەکەی کرد بە دوو بەشەوە بۆ بەستنەوەی توێشووەکانیان، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر چوونە ئەشکەوتی ثەور و لەوێ سێ شەو مانەوە، عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکریش کە گەنجێك بوو بەیانیان زوو دەچوو بۆ

[1] - صحيح البخاري، الرقم 2197،

لایان و دەگەڕایەوە بۆ مەککە هێشتا خەڵکی لەخەو هەڵنەسابوون، عامیری کوڕی فوهەیرەش بە برێك مەڕوماڵاتەوە دەیدا بە لایاندا و شیری پێدەدان،[1] کاتێك لە ئەشکەوتەکە دەمانەوە ئەبووبەکر شوێنێکی ئامادە کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) تا لەوێدا بخەوێت،[2] ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر کابرایەکی بەنی دیلیان بە کرێ گرتبوو تا بیانبات بۆ مەدینە، سوارەکانیان دابوو بەو و وادەیان بوو دوای سێ شەو لای ئەشکەوتەکە یەك ببینن، ئەوەبوو لە وادەی خۆیدا هات و هەرسێیان هاودەم بە عامیری کوڕی فوهەیرە رێی کەنار دەریایان گرتەبەر.[3]

کاتێك لە ئەشکەوتەکەدا بوو، بێباوەڕان بە دوایاندا دەگەڕان و هاتبوونە بەردەم ئەشکەوتەکە، ئەبووبەکر وتی جا ئەگەر یەکێکیان تەماشای بەرپێی خۆی بکات دەمانبینێت، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(ئەی ئەبووبەکر گومانت بە دوان چیە کە سێیەمیان خودایە).[4]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق کۆچیان کرد بۆ مەدینە، عامیر هاوکاریان بوو، دەچوو بەدوای ئەواندا مەڕوماڵاتی دەلەوەڕاند تا شوێن پێیان دیار

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3714.

[2] - صحيح البخاري، الرقم 3439.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3714.

4 - صحيح البخاري، الرقم 3474 و 4394، صحيح مسلم، الرقم 4492، صحيح ابن حبان، الرقم 6369، سنن الترمذي، الرقم 3104، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 11.

نه‌بێت، هه‌روه‌ها شیری مه‌ڕه‌کانی بۆ ده‌بردن،[1] ئه‌مه‌ش له‌و ماوه‌دا بوو که پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و ئه‌بووبه‌کر له ئه‌شکه‌وتی ثه‌ور بوون.[2]

سوراقه ده‌ڵێت کاتێك پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و ئه‌بووبه‌کری صدیق کۆچیان کرد، نێردراوانی قوڕه‌یش هاتن بۆ لامان و وتیان هه‌رکه‌س پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) یان ئه‌بووبه‌کر بکوژێت یان به‌دیل بگرێت ئه‌وه پاداشت ده‌کرێت و پاداشته‌که‌شی هێنده‌ی خوێن باییه‌که، منیش له کۆڕێکی به‌نی مودلیجدا دانیشتبووم که کابرایه‌کی مودلیجی هات و وتی ئه‌ی سوڕاقه که‌مێك پێش ئێستا دوو تارماییم له که‌ناراوه‌وه بینی، سوراقه وتی زانیم ئه‌وانن، وتم ئه‌وه ئه‌وان نین، ئه‌وه فلان و فلان بون که تۆ بینیوتن، دوایی که‌مێك له کۆڕه‌که‌دا مامه‌وه‌و دواتر چوومه‌وه ماڵه‌وه‌و فه‌رمانم کرد به که‌نیزه‌که‌که‌م تا ئه‌سپه‌که‌م بۆ ئاماده بکات، رمه‌که‌مم هه‌ڵگرت و سوار وشتره‌که‌م بووم، چووم تا نزیك بوومه‌وه له پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) و ئه‌بووبه‌ر، له‌وێ ئه‌سپه‌که‌م منی خست، هه‌ستامه‌وه‌و ده‌ستم برد بۆ کیفی تیره‌کانم و تیرێکم ده‌رکرد و کردم به دوو له‌ته‌وه که‌چی به‌دڵی خۆم بۆ ده‌رنه‌چوو،[3] سواری ئه‌سپه‌که‌م بوومه‌وه‌و نزیك بوومه‌وه لێیان، گوێم لێبوو پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) قورئانی ده‌خوێند و لای نه‌ده‌کرده‌وه، به‌ڵام ئه‌بووبه‌کر زۆر لای ده‌کرده‌وه، ئه‌وکات دوو ده‌ستی ئه‌سپه‌که‌م رۆچوون به‌ناو زه‌ویداو تا نیوه‌ی له زه‌ویدا بوو، له‌سه‌ر ئه‌سپه‌که‌م که‌وتمه خواره‌وه، تێم خوڕی و ئه‌سپه‌که‌م هه‌ستایه‌وه، به‌ڵام ده‌سته‌کانی نه‌ده‌هاتنه ده‌ره‌وه،که رێك وه‌ستایه سه‌رپێ بینیم دووکه‌ڵێك له ئاسمانه‌وه دیاره، هه‌مدی تیرێکم ده‌رکرد و له‌تم کرد

1 - صحيح البخاري، الرقم 3714.

2 - صحيح ابن حبان، الرقم 6370.

3 - له سه‌رده‌می نه‌فامیدا ئه‌و عاده‌ته هه‌بوو تیریان ده‌کرد به دوو به‌شه‌وه بۆ تاقیکردنه‌وه‌ی به‌ختیان.

کەچی خراپەکەم بۆ دەرچوو، داوای پەنام کرد لێیان، ئەوانیش وەستان، سواری ئەسپەکەم بووم تا چوومە لایان، کە بینیم ئاوام بەسەرهات وتم بە دڵنیاییەوە دوارۆژ بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەبێت، پێم وت هۆزەکەت پاداشتی خوێن بابیەکیان داناوە بۆ گرتن یان کوشتنت، ئینجا هەواڵ و باس چی هەبوو بۆم باسکردن، دواتر پێم وتن شمەك و پێویستی چییان دەوێت با لای من بیبەن، پێغەمبەر (ﷺ) تەنها داوای لێکردم زانیارییان بشارمەوەو نەهێڵم خەڵك پێیان بزانێت، منیش داوام لێکرد نامەیەکی پەنام بۆ بنووسێت، ئەویش فەرمانی کرد بە عامیری کوڕی فوهەیرەو ئەویش لە پارچە پێستەیەکدا بۆی نووسیم، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) چوو،[1] ئینجا سوراقە ئەو نووسینەی هەڵگرت تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) لە طائیفەوە گەڕایەوە سوراقە چوو بۆ لای و ئەو نامەی پێ نیشان دا، ئەوکات لە جەعرانە بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی نزیك بەرەوە، ئەویش نزیك بوویەوەو موسڵمان بوو.[2]

ئەبووبەکر دەڵێت کاتێك سوراقە گەیشت پێمان وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە گەیشت پێمان، فەرمووی خەفەت مەخۆ خوامان لەگەڵە، کە تەواو نزیك بوویەوەو نزیکەی چەند رمێك دوور بوو لێمانەوە دەستم کرد بە گریان و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وا گەیشت پێمان، فەرمووی بۆچی دەگریت؟ وتم بەخوا بۆ خۆم ناگریم، بەڵکو بۆ تۆ دەگریم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی خوایە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت دووری بخەرەوە لێمان، ئەوەبوو ئەسپەکەی تا لای سکی چوو بەناخی زەویدا و سوراقەش کەوتە خوارەوە، سوراقە وتی ئەی موحەممەد ئەزانم

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3714.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج3، ص 185.

ئەمە کاری تۆیە، نزا بکە خوا رزگارم بکات، بەخوا مەرج بێت رێ لەوانەی دوای خۆم ون بکەم تا نەگەڕێن بەدواتدا، ئەوەش تیرەکانم تیرێکیان ببە، دەزانم دەدەیت بە لای وشتر و رانە مەڕەکانمدا لە فلانە شوێن، لەوێ چەندت پێویستە بیبە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی هیچ پێویستیمان نیە بە وشترەکانت، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ کرد و سوراقەش گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵەکانی خۆی.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ویستی کۆچ بکات بۆ مەدینە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە شامەوە جلی سپی ناوازەی هێنابوو، دوو جلی بە دیاری نارد بۆ ئەبووبەکر و پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوانیش ئەو جلانەیان پۆشی و بەو جلانەوە چوونە ناو مەدینە.[2]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکری صدیق بەرەو مەدینە کۆچیان دەکرد ئەوسی کوڕی عەبدوڵایان بینی، ئەویش کۆیلەیەکی هەبوو بە ناوی مەسعوود، پێغەمبەری خوا و ئەبووبەکری صدیقی سواری وشترەکەی خۆی کرد و مەسعوودی نارد لەگەڵیاندا و داوای کرد بیانگەیەنێتە مەدینەو تا ئەو شوێنە لێیان جیا نەبێتەوە, ئەویش تا مەدینە هاودەمی کردن و دواتر گەڕایەوە.[3]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 6372، صححه شعيب الأرناؤوط، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 366.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 173.

3 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 610، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 929.

کاتێك ئەبووبەکری صدیق چوویە مەدینە، لای خاریجەی کوڕی زەید دابەزی و لەوێ مایەوە.[1]

کاتێك هاوەڵان کۆچیان کرد بۆ مەدینەو لەوێ مانەوە، هەریەك لە بیلال و ئەبووبەکری صدیق تووشی تا بوون، دەیوت نەفرینی خوا لە شەیبەی کوڕی رەبیعەو عوتبەی کوڕی رەبیعەو ئومەییەی کوڕی خەلەف چۆن لە خاکی خۆمانەوە دەریانکردین بۆ خاکی دەرد و نەخۆشی، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(اللهم حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشد اللهم بارك لنا في صاعنا وفي مدنا وصححها لنا وانقل حماها إلى الجحفة)،[2] (خوایە مەدینەمان لا خۆشەویست بکە وەك خۆشەویستیمان بۆ مەککە یان زیاتر لەوەش، خوایە بەرەکەت بخەرە رزق و رۆزیمانەوە و تەندروستی بکە بۆمان، تای مەدینەش بگوازەرەوە بۆ جوحفە).

بەشداری لە غەزاکاندا

ئەبووبەکری صدیق لە هەموو غەزاکاندا بەشداری کرد و لە تاکە غەزایەکیشدا دوانەکەوت، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد بەردەوام لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و دەست و دەم و دڵی بۆ ئیسلام خستبوویە کار.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوو بۆ بەدر، پێش غەزاکە رای خەڵکی وەرگرت و فەرمووی راتان چیە؟ ئەبووبەکری صدیق وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستوومانە ئەوان–قورەیش– لە فڵانە شوێنن، هەمدی پێغەمبەر (ﷺ) بە

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 174.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1799، صحيح مسلم، الرقم 2522، موطأ مالك، الرقم 1600، صحيح ابن حبان، الرقم 3784، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7271، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 6205، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 23804.

خەڵکەکەی فەرموو راتان چیە؟ ئەمجار عومەری کوڕی خەططاب هەمان قسەی ئەبووبەکری کرد، هەمدی پێغەمبەر (ﷺ)رای هاوەڵانی وەردەگرت و فەرمووی راتان چیە؟ ئینجا سەعدی کوڕی موعاذ قسەی کرد و وتی: (مەبەستت ئێمەیە، سوێند بەوەی رێزداری کردویت و قورئانی بۆ دابەزاندویت، من رێی وام هەرگیز نەگرتوەتەبەر و شارەزاییم لێی نیە، بەڵام ئەگەر بڕۆی تا بیرکولغیماد لە یەمەن هاودەم بە تۆ دێین، ئێمە وەك ئەو بەنوئیسرائیلیانە نین کە بە مووسایان وت (اذهب أنت و ربك فقاتلا إنا هاهنا قاعدون) (خۆت و خواکەت بڕۆن بجەنگن، ئێمە لێرە دانیشتوین)، بەڵکو دەڵێین بڕۆ خۆت و پەروەردگارت بجەنگن و ئێمەش لەگەڵتاندا شوێنت دەکەوین، لەوانەیە تۆ بۆ شتێك دەرچووبیت و خواش شتێکی تری هێنابێتە رێت، بزانە ئەوەی خوا بۆی داناویت کامەیە ئەوە بگرەبەر، چ پەتێکت دەوێت بیگەیەنەو چ پەتێکت دەوێت بیپچڕێنە، لەگەڵ کێ دەتەوێت ئاشتی بکەو دژایەتی کێت دەوێت بیکە، چەندەت دەوێت لە سامانمان ببە).[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب دەڵێت لە غەزای بەدردا عەریشێکمان –چادر یان کەپرێ– بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دروست کرد، وتمان کێ لای پێغەمبەر (ﷺ)دەبێت بۆ ئەوەی کەس نزیکی نەکەوێت، کەس نەچوو، تەنها ئەبووبەکر نەبێت کە شمشێری هەڵکرد و لەلای پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەستاو پاسەوانی دەکرد.[2]

دواتر لە جەنگەکەشدا لە کەنار پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بەشداری کرد، کە دواتر موسڵمانان سەرکەوتن و نزیکەی حەفتا کەسیان بەدیل گرت، پێغەمبەر (ﷺ)

1 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 35978.

2 - البداية والنهاية لابن كثر، ج3، ص 331.

رای ئەبووبەکر و عومەری وەرگرت سەبارەت بە دیلەکان، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوانە لە هۆزی خۆت و ئامۆزایانی خۆتن، پێم وایە بە فیدیە ئازادیان بکەیت، بەوە ئەو دەستکەوتە دەبێت بە هێز بۆ ئێمە دژ بە بێباوەڕان، بەڵکو خوای گەورەش ڕێنموونیان بکات بۆ ئیسلام، عومەر وتی نابەخوا ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، من راکەی ئەبووبەکرم نیەو پێم وایە بدەین لە گەردنیان، عەلی عەقیل بگرێت و بدات لە گەردنی، منیش فلانە خزمی خۆم بگرم و بدەم لە گەردنی، ئەوانە ڕێبەرانی کوفرن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) راکەی ئەبووبەکری بەدڵ بوو، بۆ بەیانیەکەی عومەر چوو دەبینێت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر دانیشتون و دەگرین، عومەر وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆچی دەگرین؟ با ئەگەر کرا منیش بگریم و ئەگەریش گریانم بۆ نەهات بۆ گریانەکەی ئێوە بگریم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(بۆ ئەوە دەگریم کە هاوەڵەکانت وتیان با فیدیە وەربگرین لێیان، لە خوارووی ئەو درەختەوە–درەختێکی نزیك لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو– سزای ئەوانەم بۆ خرایەڕوو–) ئەوەبوو خوای گەورە ئایەتی دابەزاندە خوارەوە(ما كان لنبی أن یكون له أسری...).[1]

لە غەزای ئوحودیشدا ئەبووبەکر بەشداری کرد و یەکێك بوو لەوانەی لە کاتی ناڕەحەتی و بڵاوەکردنی موسڵمانانندا لە دەوری پێغەمبەری خوادا (ﷺ) مایەوە.

ئەبووبەکری صدیق دەڵێت کە خەڵکی لە ئوحوددا لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) بڵاوەیان کردبوو، یەکەم کەس من بووم چووم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دەبینم کەسێك لە دەوری بەرگری لێدەکات، وتم دەی ئەوە طەلحە بێت بە

1 - صحیح مسلم، الرقم 3396.

دایك و باوکمەوە بەقوربانی بم، دواتر بینیم لە دوایشەوە کەسێك دەتوت باڵندەیەو دەفرێت هات، خێرا خۆی گەیاندە من، دەبینم ئەبووعوبەیدەیە، خێرا پێکەوە چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و طەلحەش لەبەردەم پێغەمبەردا (ﷺ) کەوتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی فریای براکەتان بکەون، تیرێك بەر تەوێڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و تیرێکیش بەر رومەتی کەوتبوو، ئەبووعوبەیدە وتی ئەی ئەبووبەکر سوێندت دەدەم بە خوا بهێڵە من لایبەرم، ئەوەبوو بە دەمی–ددانی–تیرەکەی گرت و هێواش هێواش دەریدەکرد و حەزی نەدەکرد پێغەمبەر (ﷺ) ئازاری پێ بگات، دواتر ویستم من ئەو تیرەکەی تر دەربکەم، کەچی هەمدی ئەبووعوبەیدە سوێندی دام و بەهەمان شێوە ئەوی دیکەشی دەرکرد.[1]

هەروەها ئەبووبەکر لە غەزاکانی بەنی نەضیر و بەنیلموصطەلەق و خەندەقیشدا بەشداری کرد.

لە غەزای خەندەقدا کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ لای سەعد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) باوەشی پێدا کرد و خوێن بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ) دەچۆڕا، کە ئەبووبەکر هات و ئەوەی بینی وتی وەی پشتی شکاوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی وس ئەی ئەبووبەکر، دواتر عومەر هات کە ئەو حاڵەی بینی وتی إنا لله و إنا إلیه راجعون.[2]

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7090و اللفظ له، ضعفه شعيب الأرناؤوط.

2 - فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1449.

ئەبووبەکر لە ڕێککەوتنی حودەیبیەشدا بەشداری کرد و ڕۆڵێکی کارای هەبوو، بەتایبەت لە دەمکوتکردنی عوروەدا کاتێك وتەی نەشیاوی بەرامبەر بە پێغەمبەر (ﷺ) وت.[1]

کاتێك قوڕەیشیەکان پەیمانیان شکاند و پێغەمبەر (ﷺ) بڕیاریدا هێرش بباتە سەر مەککە و فەتحی بکات، ئەبووسوفیان هات تا ڕێککەوتنەکە درێژ بکاتەوە، کە چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، بۆیە چوو تکای لە ئەبووبەکر و عومەر و عەلی کرد تا لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای بۆ بکەن.[2]

کاتێك فەتحی مەککە کرا، ئەبووبەکر چوو باوکی هێنا بۆ مزگەوت، کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بینی، فەرمووی با وازت لەو پیرە بهێنایە لە ماڵ بوایە تا من بچوومایە بۆ لای، ئەبووبەکر وتی ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو شیاوترە بێت بۆ لات نەك تۆ بچیت بۆ لای، ئەوەبوو باوکی لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشاند، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر سنگیداو پێی فەرمو موسڵمان بە، ئەویش موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد ڕەنگی سپی سەری ئەبووقوحافە بگۆڕن.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2601.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 154.

3 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4309، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 26353، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 20096، حسنه شعيب الأرناؤوط.

ئەبووبەکر لە غەزاکانی حونەین و طائیفدا بەشداری کرد، ئەوەی جێی گومان نیە ئەوەیە کە ئەبووبەکر تا کاتی وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو غەزاکاندا بەشدار بووە.

ژیانی ئەبووبەکر لە مەدینە لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

جارێك ئەبووسوفیان دای بەلای سەلمانی فارسی و بیلال و صوهەیب و چەند کەسێکی تردا، ئەوانیش تانەیان لێدا، ئەبووبەکر وتی ئەوە پیاوماقوڵی قورەیشە، وای پێ دەڵێن؟! دواتر ئەبووبەکر هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی(ئەی ئەبووبەکر لەوانەیە تووڕەت کردبن، ئەگەر ئەوانت تووڕە کردبێت ئەوە پەروەردگارتت تووڕە کردووە)، خێرا ئەبووبەکر چوویەوە بۆ لایان و وتی برا ئازیزەکانم ئەرێ ئێوەم تووڕە نەکرد؟ ئەوانیش وتیان نا ئەی ئەبووبەکر خوا لێت خۆش بێت.[1]

رەبیعەی کوڕی کەعب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) زەویەکی پێدام و زەویەکیشی دا بە ئەبووبەکر، رۆژان هات و رۆژان چوو تا رۆژێك لەسەر بنە دارخورمایەك لەگەڵ ئەبووبەکر کێشە کەوتە نێوانمانەوە، من وتم هی منەو ئەویش وتی هی منە، ئیتر قسەو بۆڵەیەك کەوتە نێوانمانەوە تا ئەوەی ئەبووبەکر قسەیەکی ناخۆشی پێ وتم و خۆیشی خێرا لە قسەکەی پەشیمان بوو، ئەبووبەکر وتی ئەی رەبیعە ئەو قسەیەم پێ بڵێرەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش وتم شتی وا ناکەم، ئەبووبەکر وتی بەخوا یان پێم دەڵێیتەوە یان لای پێغەمبەر (ﷺ) سکالات لێ دەکەم، منیش وتم هەرگیز پێت

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 540.

ناڵێمەوە، ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و منیش بە دوایدا چووم، خەڵکێ لە ئەسلەم هاتن و وتیان رەحمەتی خوا لە ئەبووبەکر لەسەر چی تۆی هێناوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا ئەو وای پێ وتوویت؟ منیش وتم دەزانن ئەوە کێیە؟ ئەوە ئەبووبەکری صدیقە، ئەوە دووەم کەسە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) — کە لە قورئاندا باس کراوە— ئەوە ریش سپی موسڵمانانە، وریا بن لا نەکاتەوەو وا بزانێت ئێوە هاتون بۆ پشتیوانی من، بەوە توورە دەبێت و دەچێتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش بۆ پشتیوانی ئەبووبەکر توورە دەبێت و خوای گەورەش لەبەر توورەیی ئەو دوانە توورە دەبێت و رەبیعەشماڵوێران دەبێت، ئەوانیش وتیان ئەی ئەڵێیت چی بکەین؟ وتم بگەڕێنەوە، ئینجا ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەی بۆ باسکرد، منیش بە تەنیا چوومە خزمەتیان، پێغەمبەر (ﷺ) سەری بەرز کردەوە بەرووی مندا و فەرمووی: (ئەی رەبیعە تۆ و صدیق چ کێشەیەکتان هەیە؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەسەلەکە ئاوەها و ئاوا بوو، دواتر قسەیەکی پێ وتم کە خۆیشی پێی ناخۆش بوو و دەڵێت: دەبێت پێم بڵێیتەوە تا ببێتە تۆڵە، منیش رازی نەبوم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بەڵێ پێی مەڵێرەوە، بەڵکو بڵێ خوا لێت خۆش بێت ئەی ئەبووبەکر)، منیش ئاوام وت، ئەبووبەکریش بە گریانەوە شوێنەکەی جێهێشت.[1]

عومەری کوڕی خەططاب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە خێرکردن، منیش سامانێکی زۆرم هەبوو، وتم بەخوا ئەمجار پێش ئەبووبەکر دەکەوم، بۆیە کردم بە دووبەشەوەو بەشێکیم برد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی عومەر ئەو

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16258، قال شعیب الأرناؤوط إسناده ضعیف جدا.

سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتم نیوەی، ئینجا ئەبووبەکر هات و سامانێکی زۆری هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبووبەکر ئەو سامانە زۆرە؟ ئەی چیت بۆ خێزانەکەت جێهێشتووە؟) وتی خواو پێغەمبەری خوام بۆ جێهێشتوون.[1]

جارێك ئەبووبەکری صدیق چوو بۆ شام، هاودەم بەویش نوعەیمانی کوڕی عەمر کە هاوەڵێکی بەشداربووی عەقەبە و غەزای بەدریش بوو و بە کەسێکی قسەخۆش ناسرابوو، لەگەڵ سوەیبیطیشدا چوون، سوەیبیط سەرپەرشتی خواردنی کاروانەکەی دەکرد، نوعەیمان هات و وتی بڕێك خواردنم بدەرێ، سوەیبیط وتی نابێت، دەبێت ئەبووبەکر بێتەوە ئینجا، نوعەیمانیش چوو بۆ لای بڕێك خەڵك کە لەوێ بوون و وتی کۆیلەیەکی عەرەبم هەیە لێم بکڕن، بەڵام زمان درێژی دەکات و لەوانەیە کە بیهێنم پێتان بڵێت من کۆیلە نیم و ئازادم، جا ئەگەر بەو حاڵەیەوە لێم دەکڕن با بیهێنم، ئەگەرنا با نەیهێنم و کۆیلەکەشم لێ هار مەکەن، ئەوانیش وتیان بیهێنە دەیکڕین، ئەویش چوو سوەیبیطی هێنا بەرەو لا خەڵکەکە، کە گەیشتنە ئەوێ بە خەڵکەکەی وت ئەوەتا ئەمەیە، ئەوانیش وتیان باشە دەیکڕین، سوەیبیط وتی ئەمە درۆ دەکات من کەسێکی ئازادم و کۆیلە نیم، ئەوانیش وتیان ئاگامان لە فێڵت هەیە، ئەوەبوو بە حەبل بەستیانەوەو بردیان، کە ئەبووبەکر هاتەوەو هەواڵەکەی بیست، خێرا چوون و سوەیبیطیان کڕیەوەو هێنایانەوە، کە هاتنەوە بۆ

[1] - مفضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 499.

لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەیان بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی تا ماوەیەك پێدەکەنین.[1]

کاتێك حەفصە بێوەژن کەوت، عومەری باوکی بڕیاری دا مێردێکی باش بدۆزێتەوە بۆ کچەکەی، بۆیە پێشنیازی کرد بۆ ئەبووبەکر تا بەهاوسەری بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر ڕەزامەندی دەرنەبڕی، ئینجا پێشنیازی کرد بۆ عومەر، ئەویش ڕەزامەندی دەرنەبڕی و وتی بڕوام نیە بتوانم ئەم ماوە ژن بهێنم، عومەریش بەوە دڵتەنگ بوو و جۆرێك لە بێتاقەتی ڕوی تێکرد و چوو لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای کرد کە چی ڕوویداوە، ئەویش فەرمووی(يتزوج حفصة من هو خير من عثمان و يتزوج عثمان من هي خير من حفصة)، (کەسی باشتر لە عوثمان حەفصە بەهاوسەر دەگرێت و عوثمانیش کەسی باشتر لە حەفصە بەهاوسەر دەگرێت)، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) داوای حەفصەی کرد و بەهاوسەری گرت، دواتر کە ئەبووبەکر عومەری بینی وتی دڵت شتێك نەکات بەرامبەرم، من بیستبووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی حەفصەی دەکرد، بۆیە –ئەمەشم پێ نەوتیت– وتم با نهێنی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا نەکەم، بە دڵنیاییشەوە پێغەمبەر (ﷺ) حەفصەی بەهاوسەر نەگرتایە من داوام دەکرد و بەهاوسەرم دەگرت.[2]

---

1 - أسد الغابة، ج5، ص 367-368، مسند احمد بن حنبل، الرقم 26098، سنن ابن ماجة، الرقم 3716، ضعفه شعيب الأرناؤوط، كما ضعفه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 3719.

2 - صحيح البخاري، الرقم 3802، مسند احمد بن حنبل، الرقم 4647، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7، سير أعلام النبلاء، ج2، ص 228.

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت ئەبووبەکر هاتە ژوورەوە بۆ لام و دوو کچۆڵەم لا بوون کە دەفیان لێدەدا، پێغەمبەریش (ﷺ) بە جلەکانی خۆی داپۆشیبوو، ئەبووبەکر هەڵشاخی پیایاندا، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) جلەکانی لەسەر دەموچاوی لابرد و فەرمووی(دعهما يا أبابكر فإنها أيام عيد و تلك الأيام أيام منى)،[1] (وازیان لێ بێنە ئەی ئەبووبەکر، چونکە ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی جەژنن و ڕۆژانی مینان).

جارێك ئەبووبەکر میوانداری دەستەیەکی کرد و بە عەبدوڕەحمانی کوڕی وت میوانەکانت ببە وا من دەچم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، تا دێمەوە خزمەتیان بکە، عەبدوڕەحمانیش چوو و چی هەبوو داینا بۆیان و وتی بخۆن، ئەوانیش وتیان ئەی گەورەی ماڵ لە کوێیە؟ عەبدوڕەحمان وتی نانەکەتان بخۆن، ئەوانیش وتیان نان ناخۆین تا گەورەی ماڵ نەیەتەوە، ئەویش وتی خزمەتمان قبووڵ بکەن، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، عەبدوڕەحمان زانی باوکی بێتەوە تووڕە دەبێت، بۆیە کە ئەبووبەکر هاتەوە عەبدوڕەحمان ماوەیەك خۆی ون کرد، دواتر ئەبووبەکر بە میوانەکانی وت چیتان کرد؟ ئەوانیش وتیان چی بووە؟ ئەبووبەکر وتی ئەی عەبدوڕەحمان، ئەویش بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، هەمدی بانگی کرد و ئەویش وەڵامی نەدایەوە، ئەبووبەکر تووڕە بوو و قسەیەکی پێ وت و وتی سوێندت دەدەم ئەگەر دەنگم دەبیستیت وەڵامم بدەرەوە، عەبدوڕەحمان هاتە دەرەوەو وتی پرسیار لە میوانەکانت بکە، ئەوانیش وتیان ڕاست دەکات، خزمەتی کردین، ئەبووبەکر وتی یانی چاوەڕوانی من بوون؟ بەخوا ئەمشەو نان ناخۆم، ئەوانیش وتیان دەی بەخوا تا تۆ نان نەخۆیت ئێمەش نان ناخۆن، ئەبووبەکر وتی شەوی وەك ئەمشەو خراپم

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 958 و اللفظ له، صحيح مسلم، الرقم 1527 حتى أيام عيد.

نەدیوە، ماڵوێرانان چیتانە؟ بۆچی میوانداری و خزمەتمان قبووڵ ناکەن؟ عەبدوڕەحمان خواردنەکە بهێنە، ئەوەبوو خواردنەکەی هێنا و ئەبووبەکر بیسمیلاهی کرد و لێی خوارد و ئەوانیش دەستیان کرد بە خواردن،[1] بۆ بەیانی ئەبووبەکر چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد و وتی ئەوان سوێندەکەیان بردە سەر و من سوێندەکەم خست، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بەڵکو تۆ بەوەفاتر بوویت بە سوێندەکەت و چاکترینیان بوویت).[2]

حەنظەلە دەڵێت جارێك ئەبووبەكر دای بە لامداو وتی ئەی حەنظەلە حاڵت چۆنە؟ وتم حەنظەلە توشی دووروویی بووە، ئەویش وتی سوبحانەڵا ئەوە چی دەڵێیت؟ منیش وتم: کاتێك لای پێغەمبەری خواین (ﷺ) کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەكات وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، ئەبووبەكریش وتی دەی بەخوا ئێمەش هەر واین، بۆیە لەگەڵ ئەبووبەکر چووین بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەنظەلە تووشی نیفاق بووە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی چی بووە؟ وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێك لای تۆین کە باسی دۆزەخ و بەهەشتمان بۆ دەکەیت وا دەزانین لەبەرچاومانەو بە چاوی خۆمان ئەو شتانە دەبینین، کەچی کە لای تۆ دەڕۆین گەمەو بەزمی ژن و منداڵ و بژێوی ژیان سەرقاڵمان دەکات و زۆر شتمان بیر دەچێتەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی

1 - صحيح البخاري، الرقم 5794.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3927.

(والذي نفسي بيده إن لو تدومون على ما تكونون عندي، وفي الذكر، لصافحتكم الملائكة على فرشكم وفي طرقكم، ولكن يا حنظلة ساعة و ساعة)، (سوێند بەوەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر لەسەر ئەو بارە بەردەوام بن کە لای منن و لە زیکر بەردەوام بن، ئەوە فریشتەکان لەسەر جێگەکانتان و لە سەرە ڕێکانتاندا تەوقەتان لەگەڵ دەکەن، بەڵام ئەی حەنظەلە ساتەو ساتە)، سێ جار ئەمەی فەرموو.[1]

جابیر دەڵێت جارێك نەخۆش بووم، پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر بە پیادەو بێ سوار هاتن بۆ سەردانم.[2]

جارێك جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەك ئەوەی بڵێت ئەگەر مردبوویت، ئەویش فەرمووی(إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[3] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).

شافیعی دەڵێت ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خەلیفەی دوای پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکرە.[4]

1 - صحيح مسلم، الرقم 5043، سنن الترمذي، الرقم 2498.

2 - السنن الكبرى للنسائي،7265.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3480، صحيح مسلم، الرقم 4501، سنن الترمذي، الرقم 3696، صحيح ابن حبان، الرقم 6766، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15428، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16434، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7234، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1538.

4 - نهاية الإرب للنويري، ج19، ص 26.

ئەسمائی کچی ئەبووبەکر دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) چووین بۆ حەج تا گەیشتینە عەرج، پێغەمبەر (ﷺ) دابەزی و عائیشە لەکەنار پێغەمبەرەوە(ﷺ) دانیشت، منیش لەپاڵ باوکمەوە دانیشتم، کۆڵ و توێشووی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر یەکێك بوو و بە خزمەتکارێکی ئەبووبەکر بوو، ئەبووبەکر دانیشت و چاوەڕێی ئەو خزمەتکارە بوو بگات، ئەوەبوو خزمەتکارەکە دەرکەوت و وشترەکەی پێ نەبوو، ئەبووبەکر وتی کوا وشترەکەت؟ خزمەتکارەکە وتی دوێنێ شەو ونم کرد، ئەبووبەکر وتی یەك وشترت پێ بوو و ونت کرد؟ ئیتر کەوتە لێدانی، پێغەمبەر (ﷺ) بزەی دەکرد و دەیفەرموو (انظروا إلى هذا المحرم وما يصنع)،[1] (تەماشای ئەم ئیحرام بەستووە بکەن چی دەکات).

ئەبووسەعید کە بەشدار بوو لە حەجیماڵئاواییدا، دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وتاری دا و فەرمووی (خوای گەورە بەندەیەکی سەرپشك کرد لەنێوان دنیا و ئەوەی لای خوا بێت، ئەویش ئەوەی لای خوای هەڵبژارد)، ئەبوبەکر کە ئەوەی بیست دەستی کرد بە گریان، منیش وتم ئەم پیاوە بەتەمەنە بۆچی دەگری؟ بەڵام دواتر تێگەیشتم کە ئەبوبەکر لە هەموومان شارەزاتر بوو، ئەو بەندەیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[2]

ئبن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێك سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و

---

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 26314، صحيح اب خزيمة، الرقم 2500، المستدرك على الصحيحين، الرقم 1606، سنن أبي داود، الرقم 1565، سنن ابن ماجة، الرقم 2930، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 8612، ضعفه شعيب الأرناؤوط، حسنه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1818.

2 - صحيح البخاري، الرقم 456.

دواتر فەرمووی(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[1] (کەس نیە بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر من دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیایەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەروومدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).

پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆتا ڕۆژەکانی تەمەنیدا بوو، ڕۆژی چوارشەممەکەی تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام ڕۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید تا هێرش ببەنە سەر ڕۆم، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەطابو ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون.[2]

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت کاتێك نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی کەسێك بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، کە الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بیست

1 - صحيح البخاري، الرقم 457، صحيح ابن حبان، الرقم 6970، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7834، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2337، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2528، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 11723.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190.

هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان،[1] دواتر عومەر پێی وتم ماڵوێران ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[2]

سالیمی کوڕی عوبەید باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 4062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858.

(ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

دواتر پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، عومەر تووڕە بووبوو دەیوت هەرکەس بڵێت پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردووە بەم شمشێرە دەدەم لە گەردنی، خەڵکەکە بێدەنگ بوون، وتیان ئەی سالیم بڕۆ بۆ لای هاوەڵەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و بانگی بکە، منیش چووم بینیم ئەبووبەکر لە مزگەوت وەستاوە، کە منی بینی وتی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد؟ منیش وتم عومەر دەڵێت هەرکەس بڵێت وەفاتی کردووە ئەوە بەم شمشێرەم دەدەم لە گەردنی، ئەبووبەکر دەستی خستە سەر شانم و کەوتە ڕێ تا هاتە ژوورەوەو خەڵکەکە ڕێیان بۆ کردەوە تا گەیشتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و خۆی دا بەسەریدا و دەموچاوی خستەڕوو و دەستی دا لە دەموچاوی و دڵنیا بوو وەفاتی کردووە، ئینجا ئەو ئایەتەی خوێندەوە(إنك ميت و إنهم ميتون)،

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1527، سنن ابن ماجة، الرقم 1230، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 1234.

خەڵکەکە وتیان ئەی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کردووە؟ وتی بەڵێ...[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، ئەبووبەکر پێغەمبەری خوای(ﷺ) ماچ کرد،[2] ئەوەبوو کە هاتە ژوورەوەو بینی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردووە، ماچی کرد و فەرمووی بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم، بە زیندوویی و مردووییش بۆنت خۆشە، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە خوا هەرگیز دوو مەرگت پێ نۆش ناکات، دواتر چووە دەرەوەو هەواڵی مەرگی پێغەمبەری خوای(ﷺ) بە خەڵکەکە گەیاندو پێی وتن هەرکەس موحەممەدی دەپەرست ئەوە موحەممەد مرد، هەرکەسیش خوا دەپەرستێت ئەوە خوا زیندووەو نامرێت، چەند ئایەتێکی خوێندەوەو خەڵکیش دەستیان کرد بە گریان.[3]

پلەوپایەی ئەبووبەکر لای پێغەمبەر (ﷺ)

ئەبووبەکر یەکێکە لە موژدەپێدراوانی بەهەشت، پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (أبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة في الجنة والزبير في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة، وسعد في الجنة، وسعيد في الجنة، وأبو عبيدة بن الجراح في الجنة)،[4] (ئەبووبەکر لە بەهەشتە، عومەر لە بەهەشتە، عوثمان لە بەهەشتە، عەلی لە بەهەشتە، طەلحە لە بەهەشتە، زوبەیر لە بەهەشتە،

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6889، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6239.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4197، مسند احمد بن حنبل، الرقم 1953.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3488.

4 - سنن الترمذي، الرم 3766، صحيح ابن حبان، الرقم 7112، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 1612، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 802، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 50.

عەبدورەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتە، سەعد لە بەهەشتە، سەعید لە بەهەشتە، ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح لە بەهەشتە).

رۆژێك موغیرە لای سەعیدی کوڕی زەید قسەی بەرامبەر بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب کرد، سەعید هەستاو وتی من شایەتی دەدەم بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (عشرة في الجنة: النبي في الجنة، وأبو بكر في الجنة، وعمر في الجنة، وعثمان في الجنة، وعلي في الجنة، وطلحة بن عبيد الله في الجنة، والزبير بن العوام في الجنة، وسعد بن مالك في الجنة، وعبد الرحمن بن عوف في الجنة)، (دە کەس لە بەهەشتدان: پێغەمبەر (ﷺ) لە بەهەشتدایە، ئەبووبەکر لە بەهەشتدایە، عومەر لە بەهەشتدایە، عوثمان لە بەهەشتدایە، عەلی لە بەهەشتدایە، طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا لە بەهەشتدایە، زوبەیری کوڕی عەووام لە بەهەشتدایە، سەعدی کوڕی مالیك لە بەهەشتدایە، عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف لە بەهەشتدایە)، ئینجا زەید وتی بمویستایە کەسی دەیەمیشم دەوت، وتیان کێیە؟ بێدەنگ بو، دواتر زۆریان لێکرد تا بیلێت، ئەویش وتی سەعیدی کوڕی زەید–واتە خۆی–.[1]

زەید دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد و فەرمووی(برۆ بۆ لای ئەبووبەکر دەبینیت لە ماڵی خۆیەو لەسەر کۆش دانیشتووەو خۆی کۆکردوەتەوە، پێی بڵێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەلامت لێ دەکات و پێت دەفەرموێت موژدەی بەهەشتت لێ بێت).[2]

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7103 واللفظ له، سنن أبي داود، الرقم 4052، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الالباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 7454.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 491.،

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر كێوی حیراء وەستابوو، كێوەكە لەریەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئارام بگرە حیراء، چونكە ئەوەی بەسەرتەوەیە یان پێغەمبەرە یان صدیقە یان شەهیدە)، ئەو دەمەش هەریەك لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەكر و عومەر و عوثمان و عەلی و طەلحەو زوبەیر و سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص لەسەر كێوەكە بوون.[1]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە حەسسانی فەرموو ئایا سەبارەت بە ئەبووبەكر هیچ شیعرت وتووە؟ ئەویش وتی بەڵێ، فەرمووی بیڵێ تا بیبیستم، ئەویش وتی:

وثاني اثنين في الغار المنيف وقد        طاف العدو به إذ صعد الجبلا

وكان حب رسول الله قد علـــموا        من البريــة لم يعدل به رجــلا

پێغەمبەر (ﷺ) كە ئەوەی بیست پێكەنی تا دانەكانی پێشەوەی دەركەوت، پاشان فەرمووی راستت وت ئەی حەسسان، هەروایە كە تۆ وتووتە.[2]

عەمری كوڕی عاص دەڵێت پرسیار كرا لە پێغەمبەر (ﷺ) كێ زۆر لات خۆشەویستە؟ فەرمووی عائیشە، وتیان ئەی لەپیاوان؟ فەرمووی ئەبووبەكر، وتیان دواتر، فەرمووی عومەر، وتیان دواتر، فەرمووی ئەبووعوبەیدەی كوڕی جەراح.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ئەبووبەكر پیاوێكی زۆر چاكە، عومەر پیاوێكی زۆر چاكە، ئەبووعوبەیدەی كوڕی جەراح پیاوێكی زۆر چاكە، ثابتی كوڕی قەیس

1 - صحيح مسلم، الرقم 4543.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 174.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7108، صححه شعيب الأرناؤوط.

پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذي کوڕی عەمر پیاوێکی زۆر چاکە، موعاذی کوڕی جەبەل پیاوێکی زۆر چاکە، سەهلی کوڕی بەیضاء پیاوێکی زۆر چاکە).[1]

عەبدوڵای کوڕی حەنطەب دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە تەماشایەکی ئەبووبەکر و عومەری کرد و فەرمووی(ئەو دوانە چاو وگوێن).[2]

کۆبوونەوەی بەنی ساعیدە[3]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە،[4] ئەوان لە دەوری سەعدی کوڕی عوبادە کۆبوونەوە، پشتیوانان پێیان وابوو دەبێت ئەوانیش پشکی خیلافەتیان هەبێت، ئینجا ئەبووبەکر و عومەر و ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح کە هەواڵەکەیان زانی، چوون بۆ لای پشتیوانان، پشتیوانان دەیانوت با ئێمە ئەمیرێکمان هەبێت و ئێوەش ئەمیرێکتان هەبێت، ئەبووبەکر قسەی کرد و وتەکانی هەموویانی قەناعەت پێکرد، لە میانەی وتەکانیدا وتی ئەمیرایەتی لە ئێمەو وەزیری لە ئێوە، بەڵام حوبابی کوڕی مونذیر وتی نابەخوا، ئەمیرێك لە ئێوەو ئەمیرێك لە ئێمە، ئەبووبەکر تێیگەیاند کە بۆچی وای وتووە، پاشان وتی بەیعەت بدەن بە عومەر یان بە ئەبووعوبەیدە، خێرا عومەر وتی بەڵکو

---

1 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7957.

2 - سنن الترمذي، الرقم 3691، المستدرك على الصحيحين، الرقم 4380، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 654، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 2091، حسنه الذهبي في التلخيص، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن الترمذي، الرقم 3671.

3 - خوێنەری ئازیز، ئەم بابەتە مشتومڕێکی زۆری دەوێت و پێویستی بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە، بۆیە لێرەدا بە کورتی دەیخەینەڕوو .

4 - صحيح البخاري، الرقم 2350.

بەیعەت بە تۆ دەدەین و تۆ گەورەو چاکترینمانیت، تۆ لە هەموومان لای پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستتر بوویت، عومەر دەستی ئەبووبەکری گرت و بەیعەتی پێدا و خەڵکەکەش بەیعەتیان پێدا.[1]

بەیعەتدان بە ئەبووبەکر

مێژوونووسی شیعە یەعقووبی دەقێکی هێناوەو دەڵێت: دەستەیەك لە کۆچەران و پشتیوانان لە بەیعەت دان بە ئەبووبەکر دواکەوتن و هەواداری عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوون، لەوانە عەبباسی کوڕی عبدولموطەلیب و فەضلی کوڕی عەبباس و زوبەیری کوڕی عەووام و خالیدی کوڕی سەعید و میقدادی کوڕی عەمر و سەلمانی فارسی و ئەبووزەری غیفاری و عەمماری کوڕی یاسر و بەررائی کوڕی عازب و ئوبەی کوڕی کەعب.[2]

ئەم مەسەلەیە پەیوەست کراوە بە ناکۆکی نێوان شیعەو سوننە لەسەر مەسەلەی خیلافەت و ئیمامەت، شیعە پێیان وایە ئیمامەت لە دوای پێغەمبەر (ﷺ) بە میراتی بۆ عەلی و نەوەکانی ماوەتەوە تا ڕۆژی دوایی و ئەبووبەکر و هاوەڵانی تر ئەو مافەیان لێ زەوت کردووە، سوننەش پێیان وایە هیچ بنەڕەتێك نیە بۆ مەسەلەی ئیمامەتی عەلی و خیلافەتی ئەبووبەکریش دروست بووە و هەموو موسڵمانانیش لەسەری کۆدەنگ بون.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیمامەت بەشێکی چەسپاوی بیروباوەڕەو مافی عەلی کوڕی ئەبووطالیبو نەوەکانیەتی:

---

[1] - صحيح البخاري، الرقم 3488.

2 - تاريخ اليعقوبي، دار صادر، بيروت، ج2، ص 124.

یەکەم: ئەو بنەرەتە کە بڕیارە بەهەشت ودۆزەخ یەکلا بکاتەوەو ریشەی قەڵەمڕەوی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامیە تا رۆژی دوایی، بۆچی بە ئایەتێك راشکاوانە باسنەکراوە، ئایا ئەمە ناراستی ئەو بانگەشەیە نیە؟ یان ئەوەیە ئەبووبەکر و عومەر و عوثمان لە کۆکردنەوەی قورئاندا راستیگەلێکی ناو قورئانیان لابردووە؟ جا ئەگەر بڵێین یەکەمیان راستە، ئیتر بنەرەتی بانگەشەی ئیمامەت بە دەلیلی قورئانی لەکاردەکەوێت، ئەگەریش بڵێین دووەمیان راستە، ئەوە هیچ بنەرەتێکی دروست بۆ ئیسلام نامێنێتەوە کە لەسەری بڕۆین، چونکە ئەگەر ئەوان و هاوەڵانی تر قورئانیان ناتەواو تۆمار کردبێت، کەوابوو هەم قورئان تەواوی پەیامی خوا نیە، هەم چی فەرموودەیە لەکاردەکەوێت، هەم خوێندکارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبنە خوێندکارانێکی باش پەروەردە نەکرا و و ناپاك و هەلپەرست (دوور لەوان).

دووەم: چۆن دەکرێت عەلی کوڕی ئەبووطالیب کە موژدەپێدراوی بەهەشت و زاوای پێغەمبەر (ﷺ)و میراتگری دین و دنیایی پێغەمبەر (ﷺ)بێت، کەچی ئامادە نەبێت لەسەر ئەو مافە خوداییە شەڕ بکاتو دەرفەت بدات کەسانێکی تر ڕێرەوی بڕیاری خوا و ئایینی خوا بگۆڕن، لە کاتێکدا ئەو لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چەندین جار لە غەزاکاندا چووەتە گەرمەی جەنگەوەو باکی نەبووە لە مان و نەمانی لە دنیادا.

ئەوەی لێرەدا بە کورتی قسەی لەسەر دەکەین بریتیە لە ئاماژەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەریەك لە ئەبووبەکر و عەلی، کۆبوونەوەی بەنی ساعیدەو بەیعەتدان بە ئەبووبەکر، ئەوانەی لە بەیعەتدان دواکەوتن، بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر.

چەند ئاماژەیەکی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەبووبەکر

**جارێك جوبەیر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئافرەتەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ لای، ئافرەتەکە وتی ئەی ئەگەر هاتمەوەو تۆم نەبینی؟ وەك ئەوەی بڵێت ئەگەر مردبوویت، ئەویش فەرمووی(إن لم تجديني فأتي أبابكر)،[1] (ئەگەر منت بەدی نەکرد وەرە بۆ لای ئەبووبەکر).**

**ئبن عەبباس دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی نەخۆشیەکەیدا بە پارچە قوماشێك سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر فەرمووی(إنه ليس من الناس أحد أمن علي في نفسه وماله من أبي بكر بن أبي قحافة، ولو كنت متخذا من الناس خليلا لاتخذت أبا بكر خليلا، ولكن خلة الإسلام أفضل، سدوا عني كل خوخة في هذا المسجد، غير خوخة أبي بكر)،[2] (کەس نیە بەهۆی گیان و سامانیەوە منەتباری بم جگە لە ئەبووبەکری کوڕی قوحافە، ئەگەر من دۆستی زۆر نزیکم لەنێو خەڵکدا بگرتایە، بە دڵنیایەوە ئەبووبەکر دەبوو، بەڵام هاودەمی ئیسلام باشترە، لەم مزگەوتەدا چی خێمە هەیە بەروومدا دایخەن جگە لە خێمەکەی ئەبووبەکر).**

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3480، صحيح مسلم، الرقم 4501، سنن الترمذي، الرقم 3696، صحيح ابن حبان، الرقم 6766، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15428، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16434، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7234، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1538.

2 - صحيح البخاري، الرقم 457، صحيح ابن حبان، الرقم 6970، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7834، مسند احمد بن حنبل، الرقم 2337، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 2528، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 11723.

عەبدوڵای کوڕی زەمعە دەڵێت کاتێك نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (عليه وسلم) زۆری بۆ هێنا، منیش هاودەم بە ژمارەیەك لە موسڵمانان لەلای بووم، بیلال بانگی دا، پێغەمبەر (عليه وسلم) فەرمووی کەسێك بنێرن نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە، منیش چووم بینیم عومەر لەناو خەڵکەکەدایەو ئەبووبەکر لەوێ نیە، وتم ئەی عومەر نوێژ بکە بۆ خەڵکەکە، عومەریش هەستا، کە الله اکبری کرد، کە پێغەمبەر (عليه وسلم) دەنگی بیست هەواڵی ئەبووبەکری پرسی، ئەوەبوو دوای ئەوە ئەبووبەکر نوێژی کرد بۆ موسڵمانان،[1] دواتر عومەر پێی وتم ماڵوێران ئیبن زەمعە چیت پێکردم، بەخوا کە وتت بەرنوێژی بکە، وامزانی پێغەمبەر (عليه وسلم) فەرمانی ئەوەی پێکردویت، ئەگەر وا تێنەگەیشتمایە بەرنوێژیم نەدەکرد بۆ خەڵکەکە، منیش وتم بەخوا پێغەمبەر (عليه وسلم) فەرمانی پێنەکردم، بەڵام کە ئەبووبەکرم نەبینی، ئیتر تۆم بە شیاوتر زانی.[2]

سالیمی کوڕی عوبەید باسی ساتەکانی نەخۆشی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەکات و دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نەخۆش کەوت و لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لە هۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ منیش وتم بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی لەهۆش خۆی چوو، دواتر هاتەوە هۆش خۆی، عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر

---

1 - سنن أبي داود، الرقم 4062، المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858، قال الألباني في صحيح و ضعيف سن أبي داود حسن صحيح.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6741، مسند احمد بن حنبل، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 18521، الرقم 13858.

بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) هەمدی فەرمووی ئایا کاتی نوێژ هاتووە؟ وتمان بەڵێ، فەرمووی بە بیلال بڵێن با بانگ بدات، بە ئەبووبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بۆ خەڵك بکات، هەمدی عائیشە وتی باوکم کەسێکی دڵناسکەو زوو گریان دایدەگرێت، بەڵکو کەسێکی تر بنێریت بۆ بەرنوێژی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئێوەی ئافرەتان هاودەمە ژنەکانی یووسفن، بە بیلال بڵێن با بانگ بدات و بە ئەبوبەکریش بڵێن با بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)، هەمدی لەخۆش خۆی چوو، بیلال بانگی دا و قامەتی کرد و ئەبووبەکریش چوو بەرنوێژی بکات بۆ خەڵکەکە، پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوە هۆش خۆی و فەرمووی ئایا نوێژ دابەسراوە؟ وتم بەڵێ، فەرمووی (کەسێکم بۆ بانگ بکەن تا خۆمی پێوە بگرم)، ئەوەبوو بەریرەو کەسێکی تر هاتن و پێغەمبەر (ﷺ) باڵی دایە سەر شانیان و بەو حاڵەوە چوو بۆ نوێژ، لەپاڵ ئەبووبەکردا دانیشێنرا، ئەبووبەکر ویستی بگەڕێتە دواوە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری هێشتەوە تا نوێژەکە تەواو بوو.[1]

چەند ئاماژەیەکی تایبەت بە عەلی کوڕی ئەبووطالیب:

بەرائی کوڕی عازب بەسەرهاتێکی بەشداربوونی لە حەجیماڵئاوایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت لەو حەجەدا بووین کە تیایدا پێغەمبەر (ﷺ) حەجی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە نێوەندی ڕێدا دابەزی و فەرمانی کرد بە نوێژ، دەستی عەلی گرت و فەرمووی ئایا من بۆ باوەڕداران لە خودی خۆیان لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی ئایا بۆ هەر باوەڕدارێك من لە نەفسی خۆی لەپێشتر نیم؟ وتیان با، فەرمووی (فهذا

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 1527، سنن ابن ماجة، الرقم 1230، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سن ابن ماجة، الرقم 1234.

ولي من أنا مولاه ، اللهم وال من والاه ، اللهم عاد من عاداه)،[1] دەی ئەمە وەلی هەر کەسە کە من مەولای بم، خوایە لەگەڵ ئەوەبە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەوە بە کە دژیەتی).

ئیبن عەبباس دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت و ئازارەکەی زیادی کرد، فەرمووی (پەڕەیەکم بۆ بهێنن تا نووسراوێکتان بۆ بنووسم تا دوای ئەوە گومڕا نەبن)، عومەری کوڕی خەططاب وتی پێغەمبەر (ﷺ) ئازار زۆری بۆ هێناوە، هاوکات کتێبی خوا لەنێوماندایە بەسمانە، ئیتر قسەو مشتومڕ لەنێو هاوەڵاندا زۆر بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (قوموا عني ولا ينبغي عندي التنازع)،[2] (لەلام هەستن و بڕۆن و شیاو نیە لە لای مندا ناکۆکی هەبێت)، ئیبن عەبباس کە ئەم فەرموودەی دەگێڕایەوە دەیوت ڕۆژی پێنج شەممە بوو، ئینجا دەستی کرد بە گریان و زۆر گریا.[3]

جا شیعەو هەوادارانیان پێیان وابووە پێغەمبەر (ﷺ) ویستوویەتی ئەو نووسراوە بنووسێت بۆ عەلی کوڕی ئەبووطالیب، بەڵام عومەری کوڕی خەططاب ئەوەی زانیوە، بۆیە ڕێی لێگرتووە.

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت ئەرێ پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشەو چاك دەبێتەوە،

1 - سنن ابن ماجة، الرقم 115، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18115، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 116.

2 - صحيح البخاري، الرقم 113.

3 - صحيح مسلم، الرقم 3174.

عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین لەوبارەوە–داوای بکەین–و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم.[1]

بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر:

**لەم بارەیەوە دوو گێڕانەوەی سەرەکی هاتون کە بریتین لە:**

گێڕانەوەی یەکەم:

**کاتێك خەلیفەی باوەڕداران لە رۆژی دووەمدا بەیعەتی لە موسڵمانان وەردەگرت، هەریەك لە عەلی کوڕی ئەبووطالیب و زوبەیری کوڕی عەووام لەوێ نەبوون، بۆیە ئەبووبەکر داوای عەلی کرد، برێك لە پشتیوانان چوون عەلییان هێنا، ئەبووبەکر وتی ئامۆزا و زاوای پێغەمبەر (ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ عەلی وتی کێشەم نیە ئەی خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو بەیعەتی پێدا، ئینجا تەماشای کرد زوبەیر دیار نیە، بۆیە ناردی بە شوێنیدا و زوبەیر هات،**

1 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

زوبەیر وتی پورزا و حەواری پێغەمبەر (ﷺ) دەتەوێت ریزی موسڵمانان دووکەرت بکەیت؟ ئەویش هەمان شتی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وتەوەو بەیعەتی پێدا.[1]

گێڕانەوەی دووەم:

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، فاطیمە داوای لە ئەبووبەکر کرد تا لە بەجێماوی پێغەمبەر (ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێیوت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی(چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد ئەبووبەکری نەدواند، کە فاطیمە وەفاتی کرد عەلی بە شەو ئەسپەردەی کرد و ئەبووبەکری بانگ نەکرد، دوای مردنی فاطیمە دەموچاوی خەڵکی شیرین نەدەبینی، بۆیە بڕیاری دا لەگەڵ ئەبووبەکر رێکبکەوێت و بەیعەتی پێبدات، ئەو ماوەیەش- شەش مانگە- هێشتا بەیعەتی نەدابوو، بۆیە هەواڵی نارد بۆ ئەبووبەکر و وتی وەرە بۆ لامان و با کەس نەیەت لەگەڵتدا، چونکە حەزی نەدەکرد عومەر ئامادەی کۆڕەکە بێت، عومەر کە ئەوەی زانی وتی نا بەخوا بە تەنها ناچیت بۆ لایان، ئەبووبەکر وتی بۆ پێت وایە چیم پێ دەکەن؟ بەخوا دەچم بۆ لایان، ئەبووبەکر چوو بۆ لایان، عەلی قسەی کرد و وتی ئێمە فەزڵی تۆ دەزانین و ئاگادارین خوا چی پێ بەخشیویت، حەسودیش نابەین بەو خێرەی خوا پێیداویت، بەڵام تۆ تاکڕەوانە بێ ئێمە بڕیارت دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر (ﷺ) پشکێکمان دەبێت، کە

1 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 4405، سكت عنه الذهبي في التلخيص.

ئەبووبەکر ئەم قسانەی بیست چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسك، ئینجا ئەبووبەکر قسەی کرد و وتی سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە، خزمایەتی و نزیکی پێغەمبەری خوام (ﷺ) لا ئازیزترە لە پەیوەندی خزمایەتی خۆم، بەڵام ئەوەی لە نێوان من و ئێوەدا سەبارەت بەو سامانە هەبووە، لەبەر چاکە بووەو بینیبێتم پێغەمبەر (ﷺ) چی کردبێت منیش وامکردووە، عەلی بە ئەبووبەکری وت سبەی ئێوارە وادەی بەیعەت دەبێت، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر نوێژی نیوەڕۆی کرد، چوویە سەر مینبەر و شایەتومانی وتەوەو باسی عەلی و شکۆی کرد و باسی ئەوەشی کرد کە بەیعەتی نەداوە و بیانووی عەلی بۆ ئەوە چی بووە، دواتر داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد، ئینجا عەلی شایەتومانی وتەوەو باسی گەورەیی مافی ئەبووبەکری کرد و وتی ئەوەی کردوویەتی لەبەر حەسوودی بردن بە ئەبووبەکر و لەبەرچاو نەگرتنی فەزڵی نەبووە، بەڵکو پێی وابووە پشکی هەبووە لەو بوارەدا و ئەبووبەکر تاکڕەوانە بۆ خۆی بردووە، بەوە دڵمان نارەحەت بوو، موسڵمانان بەمە دڵخۆش بوون و وتیان راستت پێکا.[1]

ئیبن حەجەر دەڵێت: سەبارەت بە داواکاری ئامادەنەبوونی عومەر لەبەرئەوە بوو کە دەیانناسی عومەر لە گوفتار و کرداریشدا رەق و توندە، بەڵام ئەبووبەکر کەسێکی نەرم بوو، سەبارەت بەوەش کە دەڵێت ئەو ماوەیە بەیعەتی پێ نەداوە، لەوانەیە مەبەستی ئامادە نەبوونی بووبێت لە کۆڕ و کۆبوونەوەیدا.[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4011، صحيح مسلم، الرقم 3391، صحيح ابن حبان، الرقم 4900.

2 - فتح الباري، ج7، ص 495.

نەوەوی لە شەرحی فەرموودەکەدا دەڵێت: مەبەست بەوەی دەڵێت (فاتیمە تا مرد نەیدواند) ئەوەیە کە یان لەو بارەوە حسابی میرات– نەیدواندوووە، یان ئەوەیە خۆی لێ دوورگرتووە، نەك ئەوەی بە یەك بگەن و سەلام لە ئەبووبەکر نەکات و قسەی لەگەڵ نەکات، سەبارەت بە بەیعەت نەدانەکەی عەلیش ئەوە زانایان کۆکن لەسەرئەوەی مەرج نیە بۆ دروستی بەیعەت هەموو خەڵك و هەموو ئەهلی حەل و عەقدیش بەیعەت بدەن، بەڵکو مەرجەکە ئەوەیە چەندە لە کۆی زانا و سەرکردەو پیاوماقوڵانی ناو خەڵك بگونجێت بەیعەت بدەن، هەروەها مەرج نیە هەر کەس دەست بخاتە دەستی و بەیعەت بدات، کەسێك ملکەچ بێت و دژایەتی نیشان نەدات بەسە، عەلیش لەو ماوەیەدا ئاوا بووە، بەڵکو نەیاری نەنواندووەو ریزی کەرت نەکردووە، بەڵکو گلەییەك لە دڵیدا ماوەتەوەو وەستاوە تا ئەوە نەماوە، جا ئەم فەرموودەیە روونکردنەوەی دروستی خیلافەتی ئەبووبەکرە.[1]

سەبارەت بە راستی ئەم دوو فەرموودەیە بەیهەقی دەڵێت: ئەو گێڕانەوەی کە دەڵێت عەلی تا دوای مردنی فاطیمە بەیعەتی نەداوە–گێڕانەوەی دووەم– مونقەطیعە، فەرموودەکەی ئەبووسەعیدی خودری کە دەڵێت پاش ثەقیفە لە بەیعەتی گشتیدا عەلی بەیعەتی داوە بە ئەبووبەکر راستترە.[2]

---

1 - شرح النوي على صحيح مسلم، ج12، ص 78،77،74.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1910.

ئیبن کەثیر سەبارەت بەوەی کام لەم دوو گێڕانەوەیە راستە دەڵێت: بەیعەتی پاش مەرگی فاطیمە بەیعەتی دووپات کردنەوە بوو و دووەم بەیعەت بوو، بەڵکو لەو ماوەدا عەلی لە دوای ئەبووبەکرەوە نوێژی دەکرد و بۆ راوێژ لای ئەبووبەکر بوو و لەگەڵیشیدا چوو بۆ ذیلقیصصە.[1]

ئایا عەلی حەزی بە خیلافەت هەبووە؟

سەبارەت بەوەی ئایا عەلی حەزی بە خیلافەت هەبووە یان نا، ئەوا دەتوانین بە چەند بەڵگەیەك بیسەلمێنین کە بەڵێ، بەڵام سەبارەت بەوەی ئایا خیلافەتی بۆ واجب بووە یان نا، ئەوە هیچ بەڵگەیەکی صەحیح نیە بۆ واجب بوونی خیلافەت یان ئەوەی شیعە پێی دەڵێت ئیمامەت بۆ عەلی:

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوت، خەڵکی بە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیان وت ئەریێ پێغەمبەر (ﷺ) حاڵی چۆنە؟ وتی سوپاس بۆ خوا باشەو چاك دەبێتەوە، عەبباس دەستی عەلی گرت و وتی مەگەر پێغەمبەری خوا (ﷺ) نابینیت؟ بەخوا من تەواو وای دەبینم پێغەمبەر (ﷺ) لەم نەخۆشیەیدا کۆچی دوایی دەکات، با بچین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و پرسیاری لێ بکەین تا بزانین کارو بەرپرسیاریەتی دواتر بۆ کێ دەبێت، ئەگەر بۆ ئێمەیە با بیزانین، ئەگەریش بۆ ئێمە نیە پێی دەڵێین و وەسیەتمان بۆ دەکات، عەلی وتی بەخوا ئەگەر پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) بکەین

1 - البداية والنهاية لابن كثر، ج5، ص 286.

لەوبارەوە—داوای بکەین—و رازی نەبێت پێمان ببەخشێت، ئەوە ئیتر هەرگیز خەڵکی پێمان نابەخشێت، منیش هەرگیز ئەو پرسیارە لە پێغەمبەر (ﷺ) ناکەم.[1]

لە گێڕانەوەکەی بوخاریدا سەبارەت بە بەیعەتدانی عەلی بە ئەبووبەکر، کاتێك عەلی قسەی کرد وتی ئێمە فەزڵی تۆ دەزانین و ئاگادرین خوا چی پێ بەخشیویت، حەسودیش نابەین بەو خێرەی خوا پێیداویت، بەڵام تۆ تاکڕەوانە بێ ئێمە بڕیارت دا، ئێمە پێمان وابوو بە نزیکیمان لە پێغەمبەر (ﷺ) پشکێکمان دەبێت،[2] ئەمەش ئاماژەیە بەوەی نیازی هەبووە پشکی هەبێت.

حەسەنی کوڕی عەلی پێش مردنی حوسەینی برای بانگ کرد و ئەم وەسیەتەی بۆ کرد: (براکەم باوکمان—عەلی— بەر رەحمەتی خوا بکەوێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد خۆی بۆ ئەم بارە—دەسەڵات— دانابوو و هیوای وابوو بۆ ئەو بێت، ئەوەبوو خوا دووری گرت لێی و دایە دەست ئەبووبەکر، کە ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات هەمدی حەزی پێکرد، ئەوەبوو هەمدی دوورخرایەوە لێی و بەر عومەر کەوت، کە عومەر سەرەمەرگی هات کردی بە شوورا لە نێوان شەش کەسدا کە باوکمان یەکێك بوو لەوان، ئەوەبوو بەر عوثمان کەوت، کە عوثمانیش کوژرا بەیعەتی پێدرا، دوایی ململانێی لەگەڵ کرا تا شمشێری بۆ هەڵکرد و لەسەری جەنگا، بارەکە بۆی لەبار نەبوو و هیچی لێ دەست نەکەوت، سوێند بەخوا وانابینم خوای گەورە پێغەمبەرایەتی و خیلافەتیش لە ناو ئێمەی ئالوبەیتدا کۆبکاتەوە.[3]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 5919، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 2285.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4011، صحيح مسلم، الرقم 3391، صحيح ابن حبان، الرقم 4900.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 391-392.

سەعدی کوڕی عوبادەو خیلافەتی ئەبووبەکری صدیق

**بڕێك گێرانەوە هاتون سەبارەت بەوەی سەعدی کوڕی عوبادە ئامادە نەبوە بەیعەت بدات بە ئەبووبەکر و هەوڵی داوە پشکی پشتیوانان سەربخات و تا دواساتی ژیانی بەیعەتی نەداوە، ئەمە لە راستیەوە دوورەو تەنها بۆ شێواندنی مێژووی ئیسلامیە، ئەگەرنا چ رابردووی سەعد و چ دەقە صەحیحەکان ئەوە دەسەلمێنن مەسەلەکە وا نەبووە، بەلاَم وەك سپاردەیەکی زانستی هەموو دەقەکان دەهێنین:**

**کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و پشتیوانان لە کەپری بەنی ساعیدە کۆبوونەوە، لە دەوری سەعدی کوڕی عوبادە کۆبوونەوەو دەیانوت ئەمیرێك لە ئێمەو ئەمیرێك لە پشتیوانان، ئەوان دەیانویست بەیعەت بە سەعدی کوڕی عوبادە بدەن.[1]**

**سەعد لەو کاتەدا نەخۆش بوو و تایەکی زۆری هەبوو، خۆی گرمۆڵە کردبوو.[2]**

**بە پێی گێڕانەوەیەکی لاواز–ذەهەبی دەڵێت سەنەدەکەی بەو جۆرەیە کە دەیبینیت – هاتووە کاتێك بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق، ئەبوبەکر ناردی بە شوێن سەعددا و پێی وت وەرە بەیعەت بدە وا خەڵکەکە بەیعەتیان داوە، بەلاَم سەعد وتی بەخوا بەیعەتتان پێ نادەم تا هاودەم بەوانەی لەگەڵ منن لەگەڵتان دەجەنگم، بەشیری کوڕی سەعد لەوێ بوو وتی ئەی خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو یاخی بووە و تا نەکوژرێت بەیعەتتان پێ نادات، تا منداڵ و عەشرەتەکەشی لەگەڵی نەکوژرێن ناکوژرێت، بۆیە تا دەتوانن مەیبزوێنن، ئەو خۆی تەنهایە، ئەبووبەکریش وازی لێهێنا، دواتر کە عومەر بوو بە خەلیفە پێی گەیشت و وتی ئێ سەعد، ئەویش**

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3488.

2 - صحيح البخاري، الرقم 6455.

وتی ئێ عومەر، عومەر لێی پرسی بەیعەتی پێ دەدات، کەچی وتی هاوەڵەکەت لە تۆ لامان خۆشەویستتر بوو، بەخوا حەزم بە دراوسێیەتیت نیە، عومەر وتی هەرکەس رقی بێت لە دراوسێکەی جێی دێڵێت، ئەوەبوو سەعد چوو بۆ شام و پاش ماوەیەك لەوێ مرد.[1]

بەڵام بەپێی گێڕانەوەی صەحیح هاتووە کە کاتێك پشتیوانان داوای خیلافەتیان کرد و ئەبووبەکر دواتر وتاری پێشکەش کرد، تیایدا وتی ئەی سەعد تۆ خۆت لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبوویت کە فەرمووی (قریش ولاة هذا الامر، فبر الناس تبع لبرهم و فاجرهم تبع لفاجرهم)، (قورەیشیەکان هەڵگری ئەم پرسەن، خەڵکی چاکەکاریان شوێنکەوتەی چاکەکاریانن و خراپەکاریشیان شوێنکەوتەی خراپەکاریانن)، سەعد پێی وت راست دەکەیت، دەی ئێمە وەزیر و ئێوەش ئەمیرن.[2]

پاشان، ئەگەر سەعد ئامادە نەبووبێت بەیعەت بدات لەکاتێکدا گەورە و قسەرۆیشتووی ناو پشتیوانان بووەو هەموان رازی بون بە بڕیارەکانی، چۆن لە هەموو ماوەی خیلافەتی ئەبووبەکر و عومەردا کێشەو گرفتێکی نەنایەوە، چۆن لەکاتی ئەو هەموو بارگرژیەی سەردەمی خەلیفە ئەبووبەکردا دەستی خۆی نەوەشاند و هەوڵی جوداخوازی نەدا، بۆیە ئەمانە تەنها خەونی کەسانێك بووە کە حەزیان کردووە ئاقاری رووداوی کەپری بەنی ساعیدە وای لێ بێت و دواتر ئەو خەونەیان داڕشتووەو لە سەرچاوەکاندا دایانناوەتەوە، ئەگەرنا لە روانگەی مێژووییەوە هیچ پاڵپشتیەکی واقیعی دەست ناکەوێت.

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 277، قال الذهبي إسنادها كما ترى.

2 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 22، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره.

ماوەی خیلافەتی ئەبووبەکر

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق، ئەبووبەکر لە ماڵی حەبیبەی ژنی بوو کە لە ناوچەی سونح بوو و دوور بوو لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوەبوو ماوەی شەش مانگ لە خیلافەتی رۆژانە بە پێ یان هەندێ جار بە سوارێك دەچوو بۆ ناو مەدینە بۆ لای مزگەوت و دواتر دەگەڕایەوە بۆ ماڵی ئوممو حەبیبە.[1]

پرسی ئالوبەیت

پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتدان بە ئەبووبەکری صدیق، فاتیمەی کچی پێغەمبەر (ﷺ) و عەبباسی مامی پێغەمبەریش (ﷺ) چوون بۆ لای ئەبووبەکرو داوای میراتییان کرد، ئەبووبەکریش پێی راگەیاندن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی دوای خۆی میراتی جێناهێڵێت و هەرچی جێهێشت ئەوە صەدەقەیە.[2]

عائیشەی دایکی باوەڕداران دەڵێت: دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، فاطیمە داوای کرد لە ئەبووبەکر تا لە بەجێماوی پێغەمبەر (ﷺ) میراتی پێ بدات، ئەبووبەکر پێی وت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی(چی بە میرات جێبهێڵین صەدەقەیە)، فاطیمە بەوە تووڕە بوو و دەنگی لە ئەبووبەکر وەرگرت و تا مرد هەروا بوو.[3]

1 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج3، ص 186.
2 - الطبقات الکبری لابن سعد، ج2، ص 315.
3 - صحیح البخاري، الرقم 2943.

چەند شەوێکی کەم بەسەر وەفاتی پێغەمبەردا (ﷺ) تێپەڕ بووبوو، ئەبووبەکری صدیق نوێژی عەسری کرد بۆ موسڵمانان، کە لێبوونەوە هاتەدەرەوەو عەلیش لەگەڵیدا بوو دەڕۆیشتن بە ڕێدا، ئەبووبەکر حەسەنی بینی کە لەگەڵ چەند منداڵێك یاری دەکرد، ئەبووبەکر حەسەنی گرتە قەلادۆشکان و دەیوت لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچێت نەك لە عەلی، عەلیش پێدەکەنی.[1]

عەلی کوڕی ئەبووطالیب بەیعەتی دا بە ئەبووبەکری صدیق، زۆریش لێی ڕازی بوو، عەلی دەیوت پێغەمبەر (ﷺ) ئەبووبەکری پێشخست بۆ بەرنوێژی لەکاتێکدا من ئامادەو لەشساغیش بووم، ئەگەر بیویستایە منی پێشدەخست، بۆیە ئەو کەسەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ دینەکەمان پێی ڕازی بوو، ئێمەش بۆ دنیاکەمان پێی ڕازی بووین،[2] هەروەها دەیوت چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبووبەکرو عومەرن.[3]

فەرموودەیەك بە صەحیحی هاتووە کە مشتومڕێك لەسەر ڕوانینی عەلی بۆ میراتی پێغەمبەر (ﷺ) دەخاتەڕوو، ئەمەش دەقی فەرموودەکەیە:

مالیکی کوڕی ئەوس دەڵێت عومەری کوڕی خەططاب ناردی بە شوێن مندا، منیش چووم بۆ لای و ئەوکات خۆر لە بەرزایی ئاسمان بوو، دەبینم لە ماڵەوە دانیشتووەو لەسەر پشتیەکی پێستە پاڵی داوەتەوە، پێی وتم ئەی مال–ناوەکەی

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 43 و اللفظ له، صحيح البخاري، الرقم 3370، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 33، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2464، دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 239،

2 - فضائل الخلفاء الراشدين لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 190، الشريعة للآجري، الرقم 1775.

3 - ناية الإرب للنويري، ج19، ص 29.

کورت کردوەتەوە– خەڵکێ لە هۆزەکەت هاتن و منیش بەخششێکی کەمم کردن، برۆ لە نێوانیاندا دابەشی بکە، منیش وتم بریا کەسێکی ترت لەبری من راسپاردایە، ئەویش وتی مالیك لێنەوە، ئینجا یەرفەء –پەردەدارەکەی عومەر– هات و وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەت دەدەیت عوثمان و عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و زوبەیر و سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بێنە ژوورەوە؟ عومەر وتی بەڵێ، ئەویش مۆڵەتی پێدان و هاتنە ژوورەوە، ئینجا یەرفەء هاتەوەو وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران مۆڵەتی عەبباس و عەلی دەدەیت بێنە ژوورەوە؟ وتی بەڵێ، مۆڵەتی دا و ئەوانیش هاتنە ژوورەوە، عەبباس وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لەنێوان من و ئەم درۆزنە تاوانبارە ناپاکە خیانەتکارەدا دادوەری بکە–مەبەستی عەلی بوو–، ئەوانەی لەوێ ئامادە بوون وتیان بەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران دادوەری نێوانیان بکەو رەحم بەرامبەریان بنوێنە، –مالیك دەڵێت وام هاتە پێش چاو ئەو چوارەش بۆ هەمان شت هاتبوون بۆ لای عومەر–، عومەر وتی لەسەرخۆ بن، دواتر روویکردەوە ئەو دەستەیە و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، ئینجا تەماشای عەلی و عەبباسی کرد و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (میراتی جێناهێڵین، هەرچیمان جێهێشت صەدەقەیە)؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی دەی خوا تایبەتمەندیەکی بە پێغەمبەر (ﷺ) بەخشیوە کە بە هیچ کەسی تری نەبەخشیوە، خوا دەفەرموێت (وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ

﴿٦﴾ )، لەوەش ئەوەی بەنو نەضیر بوو، دەی بەخوا تایبەتی نەکرد بە خۆی و بێبەشی نەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) خەرجی ساڵێك یان خەرجی ساڵێکی خۆی و خێزانەکانی لێ هەڵدەگرت و ئەوەی دەمایەوە لە رێی خوادا دەیبەخشی، ئینجا عومەر روویکردە ئەو چوارەی تر و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەوە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، ئینجا لایکرد بە لای عەلی و عەبباسدا و وتی سوێندتان دەدەم بە خوا کە ئاسمان و زەوی بە مۆڵەتی ئەو وەستاون، ئایا ئەم دوانەشتان ئەمە دەزانن؟ وتیان بەڵێ، عومەر وتی کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئەبووبەکر وتی من دۆست و وەلی پێغەمبەری خوام (ﷺ)، تۆ- عەبباسی دەدواند- و ئەمە-واتە عەلی- چوون بۆ لای ئەبووبەکر، تۆ میراتی برازاکەتت داوا دەکرد-واتە پێغەمبەر (ﷺ)- ئەمیش میراتی ژنەکەی-واتە فاطیمە- لە باوکیەوە -واتە پێغەمبەر (ﷺ)- داوا دەکرد، ئەبووبەکر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی(میراتی جێناهێڵین، ئەوەی جێی دەهێڵین صەدەقەیە)، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی درۆ دەکات و تاوانبار و ناپاکە، خواش دەزانێت راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو بوو و شوێن حەق کەوتبوو، ئەوەبوو دەسەڵاتی گرتەدەست، دواتر کە ئەبووبەکر وەفاتی کرد من وتم من دۆست و وەلی پێغەمبەر (ﷺ) و دۆست و وەلی ئەبووبەکرم، کەچی ئەم دوانەتان واتاندەزانی من درۆ دەکەم و تاوانبار و ناپاك و خیانەتکارم، خواش زانایە کە من راستگۆ و چاکەکار و ژیر و تێگەیشتوو و شوێنکەوتەی حەقم، ئەوەبوو دەسەڵاتم گرتەدەست، ئینجا ئێستا تۆ و ئەمە و هەموو ئێوەش هاتون و قسەتان یەکەو لەو بارەوە پرسیار لە من دەکەن-واتە باری دەسەڵات-، منیش دەڵێم ئەگەر ئەم

دوانەتان دەتانەوێت ئەوە بدەمە ئێوەو بەرامبەر بەوە بەڵێنی خواتان لەسەر بێت کە بەو جۆرەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری بوو لەسەری برۆن، لەسەر ئەوە لە منی وەربگرن و دواتر بێن بۆ لام و داوا بکەن بە بارێکی تر–جیا لەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەرۆیشت– دادوەری نێوانتان بکەم؟! نا بەخوا تا رۆژی دوایی جگە لەوە– کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری دەچوو– دادوەری نێوانتان ناکەم، ئەگەریش دەرەقەتی ئەوە نایەن ئەوە بیدەنەوە دەست خۆم.[1]

لەم فەرموودەدا بۆمان دەردەکەوێت لەلایەکەوە هەموو ئەو هاوەڵانە دانیان بەوەدا ناوە کە بیستوویانە لە پێغەمبەر (ﷺ) میراتێ جێناهێڵێت و لەوەدا ئەبووبەکر لەسەر حەق بوو کە میراتی نەبەخشی بە فاطیمە، هەروەها بەڵگەیە لەسەر بوونی کێشەی نێوان هاوەڵان و هەوڵدانیان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها عومەر لە هەڵوێستی عەلی و عەبباسەوە روانینی خۆی بۆ ئەو هەڵوێستەیان نیشانداوە کە لەوانەیە ئەوان ئەویش و ئەبووبەکریش بە درۆزن و ناپاك تەماشا بکەن، لەکاتێکدا بەپێی گێڕانەوەی تر کە باسمان کردووە ئەو گومانە نەبووە، بەڵام ئەم دەربڕینە هاوشێوەی ئەوەیە کەسێك کە بەرامبەرەکەی دەدوێنێت بۆ زیاتر سەلماندنی حەقبوونی دەڵێت هەرچەندە تۆ وادەزانیت من ئاواو ئاوەهام، لەلایەکەوە تا ئەگەر ناخی بەرامبەر شتێکی تێدا بێت رێی بۆ بکاتەوە تا ئاشکرای بکات، لەلایەکی تریشەوە تا پێی بڵێت من رام وایە تۆ وا بیر دەکەیتەوە.

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 2944، صحيح مسلم، الرقم 3389 و اللفظ له، صحيح ابن حبان، الرقم 6712، سنن أبي داود، الرقم 2589، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6127،

کاتێ ئەبووبەکر وەفاتی کرد بە بەرگێ دایانپۆشیو گریان مەدینەی گرتەوەو خەڵکی شڵەژان چەشنی ئەو رۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، عەلی کوڕی ئەبووطالیب خێرا بە گریانەوە گەڕایەوەو دەیفەرموو (ئەمرۆ خیلافەتی پێغەمبەر (ﷺ) دابڕا)، ئینجا هات تا گەیشتە بەردەرگای ئەوماڵەی ئەبووبەکری تێدا بوو، وەستاو وتی: (بەر رەحمەتی خوا کەویت ئەی ئەبووبەکر، تۆ یەکەم کەس بوویت موسڵمان بوویت، لەهەمووان پوختترو دڵسۆزانەتر باوەڕت هێنا، دڵنیایی‌و بێگومانیت لە هەموان زیاتر بوو، لە هەموان لەخواترس ترو دەوڵەمەندتر بوویتو لە هەموان زیاتر لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوویت... پلەوپایەت لە هەموویان بەرزتر بوو، پێشرەوی هەموویان بوویت، پلەت لەهەموویان بەرزتر بوو، لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیك بوویت، لەرووی رەوشتو هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموویان جێ متمانەترو پایەبەرزتر بوویتو بەڕێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلامو پێغەمبەرەکەیو موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتێ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتەو دڵنەواکەری بوویت، کاتێ خەڵکی دانیشتنو لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێناو هاوڕێی کۆچو باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر (ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتێ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە بەجۆرێك ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی

نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپێ ڕاوەستایت، وێڕای پێ ناخۆشبوونی دووروانو بێزاریو توورەیی بێباوەران دەستت گرتبوو بە ڕێبازو بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتێ دەورووبەرت شکستیان خوارد بە ڕووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویتو لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکردو لە هەموان زیاتر ڕاستیت دەپێکاو لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، ڕەوانبێژی و بڕیاردروستیو دلێریو دڵنیاییو کرداری چاکو شارەزاییت بە کارەکان لە هەموان زیاتر بوو، بۆ ئیسلام سەرگەورەیەك بوویتو بۆ باوەڕدارانیش باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەران سزایەك بوویت و دەرژایت بەسەریاندا، بۆ باوەردارانیش بارانی ڕەحمەتو بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندیو سوکناییو پارێزگاری بوویت... وەك شاخێ وابوویت کە ڕەشەبا نایجووڵێنێتو شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاوازو زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسە{تیش لای تۆ زەلیلو لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیك لای تۆ وەك یەك بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاك ماندووی دەکەیت ... ڕازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەتو ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکاتو دوای تۆ گومڕامان نەکات)

خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) گریانو وتیان راستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ).[1]

سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید

لە کاتی نەخۆشی پێغەمبەردا (ﷺ)، رۆژی چوارشەممە بوو کە تاو نارەحەتی پێغەمبەری خوای(ﷺ) داگرت، بەڵام رۆژی پێنج شەممە خۆی چوو ئاڵاکەی دایە دەست ئوسامەی کوڕی زەید، لەنێو سوپاکەیدا ئەبووبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەطابو ئەبوو عوبەیدەی کوڕی جەراحو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو چەندین هاوەڵی تری گەورە هەبوون، لەسەر ئەوە کەسانێ نارەزاییان دەربڕی، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) تەواو توورەبوو و لەتاو ئازاریش سەری بەستبوو، چوویە سەر مینبەرو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر فەرمووی(پاشان ئەی خەڵکینە ئەو قسەو باسە چیە پێم گەیشتوەتەوە لە هەندێکتان سەبارەت بەوەی ئوسامەم بە ئەمیر داناوە، ئەگەر تانە دەدەن لە ئەمیرایەتی ئوسامە پێشتریش تانەتان دا لەوەی باوکیم بە ئەمیر دانا، ئەرێ بەخوا ئەو کەسە بۆ ئەمیرایەتی دروست کرابووو دوای خۆیشی کوڕەکەشی بۆ ئەمیرایەتی دروست کراوە...)[2]

بەڵام ئوسامە خێرا نەچوو چونکە هەواڵی نەخۆشی پێغەمبەری (ﷺ) بیست، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) کە کۆچی دوایی کرد، ئوسامە لە ناوچەی (ذي خشب)

---

1 - البحر الزخار مسند البزار، الرقم 831، الشريعة للآجري، الرقم 1781، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم 346، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 841.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190.

بوو،[1] دواتر لەسەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا ئەو سوپایە بە سەرکردایەتی ئوسامە بەڕێکەوت، هەرچەندە داوا کرا تا خەلیفە جاریٚ ئەو سوپایە نەنێریٚ بەڵام ئەو رازی نەبوو سوپایەك بوەستێنیٚ کە پێغەمبەر (ﷺ) رێکیخستبوو بۆ چوون، ئامادەش نەبوو ئەو سەرکردەیەی لا ببات کە پێغەمبەر (ﷺ) دایینابوو، تەنها داوای لە ئوسامە کرد ریٚ بدات عومەر نەچێت تا یارمەتی بدات چونکە ئەوکات زۆرێك لە عەرەبەکان لە ئیسلام هەڵگەرابوونەوە، ئوسامەش رێی پێدا، ئوسامە چووو هێرشی بردو سەرکەوتنی بەدەستهێنا.[2]

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) سوپاکەی ئوسامەی رێکخست و ئوسامەی کوڕی زەیدی کردە سەرکردەی سوپاکە، تیایدا بورەیدە ئاڵاکەی بەدەستەوە بوو،[3] دواتر کە زانرا بە نەخۆشیەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بورەیدە ئاڵاکەی ئوسامەی کوڕی زەیدی هێنا و لەبەردەم ماڵی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دایکوتا، دواتر کە بەیعەت درا بە ئەبووبەکری صدیق خەلیفە فەرمانی کرد بە بورەیدەی کوڕی حوصەیب تا ئاڵاکە هەڵگرێت و بیبات بۆ ماڵی ئوسامەی کوڕی زەید، ئەویش ئاڵاکەی برد بۆ سەربازگەی یەکەمی موسڵمانان کە ئوسامەی کوڕی زەیدی لیٚ بوو، هەرچەندە کاتی هەڵگەرانەوەی عەرەبەکان بوو و هەوڵ درا ئەبووبەکر رازی بکرێت تا ئوسامەی کوڕی زەید بەو سوپایەوە نەنێرێت بەڵام

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص305.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190-191.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص713.

ئەبووبەکر رازی نەبوو سوپایەك بوەستێنێت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردبوو بە رۆیشتنی.[1]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد ئوسامە بە عومەری وت برۆ بۆ لای خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) و داوای مۆڵەتی لێ بکە تا سوپاکە بهێنمەوە مەدینە، چونکە کەسایەتیە دیارەکان لەگەڵ منن، من ترسم هەیە زیان بە خەلیفە بگات و بێباوەڕان گورزی خۆیان بوەشێنن، پشتیوانەکانیش بە عومەریان وت پێی بڵێ ئەگەر هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی سوپاکە بڕوات، با کەسێکی بەتەمەنتر لە ئوسامە بکاتە بەرپرس، عومەریش چوو بۆ لای ئەبووبەکر، عومەر کە گەیشتە لای ئەبووبەکر و قسەکانی بۆ باسکرد، ئەبووبەکر وتی بەخوا ئەگەر سەگ و گورگ بمبەن بڕیاری پێغەمبەر (ﷺ) ناکشێنمەوە، عومەر ئەوکات پەیامەکەی پشتیوانانی گەیاند، ئەبووبەکریش ریشی عومەری گرت و وتی دایکت رۆڵەرۆت بۆ بکات کوڕی خەططاب، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی کردووە بە کاربەدەست و تۆیش داوام لێدەکەیت من لایبەرم؟ عومەریش چوویە دەرەوە بۆ لای خەڵکەکەو پێی وتن برۆن وازبێنن، دایکتان رۆڵەرۆتان بۆ بکات، بەهۆی ئێوەوە خەلیفە زۆری پێکردم، ئینجا خەلیفە خۆی سوپاکەی ئوسامەی بەڕێکرد، بەڵام داوای کرد مۆڵەت بدات عومەری لا بهێڵێتەوە تا پشتیوانی بێت، ئوسامەش رازی بوو.[2]

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص190-191.

2 - تاريخ الطبري، ج2، ص 246.

جەنگی هەڵگەڕاوەکان:

**کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردو خەڵکێك لە عەرەب بێباوەڕ بوون، ئەبووبەکر ویستی جەنگیان بکات، عومەر وتی ئەی ئەبووبەکر چۆن جەنگی ئەو خەڵکە دەکەیت لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله، فمن قالها فقد عصم مني ماله ونفسه إلا بحقه، وحسابه على الله)، (فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خەڵك بجەنگم تا دەڵێن لا اله الا الله، جا هەرکەس ئەوەی وت ئیتر سامان و گیانی لێم قەدەغە دەبێت بە حەقی خۆی نەبێت، حیسابیشی لای خوایە)، ئەبووبەکر وتی بەخوا هەرکەس جیاوازی بکات لەنێوان نوێژ و زەکاتدا لەگەڵی دەجەنگم، چونکە زەکات مافی سامانە، سوێند بەخوا ئەگەر گێسکێکیان دابێت بە پێغەمبەر (ﷺ) و ئێستا نەیدەن بە من ئەوە لەسەر ئەوە جەنگیان لەگەڵ دەکەم، عومەر دەڵێت هێندەی نەبرد خوا سینەی فراوان کردم بۆ راکەی ئەبووبەکر و زانیم راکەی ئەو راستە.[1]**

**ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی راگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و برێك کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود.[2]**

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1346، صحيح مسلم، الرقم 54، صحيح ابن حبان، الرقم 216، سنن أبي داود، الرقم 134، سنن الترذمي، الرقم 2595، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 2198، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 115.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 311.

پاش تەواوبوون لە ئەرکی سوپاکەی ئوسامەی کوڕی زەید، ئەبووبەکری صدیق یانزە لیوای پێکهێنا بۆ جەنگی هەڵگەڕاوەکان، ئینجا لیوایەکی تایبەت کرد بە خالیدی کوڕی وەلید و رایسپارد بچێت بەرەو لای طولەیحەی کوڕی خوەیلید، ئەگەریش لەو ئەرکەی لێبوویەوە ئینجا بڕوات بەرەو لای مالیکی کوڕی نوەیرە.[1]

ئەبووبەکر کاتێك خالیدی کردە بەرپرسی ئەو لیوایە بە خەڵکەکەی وت من بیستوومە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (نعم عبدالله و أخوُ العشيرة خالد بن الوليد سيف من سيوف الله سله الله على الكفار و المنافقين)، (خالید بەندەیەکی چاکی خوا و پیاوماقووڵێکی ناو هۆزە، شمشێرێکە لە شمشێرەکانی خوا کە هەڵکێردووە بە ڕووی بێباوەڕان و دووڕوواندا)، ئینجا خالید کەوتەڕێ و ئەبووبەکر ماڵئاوایی لێکرد و بەڵێنی پێدا لە ناوچەی خەیبەر لەگەڵ سەرکردەکانی تر پێیدەگاتەوە، ئەم پلانەش بۆ ئەوەبوو دوژمن بترسێت.[2]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 315.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

لەناوبردنی فیتنەی طولەیحەی ئەسەدی

خالید بە سوپاکەیەوە چوو بەرەو لای طولەیحە کە خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبوویەوە.[1]

خالید کە نزیك بوویەوە لە بەنی طەیئ، عەددی کوڕی حاتەم هات بۆ لای و وتی سێ ڕۆژ مۆڵەتم بدە، چونکە ئەو خەڵکە دەترسن ئەگەر شوێن تۆ بکەون طولەیحە نێردراوەکەیان بکوژێت، خالیدیش مۆڵەتی دا، سێ ڕۆژەکە تەواو بوو، ئینجا عەددی بە پێنج سەد جەنگاوەرەوە هاتە لای خالید، دواتر خالید چوو بەرەو لای بەنی جدیلە، ئەویش وتی ئەی خالید چەند ڕۆژێك مۆڵەتم بدە بەڵکو خوا ئەمانیش وەك طەیئ ڕزگار بکات، موسڵمانەکانی ئەوێش دایانە پاڵ سوپاکەی خالید کە نزیکەی هەزار سوارەیان هەبوو، ئینجا لەوێوە خالید چوو تا گەیشتە ناوچەی بەئجەئو سەلما و لەوێ سوپاکەی ڕێکخست و لەوێ لە ناوچەیەك کە پێی دەوترێت بزاخە لەگەڵ طولەیحەدا پێکگەیشت،[2] جەنگ لەنێوانیاندا ڕوویدا، لە کاتی جەنگەکەدا طولەیحە وایگەیاندبوو کە جوبرەئیل دێت بۆ لای و پەیامی بۆ دێنێت، عویەینە ساتێك لە جەنگەکەدا بوو و ساتێکیش دەچوویەوە بۆ لای طولەیحەو دەیوت جوبرەئیل هات بۆ لات؟ دواتر کە زانی ڕاست ناکات پاشەکشەی کرد بە سوپاکەی، ئیتر سوپاکەی طولەیحە کەوتنە پەرت بوون، طولەیحەش خێرا ژنەکەی خۆی سوار کرد و ڕایکرد و بە سوپاکەی وت کامتان دەتوانن خۆتان و ژنتان ڕزگار بکەن، بەوە سوپای طولەیحە شکا، ئینجا هۆزەکانی لای طولەیحە خۆیان دا بەدەستەوەو وتیان

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 317.

دەگەڕێینەوە ناو ئیسلام و رازین بە هەموو حوکمێکی ئیسلام، خالیدیش نامەی نووسی بۆ ئەبووبەکر و هەواڵەکەی پێدا، ئەبووبەکریش وەڵامی دایەوەو فەرمانی پێکرد لەخواترسی لە کردارەکانیدا زیاتر بکات و فەرمانیشی پێکرد کامیان پێشتر کوشتاری موسڵمانانی کردووە تۆڵەی لێ بکاتەوەو هەرکەسیش سنووری خوای بەزاندووە بەو جۆرەی خالید خۆی بە بەرژەوەندی بزانێت بڕیار بدات بە کوشتن یان مانەوەیان، خالیدیش ماوەی مانگێك لەوێ مایەوەو کێشەکانی ئەوێی چارەسەر دەکرد چ لە گێڕانەوەی مافی ستەم لێکراوان و چ لە سزادانی تاوانباران، تەنانەت ئەوەی موسڵمانانی سووتاندبوو خالید سووتاندیەوە، ئەوەی لە شاخەوە موسڵمانانی دەخستە خوارەوە خالید وای پێکردەوە.[1]

لەناوبردنی مالیکی کوڕی نوەیرە

پاش ئەوە خالید چوو بەرەو لای مالیکی کوڕی نوەیرە، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیسلام هەڵگەڕابوویەوە، ئەوەبوو کاتێك خالید چوو بۆ ئەوێ قسەی لەگەڵدا کرد.

ئیتر لێرەوە راجیاییەکان پەیدا دەبن سەبارەت بە هەڵوێستی مالیك:

مالیك بە خالیدی وت سەبارەت بە نوێژ ئامادەم نوێژ بکەم، بەڵام سەبارەت بە زەکات ئامادە نیم زەکات بدەم.[2]

---

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 318 – 319.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 33.

ئەمە هەڵوێستی پێشووتریشی بوو، ئەوەبوو کاتێك هۆزەکەی زەکاتیان کۆکردەوە تا بینێرن، مالیکی کوڕی نوەیرە ڕێی نەدا و هەر لەناو خۆیاندا دابەشی کرد.[1]

مالیکی کوڕی نوەیرە پەیوەندی بە سەجاحی ژنە شاعیرەوە هەبوو کە بانگەوازی پێغەمبەرایەتی کردبوو و بڕیاری دابوو بە شوێنکەوتەکانیەوە هێرش بباتە سەر مەدینە، مالیکیش چوو بەدەم بانگەوازەکەی سەجاحەوە، بەڵام کاتێك سەجاح پەیوەندی کرد بە موسەیلەمەی درۆزنەوە ئیتر مالیك پەشیمان بوویەوەو چوو بۆ ناوچەیەك کە پێی دەوترا بطاح، خالیدیش بڕیاری دا بچێت بۆ ئەوێ، بەڵام سوپای پشتیوانان کە لەگەڵ خالید بوون وتیان ئێمە نایەین و تەنها ئەوە دەکەین کە ئەبووبەکر فەرمانی پێداوین، خالیدیش لە وەڵامدا وتی ئەم کارە هەر دەبێت بکرێت و دەرفەتێکە دەبێت بە هەند وەربگیرێت، ئێستاش هیچ نامەیەکم لەو بارەوە بۆ نەهاتووە، من ئەمیرم و فەرمانەکانم بەدەستە، بەڵام ناچاریشتان ناکەم بێن لەگەڵم، وا من دەچم بەرەو بطاح، ماوەی دوو ڕۆژ ڕێی بڕی، ئینجا پشتیوانان رایان لەسەر ئەوە کۆك بوو کە دەبێت لەگەڵ خالید بچین چونکە ئەو ئەمیرە، خێرا نێردراویان نارد تا بە خالید بڵێت چاوەڕێیان بکات تا خۆیان دەگەیەننەوە پێی، ئەوەبوو خۆیان گەیاندەوە بە خالید.[2]

خالید کە گەیشتە ئەوێ بڕێ کەسی نارد تا خەڵکەکە کۆبکەنەوە، خەڵکەکەش کۆبوونەوەو گوێڕایەڵی خۆیان بۆ نواند و ئامادە بوون زەکاتیش بدەن، تەنها مالیکی

1 - شرح النووي على صحيح مسلم، ج1، ص 203.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج6، ص 320 – 322.

کوڕی نوەیرە نەبێت کە کەناری گرتبوو و خۆی یەکلا نەکردبوویەوەو نەیدەزانی چی بکات، ئەوەبوو خۆی و هاوەڵەکانی بە دیل گیران، ئەبووقەتادەی ئەنصاری دەڵێت: من شایەتیم دەدا کە نوێژیان دەکرد، کەسانێکی تر هەبوون شایەتییان دەدا کە نە بانگیان دەدا و نە نوێژیان دەکرد، شەوێك لە شەوەکان کە سەرمایەکی زۆر بوو هاوارکەرەکەی خالید هاواری کرد دیلەکانتان گەرم بکەنەوە، کەچی پاسەوانەکان وایانزانی مەبەستی ئەوەیە دیلەکان بکوژن، بۆیە کەوتنە کوشتنی دیلەکان، ضیراری کوڕی ئەوزیش مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت، هاوارکەرەکە کە هاواری کوشتنەکانی بیست خێرا هاتەدەرەوە، کەچی بینی تازە کار لەکار ترازاوە.[1]

رایەکی تر دەڵێت: بەڵکو هۆکاری کوژرانەکەی مالیك ئەوەبوو کە خالید مالیکی بانگ کرد و پێی وت تۆ پێشتر شوێن سەجاح کەوتیت و ئامادە نەبوویت زەکات بدەیت، ئینجا خالید وتی مەگەر نازانیت نوێژ و زەکات پێکەوە باس کراون؟ مالیکیش وتی هاوەڵەکەی تۆ وای وتووە، خالید وتی مەگەر ئەوە بەس هاوەڵی ئێمەیە و هی تۆ نیە؟ ئەی ضیرار بدە لە گەردنی، ئەویش دای لە گەردنی.

گێڕانەوەیەکی تر وا هاتووە کە خالید ئەبو قەتادەو دەستەیەکی تری نارد، کە گەیشتنە لای مالیك وتی ئێوە کێن وتیان موسڵمانانین، مالیکیش وتی منیش بەندەی موسڵمانی خوام، ئەبوو قەتادە وتی دەی چەکەکانتان دابنێن، ئەوانیش چەکەکانیان دانان و بەسترانەوەو بران بۆ لای خالید، لەوێ ئەبوو قەتادە وتی ئەمانە موسڵمانن و

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 322.

پەنا دراون، بەڵام ئەندامانی تری دەستەکە وتیان بەڵکو هیچ پەنایەکمان نەداون و بە زۆرەملێ هێنراون، بۆیە خالید فەرمانی کرد بە کوشتنیان.[1]

قەتادە بە کوشتارەکەی خالید نارازی بوو و لەو بارەوە مشتومڕی لەگەڵ کرد و گەڕایەوە بۆ لای ئەبووبەکر و سکاڵای لە خالید کرد، هەروەها ئەوانەی بۆ عومەریش باس کرد،[2] عومەریش چوو ئەبووبەکری دواند و وتی خالید لابەرە چونکە شمشێرەکەی خوێن ڕێژی زیادە دەکات، ئەبووبەکر وتی شمشێرێ کە خوا هەڵیکردووە بە رووی بێباوەڕاندا نایخەمەوە کالان، ئینجا براکەی مالیکیش هاتە لای ئەبووبەکر و سکاڵای خالیدی کرد، عومەریش پاڵپشتی دەکرد، ئەبووبەکریش خوێن باییەکەی مالیکی دا بە براکەی.[3]

سەبارەت بە کوژرانی مالیك ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

یەکەم: ڕاجیایی هەیە ئایا مالیك بە بێباوەڕی کوژراوە یان بە موسڵمانی، بەڵام ئەگەر تەماشا بکەین لە هەموو گێڕانەوەکاندا ئەوە چەسپاوە کە مالیك ئامادەیی ئەوەی نەبووە زەکات بدات، جا ئەگەر گێڕانەوەی یەکەم بێت کە شەو لەگەڵ دیلەکانی تر کوژرابێت ئەوە بە هەمان چەشنی هەڵەکەی پێشووتری (صبأنا، صبأنا) بووەو وەك لە گێڕانەوەکەدا هاتووە خالید مەبەستی نەبووە بیکوژێت، ئەگەریش بە گێڕانەوەی دووەم بێت کە تیایدا مالیك لەبەردەم خالیددا حاشای کردووە لە واجب

---

1 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 37.

2 - الكامل في التاريخ، ج2، ص 217.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 322.

بوونی زەکات، ئەوە دەزانین ئەبووبەکر لەبەر نەدانی زەکات فەتوای جیهاد و کوشتنی ئەوانەی دا کە ئامادەی زەکات دان نین.

دووەم: لەوانەیە رارایی زۆری مالیك وایکردبێت بارەکە ئاڵۆز بکات، سەرەتا چوونی بۆ لای سەجاح، دواتر دەستبەرداربوونی لە سەجاح و گەڕانەوە بەرەو ئیسلام، دواتر بەرگرتن لە هۆزەکەی تا زەکات نەدەن، هەروەها دواتر هەڵوێستێکی وای بووە کە موسڵمانانی دوو لەت کردووە، دەستەیەك بە موسڵمانیان داناوە وەك ئەبووقەتادە، دەستەیەکیش بە شیاوی کوشتنیان داناوە وەك خالید، لەسەر ئەو دوو بڕیارە جیاوازەش حوکمی دوو گەورە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەری جیاواز دەبێت، عومەر خالید بە هەڵەو تاوانبار دەزانێت لەو کوشتنەدا و پێی وایە ئیتر دەبێت خالید پۆستەکەی لێ بسەنرێتەوە، ئەبووبەکریش لەوپەڕی قەناعەتیدا بە ئیجتیهادێکی هەڵەی خالیدی دەزانێت و ئامادە نیە خالید لابەرێت و خوێن بابیەکەی مالیك دەدات، ئەم هەڵوێستەی ئەبووبەکریش راستتر بوو، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) پێشتر لە بارێکی لەو چەشنەدا هەمان هەڵوێستی ئەبووبەکری هەبوو، ئەبووبەکریش پێشەنگی کرد بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ)، ئەوەبوو کاتێك خالید لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) بە ئیجتیهادێکی هەڵە خەڵکانێکی کوشت، پێغەمبەر (ﷺ) خالیدی لە بەرپرسیارێتیەکان لانەبرد، هاوکات خوێن بایی کوژراوەکانی دا.

سێیەم: سەبارەت بە هەڵوێستی ئەبوو قەتادەی ئەنصاری پێدەچێت رارابیەکەی مالیك وای لە هەڵوێستی کردبێت، چونکە مالیکی کوڕی نوەیرە دوای دەستبەرداربوونی لە سەجاح رارا کەوتبوو، لەلایەکەوە دەیویست بەرنگاری سوپای موسڵمانان نەبێتەوە، لەلایەکیشەوە ئامادە نەبوو زەکات بدات، پێدەچێت لە

دواندنی ئەبووقەتادەدا جۆرێك لە بروابوونی بە زەكات دەربڕیبێت و لای خالیدیش هەڵوێستی بڕوانەبوونی هەبووبێت.

بەهەرحاڵ هەڵوێستەكەی خالید خۆی لە دوو ئەگەردا دەبینێتەوە:

یان بە ئیجتیهادێكی هەڵە مالیكی كوڕی نوەیرەی كوشتووە.

یان بە حەق پەیڕەوی بڕیاری خەلیفەی كردووە بۆ كوشتنی ئەوانەی حاشا لە زەكات دەكەن.

بەڵام بە هەڵوێستی ئەبووقەتادەو عومەر و ئەبووبەكردا دەردەكەوێت ئەگەری زیاتر ئەوە بووە كە خالیدی كوڕی وەلید بە ئیجتیهادێكی هەڵە مالیكی كوڕی نوەیرەی كوشتووە، حوكمی ئەبووبەكر و عومەریش لە بارەی خالیدەوە جیاواز بوو و حوكمەكەی ئەبووبەكریش دروستتر بوو چونكە پێشەنگی كردن بوو بە هەڵوێستێكی پێغەمبەر (ﷺ) لە هەمان چەشنی رووداودا.

هەروەها بەڵگەیەكی تر ئەوەیە كەكاتێك عومەر لای ئەبووبەكر دژی خالید قسەی كرد ئەبووبەكر وا وەڵامی دایەوە: لەسەرخۆ بە ئەی عومەر، خالید ئیجتیهادێكی كردووەو هەڵەی تێدا كردووە، دەی زمانت بگرەوە لە خالید، چونكە من شمشێرێك داناگرم كە خوا بە رووی بێباوەڕاندا هەڵیكردووە.[1]

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 217.

هاوسەرگیری خالید و ژنەکەی مالیکی کوڕی نوەیرە

ئەم بابەتە لە مێژوودا بووەتە تانەیەك بۆ خالیدی کوڕی وەلید، کاتێك خالید مالیکی کوڕی نوەیرەی کوشت دواتر لەگەڵ ژنەکەیدا هاوسەرگیری کرد، جا دەستەیەك بە چەند بەڵگەیەك ئەوە بە ڕەوا دەزانن، دەستەیەکیش بە نارەوای دەزانن و دەڵێن خالید لەبەر ژنەکەی مالیکی کوشتووە.[1]

بەپێی گێڕانەوەیەك هاتووە خالید پاش کوشتنی مالیك وەستا تا ژنەکەی ماوەی پاکبوونەوەی تەواو بوو، بەڵام ئەبووبەکر سەبارەت بە هاوسەرگیریەکەی لێی تووڕە بوو.[2]

کاتێك مەسەلەکە لای ئەبووبەکر و عومەر قسەی زۆری لێکرا، ئەبووبەکر فەرمانی کرد خالید بێتەوە مەدینە، کە خالید هاتەوە عومەر پێی وت بە ناحەق موسڵمانێکت کوشتووەو ژنەکەیشت بردووە، دەبێت سزا بدرێیت، کاتێك خالید چوو بۆ لای ئەبووبەکر و دواندی، خالید بەڵگەی هێنایەوە بۆ کارەکەی و توانی قەناعەت بکات بە ئەبووبەکر، ئەبووبەکر بەڵگەکانی خالیدی پەسەند کرد و خوێن بایی مالیکی دا و وازی هێنا لە خالید و لە پۆستەکەیدا هێشتیەوە.[3]

بەهەرحاڵ بەپێی دەقە مێژووییەکان مەسەلەی کوشتنی مالیك هیچ پەیوەندیەکی نەبووە بە ژنەکەیەوە، بەڵکو هاوسەرگیری دوای ئەوە قسەی لەسەرە کە ئایا ڕەوا بووە یان نا، ئەمەش نارەزایی عومەر و ئەبووبەکریشی لەسەر بووە.

---

1 - البدء و التاريخ، ج5، ص 159.

2 - تأريخ الطبري، ج2، ص 273.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 323.

## جەنگی یەمامە

خالیدی کوڕی وەلید دوای ئەوەی لەلایەن خەلیفە پۆزشی قبووڵ کرا، بە فەرمانی خەلیفە ئەبووبەکری صدیق چوو تا فیتنەی موسەیلەمەی درۆزن لەناوبەرێت[1] کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکرد و خەڵکێکی زۆری لەخشتە بردبوو، لەو کارەشیدا تەواو سەرکەوتوو بوو، پێشتر لە باسی ژیانی خالید و لە چەند شوێنی تریشدا باسی جەنگی یەمامەمان کردووە، بۆیە دووبارەی ناکەینەوە.

## کۆکردنەوەی قورئان

لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا زەید راسپێردرا تا قورئان کۆبکاتەوە، زەید دەڵێت ئەبووبەکر پێی وتم تۆ کەسێکی گەنج و عاقڵیت و تۆمەتبارت ناکەین، تۆ لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) سروشت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دەنووسیەوە، دەی بنەوە قورئان و کۆی بکەرەوە، منیش وتم چۆن شتێك ئەکەن کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە، ئەویش وتی بەوا ئەمە خێرە، ئیتر ئەبووبەکر هێندەی پێ وتمەوە تا ئەوەی خوای گەورە دەروونی فراوان کردم بۆ ئەو نیازەی کە دەروونی ئەبووبەکرو عومەری بۆ فراوان کردبوو، کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان.[2]

زەید دەڵێت: دوای جەنگی یەمامە–کە ژمارەیەك لە هاوەڵان تیایدا شەهید بوون– ئەبووبەکر منی بانگ کرد، عومەریش لەلای بوو، ئەبووبەکر وتی (عومەر هاتووە بۆ لام و دەڵێت: لە یەمامە خەڵکێکی زۆر کوژراوەو دەترسم بەم کوشتارە بەردەوامە ئەوانەی قورئانیان لەبەرە لەناوبچن و بەشێك لە قورئان نەمێنێت، بۆیە

---

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 219.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 431.

پێم باشە کۆی بکەنەوە، منیش پێم وتووە چۆن شتێك بکەم کە پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە؟ عومەر دەڵێت: بەخوا ئەوە خێرە، هێندە عومەر هات بۆ لام و لێی دووبارە کردمەوە تا ئەوەی خوای گەورە دەروونی واڵاکردم بۆ راکەی عومەرو منیش هەمان رای ئەوم هەیە)، عومەریش لەولاوە دانیشتبوو و هیچی نەدەوت، ئەبووبەکر درێژەی دا بە قسەکانی و وتی (تۆ پیاوێکی گەنج و عاقڵیت و لێت دڵنیاین و نووسەرەوەی سروشیش بوویت، دەی لێبنەوەو قورئان کۆبکەرەوە)، سوێند بەخوا ئەگەر ئەبووبەکر رایسپاردمایە کێوێك لەملاوە بۆ ئەولا بگوازمەوە هێندەی ئەو داواکاریەی لام سەخت نەبوو، منیش وتم چۆن ئێوە ئەو شتە دەکەن لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) نەیکردووە، ئەبووبەکر وتی بەخوا ئەوە خێرە، ئیتر هێندە لێیان دووپات کردمەوە تا خوا دەروونی فراوان کردم بۆ راکەیان و کەوتمە کۆکردنەوەی قورئان، هەندێکی لەسەر پارچە پێستە نووسرابوویەوە، هەندێکی لەسەر ئێسقان و هەندێکی لەسەر گەڵای دار نووسرابوویەوە، هەندێکیشی لە سنگی پیاواندا بوو.[1]

فتووحات لە سەردەمی ئەبووبەکردا:

لە سەردەمی ئەبووبەکردا لە دوو مەیدانی جیادا فتووحات پێشڕەوی بەهێزی بەخۆیەوە دی، ئەوانیش بریتی بوون لە بەرەی عێراق و بەرەی شام، لێرەدا باسی فتووحات ناکەین، چونکە بە زمانی کوردی نووسینی زۆر و پێویست لەو بارەوە هەن، خوێنەر دەتوانێت سوودیان لێ وەربگرێت.

1 - صحيح البخاري، الرقم 4410، صحيح ابن حبان، الرقم 4571، سنن الترمذي، الرقم 3111.

ژیانی ئاسایی لەگەڵ خەڵکدا:

**کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و خالیدی کوڕی وەلید لە یەمەنەوە گەڕایەوە، بینی ئەبوبەکر بەرپرسە، دلگران بوو بە وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) و بە دەربڕینێکی هەڵە خەمباری خۆی دەربڕی، بۆیە عومەر لێی تووڕە بوو و ئەو قسانەشی گەیاند بە ئەبووبەکر کە رای خالید چۆن بووە، بەڵام ئەبووبەکر ئەو قسانەی نەگرتەدڵ و خەڵکی کۆکردەوەو وتارێکی پێشکەش کرد و باسی جیهادی کرد بۆیان، دواتر ئاڵای دەدایە دەست سەرکردەکان تا جەنگی هەڵگەڕاوەکان بکەن، ئاڵای یەکەمیشی دایە دەست خالیدی کوڕی سەعید تا بەرەو شام بڕوات، هەرچەندە عومەر هێشتا لێی تووڕە بوو و هەوڵیدا بەر بە راکەی خەلیفە بگرێت، بەڵام ئەبووبەکر لە نیازی خالید تێگەیشت و ئەوەی نەگرتەدڵ.[1]**

**کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد ئیتر بیلال توانای نەما بانگ بدات، شارەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەنگی بانگی بانگبێژەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) تێدا نەما، تەنانەت توانای ئەوەی نەما لە مەدینەش بمێنێتەوە، بۆیە هات بۆ لای خەلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق و داوای مۆڵەتی لێکرد تا بچێت بۆ جیهاد، ئەوەبوو کاتێك ئەبووبەکر لە رۆژی هەینیدا لەسەر مینبەر بوو، بیلال ئەبووبەکری دواند، خەلیفە داوای لێکرد بیلال لە مەدینە بمێنێتەوە، بیلال لە وەڵامدا پێی وت لەبەر خوا ئازادت کردم یان لەبەر خۆت؟ ئەبووبەکر وتی لەبەر خوا، بیلال وتی دەی رێم بدە بچم بۆ جیهاد، خەلیفەش رێی پێدا و بیلالیش چوو بەرەو شام.[2]**

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 3.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص357.

لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە بیلال بە ئەبووبەکری وت من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (أفضل أعمال المؤمن الجهاد في سبيل الله)، (چاکترین کاری باوەڕدار جیهادی ڕێی خوایە)، جا منیش دەمەوێت تا مردن لە سەنگەری جیهاددا بم، ئەبووبەکر وتی ئەی بیلال سوێندت دەدەم بە خوا لەبەر ڕێز و مافی من مەڕۆ، وا من پیر بووم و مەرگم نزیك بوەتەوە، ئیتر بیلال لەگەڵ ئەبووبەکر مایەوە تا وەفاتی کرد، ئینجا هات بۆ لای عومەر و داوای مۆڵەتی کرد، عومەریش هەمان شتی پێ وت، بەڵام بیلال بە داواکەی ڕازی نەبوو، عومەر داوای لێکرد بانگ بدات،[1] بیلال وتی من بانگبێژی پێغەمبەر (ﷺ) بووم تا وەفاتی کرد، دواتریش بانگبێژی ئەبووبەکر بووم چونکە ئەو چاکەی هەبوو بەسەرمەوە، من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو (ئەی بیلال کارێك نیە چاکتر بێت لە جیهادی ڕێی خوا)، بۆیە بیلال چوو بەرەو شام.[2]

بەڵام ئیبن کەثیر دەڵێت ڕاستتر و باوتر ئەوەیە بیلال دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) بانگی نەداوە بۆ ئەبووبەکر و چووە بۆ شام.[3]

کاتێك ئەبووبەکری صدیق بووبوو بە خەلیفە، کچەکەی سەعد چوو بۆ لای ئەبووبەکر، خەلیفەش جلەکەی خۆی وەك ڕاخەر بۆ ڕاخست، عومەر هاتە ژوورەوەو پرسیاری لێکرد ئەو ئافرەتە کێیە؟ ئەبووبەکر وتی کچی کەسێکە کە لە من و تۆیش زۆر چاکتر بووە، عومەر وتی ئەی خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو پیاوە کێیە؟ وتی

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 236، أسد الغابة، ج1، ص 307.

2 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 1980، مسند الروياني، الرقم 716، أسد الغابة، ج1، ص 307.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج5، ص 334.

کەسێك لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و شوێنی خۆی لە بەهەشت بەدەست خست و من و تۆیش هێشتا ماوینەتەوە.[1]

سالیمی مەولا جارێك لەگەڵ ئەبووبەکردا بوو کە نوێژی دەکرد، سالیم وتی ئەی خەلیفەی پێغەمبەر (ﷺ) نان ناخۆیت؟ ئەویش بە دەست ئاماژەی بۆ کردم، جاری دووەم هەمان شتی وتەوەو ئەویش بە ئاماژە پێی وت راوەستە، جاری سێیەم کە سالیم وتی، ئەبووبەکر وتی خواردنەکەتم بۆ بهێنە، نانی خوارد و دواتر دوو رکات نوێژی کرد، ئینجا چوویە مزگەوت و نوێژ دابەسرا.[2]

وەفاتی ئەبووبەکری صدیق

لە مانگی جومادیلئاخیرەی ساڵی سیانزەی کۆچیدا ئەبووبەکری صدیق تووشی نەخۆشی بوو و ماوەی نزیکەی پانزە رۆژ نەخۆشیەکەی بەردەوام بوو، لەو ماوەدا عومەری کوڕی خەططاب بەرنوێژی دەکرد بۆ موسڵمانان، لەو ماوەدا ئەبووبەکری صدیق عومەری کوڕی خەتتابی بۆ جێگرتنەوەی خۆی دیاری کرد و عوثمانی کوڕی عەففانی بانگ کرد و داوای لێکرد بە نووسراوێك ئەوە بنووسێت، ئینجا نووسراوەکە خوێنرایەوە بەسەر موسڵماناندا و ئەوانیش رازی بوون.[3]

ئەبووبەکری صدیق لە بیست و دووی جومادیلئاخیرەی ساڵی سیانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد،[4] ئەو رۆژەی وەفاتی کرد رۆژی دووشەممە بوو، دەوترێت لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 59.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 6251.

3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 18.

4 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 87.

بەرەبەیاندا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت بەڵکو دوای نوێژی ئێوارە وەفاتی کرد، تەمەنیشی شەست و سێ ساڵان دەبوو.[1]

حەسەنی کوڕی عەلی ئامادەی کاتی وەفاتی ئەبووبەکری صدیق بوو، حەسەن دەڵێت کاتێك ئەبووبەکر سەرەمەرگی هات بە عائیشەی وت ئەی عائیشە سەیری ئەو وشترە بکە کە لە شیرەکەیمان دەخواردەوەو ئەو تەشتەی بەکارمان دەهێنا و ئەو بەرگەی دەمانپۆشی، ئێمە کاتێك کاروباری موسڵمانانمان بەدەست بوو ئەو شتانەمان بەکاردەهێنا، جا ئەگەر مردم ئەوانە ببە بۆ عومەر، ئەوەبوو کە ئەبووبەکر مرد ئەو شتانەی نارد بۆ عومەر، ئەویش وتی خوا لێت رازی بێت ئەی ئەبووبەکر، باری ئەوەی دوای خۆتت قورس کرد.[2]

ئەسید باسی ئەو رۆژە دەکات کە خەلیفەی موسڵمانان ئەبووبەکری صدیق کۆچی دوایی کردو دەڵێت:

کاتێ ئەبووبەکر وەفاتی کرد بە بەرگێ دایانپۆشیو گریان مەدینەی گرتەوەو خەڵکی شڵەژان چەشنی ئەو رۆژەی پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی دوایی کرد، عەلی کوڕی ئەبووطالیب خێرا بە گریانەوە گەڕایەوەو دەیفەرموو (ئەمڕۆ خیلافەتی پێغەمبەر (ﷺ) دابڕا)، ئینجا هات تا گەیشتە بەردەرگای ئەو ماڵەی ئەبووبەکری تێدا بوو، وەستاو وتی: (بەر رەحمەتی خوا کەویت ئەی ئەبووبەکر، تۆ یەکەم کەس بوویت موسڵمان بوویت، لەهەمووان پوختترو دڵسۆزانەتر باوەڕت هێنا، دڵنیاییو بێگومانیت

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 18.

2 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 36.

لە هەموان زیاتر بوو، لە هەموان لەخواترس ترو دەوڵەمەندتر بوویتو لە هەموان زیاتر لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بوویت... پلەوپایەت لە هەموویان بەرزتر بوو، پێشرەوی هەموویان بوویت، پلەت لەهەموویان بەرزتر بوو، لە هەموویان زیاتر لە پێغەمبەری خواوە نزیك بوویت، لەرووی رەوشتو هەڵوێستەوە لە هەموان زیاتر لە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوویت، لای پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموویان جێ متمانەترو پایەبەرزتر بوویتو بەرێزتریان بوویت لە خزمەتیدا، دەی خوای گەورە لەسەر ئیسلامو پێغەمبەرەکەیو موسڵمانان پاداشتی خێرت بداتەوە، کاتێ خەڵکی پێغەمبەری خوایان بە درۆزن دەزانی تۆ بەراستت دەزانی، بۆیە خوای گەورە لە کتێبەکەی خۆیدا بە صدیق ناوی هێنایت (و الذي جاء بالصدق)، کاتێ خەڵکی بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) پیسکە بوون، تۆ شوێنکەوتەو دڵنەواکەری بوویت، کاتێ خەڵکی دانیشتنو لەگەڵی نەچوون تۆ لەگەڵیدا راوەستایت، لەکاتی سەختیدا بە جوانترین شێوە هاوەڵی ئەوت کرد، سوکناییت بۆ دەهێناو هاورێی کۆچو باروحاڵی نارەحەتی پێغەمبەر (ﷺ) بوویت، دوای پێغەمبەر (ﷺ) بەجوانترین شێوە خیلافەتت کرد بۆ ئوممەتەکەی، کاتێ خەڵکی لە ئیسلام هەڵگەرانەوە بەجۆرێك ئایینی خوات بەجێگەیاند کە خەلیفەی هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر وا بەجێی نەگەیاندووە، کاتی لاوازی هاوەڵانت بەهێز بوویت، کاتی ترسی ئەوان سەرپێ راوەستایت، وێرای پێ ناخۆشبوونی دووروانو بێزاریو توورەیی بێباوەران دەستت گرتبوو بە رێبازو بەرنامەی پێغەمبەری خواوە، کاتێ دەوروبەرت شکستیان خوارد بە رووناکی خوا خیلافەتت گرتەدەست، لەسەروو هەموویانەوە بویتو لەهەموشیان کەمتر قسەت دەکردو لە هەموان زیاتر راستیت دەپێکاو لە هەموان زیاتر بێدەنگ دەبوویت، رەوانبێژی و بڕیاردروستیو دلێریو دڵنیاییو کرداری چاکو شارەزاییت بە

کارەکان لە هەموان زیاتر بوو، بۆ ئیسلام سەرگەورەیەك بوویتو بۆ باوەڕدارانیش باوکێکی میهرەبان، کاتێ بە خاوخێزانەوە دەهاتنە لات باری قورسی لاوازی ئەوانت دەگرتە ئەستۆ، چییان لەدەست دەدا تۆ دەتپاراست، چییان پشتگوێ بخستایە تۆ ئاگاداری دەبوویت، کاتی کەمصەبری ئەوان خۆڕاگر بوویت، ئەوەی ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا تۆ پێی گەیشتیت، بەهۆی تۆوە گەیشتن بەوەی کە چاوەڕێ نەبوون دەستیان بکەوێ، بۆ بێباوەڕان سزایەك بوویت و دەرژایت بەسەریاندا، بۆ باوەرداراانیش بارانی رەحمەتو بەرەکەت بوویت، بارانی دەوڵەمەندیو سوکناییو پارێزگاری بوویت... وەك شاخێ وابوویت کە رەشەبا نایجووڵێنێتو شکێنەرەکان لەناوی نابەن... کەسی لاوازو زەلیل لای تۆ بەهێز بوو تا مافت بۆ وەردەگرتەوە، کەسی بەهێز و بە دەسە{تیش لای تۆ زەلیلو لاواز بوو تا کاتێ مافت لێ وەردەگرتەوە، لەوەشدا دوور و نزیك لای تۆ وەك یەك بوون... بەخوا پێشڕەیو زۆرت کردو ئەوەی دوای تۆ دێت چاك ماندووی دەکەیت ... رازین بە قەزای خودا و ملکەچی کارو فەرمانی دەبین، دوای وەفاتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) موسڵمانان بە هیچ شتێ هێندەی مەرگی تۆ موصیبەتبار نابن... خوای گەورە بتگەیەنێتەوە بە پێغەمبەرەکەتو ئێمەش لە پاداشتت بێ بەش نەکاتو دوای تۆ گومڕامان نەکات) خەڵکی بێدەنگ بووبوون تا وتەکانی تەواو بوون، دواتر هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گریانو وتیان راستت فەرموو ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[1]

1 - البحر الزخار مسند البزار، الرقم 831، الشريعة للآجري، الرقم 1781، السنة لأبي بكر بن الخلال، الرقم 346، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 841.

## عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدی(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]**

## عەبدوڵای کوڕی عورفجە(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عورفجەی سالمیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]**

## عەبدوڵای کوڕی عومەر (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی خەططابی قورەیشی عەدویە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە،[3] یەکێکە لە گەورە هاوەڵە ناسراوەکان و لە زانا گەورەکانی ناو هاوەڵان کە زانستێکی کەموێنەی هەبووە.**

**باوکی ناوی عومەری کوڕی خەططابەو یەکێکە لە هاوەڵانی زۆر نزیکی پێغەمبەر (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و دووەم خەلیفەی موسڵمانان پاش ئەبووبەکری صدیق.**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 176.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 179.

3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 204.

دایکی ناوی زەینەبی کچی مەظعوونی کوڕی حەبیبەیە، ئەم ئافرەتە لەگەڵ عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی کرد بۆ مەدینە، ئەوەش هاتووە گوایە پێش کۆچکردن بۆ مەدینە مردبێت راست نیە.[1]

منداڵەکانی بریتی بوون لە دوانزە کوڕ وچوار کچ، ئەبووبەکر و ئەبووعوبەیدەو عەبدوڵا و عومەر و حەفصەو سەودە کە دایکیان صەفیەی کچی ئەبی عوبەید بوو، عەبدوڕەحمان کە دایکی ناوی ئومموعەلقەمەی کچی عەلقەمە بوو، سالم و عوبەیدوڵا و حەمزە کە دایکیان ئومموەلەد بوو، زەید و عائیشە کە دایکیان ئومموەلەد بوو، بیلال کە دایکی ئومموەلەد بوو، ئەبووسەلەمەو قلابە کە دایکیان ئومموەلەد بوو.[2]

عەبدوڵا هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لە مەککە موسڵمان بوو، دواتر هاودەم بە باوکی کۆچی کرد بۆ مەدینەو هێشتا نەگەیشتبوویە تەمەنی باڵغی، بۆیە نەیتوانی لە غەزای بەدر و ئوحوددا بەشداری بکات و یەکەم غەزا کە تیایدا بەشداری کرد غەزای خەندەق بوو.[3]

لە غەزای بەدردا بەرائی کوڕی عازب ویستی بەشداری جەنگەکە بکات، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رێی نەدا هەریەك لە بەرائی کوڕی عازبو ئیبن عومەر بەشداری بکەن لەبەر کەمی تەمەنیان.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص 680.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 143.
3 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 204.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص367.

زەید دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا هەندێ کەسی بە بچووك دانا بۆ بەشداری لە جەنگەکەو هەموویانی گێڕایەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە زەیدی کوڕی جاریە–واتە خۆی– و بەرائی کوڕی عازب و زەیدی کوڕی ئەرقەم و ئەبووسەعیدی خودری و عەبدوڵای کوڕی عومەر و جابیری کوڕی عەبدوڵا.[1]

ئیبن عومەر دەڵێت بۆ غەزای ئوحود کە تەمەنم چواردە ساڵان بوو پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی نەدا بەشداری بکەم، بەڵام بۆ غەزای خەندەق کە تەمەنم پانزە ساڵان دەبوو مۆڵەتی دام.[2]

بەپێی گێڕانەوەیەکی واقیدی هاتووە یەکەم غەزا کە هەریەك لە ئیبن عومەر و بەرائی کوڕی عازب تیایدا بەشدار بوون بریتی بووە لە غەزای خەندەق.[3]

ئیبن عومەر لە حودەیبیەدا بەشداری کردو یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[4]

هەروەها ئیبن عومەر لەناو سوپاکەی جەعفەری کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری جەنگی موئتەی کرد.[5]

ئیبن عومەر لە فەتحی مەککەشدا بەشداری کرد.[6]

---

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16548.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2542، صحيح مسلم، الرقم 3563.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص156.

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 204.

5 - أسد الغابة، ج3، ص 348.

6 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 210.

جارێك عەبدوڵای كوڕی عومەر داوای لە عومەری باوكی كرد تا داوای كچەكەی صالحی كوڕی نەححامی بۆ بكات، عومەر وتی ئەو برێ هەتیوی هەیەو تا ئەوانە وەستابن كچەكەی نادات بە ئێمە، بۆیە عەبدوڵا چوو بۆ لای زەیدی مامی و وتی مامە داوای كچی فلانەكەسم بۆ بكە، زەیدیش چوو بۆ لای صاڵح و وتی عەبدوڵای كوڕی عومەر منی ناردووە بۆ داوای كچەكەت، ئەویش وتی من برێ هەتیوم هەیەو ئامادە نیم كچەكەم بدەم بە ئێوەو برازاكانی خۆم لەولا وەستابن، بەڵام دایكی كچەكە حەزی دەكرد كچەكەی بۆ عەبدوڵا بێت، چوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەبدوڵای كوڕی عومەر هاتووەتە داوای كچەكەم، كەچی باوكی كچەكەی داوە بە هەتیوێك كە لایەتی و بەخێوی دەكات، هێشتا رای كچەكەشی وەرنەگرتووە، پێغەمبەریش (ﷺ) ناردی بە شوێن صالحدا و فەرمووی: (ئەرێ بێ ئەوەی رای كچەكەت وەربگریت داوتە بە شوو؟) وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (أشيروا على النساء في أنفسهن و هي بكر)،[1] (رای كچەكانتان سەبارەت بە خۆیان وەربگرن).

ئیبن عومەر دەڵێت جارێك خەوم بینی كە پارچەیەك ئاوریشم لە دەستمدایەو بەرەو هەر لایەكی بەهەشتی فڕێ دەدەم، منیش لەگەڵ خۆی رادەكێشێت، خەوەكەم گێڕایەوە بۆ حەفصەی خوشكم، ئەویش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)،

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5542، حسنه شعيب الأرناؤوط.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(براکەت پیاوێکی صالحە) یان فەرمووی (عەبدوڵا پیاوێکی صاڵحە).[1]

ئیبن عومەر دەڵێت لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەمبینی کەسێك خەوی دەدی، دەیگێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، منیش هیوام وابوو خەوێك ببینم تا بیگێڕمەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، جا من ئەوکاتیش لە مزگەوت دەخەوتم، جارێك لە خەومدا بینیم دوو فریشتە منیان برد بۆ دۆزەخ دەتوت وێنەی گۆڕ بەخڕی دیوار کراوە، خەڵکانێکیشی تێدا بوو کە دەمناسین، منیش دەموت پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، پەنا دەگرم بە خوا لە دۆزەخ، فریشتەیەکی تر گەیشت بەو دوو فریشتەیەو بە منی وت مەترسە، منیش خەوەکەم گێڕایەوە بۆ حەفصە–ی خوشکم–، حەفصەش گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(عبدوڵا پیاوێکی چاکە ئەگەر بە شەویش نوێژی بکردایە)، سالیم دەڵێت ئیتر دوای ئەوە عەبدوڵا بە شەو زۆر کەم دەخەوت.[2]

ئیبن عومەر زۆر شوێنەوارەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەبەرچاو دەگرت، دەچوو لەو شوێنانە دادەنیشت کە کاتی خۆی پێغەمبەر (ﷺ) لەوێ دانیشتبوو، دەچوو لەو شوێنە نوێژی دەکرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی تێدا کردبوو،

1 - صحيح البخاري، الرقم 6630، صحيح مسلم، الرقم 4631، صحيح ابن حبان، الرقم 7181، سنن الترمذي، الرقم 3843، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7389.

2 - صحيح البخاري، الرقم 1083، صحيح مسلم، 4632، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6135، صحيح ابن حبان، الرقم 7179، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4309.

درەختێك هەبوو كە جارێك پێغەمبەر (ﷺ) لە بنیدا دانیشتبوو، ئیبن عومەر دەچوو ئاوی دەدا بۆ ئەوەی وشك نەبێت.[1]

عەبدوڵای كوڕی عومەر دەڵێت جارێك لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، فەرمووی (لە درەختدا دارێك هەیە كە گەڵاكەی ناوەرێت، نمونەی وەك موسڵمان وایە،پێم بڵێن ئەوە چیە؟) خەڵكی وایانزانی درەختی بیابانە، منیش وتم دارخورمایە، بەڵام لە ناخی خۆمدا هێشتمەوەو شەرمم كرد بیڵێم، هاوەڵان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێمان بڵێ، فەرمووی(ئەوە دارخورمایە) عەبدوڵا دەڵێت منیش بە باوكمم وت كە زانیومەو لە شەرمدا نەموتووە، باوكیشم وتی ئەگەر بتوتایە لام خۆشتر بوو لەوەی ئەوەو ئەوەم هەبوایە.[2]

ئیبن عومەر دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەك بەر لە مردنی نوێژی عیشای بۆ كردین و دواتر كە سەلامی دایەوە هەستایە سەرپێ و فەرمووی(أرأيتكم ليلتكم هذه فإن على رأس مائة سنة منها لا يبقى على وجه الأرض ممن هو اليوم عليها أحد)،[3] واتە(ئەمشەوتان ئەبینن، لەمشەوەوە تا سەدساڵی تر لەم سەرزەویەدا یەك كەس نامێنێ كە ئەمڕۆ لەسەریەتی).

1 - أسد الغابة، ج3، ص 348.

2 - صحيح البخاري، الرقم 130، صحيح مسلم، الرقم 5133، سنن الترمذي، الرقم 2868، مسند أحمدبن حنبل، الرقم 5098.

3 - صحيح البخاري، الرقم 115 و 549 و 585، صحيح مسلم 4709، صحيح ابن حبان، الرقم 3041، سنن أبو داود، الرقم 3805، سنن الترمذي، الجامع الصحيح، الرقم 2229، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5698، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1976، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5441 و 5839، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 12883.

هەرچەندە عەبدوڵا کوڕی عومەری کوڕی خەططابی خەلیفەی موسڵمانان بوو، بەڵام هیچ ئیمتیاز و تایبەتمەندیەکی پێنەدرابوو، بەڵکو هەمان مافی پێدرابوو کە بە خەڵکی دی درابوو.

عومەری کوڕی خەططاب کە مووچەی بۆ خەڵك بڕیەوە، بۆ سەلمانی فارسی چوار هەزاری دانابوو، بەڵام بۆ کوڕەکەی خۆی(عەبدوڵای کوڕی عومەر) سێ هەزارو نیوی دانابوو، کابرایەك وتی چۆن دەکرێت بۆ کابرایەکی فارسی چوار هەزار و بۆ کوڕی ئەمیری باوەڕداران سێ هەزار و نیو بێت؟! خەڵکەکە وتیان سەلمان لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەشداری غەزایەك بووە کە ئیبن عومەر تیایدا بەشدار نەبووە.[1]

زەمەخشەری گێڕانەوەیەکی هێناوە کە لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کاتێك فتووحاتی فارس کرا، سێ کچی یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا بە کەنیزەك گیرابوون و هێنران بۆ خەلیفەی باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب، ئەویش ویستی بیانفرۆشێت، بەڵام عەلی کوڕی ئەبوو طالیب وتی کچانی پاشاکان نافرۆشرێن، بۆیە پارەی هەموویانی دا و دابەشی کردن لە نێوان حوسەینی کوڕی و موحەممەدی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەردا.[2]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 86.

2 - ربيع الأبرار للزمخشري، ج1، ص 281.

ئیبن عومەر یەکێك بوو لە بەشداربوانی فەتحی میصر و ماوەیەکیش لەوێ مایەوەو نزیکەی چل کەس لە خەڵکی میصر فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە.[1]

لەو سوپایەدا کە عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەرح سەرکردایەتی دەکرد، هەریەك لە عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەشدار بون، سوپای جەرجیری پاشای بەربەرەکانیش بە زیاد لە سەد هەزار جەنگاوەرەوە هات، سوپای موسڵمانانیش نزیکەی بیست هەزار جەنگاوەر بوو، لە جەنگەکەدا پاش کوژرانی سەرکردەی بەربەرەکان، بەربەرەکان پەرتەوازە بوون و رایاندەکرد و موسڵمانانیش کەوتنە کوشتن و دیلگیرییان.[2]

کاتێك عومەری کوڕی خەططاب پێکرا، بە عەبدوڵای کوڕی وت برۆ بزانە کێ منی کوشت؟ ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەبوولوئلوئەی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە تۆی کوشت، عومەریش وتی سوپاس بۆ خوا کە مەرگی منی بە دەستی کەسێك نەهێنا کە تاکە سوجدەیەکیشی بردبێت بۆ خوا، ئەی عەبدوڵا برۆ بۆ لای عائیشەو پرسیاری لێ بکە بزانە مۆڵەت دەدات لەلای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر ئەسپەردە بکرێم؟[3]

دواتر پێشنیاز کرا عەبدوڵای کوڕی عومەر بۆ شوێنی خۆی دابنێت، بەڵام عومەر تووڕەبوو و بەوە رازی نەبوو،[4] ئەوەبو پێش شەهیدبوونی دەستەی شوورای

---

1 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج3، ص 209.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 152.
3 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 447.
4 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 459.

دانا، وتی ئەگەر سێ کەس سێ کەس کەوتن (واتە بوون بە دوو بەشەوە) ئەوە عەبدوڵای کوڕی عومەر بکەن بە دادوەری نێوانیان، ئەگەریش بە دادوەری ئەو رازی نەبوون، ئەوە لەگەڵ ئەو دەستەیە بن کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفی تێدایە.[1]

کاتێك عومەر لەسەرەمەرگیدا بوو، سەری لە کۆشی عەبدوڵای کوڕیدا بوو، وتی ئەی عەبدوڵا سەرم بخەرە سەر خۆڵەکە بەڵکو خوای گەورە بەو بارەوە بمبینێت و رەحمم پێ بکات، دواتریش کە مرد، عەبدوڵا یەکێك بوو لەوانەی دابەزیە ناو گۆڕەکەی.[2]

کاتێك لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا ئەبووذەر ئیجتیهادێکی کرد کە خەریك بوو کێشەیەك بنێتەوە، ئیبن عومەر یەکێك بوو لەوانەی ئەو ئیجتیهادەی پێ رەوا نەبوو.

ئەبووذەر پێی وابوو ئەوان لە سوار و جلوبەرگدا زێدەڕۆیی دەکەن، بۆیە لەسەر ئەوە نارەزایی بەرامبەریان دەردەبڕی و سەرکۆنەی دەکردن، دەیویست چی لەو ماڵو سامانەی بەردەستیان هەیە دابەش بکرێت، ئەوەش شتێکی پێویست نەبوو.

ئیبن عومەر و هاوەڵانێکی تریش دەیانوت هەرچیەك زەکاتەکەی بدەیت ئیتر بریتی نیە لە کۆکردنەوەی –زێڕ و زیو–، ئەوەبوو لە شام دەمەقاڵەیەك لەنێوان ئەبووذەر و موعاویەدا روویدا، ئیتر ئەبووذەر هات بۆ مەدینە، خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، ئەویش هەمان رێی خۆی دەگرتەبەر–دنیانەویستی و ویستی

---

1 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 461.

2 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج2، ص 448.

ئەوەی هەموان بەوجۆرە بن–، عوثمان پێی وت خۆزگە کەنارت بگرتایە، مەبەستی ئەوەبوو تۆ لەسەر ڕێبازێکیت کە بۆ تێکەڵی خەڵك نابێت، چونکە تێکەڵی مەرجی خۆی هەیە و کەنارگرتنیش مەرجی خۆی هەیە، هەرکەسیش بیەوێت وەك ئەبووذەر بژی دەبێت بە تەنها بژی، یان تێکەڵی خەڵك بکات بەڵام وازبهێنێت خەڵکی لەو بارەدا بژین کە لە شەریعەتدا حەرام نەکراوە، ئەوەبوو بۆ پشتگوێخستنی دنیا، ئەبووذەر بە سەربەرزی چوو بەرەو ناوچەی رەبذە، حاڵی ئەبووذەر باشتر بوو، بەڵام ئەو حاڵە بۆ هەموو خەڵك نابێت، چونکە ئەگەر لەسەر ئەو ڕێبازە بچوونایە بەدڵنیاییەوە لەناودەچوون، سوپاس و ستایش بۆ خوا کە هەموو حاڵەکانی ڕێکخستووە.[1]

کاتێك هێرش کرایە سەر ماڵەکەی عوثمانی کوڕی عەففان و ویستیان بیکوژن، حەسەنی کوڕی عەلی لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا لە ماڵی عوثمانی کوڕی عەففاندا مایەوە و بەرگری دەکرد، بەڵام عوثمان داوای لێکردن وازبێنن و نەجەنگن،[2] کاتێکیش عوثمان شەهید کرا و ژنەکەی هاورای کرد، هەریەك لە حەسەن و حوسەین و چەند کەسێکی تر چوونە ژوورەوە، سەیریان کرد عوثمان شەهید کراوە و سەری بڕراوە.[3]

ئیبنولعەرەبی لەو بارەیەوە دەڵێت:

1 - العوصم من القواصم، تحقيق محب الدين الخطيب و محمود مهدي الأستانبولي، ط2، دار الجيل(بيروت-1987)، ص 85- 88.

2 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 452.

3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 459.

ئەوەش چەسپاوە کە حەسەن و حوسەین و ئیبن زوبەیر و ئیبن عومەر و مەروان هەموویان بەچەکەوە چوون بۆ ماڵ–بۆ بەرگری کردن لە عوثمان– بەڵام ئەو پێی وتن بڕیارم بۆتان ئەوەیە بگەڕێنەوەو چەکەکانتان دابنێن و لە ماڵی خۆتان بمێننەوە...

عەبدوڵای کوڕی عامری کوڕی رەبیعە دەڵێت: من لەگەڵ عوثمان لە ماڵەوە بووم، وتی بزانە کێ گوێڕایەڵی فەرمانی منە پێی بڵێ دەست و چەکی بگرێتەوەو بەکاری نەهێنێت، پاشان وتی ئەی ئیبن عومەر هەستە–ئەوکات ئیبن عومەر شمشێرێکی بەدەستەوە بوو–بڕۆ ئەو هەواڵە بدە بە خەڵکەکە.

ئیبن عومەر و حەسەنی کوڕی عەلیش چوونەدەرەوەو – ئاشووبگێڕانیش– چوونە ناو ماڵەکەو عوثمانیان کوشت...

حەسەنی کوڕی عەلی کۆتا کەس بوو کە لەلای مابوویەوە، چونکە حەسەن و حوسەین و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر و مەڕوان هاتبوون بۆ لای، ئەویش زۆر جەختی لێکردنەوە چەکەکانیان دابنێن و بچنەدەرەوەو بچنەوە بۆ ماڵی خۆیان...[1]

جارێك ئیبن عومەر لەگەڵ خەڵکێکی قورەیشیدا دانیشتبوو، کابرایەکی میصری هات بۆ لای، وتی ئەی ئیبن عومەر پرسیارێکت لێدەکەم وەڵامم بدەرەوە، ئایا دەزانیت عوثمان لە رۆژی ئوحوددا رایکرد؟ وتی بەڵێ، وتی دەزانیت لە بەدردا ئامادە نەبو؟ وتی بەڵێ، وتی دەزانیت لە بەیعەتی ریضواندا

---

1 - العواصم من القواصم لابن العربي.

ئامادە نەبوو؟ وتی بەڵێ،  کابرا وتی الله اکبر، ئیبن عومەر وتی وەرە با بۆت روون بکەمەوە، راکردنی ئوحودی من شایەتی دەدەم کە خوا لێی خۆش بوو، بۆ ئامادە نەبوونی بەدریش لەبەرئەوە بوو کە کچەکەی پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەری بوو و نەخۆش بوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو تۆ پاداشت و پشکی یەکێك لە ئامادەبوانی بەدرت هەیە، بۆ ئامادەنەبوونیشی لە بەیعەتی ریضوان، ئەوە ئەگەر لەناو مەککەدا بڵندپایەتر لە عوثمان هەبوایە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی لەبری عوثمان دەنارد، پێغەمبەر (ﷺ) عوثمانی نارد و بەیعەتەکە دوای ئەوە بوو کە عوثمان چوو بۆ مەککە، لە کاتی بەیعەتەکەدا پێغەمبەر (ﷺ) دەستی راستی نیشان دا و فەرمووی ئەوە دەستی عوثمانە، دەستی راستی دا بەسەر دەستەکەی تریدا و فەرمووی(ئەوە بۆ عوثمان)، ئینجا ئیبن عومەر بە کابرای وت دەی ئێستا برۆ.[1]

ئیبن عومەر لە سەردەمی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هیچ جەنگێکی نەکرد و و کەناری گرت، بەڵام دواتر لە دواییەکانی تەمەنیدا پەشیمانی دەردەبڕی کە چۆن پشتیوانی عەلی کوڕی ئەبووطالیبی نەکرد لەو جەنگانەدا.[2]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب ویستی جەنگی شام بکات، چوو بۆ لای ئیبن عومەر و هانی دا تا لەگەڵیدا بەشداری بکات، ئیبن عومەر وتی منیش وەك

1 - صحيح البخاري، الرقم 3516، سنن الترمذي، الرقم 3726، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 592.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 349.

ئەو خەڵکەی ترم، بەڵام بۆ جەنگ ئەمساڵ ئامادە نیم بەشداری بکەم، دواتر ئیبن عومەر خۆی ئامادە کرد و چوو بەرەو مەککە.[1]

جا پێش ئەوەی بچێت بۆ مەککە، عەلی کوڕی ئەبووطالیب بوو بە کەفیلی ئیبن عومەر کە دژی ناوەستێت، دواتر ئیبن عومەر چوو بۆ لای ئوممولکلثومی کچی عەلی کە ژنی عومەری کوڕی خەططاب بوو و پێی وت کە دەچێت بۆ عومرە، هەروەها وتی من تەواو گوێڕایەڵی عەلیم جگە لە فەرمان کردنی بە جەنگ و راپەڕین، دواتر وا هەواڵ برا بۆ عەلی وتیان ئەمشەو بارێکی سەختتر لەوەی عائیشەو طەلحەو زوبەیرو موعاویە روویداوە، وتی چی بووە؟ وتیان ئیبن عومەر چووە بۆ شام، وەزعەکە شڵەقا، کە ئوممولکلثوم ئەوەی بیست، هات بۆ لای عەلی و بەسەرهاتەکەی بۆ باسکرد، عەلیش دەروونی ئارام بوویەوەو وتی بڕۆن بەخوا نە من بەدرۆ کەوتمەوەو نە ئەو درۆی رد، بەخوا من متمانەم زۆرە پێی.[2]

کاتێك موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ویستی بەیعەت بۆ یەزیدی کوڕی وەربگرێت تا دوای خۆی شوێنی بگرێتەوە، عەبدوڵای کوڕی عومەر بەیعەتی نەدا، هەریەك لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکر و عەبدوڵای کوڕی عومەر و حوسەینی کوڕی عەلی و عەبدوڵای کوڕی عەبباسیش بەیعەتیان نەدا، ئەوەبوو موعاویە خۆی هات بۆ حیجاز بۆ عومرەو، کاتێك لە مەککەوە گەڕایەوەو دای بە مەدینەدا، هەریەك

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج7، ص 231.

2 - الكامل في التأريخ لابن أثير، ج3، ص 100.

لەوانەی دواند، ئیبن عومەر لە هەموویان زمانی نەرمتر بوو، هەرچۆن بێت بە موژدەو ترساندنیش ڕەزامەندی ئەوانی وەرگرت بۆ بەیعەتدان بە یەزیدی کوڕی.[1]

موعاویە پلەوپایەی ئیبن عومەری لەبەرچاو بوو، بۆیە دەبینین لە وتارێکیدا دەیوت ئەی خەڵکینە من باشترینتان نیم، بەڵکو لە من باشتر لەنێوتاندا هەیە، عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەمر و چەندێکی تر جگە لەو دوانەش.[2]

ئیبن عومەر هاودەم بە هاوەڵانێکی تری وەك ئیبن عەبباس و ئیبن زوبەیر و ئەبوو ئەییووبی ئەنصاری بەشداری هێرشی سەر قوستەنتینیەی کرد.[3]

کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان وەفاتی کرد، یەزیدی کوڕی نامەی نووسی بۆ وەلیدی کوڕی عوتبە کە والی مەدینە بوو و هەواڵی مەرگی موعاویەی پێدا و داوای لێکرد هەرچۆنێك بێت بەیعەتی بۆ وەربگرێت لە هەریەك لە حوسەین و ئیبن عومەر و ئیبن زوبەیر.[4]

کاتێك موعاویە مرد، ئیبن عومەر لە مەککە بوو، لە ڕێدا حوسەینی کوڕی عەلی و ئیبن زوبەیری بینی، وتی دەنگوباس چیە؟ وتیان موعاویە مرد و بەیعەت بە یەزید دەدرێت، ئیبن عومەر وتی لەخوا بترسن و یەکڕیزی موسڵمانان پەرت مەکەن.[5]

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 79.

2 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 134.

3 - الكامل في التأريخ لابن الأثير، ج3، ص 314.

4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 146.

5 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 148.

کاتێك یەزید هاتە سەر دەسەڵات سەرەتا ئیبن عومەر بەیعەتی پێ نەدا، وەلید ناردی بە دوایدا و داوای لێکرد بەیعەت بدات بە یەزید، ئیبن عومەر وتی ئەگەر هەموو خەڵکی بەیعەتیان دا ئەوکات منیش بەیعەت دەدەم، کابرایەك پێی وت دەتەوێت خەڵکی بکەونە ناکۆکی و یەکدی بکوژن و لەناوبچن و کەس نەمێنێت تۆ نەبیت ئەوکات بەیعەت بدەیت؟! ئیبن عومەر وتی حەزم بەو قسانەت نیە، بەڵام ئەگەر خەڵکی هەموویان بەیعەتیان دا و تەنها من مامەوە ئەوە بەیعەت دەدەم.[1]

کاتێك یەزید هاتە سەر دەسەڵات ئیبن عومەر بەیعەتی پێدا، دواتر منداڵەکانی کۆکردەوەو وتی ئێوە دەزانن ئێمە لەسەر بەیعەتی خوا و پێغەمبەرەکەی بەیعەتمان دا بەم پیاوە، جا من بیستوومە لە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (ناپاك لە رۆژی دواییدا ئاڵایەکی بۆ هەڵدەکرێت و دەوترێت ئەوە ناپاکی فلانە)، جا زۆر ناپاکیە کەسێك لەسەر بەیعەتی خواو پێغەمبەرەکەی بەیعەت بدات بە کەسێك و دواتر بیشکێنێت.[2]

لە کاتی شۆرشەکەی حوسەینی کوڕی عەلیدا ئیبن عومەر هەڵوێستێکی روونی هەبوو، ئەوەبوو ئیبن عومەر هاتە مەدینەو هەواڵی حوسەینی پرسی، پێی وترا بەرەو عێراق کەوتووەتەڕێ، ئەوەبوو ئیبن عومەر خێرا چوو بە دوایدا و پاش دوو رۆژە رێ ئینجا گەیشت بە حوسەین، پێی وت بۆ کوێ دەچیت؟ وتی بۆ عێراق، ئیبن عومەر وتی مەڕۆ بۆ لایان، حوسەین وتی ئەوە نامەکانیانن و بەیعەتیان بۆ ناردوم، ئیبن عومەر وتی خوای گەورە پێغەمبەری خۆی سەرپشك کرد لەنێوان دنیا و ئاخیرەتدا،

---

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 148.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15464، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 4919، البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 232.

ئەویش ئاخیرەتی هەڵبژارد، ئێوەش بەشێکن لە پێغەمبەر (ﷺ)، هەرگیز هیچکامتان دنیاتان بۆ نابێت، خوای گەورەش کە دنیای لێ دورو گرتون چاکتری بۆ داناون، ئینجا خەڵکی عێراق خەڵکێکی خراپن و باوکتیان کوشت و دایان لە براکەشت و ئەوەو ئەوەیان کرد، بەڵام حوسەین قەناعەتی نەکرد و رازی نەبوو، دواجار ئیبن عومەر کە زانی حوسەین هەر دەڕوات دەستی کردە ملی وتی ماڵئاوایی کوژرانت لێدەکەم—وەك کوژراوێك ماڵئاواییت لێدەکەم—.[1]

ئینجا عەبدوڵای کوڕی عومەر و عەبدوڵای کوڕی عەبیاش کە لە عومرەوە دەهاتنەوە چوون بۆ لای حوسەین و عەبدوڵای کوڕی زوبەیر، ئیبن عومەر وتی بۆ خاتری خوا بگەڕێنەوە بۆ ئەو بارەی خەڵکی تێدان و بۆ خەڵك باشترە و پەلە مەکەن، ئەگەر خەڵکی هەموو رازی بوون پێی ئەم دوانەش خۆتان جیا مەکەنەوە، ئەگەریش خەڵکی هەموان لەسەری رازی نەبوون ئەوکات ئەوەی دەتانەوێت بیکەن.[2]

ئیبن عومەر زۆر دڵگران بوو بە کوژرانی حوسەین و ئەوەی بە پەڵەی رەشی نێو چاوانی عێراقیەکان دەزانی، بۆیە کاتێك عێراقیەك پرسیاری کرد ئەگەر کەسێك ئیحرامی بەستبوو و مێشێکی کوشت حوکمەکەی چیە؟ ئیبن عومەر وتی خەڵکی عێراق سەبارەت بە کوشتنی مێش پرسیار دەکەن، لەکاتێکدا کچەزای پێغەمبەری خوایان (ﷺ) کوشت کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو ئەو دوانە رەیحانەکانی دنیای منن.[3]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 292-293.

2 - سير أعلام النبلاء، ج3، ص 296.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3564، صحيح ابن حبان، الرقم 7079 و اللفظ له، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 5393، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 2815.

یەزید پلەوپایەی ئیبن عومەری لەبەرچاو بوو و رێزی بڕیارو پێشنیازەکانی دەگرت، ئەوەبوو کاتێك موختاری ثەقەفی بەند کرا، ئیبن عومەر نامەیەکی نارد بۆ یەزید و داوای لێکرد ئازادی بکات، یەزیدیش نامەی نارد بۆ ئیبن زیاد و فەرمانی کرد هەرکە ئەم نامەت پێگەیشت موختار ئازاد بکە، ئەویش ئازادی کرد.[1]

لە سەردەمی ئیبن زوبەیردا کاتێك عەبدوڵا لە مەککەوە خیلافەتی راگەیاند و موسڵمانان کەوتنە بەیعەتدان پێی، چەند کەسێك لەو نێوەندەدا بەیعەتیان پێ نەدا، ئەوانەی بەیعەتیان پێ نەدا بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی عومەرو عەبدوڵای کوڕی عەبباس و ئیبنولحەنەفیە.[2]

ئیبن عومەر زۆر تکای لە ئیبن زوبەیر دەکرد تا واز بهێنێت لەو کارەی و نەبێتە هۆکاری نانەوەی جەنگ لە حەرەمدا.[3]

هاوکات پلەوپایەی ئیبن زوبەیری دەزانی و کاتێك بینی حەججاج خەریکە درۆی بۆ هەڵدەبەستێت بەرگریەکی مەردانەی کرد لە ئیبن زوبەیر.[4]

ئیبن عومەر بە نامەیەك بەیعەتی خۆی بۆ عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان نیشاندا، ئەویش لەو روانگەوە کە لە نامەکەیدا نووسیبووی(لە عەبدوڵای کوڕی

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 249.
2 - البداية والنهاية لابن كثير، ج8، ص 239.
3 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 340.
4 - البداية و النهاية لابن كثير، ج8، ص 332.

عومەرەوە بۆ عەبدولمەلیکی ئەمیری باوەڕداران...تۆ بەرپرسیت و هەر بەرپرسێکیش بەرپرسیارە لە ژێردەستەکانی).[1]

کاتێك عەبدوڵای کوڕی زوبەیر کوژرا، تەرمەکەی لەخاچ درا تا خەڵك ببیبنێت، کە عەبدوڵای کوڕی عومەر دای بە لای تەرمەکەیدا، وەستا و وتی سەلامت لێ بێت ئەبووخوبەیب، سێ جار ئەوەی وتەوە، ئینجا وتی بەخوا من زۆر رێگریم لێکردیت لەمە، سێ جار ئەوەشی وتەوە، بەخوا هێندەی من تۆم ناسیبێت کەسێك بوویت نوێژ و رۆژووت زۆرزۆر بوو و پەیوەندی خزمایەتیشت زۆر بەهێز راگرتبوو، بەخوا ئوممەتێك تۆ خراپترینی بێت چاکترین ئوممەتە، پاشان عەبدوڵای کوڕی عومەر چوو، ئینجا حەججاج ئەو هەڵوێستەی ئیبن عومەری بیست، ناردی تەرمەکەی عەبدوڵا داگیرایە خوارەوەو فڕێ درایە ناو گۆڕستانی جوولەکەکان.[2]

جارێك ئیبن عومەر لە دەوروبەری مەدینە لەگەڵ هاوەڵانێکیدا بوو نانیان دەخوارد، کابرایەکی شوانیش دای بەلایاندا و سەلامی کرد، ئیبن عومەر وتی وەرە نانێکمان لەگەڵ بخۆ، شوانەکە وتی من بەڕۆژووم، ئیبن عومەر وتی لە رۆژێکی ئاوا گەرمدا بەرۆژوو دەبیت و شوانەییش دەکەیت؟ کابرا وتی من دەرفەت لەم رۆژانەم وەردەگرم، ئیبن عومەر ویستی دنیانەویستی کابرا تاقی بکاتەوە، وتی یەکێك لەو مەڕانەمان پێدەفرۆشیت و دواتریش شتێك لە گۆشتەکەی بەشت دەدەین تا ئێوارە رۆژووی پێ بکەیتەوە؟ شوانەکە وتی ئەوانە مەڕی من نین، ئیبن عومەر وتی جا گەورەکەت بە نەمانی مەڕێك هیچ ناکات، شوانەکەش پشتی هەڵکرد و پەنجەی رووەو

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج9، ص 63.

2 - صحيح مسلم، الرقم 4722، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 13649.

ئاسمان بوو و دەیوت ئەی خوا لە کوێیە؟ ئیبن عومەریش بەو شوانە سەرسام بوو و بەردەوام قسەکەی شەوانەکەی دووبارە دەکردەوە ئەی خوا لە کوێیە؟ کە هاتەوە مەدینە، کەسێکی نارد بۆ لای مەولای ئەو شوانەیەو شوانەکەو مەڕەکانیشی لێ کڕی و شوانەکەی ئازاد کرد و مەڕەکانیشی پێبەخشی.[1]

ئیبن عومەر لە ساڵی حەفتا و سێی کۆچی و پاش سێ مانگ لە کوژرانی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر وەفاتی کرد، رایەکیش هاتووە کە لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە، لە کاتی وەفاتیدا تەمەنی نزیکەی هەشتاو سێ یان هەشتاو چوار ساڵان بوو، هۆکاری مردنەکەشی وا هاتووە کە حەججاج رقی لێهەگرتووەو فەرمانی کردووە کەسێك سەرەرمێکی ژەهراوی لەبەر پێی ئیبن عومەردا داناوە، بەو هۆیەوە ئیبن عومەر ماوەیەك نەخۆش کەوتووەو دواتر وەفاتی کردووە، دواتر حەججاج نوێژی لەسەر تەرمەکەی کرد و ئەسپەردە کرا.[2]

ئیبن عومەر فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوەو کتێبەکانی فەرموودە پڕن لە گێڕانەوەکانی ئیبن عومەر.

ئیبن عومەر یەکێك بوو لەوانەی کە ئەوەی لای خۆشەویست بوایە لەبەر خوا دەیبەخشی، بەخشندەییشی ناسراو بوو، جا کۆیلەکانی بەردەستی ئەوەیان دەزانی، بۆیە زۆرجار کارێکیان دەکرد کە ئازادیان بکات، خەڵکی دەیانوت ئەوانە تۆ

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 348.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 351.

هەڵدەخەڵەتێنن، ئیبن عومەریش دەیوت هەرکەس بۆ خوا هەڵمانبخەڵەتێنێت بۆی هەڵدەخەڵەتێین، ئینجا جار هەبوو کۆیلەکە دوای ئازادبوونیشی داوای یارمەتیشی لێدەکرد، جارێك کە کۆیلەیەکی ئازاد کرد، کۆیلەکە وتی وا ئازادت کردم، دەی بڕێك پارەشم بدەرێ تا پێی بژیم، ئیبن عومەر چل هەزاری پێدا.[1]

عەبدوڵای کوڕی عومەیر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عومەیری کوڕی عەددیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەبدوڵای کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسەو لە پشتیوانانە، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (هەرکەس لە سەر زەویدا بمرێت و هێندەی دەنکە خەردەلێك خۆبەزلزانی لە دڵیدا هەبێت خوای گەورە دەیخاتە دۆزەخەوە)، عەبدوڵای کوڕی قەیس کە ئەوەی بیست دەستی کرد بە گریان، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی عەبدوڵای کوڕی قەیس بۆچی دەگریت؟ وتی لەبەر ئەو فەرمایشتەی جەنابت، پێغەمبەر (ﷺ)

1 - البداية و النهاية لابن كثير، ج9، ص 4-5.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 200.

فەرمووی موژدەت لێ بێت تۆ لە بەهەشتدایت، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) سوپایەکی نارد بۆ غەزا و عەبدوڵای کوڕی قەیسی تێدا بوو، تیایدا عەبدوڵا شەهید بوو.[1]

عەبدوڵای کوڕی قەیس(ئەبوو مووسای ئەشعەری) (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی سولەیمەو کونیەکەی ئەبووموسای ئەشعەریەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، دایکی ناوی ظەبیەی کچی وەهبە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو.[2]

ئەبووموسای ئەشعەری هاودەم بە براکانی و ژمارەیەك لە ئەشعەریەکان هاتە مەککەو لەوێ لەگەڵ ئەبوئوحەیحە هاوپەیمانی بەست، دواتر لەوێ موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو نەچوو بۆ حەبەشەو گەڕایەوە بۆ ناوچەی خۆی و دواتر هاودەم بە براکانی کە هات بەرەو مەدینە، لە رێدا گەیشت بەو کۆچەریانەی لە حەبەشەوە دەگەڕانەوەو دەهاتن بۆ مەدینە، رایەکیش دەڵێت بەڵکو لە ناوچەی خۆیانەوە هاودەم بە پەنجا کەس لە ئەشعەریەکان بەرەو مەدینە دەچوون، بە کەشتیەك چوون، بەڵام رەشەبا کەشتیەکەی بەرەو حەبەشە بردن، ئەوانیش هاودەم بە جەعفەر و یارانی گەڕانەوە بۆ مەدینە.[3]

---

1 - المطالب العالية لابن حجر، الرقم 4124، مسند عبد بن حمدي، الرقم 674، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 3978.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 376.

3 - أسد الغابة، ج3،ص 376.

ئەنەسی کوڕی مالیك دەڵێت کاتێك بڕیار بوو ئەشعەریەکان بێن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(سبەینێ خەڵکانێ دێن بۆ لاتان کە دڵیان بۆ ئیسلام لە ئێوە زۆر ناسکترە)، ئەوەبو ئەشعەریەکان هاتن و ئەبوو مووسای ئەشعەریش لەناویاندا بوو، کە نزیك بوونەوە لە مەدینە ئەم شیعرەیان دەوتەوە:

غدا نلقى الأحبة

محمد و حزبه

سبەی دەگەینە دۆستان

موحەممەد و هاوەڵان

کە گەیشتنە مەدینە تەوقەیان دەست پێکرد، ئەوان یەکەم کەس بوون تەوقەیان داهێنا.[1]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای حونەین بوویەوە، ئەبووعامیری بە سوپایەکەوە نارد بۆ ئەوطاس، منیشی لەگەڵ ئەبوو عامیردا نارد، ئەبووعامیر کە گەیشت بە دورەید خوای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بە ئەبووعامیر و دورەید کوژرا و هاوەڵانی شکان، بەڵام تیرێك بەر ئەبووعامیر کەوت، منیش خۆم گەیاندە لای و وتم مامەگیان کێ تیری لێدایت؟ ئەویش ئاماژەی کرد بۆ کەسێك و وتی ئەو منی کوشت، منیش کەوتمە شوێنی و خۆم گەیاند پێی و دەموت شەرم ناکەیت رادەکەیت؟ ئەویش وەستا و جەنگاین و من ئەوم کوشت، دواتر بە

---

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 12330، صححه شعيب الأرناؤوط.

ئەبوو عامیرم وت خوای گەورە ئەو کەسەی کوشت، ئەبوو عامیر وتی دەی ئەو تیرە لاببە، منیش تیرەکەم لابرد، وتی برازا گیان سەلامم بگەیەنە بە پێغەمبەر (ﷺ) و پێی بڵێ داوای لێخۆشبوونم بۆ بکات، ئینجا منی کرد بە بەرپرسی خەڵکەکە، دوای ماوەیەکی کەم ئەبوو عامیر وەفاتی کرد، منیش گەڕامەوەو چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و لەسەر راخەرێکی لە دارگەڵا دروستکراو راکشابوو و شوێنەواری چنراوی راخەرەکە بەسەر پشت و لاکانیەوە بوو، بەسەرهاتەکەم بۆ باسکرد، پێغەمبەر (ﷺ) داوای ئاوی کرد و دەستنوێژی گرت و دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی(خوایە لە عوبەید ئەبی عامیر خۆش بە) منیش سپیایی بنباڵیم دەبینی، ئینجا نزای تری کرد و فەرمووی(خوایە لە رۆژی دواییدا لە سەرووی زۆرێك لەو خەڵکە دروستکراوەی خۆتەوە دایبنێ)، منیش وتم نزای لێخۆشبون بۆ منیش بکە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی(خوایە لە تاوانی عەبدوڵای کوڕی قەیس خۆش بە و رۆژی دوایی جێ و مەقامێکی رێزداری پێ ببەخشە).[1]

ئەبوو مووسا دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو بۆ قورئان خوێندن، جارێك پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لێ بوو ئەبوو مووسا قورئانی دەخوێند، فەرمووی(بەڕاستی ئەمە ئاوازێکی ئالی داوودی پێدراوە).[2]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4078، صحيح مسلم، الرقم 4658، صحيح ابن حبان، الرقم 7305، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8508، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7148.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 8617 و اللفظ له، سنن ابن ماجة، الرقم 1337، صحيح ابن حبان، الرقم 7303،السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1073، سنن الدارمي، الرقم 3426، مسند الشاميين للطبراني، الرقم 1715، صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي و في صحيح و ضعيف الجامع الصغيرو زيادته، الرقم 2104، و قال في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 1341، حسن صحيح.

ئەبوو مووسا دەڵێت من لای پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە لە جەعرانە لە نێوان مەککەو مەدینە لایدابوو، بیلالیش لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو، ئەعرابیەك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی ئەو بەڵێنەی پێت دام بۆم نایەنێتەدیٚ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(موژدەت لیٚ بێت)، کابرا وتی موژدەی زۆرت پێداوم، پێغەمبەر (ﷺ) وەك تووڕەییەکی هەبێت تەماشای ئەبوومووسا وبیلالی کرد و فەرمووی( کابرا موژدەکەی بەرپەرچ دایەوە، ئێوە وەرن)، ئێمەش چووین، داوای قاپیٚ ئاوی کرد و دەست و دەموچاوی تێدا شۆرد و ئاوی رادایە دەمی و کردیەوە ناوی و دواتر فەرمووی(لێی بخۆنەوە و بیکەن بەسەر دەموچاوو و گەردنتاندا و موژدەتان لیٚ بێت)، ئێمەش وامانکرد، پاشان فەرمووی زیادەکەی لیٚ بهێڵنەوە بۆ دایکتان، ئوممو سەلەمەی لە پشت پەردەوە بانگ کرد، ئێمەش زیادەکەیمان بۆ هێشتەوە.[1]

لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چوار کەس لە مزگەوتی پێغەمبەردا (ﷺ) فەتوایان دەدا کە بریتی بوون لە عومەری کوڕی خەططاب و عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و موعاذی کوڕی جەبەل وئەبوو مووسای ئەشعەری.[2]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو بۆ قورئان خوێندن، عومەری کوڕی خەططاب زۆر جار دەیوت ئەی ئەبو مووسا وەرەو یادی پەروەردگارمان بخەرەوە، ئەویش بە دەنگی خۆش لە کۆڕەکەدا قورئانی دەخوێند.[3]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4082، صحيح مسلم، الرقم 4657، صحيح ابن حبان، الرقم 59، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 7149.

2 - سير أعلام النبلاء، ج2، ص 389.

3 - صحيح ان حبان، الرم 7303.

ئەبوو مووسا دەڵێت  جارێك لەگەڵ دوو کەس لە ئەشعەریەکان چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دوانە داوای پۆستیان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(ئەی ئەبوو مووسا)، وتم سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە نەیانوتووە چ نیازێکیان هەیە و ئاگادار نەبوم بۆ داوای پۆست هاتون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی(ئێمە کەسێك ناکەین بە بەرپرسی کارێکمان کە خۆی بیەوێت، بەڵام تۆ ئەی ئەبوو مووسا برۆ بۆ یەمەن) دوای ئەوە پێغەمبەر (ﷺ) موعاذی کوڕی جەبەلیشی نارد بۆ یەمەن.[1]

لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا جارێك ئەبوو مووسا چوو بۆ لای عومەر، داوای مۆڵەتی کرد و عومەریش سەرقاڵ بوو و وەڵامی نەدایەوە، ئەبوو مووسایش چوو، دواتر کە عومەر دەستی بەتاڵ بوو وتی ئەرێ دەنگی ئەبوو مووسام بیست، مۆڵەتی بدەن بێتە ژوورەوە، وتیان گەڕایەوە، ئەوەبوو عومەر بانگی کرد، ئەبوو مووسا وتی ئێمە وا فەرمانمان پێدەکرا، عومەر وتی دەبێت لەسەر ئەو قسەیەت بەڵگەم بۆ بهێنیت، ئەبوو مووسایش چوو بۆ کۆڕی پشتیوانان و پرسیاری کرد کەس هەیە شایەتی ئەو فەرموودەی بێت؟ وتیان کەس نیە تەنها ئەبووسەعیدی خودری نەبێت، ئەبوو مووسا ئەبووسەعیدی لەگەڵ خۆی برد بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب.[2]

ئەبوو مووسا لە سەردەمی خیلافەتی عومەڕی کوڕی خەططابدا والی بەصرە بوو، ئەمەش لە ساڵی حەڤدەی کۆچی و دوای لابردنی موغیرە، ئینجا عومەری کوڕی

1 - صحيح البخاري، الرقم 6540، صحيح مسلم، الرقم 3491، سنن أبي داود، الرقم 3811.
2 - صحيح  البخاري، الرقم 1973.

خەططاب نامەی بۆ نووسی برۆ بەرەو ئەهواز، ئەویش چوو بەرەو ئەهواز و فەتحی کرد، هەروەها لە ساڵی بیست و سێی کۆچیدا ئەصبەهانی فەتح کرد.[1]

لە ساڵی هەژدەی کۆچیدا ئەبوو مووسای ئەشعەری ناوچەی روها و سومەیساطی فەتح کرد.[2]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە، عوثمان ئەبوو مووسای لە پۆستەکەی هێشتەوە، دواتر لایبرد و ئیبن عامیری لە شوێنیدا دانا، ئەبوو مووسایش لە بەصرەوە چوو بۆ کووفەو لەوێ مایەوە تا ئەوەی خەڵکی کووفە سەعیدی کوڕی عاصیان دەرکرد و داوایان کرد لە خەلیفە عوثمان تا ئەبوو مووسای ئەشعەری بکات بە والییان، ئەویش ئەبوو مووسای کرد بە والییان، ئەبوو مووسا بەردەوام والی کووفە بوو تا ئەو کاتەی عوثمانی کوڕی عەففان کوژرا، کە عەلی کوڕی ئەبوو تالیب بوو بە خەلیفە ئەبوو مووسای لە والیەتی کووفە لابرد.[3]

کاتێك عەلی کوڕی ئەبووطالیب و موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان رێککەوتن لەسەر دانانی دوو دادوەر بۆ چارەسەری کێشەی نێوانیان و پێدانی دەسەڵاتی تەواو پێیان تا بڕیاری کۆتایی بدەن، موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان عەمری کوڕی عاصی راسپارد، عەلی کوڕی ئەبووطالیبیش ئەبوو مووسای ئەشعەری راسپارد، هەرچەندە داوای لێکرا کە ئیبن عەبباس بکات بە دادوەر، بەڵام لەلایەکەوە لەبەر فشاری یەمانیەکان و لە لایەکی تریشەوە لەبەر زانینی پلەوپایەی ئەبوو مووسا خەلیفە عەلی

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 377.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 391.

3 - أسد الغابة، 3، ص 377.

کوڕی ئەبووطالیب ئەبوو مووسای بۆ ئەو ئەرکە راسپارد، خەلیفە بە ئەبوو مووسا و عەمری کوڕی عاصیشی وت لەسەر بنەمای قورئان حوکم بدەن، قورئانیش پشتیوانی منە، ئەگەر بەپێی قورئان حوکم نەدەن بڕیارتان بۆ نیە.[1]

لێرەدا گێڕانەوەیەکی باو و بڵاو سەبارەت بە دادوەریەکە هەیە کە زۆرێك لە سەرچاوەکان هێناویانەو کردوویانە بە بەڵگەیەك بۆ تانەدان لە هەریەك لە ئەبوو مووسای ئەشعەری و عەمری کوڕی عاص، دەستەیەکیش وەڵامی ئەو گێڕانەوەیان داوەتەوە، بە کورتی هەردوو راکە دەخەینەڕوو:

ئەبوو موخنەف دەڵێت ئەبووجونابی کەلبی بۆی گێڕامەوە کاتێك عەمر و ئەبوو مووسا لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە، عەمر پێش ئەبوو مووسا قسەی کرد و وتی تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خوایت و لە من بەتەمەنتریت، تۆ قسە بکەو منیش دواتر قسە دەکەم، لە هەموو شتێکدا عەمر ئەبوو مووسای پێشدەخست و بەوە خەڵەتاندی تا پێشتر ئەو عەلی کەنار بخات، عەمر دواتر ویستی موعاویە بهێڵێتەوە، بەڵام ئەبوو مووسا رازی نەبوو، ئینجا ویستی کوڕەکەی خۆی دابنێت، بەڵام رازی نەبوو، ئەبوو مووسایش ویستی عەبدوڵای کوڕی عومەر دابنێن، بەڵام عەمر رازی نەبوو، عەمر وتی رای خۆتم پێ بڵێ، ئەبوو مووسا وتی رام وایە ئەم دوو پیاوە(عەلی و موعاویە) لا ببەین و مەسەلەکە بکەین بە شوورای نێوان موسڵمانان و موسڵمانان خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك هەڵبژێرن، عەمر وتی منیش هاوڕای تۆم، ئەوەبوو چوون بۆ لای خەڵکەکەو ئەبوو مووسا پێشتر قسەی کرد و وتی رای من و عەمر لەسەر یەك شتە کە هیوامان وایە خوای گەورە بەو هۆیەوە باری ئەم ئوممەتە رێك بخات، عەمر

1 - أسد الغابة، ج3، ص 377.

وتی ئەبوو مووسا ڕاست دەڵێت، ئەبوومووسای پێشخست، ئیبن عەبباس بە ئەبوومووسای وتماڵۆیران وادەزانم لەخشتەت دەبات، ئەگەر ئێوە لەسەر شتێك ڕێککەوتون دەی تۆ ئەو پێش بخە با ئەو قسەکەی بکات ئینجا تۆ قسە بکە، چونکە عەمر کەسێکی ناپاکە...ئەبوومووسا سادە بوو و پێی وت ئێمە ڕێککەوتویننبۆیە پێشکەوت و سوپاس و ستایشی خوای کرد و دواتر وتی ئەی خەڵکینە ئێمە تەماشای باری ئەم ئوممەتەمان کرد و باشترین شت بۆ ئەوە کە رای من و عەمری لەسەرە ئەوەیە عەلی و موعاویە لابەرین و ئەم ئوممەتە رووبکەنە مەسەلەکەو خۆیان بە حەزی خۆیان کەسێك بکەنە ئەمیر، وا من عەلی و موعاویەشم لابرد و ئێوە خۆتان کەسێك بکەن بە ئەمیر کە بە باشی دەزانن، دواتر ئەبوو مووسا کەناری گرت و عەمری کوڕی عاص هەستا و هاتە شوێنەکەی و سوپاس و ستایشی خوای کرد و وتی قسەکانی ئەوتان بیست کە هاوەڵەکەی خۆی لابرد، منیش وەك ئەو هاوەڵەکەی خۆی لادەبەم و موعاویەی هاوەڵم دەهێڵمەوە، چونکە ئەو وەلی عوثمانی کوڕی عەففانەو داواکاری خوێنی ئەوە و شیاوترین کەسە بە شوێنەکەی، ئەبوو مووسا وتی چیتە خوا مۆفەقت نەکات ناپاکیت نواند و لاتدا، نموونەی تۆ وەك سەگ وایە، عەمریش وتی نموونەی تۆیش وەك کەر وایە، جا شورەیحی کوڕی هانیء هەڵیکوتایە سەر عەمر و بە قامچی لێیدا، کوڕێکی عەمریش هەڵیکوتایە سەر شورەیح و بە قامچی لێیدا، خەڵکی هەستان و جیایان کردنەوە، جا شورەیح دواتر دەیوت پەشیمانم لەوەی لە بری قامچیەکەم بە شمشێر نەمدا لە عەمر...ئیبن عەبباسیش دەیوت خوا ئەبوو مووسا بێزراو بکات خۆ من هۆشیارم کردەوە کەچی وەرینەگرت... جا عەمر و شامیەکان گەڕانەوە بۆ لای موعاویەو خیلافەتیان پێ سپارد و ئیبن عەبباس و شورەیحیش گەڕانەوە بۆ لای عەلی، جا کە نوێژی بەیانی

دەکرد لە قنووتدا نزای دەکرد خوایە نەفرینت بنێرە بۆ موعاویەو عەمر و ئەبولئەعوەری سولەمی و حەبیب و عەبدورەحمانی کوڕی خالید و ضەحاکی کوڕی قەیس و وەلید، موعاویەش کە ئەوەی بیست لە هەموو قنووتێکدا دەستی دەکرد بە نەفرین کردنی عەلی و ئیبن عەبباس و ئەشتەر و حەسەن و حوسەین.[1]

ئەم گێڕانەوەیە هی ئەبوو موخنەفە کە یەکێکە لەو شیعانەی زۆرترین گێڕانەوەی دژ بە هاوەڵان و ئەهلی سوننە تۆمار کردووە، ناوەڕۆکی گێڕانەوەکەشی زۆر جێی گومانە و ئەم تۆمەتانەی لێدەکەوێتەوە:

یەکەم: بە گەمژەو نەفام دانانی ئەبوو مووسای ئەشعەری لە کاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی نارد بۆ یەمەن و بەرپرسیارێتی پێ سپارد، هەر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) یەکێك بوو لەو چوار کەسەی کە فتوای دەدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططاب و عوثمانی کوڕی عەففانیشدا والی و بەرپرس بوو.

دووەم: بە ناپاك دانانی عەمری کوڕی عاص کە هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ) و پێدانی سیفەتی ناپاکی پێی.

سێیەم: زمانی ئەبوو مووسا هی قسەوتنی وا ناشیرین نەبوو، زمانی عەمریش هەروا، هاوکات زمانی عەلی کوڕی ئەبووطالیب زمانی ئەو هەموو نەفرینە نیە لەو هەموو کەسە، ئەویش لەکاتی نوێژی بەیانیدا، هەروەك زمانی موعاویەش ئەو زمانە نەبوو.

چوارەم: ئەگەریش وابێت، خۆ مەرجی رازیبوون ئەوەیە هەردوولا لەسەر یەك وتە رێککەوتبن، خۆ ئەبوو مووسا وتی وا رێککەوتوین هەردووکیان لابەرین و وا من

---

1 - تأريخ الطبري، ج3، ص 113.

عەلی و موعاویەشم لابرد، بۆیە ئەگەریش عەمر وایکردبێت، ئەوە کارەکەی سەرکەوتوو نەبووە.

بۆیە ئەم گێڕانەوەیە زیاتر دەمارگیری توندی مەزهەبی شیعەی پێوە دیارەو زۆر دووبارەبوونەوەشی لە سەرچاوەکاندا تەنها لەم بنەڕەتەوەیە کە گێڕەرەوەکەی ئەبوو موخنەف شیعەیە، خواش زاناترە بە راستیەکان.

سەبارەت بە گێڕانەوەی دووەم دەقی نووسینەکەی ئیبنولعەرەبی لە کتێبی (الصواصم من القواصم) دادەنێین سەبارەت بە مەسەلەی تەحکیم (دادوەری):

خەڵکی سەبارەت بە تەحکیم حوکمیان داوەو شتانێکیان وتووە کە خوا پێی رازی نیە، ئەگەر جیا لە ئاییندایش بە چاوی پیاوەتی تەماشای بکەیت، تێدەگەیت لە نووسینەکاندا بێماناییەك هەیە کە زیاتر بێدینیەو کەمترین شت بیڵێین دەڵێین نەفامیەکی روونە، ئەوەی لەو بارەوە راستە ئەوەیە کە پێشەوایانی وەك خەلیفە ئیبن خەییاط و دارەقوطنی گێڕاویانەتەوە کە کاتێك دەستەی عێراقی بە سەد هەزار و دەستەی شامی بە حەفتا یان نەوەد هەزارەوە دەرچوون و لە صفین لای فورات دابەزین و لە رۆژی سێ شەممەو لە بەرەبەیانەوە جەنگان و خەڵکی عێراق سەرکەوتن بەسەریاندا، دواتر رۆژی چوارشەممە لە حەوتی صەفەری ساڵی سی و حەوت هەمدی جەنگان تا ئەو کاتەی دوو کەس لە هەردوو لابڕیاری دادوەرییان پێدرا، لە بەرەی عەلیەوە پێنج شەممەو رۆژی هەینی و شەوی شەممە بوو، خەڵکی شام قورئانەکانیان بەرز کردنەوەو داوای رێککەوتنیان کرد و هەموان بڵاوەیان لێکرد و لەسەر ئەوە رێککەوتن هەر دەستەیەك باری خۆی بداتە دەست کەسێك، ئەبوو مووسا لە بەرەی عەلی و عەمری کوڕی عاص لە بەرەی موعاویەوە، ئەبوو مووسا

کەسێکی زۆر خواناس و زانا و فیقهناس بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هاودەم بە موعاذ ناردبووی بۆ یەمەن و عومەر پایەی پێدابوو و وەسفی تێگەیشتوویی کردووە، ئەو دەستە زبرە مێژووییە وتەی ناراستە کە ئەبوو مووسا بە گەمژەو ڕا لاواز و هەڵخەڵەتاو لە قسەدا وەسف دەکات و ئیبنولعاصیش بە زیرەك و لێزانی وا وەسف دەکات کە بە نموونە باسکراوە و جەخت دەکەنەوە لەو ویستی خراپەی هەیبووەو هەندێ نەفامیش شوێن ئەو رایە کەوتوون و چیرۆك و شتانێکی وایان سەبارەت بە ئەو و هاوەڵانی تریش نووسیوە.. دەڵێن کاتێك ئەوان لە ئەذرەح لە دەومەتولجەندەل کۆبوونەوە و دانووستانیان کرد و ریککەوتن لەسەر ئەوەی هەردوو لا بەرپرسانیان لاببەن، عەمر بە ئەبوومووسای وتووە تۆ پێشتر قسە بکە، ئەویش پێشکەوت و وتی من لە مەسەلەکە ورد بوومەوەو عەلیم لە پۆستەکەی لابرد و با موسڵمانان لەنێو خۆیاندا بڕیار بدەن وەك چۆن شمشێرەکەشم لە گەردنم لابرد، ئەوەبوو لایبرد و لەسەر زەوی داینا، عەمریش هەستا و شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و وتی من لە مەسەلەکە رامام و موعاویەم لە مەسەلەکەدا هێشتەوە و ئەم شمشێرەشم لە گەرنمدا دەهێڵمەوە، ئەبوو مووسا بەوە نارازی بوو و سەرکۆنەی کرد و عەمریش وتی وا رێککەوتین، خەڵکەکە بەو باری ناکۆکیە بلاوەیان لێکرد، ئەمە درۆیەکی راشکاوەو یەك پیتیشی لە راستیدا رووینەداوەو داهێنەران و مێژوونووسانی پاشایان ئەمەیان داناوەو خەڵکێ کە بە ئاشکرا لە فەرمانی خوا دەردەچن و بیدعە دەنوێنن بە میراتی ئەو وتانەیان وەرگرتووە، ئەوەی چەسپاوەو زانایانی راستبێژ گێڕاویانەتەوە ئەوەیە کاتێك ئەو دوانە کۆبوونەوە تا لە مەسەلەکە رامێنن و دەستەیەکی رێزداری خەڵکیش ئامادە بوون لەوانە ئیبن عومەر و هاوچەشنانی، عەمریش موعاویەی کەنار خستووە، دارەقوطنی بە سەنەدی خۆی لە حوصەینی

کوری مونذیرەوە هێناویەتی کاتێك عەمر موعاویەی کەنارخست، حوصەین چوو لە نزیك چادرەکەی موعاویەوە چادری هەڵدا، موعاویە کە هەواڵی بیست ناردی بە شوێنیدا و وتی بیستوومە عەمر ئاواو ئاوای وتووەو کردووە، جا برۆ بزانە ئەوە چیە من لە بارەیەوە بیستوومە، حوصەین دەڵێت منیش چووم بۆ لای و وتم باسی ئەو کارەم بۆ بکە کە تۆ و ئەبو ومووسا بۆی راسپێردراون چیتان کرد، ئەویش وتی خەڵکی قسەی خۆیان لەو بارەوە کرد، بەخوا بارەکە وەك ئەوەی ئەوان نەبوو، بەڵکو من بە ئەبوو مووسام وت رات لەم بارەیەوە چیە، ئەویش وتی من پێم وایە دەسەڵات بۆ یەکێك لەو کەسانە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد و لێیان رازی بوو، منیش وتم ئەی من و موعاویە چی لێدەکەیت؟ وتی پشتتان پێ ببەستێت چونکە ئێوە پشتیوانیتان لەدەست دێت، حوصەین چوویەوە بۆ لای موعاویەو بەسەرهاتەکەی وەك خۆی بۆ گێڕایەوە، ئەویش ناردی بۆ لای ئەبیلئەعوەری ذەکوانی و بە سوارەکانیەوە ناردی، ئەویش چوو سواری ئەسپەکەی بووو غاری دەدا و دەیوت کوا دوژمنی خوا؟ کوا ئەو فاسقە؟ عەمر چوو بۆ لای ئەسپێکی لەژێر چادرەکەیدا و بێ زین هێنایە دەرەوەو بەرەو لای چادرەکەی موعاویە غاری دەدا و دەیوت (إن الضجور قد تحتلب العلبة يا معاوية إن الضجور قد تحتلب العلبة) جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات ئەی موعاویە جار هەیە وشتری شیردەر سەتڵی شیرەکە پڕ دەکات.[1]

سەبارەت بە کاتی وەفاتی ئەبوو مووسای ئەشعەری چەند رایەك هاتووە، دەوترێت لە کووفەو لە ساڵی چل و دووی کۆچی وەفاتی کردووە، یان ساڵی چل و

1 - العواصم من القواصم لابن العربي، 178-181.

چواری کۆچی و لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا، یان ساڵی چل و نۆ یان پەنجا یان پەنجا و دوو یان پەنجا و سێی کۆچی،[1] ذەهەبی دەڵێت رای دروست ئەوەیە کە لە مانگی ذیلحیججەی ساڵی چل و چواری کۆچیدا وەفاتی کردووە.[2]

ئەبوو موسای ئەشعەری کەسێکی زۆر بەشەرم بوو، ئەوەتا خۆی دەڵێت لەتاو شەرمم لە خوا لە شوێنی تاریکدا خۆم دەشۆم و لەکاتی خۆشۆردنیشدا خۆم دەچەمێنمەوە.[3]

ئەبوو مووسای ئەشعەری یەکێکە لەو هاوەڵانەی کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

ئەبوو مووسا دەڵێت کابرایەکی ئەعرابی بە پێغەمبەری خوای وت کەسی وا هەیە لەبەر دەستکەوت دەجەنگێت، کەسی وا هەیە بۆ ئەوەی باس بکرێت دەجەنگێت، کەس هەیە بۆ ئەوەی پێگەی دیار بێت دەجەنگێت، کامیان لە رێی خوادایە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من قاتل لتكون كلمة الله هي العليا فهو في سبيل الله)،[4] (هەرکەس بجەنگێت لە پێناو ئەوەی وتەی خوا بالاّ بێت ئەوە لە رێی خوادایە).

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 377.

2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج2، ص 398.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 113-114.

4 - صحيح البخاري، الرقم 2975، صحيح مسلم، الرقم 3615، سنن أبي داود، الرم 2169، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4213، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 17245، مسندأحمد بن حنبل، الرقم 19157، مسند الطيالسي، الرقم 483، مسند الروياني، الرقم 512.

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أطعموا الجائع و عودوا المريض و فكوا العاني)،[1] (نان بدەن بە برسی و سەردانی نەخۆش بکەن و کەسی دیل –یان گیرۆدە–ئازاد –رزگار– بکەن).

ئەبوو مووسا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە کاربەدەستانی خۆی دەنارد بۆ شوێنێك دەیفەرموو (بشروا ولا تنفروا و يسروا ولا تعسروا)،[2] (موژدەبەخش بن و خەڵکی وا لێ مەکەن دوور بگرن، ئاسانکاری بکەن و بارگرانی مەکەن).

عەبدوڵای کوڕی قەیسی خەزرەجی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی ضەخرە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، سەبارەت بە بەشداربوونی لە بەدردا راجیایی هەیە، بەڵام سەبارەت بە بەشداربوونی لە غەزای ئوحوددا یەکدەنگی هەیە.[3]

عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعیە، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من رآى بأمر يريد به سمعة فإنه في مقت من الله عز وجل حتى يجلس، ومن سأل مالا وهو غني فإنما يستكثر من النار ومن أعطي الفضل فهو خير له ولا

1 - صحيح البخاري، الرقم 5063، صحيح ابن حبان، الرقم 3383، سنن أبي داود، الرقم 2715، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8392، السنن الكبرى للبيهقي، الرم 6187، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19082، مسند الطيالسي، الرقم 485، مسندأبي يعلى الموصلي، الرقم 7159، المعجم الاوسط للطبراني، الرقم 2642.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3349، سنن أبي داود، الرقم 4216، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 19137.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 214.

إيلام على كفاف لينجيك من النار)،[1] (هەرکەس بە رووپامایی بنەوێتە کارێك و مەبەستی ناوبانگ بێت، ئەوە لە تووڕەیی خوادا دەبێت تا دادەنیشێت، هەرکەس داوای سامان بکات و دەوڵەمەندیش بێت ئەوە داوای زیاتری ئاگر دەکات، هەرکەس زیادە لە خۆی ببەخشێت ئەوە چاکە بۆی و بێ گومان رزگارکردنیەتی لە دۆزەخ).

عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینیەو یەکێکە لەو هاوەڵانەی فەرموودەی لێوە نەگێردراوەتەوە، بەلام ژیاوە تافەتحی میصر کراوەو تیایدا بەشدار بووە، دواتریش ژیا تا لە ساڵی چل و نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]

عەبدوڵای کوڕی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیسی کوڕی صرمەیە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەجار، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە رووداوی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[3]

عەبدوڵای کوڕی قەیظی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی قەیظیەو لەپشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، هاودەم بە عوقبە و عەبادی برای لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیددا شەهید بوو.[4]

---

1 - الآحادو المثاني لابن أبي عاصم، الرم 2502.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 216.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 214.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 216.

عەبدوڵای کوڕی قداد (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی قدادەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[1]**

عەبدوڵای کوڕی قوڕرە (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی قوڕرەی کوڕی نوهەیکە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی ئەبووبەکرە، پێغەمبەر (ﷺ) نزای بەرەکەتی بۆ کرد.[2]**

عەبدوڵای کوڕی قورط (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی قورطی ئەزدیە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە، سەرەتا ناوی شەیطان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[3]**

**عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(گەورەترین رۆژ لای خوا رۆژی نەحرە—یەکەم رۆژی جەژنی قوربان—، دواتر رۆژی قەڕە—رۆژی دوای ئەوە).[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 208.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 210.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 209.

4 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 2674، صحيح ابن حبان، الرقم 2858، سنن أبي داود، الرقم 1515، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 3970، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18670، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7590، صححه الذهبي في التلخيص، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن أبي داود، الرقم 1765.

عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە غەزا و فتووحاتدا بەشداری کرد، لە جەنگی یەرمووکیشدا بەشداری کرد، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی حیمص بوو، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانیشدا والی حیمص بوو، دواجار لە ساڵی پەنجا و شەشی کۆچیدا لە جیهاددا دژ بە ڕۆمەکان لە خاکی ڕۆمەکاندا شەهید بوو.[1]

## عەبدوڵای کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کەعبی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

## عەبدوڵای کوڕی کورز(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کورزەو لە فەرموودەیەکدا باسی هاتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(يا أيها الناس، إنما مثل أحدكم، ومثل أهله وعمله وماله كرجل له ثلاثة إخوة، فقال لأخيه الذي هو ماله حين حضرته الوفاة ونزل به الموت: ماذا عندك؟ فقد نزل بي ما ترى، فماذا عندك؟ فقال أخوه الذي هو ماله: مالك عندي غناء، ومالك عندي نفع، إلا ما دمت حيا، فخذ مني الآن ما أردت، فإني إذا فارقتك سيذهب بي إلى مذهب غير مذهبك، وسيأخذني غيرك، فالتفت النبي صلى الله عليه وسلم، فقال: هذا أخوه الذي هو ماله، فأي أخ ترونه؟، قالوا: لا نسمع طائلا يا رسول الله، ثم قال لأخيه الذي هو أهله: قد نزل عن الموت، وحضر ما ترى، فماذا عندك من الغناء؟ قال: غنائي أن أمرضك وأقوم عليك، وأعينك، فإذا مت غسلتك، وحنطتك،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 209.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 218.

وكفنتك، ثم حملتك في الحاملين، وشيعتك، فأحملك مرة، وأميط أخرى، ثم أرجع عنك فأثني بخير عند من سألني، فقال النبي صلى الله عليه وسلم للذي هو أهله: أي أخ ترون هذا؟، قالوا: لا نسمع طائلا يا رسول الله، ثم قال لأخيه الذي هو عمله: ماذا عندك؟ وماذا لديك؟ فقال: أشيعك إلى قبرك، فأونس وحشتك، وأكون معك، وأجادل عنك، وأقعد في كفنك، فأشول بخطاياك) (ئەی خەڵكینە نموونەی ئێوەو ژن ومنداڵ و كردەوەو سامانەكەی وەك پیاوێك وایە كە سێ برای هەیە، كاتێك سەرەمەرگی دێت بەو برایەی دەڵێت كە سامانەكەیەتی چیت لایە؟ دەبینیت لە چ بارێكدام، هچیت پێ دەكرێت؟ ئەویش دەڵێت سامانت لای من دەوڵەمەندیە، سامانت لای من سوودە تا كاتێك زیندوویت، جا چەندت لە من دەوێت ببە، چونكە ئەگەر لێت جیا بوومەوە بەرەو ڕێڕەوێكی تر دەبرێم و جگە لە تۆ دەمبات، پێغەمبەر (ﷺ) لایكردەوەو فەرمووی ئەوە ئەو برایەیانە كە سامانەكەیەتی، جا چۆنی دەبینن؟پاشان بەو برایەی دەڵێت كە ژن و منداڵیەتی وا سەرەمەرگم هاتووەو دەبینیت لە چ بارێكدام، چیت پێ دەكرێت؟ئەویش دەڵێت دەتوانم خزمەتت بكەم و سەرپەرشتیت بكەم، ئەگەر مردیت دەتشۆم و بۆنخۆشت دەكەم و كفنت دەكەم و دواتر دەتدەم هەڵتگرن و بە دواتدا دێم بۆ گۆڕستان و دواتر دەگەڕێمەوەو هەركەس هەواڵت بپرسێت بە چاكە وەسفت دەكەم، پێغەمبەر بۆ ئەمەش فەرمووی پێتان چۆنە؟ هاوەڵان ئەمەشیان بە دڵ نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی كابرا بەو برایەی دەڵێت كە كردەوەكانیەتی چیت لایە و چیت پێ دەكرێت؟ ئەویش دەڵێت تا گۆڕ لەگەڵت دێم و ترست ناهێڵم و خەفەتت لادەبەم و لەسەرت مشتومڕ دەكەم و لەناو كفنتدا دادەنیشم و بەر بە تاوانەكانت دەگرم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەم برایەی كە كردەوەكانیەتی چۆن دەبینن؟ وتیان چاكترین برایە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)،

ئەویش فەرمووی دەی بارەکە بەوجۆرەیە)، ئینجا عەبدوڵای کوڕی کورز هەستایە سەر پێ و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتم دەدەیت لەو بارەوە شیعرێك بڵێم؟ فەرمووی بەڵێ، عەبدوڵایش ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت و شیعرێکی ئامادە کرد، دوایی موسڵمانان کۆبوونەوەو عەبدوڵا هات و لەلای سەری پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وەستا و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی دەی ئادەی کوڕی کورەیز، عەبدوڵاش وتی

إني وأهلي والذي قدمت يدي
كداع إليه صحبه ثم قائل

لأصحابه إذ هم ثلاثة إخوة
أعينوا علي اليوم أمري نازل

فراق طويل غير ذي مثنوية
فماذا لديكم في الذي هو غائلي

فقال امرؤ منهم أنا الصاحب الذي
أطيعك فيما شئت قبل التزاؤل

فأما إذا جد الفراق فإنني

لما بيننا من خلة غير واصل

أبدا حينئذ فلا تستطيعن

لذلك أحيانا صروف التداؤل

فخذ ما أردت الآن مني فإنني

سبيلك بي في مهبل من مهابل

وإن تبقني لا تبق ما تستفيده

فعجل ضدحا قبل حتف معاجل

وقال امرؤ قد كنت جدا لحبه

وأوثره من بينهم في التفاضل

غنائي إني جاهد لك ناصح

إذا حد حد الكرب غير مقاتل

ولكنني باك عليك ومعول

ومثني بخير عند من طائل

ومتبع الماشين أمشي مشيعا

أعين ترفق عقبة كل حامل

إلى بيت مثواك أنت مدخل

وأرجع حينئذ بما هو شاغلي

كأن لم يكن بيني وبينك خلة

ولا حسن ود مرة في التبادل

وذلك أهل المرء ذاك غناؤهم

وليسوا وإن كانوا حراصا بطائل

وقال امرؤ منهم أنا الأخ لا ترى
أخا لك مثلي عند جهد الزلازل

لدى القبر تلقاني هنالك قاعدا
إجلال عنك يرفر جاع التجادل

وأقصد يوم الوزن في الكفة التي
تكون عليها جاهدا في التثاقل

فلا تنس واعلم مكانتي فإنني
عليك شفيق ناصح غير خاذل

وذاك بما قدمت من كل صالح
تلاقيه إن أحسنت يوم التفاضل

ئیتر هەرچی کەس لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەستی کرد بە گریان و فرمێسك لە چاوانیان دادەباری، دوای ئەوە عەبدوڵا کە دەیدا بە لای کۆڕی هاوەڵاندا داوایان لێدەکرد شیعر بڵێت، ئەویش شیعری بۆ دەوتن، چی کۆچەری هەبوون دەگریان.[1]

عەبدوڵای کوڕی کولەیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی کولەیبە، سەرەتا ناوی ذوئەیب بوو، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

عەبدوڵای کوڕی لەبید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی لەبیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی لتبییە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی لتبییەی ئەزدیەو پێغەمبەر (ﷺ) وەك بەرپرسی کۆکردنەوەی بڕێك لە زەکاتی هەندێ ناوچە دایینابوو.[4]

عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسیەو یەکێکە لەو نۆ کەسەی وەفدی بەنی عەبس کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاڵایەکی سپی

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيمالأصبهاني، الرقم 3985، الضعفاء الكبير للعقيلي، الرقم 963، أمثال الحديث للرامهرمزي، الرقم 80.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 219.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 383.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 383.

دایە دەستی، عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە جەنگی قادسیەشدا بەشداری کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبیە، تا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا، کاتێك خەڵکی هەمەدان ویستیان وازبهێنن لە ئیسلام، عەبدوڵا کە هاوەڵێکی کۆچەری بوو وتی ئەی خەڵکی هەمەدان ئێوە موحەممەدتان نەدەپەرست، بەڵکو خوای موحەممەدتان دەپەرست، ئەو خوایە زیندووەو نامرێت، ئێوە بۆ گوێڕایەڵی خوا گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بوون.[2]

عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدیە، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، یەکێکە لەو هاوەڵانەی زۆر زوو موسڵمان بوو، کەسێکی زۆر چاکەکار و خواناس بوو، زۆربەی کات بەڕۆژوو بوو، دواجار لە سەردەمی ئیمارەتی مەڕواندا کۆچی دوایی کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی مالیك دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) کە نوێژی دەکرد نێوانی دەستەکانی واڵا دەکرد تا ئەوەی سپیایی بنباڵی دەردەکەوت.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 224.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 225.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 222.

4 - صحيح البخاري، الرقم 386، صحيح مسلم، الرقم 793، صحيح ابن خزيمة، الرقم 626، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 682، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 22312.

## عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە کەنیزەك فەرمووی ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد جەلدی لێ بدەن، هەمدی ئەگەر زینای کرد ئەوە بیفرۆشن با بە حەبلێکیش بێت.[1]

## عەبدوڵای کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەخرەمەی کوڕی عەبدولعوززایە، ئەم هاوەڵە لە کۆچەرانە، کونیەکەی ئەبوو موحەممەدە، دایکی ناوی بەهنانەی کچی صەفوانی کوڕی ئومەییەیە، ئەم هاوەڵە لە مەککە موسڵمان بوو و کۆچی کرد بۆ حەبەشە، دواتر گەڕایەوە مەککەو لەوێوە کۆچی کرد بۆ مەدینە، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵای کوڕی مەخرەمەو فەروەی کوڕی عەمرەوە،[2] دواتر عەبدوڵا لە غەزای بەدردا بەشداری کرد، لە غەزاکانی ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد.[3]

عەبدوڵا نزای دەکرد خوایە نەمرم تا هەموو پەلێکم لەپێناو خوادا بریندار بێت، ئەوەبوو ژیا تا لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و لەو جەنگەدا هەموو لەشی برینی

1 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 15904، صححه ابن حجر في الإصابة، ج4، ص 223.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 226.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 404.

پێوە بوو، دواتر لەو جەنگەدا شەهید بوو، ئەو کاتیش تەمەنی تەنها سی ساڵان بوو،[1] بەڵام ئیبن سەعد دەڵێت ئەو کات تەمەنی چل و یەك ساڵان بوو.[2]

## عەبدوڵای کوڕی مەسعوود (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی کوڕی غافیلی هوذەلیە، کونیەکەی ئەبوو عەبدوڕەحمانە، یەکێکە لە هاوەڵە ناسراوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و لە زاناکانی ناو هاوەڵان کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە،[3] دایکی ناوی ئومموعەبدی کچی عەبدوددە.[4]

عەبدوڵای کوڕی مەسعوود کەسێکی لاوازی باڵاکورت بوو، جلی سپی دەپۆشی و بۆنی خۆشی لە خۆی دەدا.[5]

ئیبن مەسعوود یەکێکە لە دەستەی یەکەمی موسڵمان بوان،[6] موسڵمان بوونەکەی هاوکات بوو لەگەڵ موسڵمان بوونی سەعیدی کوڕی زەید و فاطیمەی خوشکی عومەری کوڕی خەططاب کە خێزانی سەعید بوو، واتە ئیبن مەسعوود ماوەیەکی زۆر پێش عومەری کوڕی خەططاب موسڵمان بوو.[7]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 226.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 404.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 233.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 150.
5 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 462 – 463.
6 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 461.
7 - أسد الغابة، ج3، ص 394.

هۆکاری موسڵمان بوونەکەشی ئەوە بوو کە ئیبن مەسعوود خۆی دەیگێڕێتەوەو دەڵێت من مەڕو ماڵاتی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیطم دەلەوەڕاند، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لامدا و منیش منداڵ بووم، فەرمووی ئەی مێرمنداڵ شیر هەیە؟ وتم بەڵێ، بەڵام من راسپاردەم و هی خۆم نیە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەی مەڕێك هەیە بەران نەچووبێتە لای؟ وتم بەڵێ، چووم و هێنام، پێغەمبەر (ﷺ) دۆشی و شیر هات و شیرەکەی کردە قاپێك و لێی خواردەوەو بەشی ئەبووبەکریشی دا، دواتر بە گوانەکەی فەرمووو بوەستە، ئەوەبوو لە شیردان وەستا، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو قسەم فێر بکە، ئەویش دەستی هێنا بەسەرمدا و نزای بۆ کردم و فەرمووی(خوا رەحمت پێ بکات تۆ مێرد منداڵێکی فێرکراویت).[1]

ئیبن مەسعوود یەکەم کەس بوو دوای پێغەمبەر (ﷺ) بە ئاشکرا لە مەککە قورئانی خوێند، رۆژێك هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان بەخوا قورەیش گوێیان لەم قورئانە نەبووە بە ئاشکرا بۆیان بخوێنرێت، جا کێ ئەوە دەکات؟ عەبدوڵای کوڕی مەسعوود وتی من، وتیان دەبێت کەسێك بێت هۆزەکەی بەرگری لێ بکەن، وتی وازم لێ بهێنن چونکە خوا دەمپارێزێت، ئەوەبوو عەبدوڵا چوو و لە نێو قورەیشیەکاندا دەستی کرد بە قورئان خوێندن، ئەوانیش رامابوون و دەیانوت ئیبن ئوم عەبد چی دەڵێت، خەڵکێك وتیان ئەوە دەخوێنێت کە موحەممەد هێناویەتی، بۆیە هەستان و کەوتنە لێدانی دەموچاوی و ئەویش هەر قورئانی دەخوێند، دواتر وازیان لێهێنا و دەموچاوی تەواو تێکشکابوو، هاوەڵانی چوون بۆ لای و وتیان لەمە دەترساین تووشت ببێت، ئەویش وتی بەخوا بتانەوێت بەیانیش هەمدی دێم و لێرە قورئانیان

---

1 - صحيح ابن حبان، الرقم 7170، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 3471، صححه أحمد شاكر، حسنه شعيب الأرناؤوط.

لەنێودا دەخوێنمەوە، ئەوانیش وتیان نا بەسە، ئەوەی رقیان لێی بوو چپاندت بە گوێیاندا.[1]

ژمارەیەك لە هاوەڵە لاوازەكان كۆدەبوونەوەو لە مەجلیسی پێغەمبەر (ﷺ) دادەنیشتن، كاتێ بێباوەڕان دەیانبینی پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ ئەوانەدا دانیشتووە كە بڕێ كۆیلە و كەسانی لاواز و بێدەسەلات بوون لەسەر ئەوان گاڵتەیان پێ دەكرد، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) گوێی نەدەدا بە گەمژەیی بێباوەڕان، بێباوەڕەكان دەیانوت ئەگەر ئەوەی موحەممەد هێناویەتی چاك و باش بوایە ئەوانە پێش ئێمە نەدەكەوتن بۆ وەرگرتنی، خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی دابەزاند (ولا تطرد الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي يريدون وجهه ما عليك من حسابهم من شيء وما من حسابك عليهم من شيء فتطردهم فتكون من الظالمين وكذلك فتنا بعضهم ببعض ليقولوا أهؤلاء من الله عليهم من بيننا أليس الله بأعلم بالشاكرين وإذا جاءك الذين يؤمنون بآياتنا فقل سلام عليكم كتب ربكم على نفسه الرحمة أنه من عمل منكم سوءا بجهالة ثم تاب من بعده وأصلح فأنه غفور رحيم)،[2] سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت من و ئیبن مەسعوود و بیلال و كابرایەك لە هوذەیل و دوو كەسی تر كە ناویان نازانم لەو كۆڕەدا بووین.[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی نارد بۆ لای نەجاشی كە هەشتا پیاو دەبووین، من و جەعفەر و ئەبوومووساو عەبدوڵای كوڕی عورفوطە و عوثمانی كوڕی مەظعوون، قوڕەیشیش عەمری كوڕی عاص و عمارەی كوڕی

[1] - أسد الغابة، ج3، ص 395.

2 - البدايةو النهاية لابن كثير، ج3، ص104.

3 - صحيح مسلم، الرقم 4538، صحيح ابن حبان، الرقم 6677، سنن ابن ماجة، الرقم 4125، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7964.

وەلیدیان بە برێك دیاریەوە نارد و هاتن بۆ لای نەجاشی، کە چوونە ژوورەوە بۆ لای نەجاشی کڕنووشیان بۆ برد و چوون بۆ لای، یەکێکیان لە لای راستیەوەو ئەوی تریش لەلای چەپیەوە دانیشت، ئینجا وتیان دەستەیەك لە کەس‌وکاری ئێمە هاتوونەتە خاکی تۆ و پشتیان کردوەتە ئێمە، ئەویش وتی ئەوان لە کوێن؟[1] شتی وا هەیە؟ پێی وترا بەڵێ، نەجاشی وتی بەخوا ناياندەمەوە دەستتان تا قسەیان لەگەڵ نەکەم، ئەوەبوو ناردی بە شوێنیاندا،[2] جەعفەر بە هاوەڵەکانی وت من لەبری هەمووتان قسە دەکەم، هەموو بە دوای جەعفەردا چوونە ژوورەوە، بە جەعفەریان وت بۆچی کڕنووش نابەیت بۆ پاشا؟ وتی ئێمە تەنها کڕنووش بۆ خوا دەبەین، وتیان بۆچی؟ وتی چونکە خوا پێغەمبەرێکی لەنێوماندا نارد و فەرمانی پێکردین تەنها کڕنووش بۆ خوا بەرین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین،[3] نەجاشی وتی ئەم ئایینەی ئێوە چیە؟ جەعفەریش وتی ئەی پاشا ئێمە گەلێك بووین لەسەر بێباوەڕی بووین و بتمان دەپەرست و مردارەوەبوومان دەخوارد و حەرامەکانمان بە حەڵاڵ دەزانین و خوێنمان رەوا دەکرد، ئەوەبوو خوا لە ناو خۆماندا پێغەمبەرێکی بۆ ناردین کە وەفاداری و راستگۆیی و سپاردەکاری ئەومان دەزانی، بانگی کردین تا خوای تاك و تەنها بپەرستین و پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنین و دراوسێیەتیمان باش بێت و نوێژ بکەین و رۆژوو بگرین،[4] عەمر وتی ئەوان سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی رایان پێچەوانەی رای ئێوەیە، نەجاشی وتی سەبارەت بە کوڕی مەریەم و دایکی چی

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.
4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215.

دەڵێن؟ جەعفەریش وتی ئەوە دەڵێین کە خوا فەرموویەتی رۆح‌و کەلیمەی خوایە کە بەخشیویەتی بە مەریەمی پاکداوێنی بێ هاوسەر کە هیچ مرۆڤێك دەستی پێی نەگەیشتووە،[1] نەجاشی وتی هیچتان پێیە لەوەی بۆی دابەزیوە؟ فەرمانیشی کرد بە قەشەکان تا پەرتووکەکانی خۆیان بکەنەوە، جەعفەر وتی بەڵێ، ئەوەبوو برێك لە سوورەتی مەریەمی لە سەرەتاوە بۆ خوێندنەوە، نەجاشی دەستی کرد بە گریان تا ریشی تەڕ بوو، قەشەکانیش هەروا گریان تا پەرتووکەکانیان تەڕ بوو،[2] نەجاشیش دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت و وتی ئەی خەڵکی حەبەشە و قەشەو راهیبەکان ئێوە دەڵێن چی من ئەمەم پێ خراپ نیە، من شایەتی دەدەم ئەو پێغەمبەری خوایەو ئەوەیە کە لە ئینجیلدا هاتووەو عیسا مزگێنی لەبارەوە داوە، سوێند بەخوا ئەگەر من لەم پاشایەتیەمدا نەبوومایە دەچووم بۆ لای و دەبوومە نەعل هەڵگر و ئاوی دەستنوێژیم دەدا، ئینجا بە موسڵمانانی وت برۆن لەکوێ دەتانەوێت بمێننەوە، فەرمانیشی کرد دیاریەکانی قورەیشیەکان گێڕدرایەوە.[3]

ئیبن مەسعوود دواتر لە حەبەشەوە گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە.[4]

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 215-216.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 206-207.

4 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص 467.

ئیبن مەسعوود یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر، ئەوەتا دەڵێت لە بەدردا من و سەعد و عەممار لە دەستکەوتدا هاوبەش بووین، سەعد خۆی تەنها دوو دیلی پێ بوو، بەڵام ئێمە هیچ دیلێکمان پێ نەبوو.[1]

سەهلی کوڕی بەیضاء موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، بە ناچاری لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، ئیبن مەسعوود شایەتی بۆ دا کە ئەوی بینیوە لە مەککە نوێژی کردووە، بۆیە بە فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) ئازاد کرا.[2]

ئیبن مەسعوود لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد و تیایدا ڕۆڵی کارای بینی، بەتایبەت کاتێك موسڵمانان لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) بڵاوەیان کرد، ئیبن مەسعوود یەکێك بوو لەوانەی لە دەوری پێغەمبەر (ﷺ) مایەوە.[3]

هەروەها ئیبن مەسعوود لە غەزای خەندەق و بەیعەتی ریضوان و هەموو غەزاکانی دواتریشدا بەشداری کرد.[4]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەڵێت من و براکەم لە یەمەنەوە هاتینە مەدینە، ماوەیەك ماینەوە، ئیبن مەسعوود و دایکیشی هێندە سەردانی ماڵی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) دەکرد وامانزانی لە ئالوبەیتی پێغەمبەری خوان (ﷺ).[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 108.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج3، ص 194.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 467.

4 - أسد الغابة، ج3، ص 396.

5 - صحيح البخاري، الرقم 3575، صحيح مسلم، الرقم 4603، سنن الترمذي، الرقم 3824، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8112، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19149.

ئیبن مەسعوود لە کاتی سەفەر و دەرچوونەکانی پێغەمبەریشدا (ﷺ) هاودەمی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و خزمەتی دەکرد، نەعلەکانی پێغەمبەری خوای(ﷺ) هەڵدەگرت و دەیخستە بنباڵی، داردەستەکەی دەدایە دەستی.[1]

ئیبن مەسعوود هێندە هاودەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو کە دەیوت سوێند بەو خوایەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو، چی سوورەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەکوێ دابەزیوە، چی ئایەتی قورئان دابەزیوە دەزانم لەسەر چی دابەزیوە، ئەگەر بزانم کەسێك لە خۆم شارەزاتر بە قورئان هەیە و دەتوانم بە سوار وشتر پێی بگەم دەچووم بۆ لای.[2]

ئیبن مەسعوود هێندە شارەزا بوو لە خوێندنەوەی قورئاندا کە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو هەرکەس حەز دەکات بە جوانی قورئان بخوێنێتەوە با بە شێوە خوێندنەوەی ئیبن ئوم عەبد–واتە ئیبن مەسعوود–بیخوێنێتەوە).[3]

ئیبن مەسعوود دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە منی فەرموو قورئانم بەسەردا بخوێنەرەوە، منیش وتم قورئانت بەسەردا بخوێنمەوە لەکاتێکدا بۆ سەر تۆ دابەزیوە؟!، فەرمووی حەز دەکەم لە جگە لە خۆم بیبیستم، منیش سورەتی نیسائم بۆ خوێندەوە تا گەیشتمە (فکیف إذا جئنا من کل إمة بشهید و جئنا بك علی

---

1 - - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 470.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4720، صحيح مسلم، الرقم 4607.

3 - صحيح ابن حبان، الرقم 7175، سنن ابن ماجة، الرقم 137، المستدرك على الصحيحين، الرقم 2827، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 172، صححه أحمد شاكر، ما صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 138.

هؤلاء شهیدا)، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم بەسە، بینیم چاوەکانی فرمێسکیان دەڕشت.[1]

عەلی کوڕی ئەبوو طالیب دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد بە ئیبن مەسعوود تا بچێتە سەر دارێك تا شتێکی لێ داگرێت، ئەویش کە سەرکەوت، هاوەڵان تەماشای قاچی ئیبن مەسعوودیان دەکرد و بە باریکی و رەقەڵانی قاچەکانی پێدەکەنین، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (ما تضحكون؟ لرجل عبد الله أثقل في الميزان يوم القيامة من أحد)،[2] (بەچی پێدەکەنن؟ دڵنیابن قاچی عەبدوڵا لە رۆژی دواییدا لە تەرازوودا زۆر قورسترە لە ئوحود).

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقیشدا رۆڵی خۆی بینی، لەوانەش لە جەنگی یەرمووکدا بەشداری کرد.[3]

ئەبووبەکری صدیق دژبە هەڵگەڕاوەکان جەنگی راگەیاند، بۆ ئەوەش مەترسی لەسەر مەدینە دروست دەبوو، بۆیە پاسەوانی شەوانەی بە دەوری مەدینەدا دانا و برێك کەسی کرد بە ئەمیری دەستە دەستەی ئەو پاسەوانانە، لەوانەش عەلی کوڕی ئەبوو طالیب و زوبەیری کوڕی عەووام و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف و طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا و سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص و عەبدوڵای کوڕی مەسعوود.[4]

1 - صحيح البخاري، الرقم 4769، صحيح مسلم، الرقم 1373، صحيح ابن حبان، الرقم 735، سنن أبي داود، الرقم 3201، سنن الترمذي، الرقم 3034.

2 - مسند أحمدبن حنبل، الرقم 892، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 516، قال شعيب الارناؤوط صحيح لغيره و هذا إسناد حسن.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 396.

4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 311.

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عومەری کوڕی خەططابدا لە حیمص نیشتەجێ بوو، دواتر خەلیفە فەرمانی پێکرد بچێت بۆ کووفە.[1]

عومەری کوڕی خەططاب کاتێك عەمماری کوڕی یاسری نارد تا ببێتە ئەمیری کووفە، ئیبن مەسعوودیشی وەك مامۆستا نارد بۆ خەڵکی کووفە و وتی ئەو لەخۆبوردنەم کردووە کە عەبدوڵام لای خۆم نەهێشتووەتەوەو ناردوومە بۆتان.[2]

جارێك ئیبن مەسعوود هات بۆ لای عومەری کوڕی خەططاب و خەڵکەکەی لە دەوری کۆبوونەوە، عومەریش پێکەنی و دواتر لەگەڵ ئیبن مەسعوود کەوتە قسەکردن و بە بینینی ئیبن مەسعوود دەموچاوی گەشابوویەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکرد، دواتر کە ئیبن مەسعوود چوو عومەر هەر تەماشای دەکرد و دەیوت کووپێکی پڕ لە زانستە.[3]

لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا عومەری کوڕی خەططاب ماوەی یەك ساڵ ئیبن مەسعوودو چەند هاوەڵێکی تری لە مەدینە بەند کرد تا ئەو کاتەی شەهید بوو، ئینجا عوثمان ئازادی کردن، عومەر لەبەرئەوە بەندی کردن چونکە ئەوانە فەرموودەی زۆریان لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) دەگێڕایەوە.[4]

ئیبن مەسعوود لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا کە بەرپرسی بەیتولمالی موسڵمانان بوو لە کووفە، لەگەڵ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص کێشەیەکی بۆ دروست

[1] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 491.
[2] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 485-486.
[3] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 491.
4 - العواصم من القواصم لابن العربي.

بوو، عوثمانی کوڕی عەففان پاش ماوەیەکی زۆر سەعدی کوڕی ئەبی وەققاصی لە والیەتی کووفە لابرد، ئەویش لەبەر کێشەیەك کە لەگەڵ ئیبن مەسعوود هەیبوو، چونکە قەرزی لە بەیتولمال کردبوو کە ئیبن مەسعوود بەرپرسی بوو، کاتێك ئیبن مەسعوود داوای قەرزەکەی کردەوە لە سەعد، سەعد توانای نەبوو بیداتەوە، بۆیە کێشە کەوتە نێوانیانەوە، هەواڵەکە گەیشتەوە بە عوثمان و سەعدی لابرد و وەلیدی کوڕی عوقبەی لە شوێنیدا دانا.[1]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان نوسخەکانی قورئانی یەکخست و تەنها یەك جۆری هێشتەوە، ئیبن مەسعوود ئامادە نەبوو نوسخەکەی خۆی لاببات چونکە دەیوت من خۆم لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەو قورئانەم بیستووە.[2]

کاتێك عوثمانی کوڕی عەففان داوای لە ئیبن مەسعوود کرد بگەڕێتەوە بۆ مەدینە، خەڵکی کووفە وتیان لێرە بمێنەرەوە ئێمە ناهێڵین هیچ ئازارێکت پێ بگات، ئەویش وتی من گوێڕایەڵی خەلیفەم لەسەرە، دەبینم فیتنە بەڕێوەیە، نامەوێت من یەکەم کەس بم ئەو دەرگایە بکاتەوە، بۆیە خەڵکەکەی گێڕایەوەو بەرەو مەدینە کەوتەڕێ.[3]

لە ساڵی سی و دووی کۆچی و لە مانگی ذیلحیججەدا[4] ئیبن مەسعوود لە مەدینەوە بەرەو کووفە دەچوو، ئەوکات ئەبووذەر لە ناوچەی رەبذە کۆچی دوایی

1 - الكامل في التأريخ، ج2، ص 477.
2 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 487-488.
3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 489.
4 - البداية والنهاية لابن كثير، ج7، ص 165.

کرد، داوا کرا لە ئیبن مەسعوود نوێژی لەسەر بکات، ئەویش وتی ئەوە کێیە؟ وترا ئەبووذەرە، ئەویش گریانێکی زۆر گریا و وتی برا و کەسی خۆشەویستم بە تەنها ژیا و بە تەنها مرد و بە تەنهاش زیندوو دەکرێتەوە، خۆشبەختی بۆی.[1]

رۆژێك ئیبن مەسعوود کابرایەکی بینی، کابرا پێی وت ئەمشەو خەوم بینی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەرێکی بەرز بوو و تۆیش لە خوارووییەوە بوویت، دەیفەرموو ئەی ئیبن مەسعوود سەرکەوە بۆ لام دوای من جەفات پەیدا کرد، ئیبن مەسعوود وتی توخوا ئەو خەوەت بینی؟ کابرا وتی ئەریێ، ئیبن مەسعوود وتی دەی دڵنیام تۆ لە مەککە دەرناچیت تا من دەمرم و تۆیش نوێژم لەسەر دەکەیت، هەروایش بوو.[2]

پاش ماوەیەك ئیبن مەسعوود نەخۆش کەوت، عوثمانی کوڕی عەففان هات بۆ لای، وتی ئازاری چیت هەیە؟ ئەویش وتی ئازاری تاوانەکانم، وتی ئەی حەز بە چی دەکەیت؟ وتی رەحمەتی پەروەردگارم، وتی ئەی فەرمان نەکەم پزیشکێك بێت بۆ لات، وتی پزیشك دەوای کردووم، عوثمان وتی فەرمان نەکەم بەخششت بکەن؟ وتی هیچ پێویستم پێی نیە.[3]

دواجار ئیبن مەسعوود لە مەدینەو لە ساڵی سی و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی سی و سێی کۆچیدا وەفاتی کرد، ذەهەبی دەڵێت لەوانەیە

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص 253.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 399.

3 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 498.

لە سەرەتای ساڵی سی و سێی کۆچیدا بووبێت، تەمەنیشی شەست و سێ ساڵان دەبوو.[1]

کاتێك وەفاتی کرد نوێژی لەسەر کرا، رایەك دەڵێت عوثمانی کوڕی عەففان نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت عەمماری کوڕی یاسر نوێژی لەسەر کرد، رایەکیش دەڵێت زوبەیری کوڕی عەووام نوێژی لەسەر کرد، وەستان تا شەو، چونکە خۆی وەسیەتی کردبوو شەو ئەسپەردەی بکەن، ئینجا لە گۆڕستانی بەقیع ئەسپەردەیان کرد.[2]

ئیبن مەسعوود لەگەڵ هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) خۆشەویستی زۆری هەبوو و قسەی وەرگیراو بوو، جارێك ئیبن مەسعوود چوو بۆ لای خەبابی کوڕی ئەرەت، خەببابیش خاتەمێکی زێڕی دەکردە پەنجەی، ئیبن مەسعوود وتی ئیتر کاتی نەهاتووە ئەو خاتەمە فڕێ بدەیت؟ خەبباب وتی جارێکی تر نایبینیت لە دەستما.[3]

ئەبوو مووسای ئەشعەری دەیوت لە کۆڕێکی ئیبن مەسعووددا دابنیشتمایە لە کاری یەك ساڵ لام گرنگتر بوو.[4]

موعاذ دەیوت زانست لای چوار کەس وەربگرن، لای ئەبوودەرداء و سەلمان و ئیبن مەسعوود و ئیبن سەلام.[5]

---

1 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 499.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 400.
3 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج3، ص 564.
4 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 493.
5 - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 544.

ئیبن مەسعوود دەیوت زۆر رقمە کەسێك ببینم دەست بەتاڵ بێت، نە خەریکی کاری دنیای بێت و نە خەریکی قیامەتی بێت.[1]

هەروەها دەیوت رازی بە بەوەی خوا بۆی داناویت دەوڵەمەندترین کەس دەبیت.[2]

عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفیە، برای ئەبووعوبەیدەیەو لە رۆژی جەنگی جیسردا هاودەم بە براکەی شەهید بوو.[3]

عەبدوڵای کوڕی مەظعوون (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مەظعوونی جومەحیە، برای عوثمانی کوڕی مەظعوونە، کونیەکەی ئەبو موحەممەدە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی مەککەو یەکێکە لە کۆچەرانی حەبەشە، دواتر گەڕاوەتەوە بۆ مەککەو لەوێوە کۆچی کردووە بۆ مەدینە.[4]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) برایەتی خستە نێوان کۆچەران و پشتیوانانەوە، برایەتی خستە نێوان عەبدوڵای کوڕی مەظعوون و سەهلی کوڕی عوبەیدوڵای ئەنصاریەوە.[5]

---

[1] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 496.

[2] - سير أعلام النبلاء، ج1، ص 497.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 236.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 239.

5 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 400.

عەبدوڵا لە غەزای بەدر[1] و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، دوای وەفاتی پێغەمبەری خوایش (ﷺ) ژیا تا لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففان و لە ساڵی سی کۆچیدا وەفاتی کرد، ئەوکاتیش تەمەنی نزیکەی شەست ساڵان دەبوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی موحەمەد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی مەسلەمەیە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی فەتحی مەککەو غەزاکانی حونەین و طائیفیش.[3]

عەبدوڵای کوڕی موطەلیب (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موطەلیبی کوڕی ئەزهەری زوهریە، باوکی زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو و هاوسەرەکەشی کە ناوی رەملەی کچی ئەبی عەون بوو موسڵمان بوو، موطەلیب و رەملە کۆچیان کرد بۆ حەبەشەو لەوێ منداڵێکیان بوو بە ناوی عەبدوڵا، لە حەبەشە باوکی عەبدوڵا وەفاتی کرد و میراتی بۆ عەبدوڵا جێهێشت، بەوە عەبدوڵا یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا میراتی وەرگرت.[4]

عەبدوڵای کوڕی موعاویە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موعاویەی غاضیریە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[5]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 239.
2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 400.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 225.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 239.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 241.

عەبدولاّ دەلّێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی (ثلاث من فعلهن فقد طعم طعم الإيمان: من عبد الله وحده وأنه لا إله إلا الله، وأعطى زكاة ماله طيبة بها نفسه، رافدة عليه كل عام، ولا يعطي الهرمة، ولا الدرنة، ولا المريضة، ولا الشرط اللئيمة، ولكن من وسط أموالكم، فإن الله لم يسألكم خيره، ولم يأمركم بشره)،[1] (سێ شت هەن هەرکەس بیانکات ئەوە چێژی ئیمانی چەشتووە، ئەوەی خوای تاك و تەنها بپەرستێت و هیچ هاوەلّێکی بۆ دانەنێت، زەکاتی سامانی بە دلّخۆشی و رەزامەندی ببەخشێت، هەموو سالّێك قۆلّی لیّ هەلّکات و گورج بێت تیایدا، ئاژەلّی بچووکی دانکەوتوو و پیس و چلّکن و نەخۆش و سامانی بێنرخ و خراپ نەبەخشێت، بەلّکو لە نێوەندی سامانتان ببەخشن، چونکە خوا داوای لێنەکردوون چاکترینی ببەخشنو فەرمانیشی پیّ نەکردون خراپترینی ببەخشن).

عەبدولاّی کوڕی موغەففەل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولاّی کوڕی موغەففەلی کوڕی عەبدغەنەمی موزەنیە، کونیەکەی ئەبووسەعید یان ئەبووعەبدورەحمان یان ئەبووزیادە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[2]

1 - سنن أبي داود، الرقم 1362،
2 - أسد الغابة، ج3، ص 409.

عەبدوڵا دەڵێت گەمارۆی خەیبەرمان دابوو کە کەسێك قاپێکی لە پێستە دروستکراوی فڕێدا کە چەوری تێدا بوو، ویستم هەڵیبگرم، لامکردەوە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی، شەرمم لەو کرد.[1]

عەبدوڵا دەڵێت لە فەتحی مەککەدا پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی بەسەر وشترەکەیەوە بوو و سوورەتی فەتحی دەخوێند و جار جارە هەندێکی دووبارە دەکردەوە.[2]

لە غەزای تەبووکدا عەبدوڵا ویستی بەشداری بکات، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ پێداویستیەکی جەنگی نەبوو، داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تا پێداویستی جەنگی بۆ دابین بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) توانای نەبوو، چونکە چەند کەسێکی تریش وابوون، ئەو چەند کەسە لەتاو نەبوونی توانای بەشدارییان لە غەزاکەدا دەستیان کرد بە گریان، خوای گەورەش ئەو هەڵوێستەی ئەوانی لە قورئاندا باسکردووە.[3]

دەستەیەك لە هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ژمارەیان حەوت کەس بوو، بریتی بوون لە سالیمی کوڕی عومەیر و عولبەی کوڕی زەید و عەبدورەحمانی کوڕی کەعب و عەمری کوڕی حومام و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل و هەرمی کوڕی عەبدوڵا و عیرباضی کوڕی ساریە، داوایان کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) تا پرچەکیان بکات تا بتوانن بەشداری غەزای تەبووك بن، چونکە ئەمانە کەمدەرامەت و

1 - صحيح البخاري، الرقم 301، صحيح مسلم، الرقم 3408.

2 - صحيح البخاري، الرقم 4043، صحيح مسلم، الرقم 1364، سنن أبي داود، الرقم 1268، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7787، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 19570، مسند الطيالسي، الرقم 945.

3 - أسد الغابة، 3، ص 409.

دەستکورت بوون، پێغەمبەر (ﷺ) پێی ڕاگەیاندن هیچی لەبەردەست نیە تا داواکەیان بێنێتەدی، یامینی کوڕی عەمر دەڵێت گەیشتم بە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب و عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەگریان، وتم بۆچی دەگرین؟ وتیان چووین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا چەکمان پێبدات بۆ بەشداری جەنگ بەڵام هیچی لا نەبوو و ئێمەش هیچمان پێ نیە تا بتوانین لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشداری غەزاکە بکەین، منیش وشترێکم پێدان و بڕێك شیریشم پێدان، ئەوەبوو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون و بەشداریان کرد، بەڵام عولبە شەو لە ماڵ دەرچوو و دەستی کرد بە نوێژکردن و دەگریا و نزای دەکرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی موغەففەل چەند فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە:

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار فەرمووی(بين كل أذانين صلاة، –ثلاثا–لمن شاء)،[2] (نێوان هەموو دوو بانگێك–بانگ و قامەت– نوێژ هەیە، لە جاری سێیەمدا فەرمووی بۆ ئەو کەسەی خۆی بیەوێت).

عەبدوڵای کوڕی موغەففەل دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(إذا ولغ الكلب في الإناء فاغسلوه سبع مرات، وعفروا الثامنة بالتراب)،[3] (ئەگەر سەگ دەمی

---

1 - دلائل النبوة للبيهقي، الرقم 1970.

2 - صحيح البخاري، الرقم 606، صحيح مسلم، الرقم 1429، صحيح ابن خزيمة، الرم 1215، سنن الدارمي، الرقم 1458، سنن ابن ماجة، الرقم 1158، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 1626، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 4167، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20030.

3 - صحيح مسلم، الرقم 448، صحيح ابن حبان، الرقم 1314، سنن الدارمي، الرقم 770، سنن أبي داود، الرقم 67، سنن ابن ماجة، الرقم 362، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 68، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 1075، سنن الدارقطني، الرقم 162.

خستە ناو قاپەوە، حەوت جار قاپەکە بشۆن و جاری هەشتەم بە خۆڵ بیسون–بە قوڕ بیشۆن–).

عەبدوڵا لە سەردەمی خیلافەتی راشیدینیشدا ژیا و چوو لە بەصرە نیشتەجێ بوو، لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا یەکێك بوو لەو دە کەسەی کە خەلیفە ناردی تا خەڵکی بەصرە شارەزا بە دین بکەن، دواتریش لە فتووحاتی ئیسلامیدا بەشداری کرد و لە فەتحی توستوردا یەکەم کەس بوو چوویە ناو شارەکەوە.[1]

عەبدوڵا لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیبن زیاد لە بەصرە وەفاتی کرد، سەبارەت بە ساڵەکەی هەریەك لە ساڵانی پەنجا و نۆ و شەست هاتووە، پێش مردنی وەسیەتی کردبوو ئەبووبەرزەی ئەسلەمی نوێژی لەسەر بکات، وەسیەتەکەشی پەیڕەو کرا،[2] رایەکیش دەڵێت لە ساڵی شەست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

## عەبدوڵای کوڕی موغیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی موغیرەیەو لە مەککە موسڵمان بوو و دواتر کۆچی کرد بۆ حەبەشە.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 409.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 410.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 242.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 244.

## عەبدوڵای کوڕی میربەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی میربەعە، لە پشتیوانانە، برایەکیشی هەبوو بە ناوی عەبدوڕەحمان کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام باوکیان لە دووڕووەکان بوو، عەبدوڵا لە غەزای ئوحودو خەندەق و هەموو غەزاکانی تریشدا بەشداری کرد، پاش وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و بەشداری جەنگەکانی کرد و لە جەنگی جیسر ئەبی عوبەیدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

## عەبدوڵای کوڕی مینقەر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی مینقەری قەیسیە، سەرەتا ناوی عەبدولحارث بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[2]

## عەبدوڵای کوڕی نەضلە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نەضلەی کوڕی مالیکە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر، دواتریش لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 227.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 247.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 416.

### عەبدوڵای کوڕی نوعەیم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نوعەیمی ئەشجەعیەو ڕێنیشاندەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو بەرەو خەیبەر.[1]

### عەبدوڵای کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی نوعمانی کوڕی بولدومەیە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر و ئوحودیش.[2]

### عەبدوڵای کوڕی هەیشە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هەیشەی کوڕی نوعمانە، لە پشتیوانانە لە سولەمیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[3]

### عەبدوڵای کوڕی هوبەیب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هوبەیبەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەرو تیایدا شەهید بوو، هەرچەندە رایەك دەڵێت لە ئوحوددا بەشدار بووەو تیایدا شەهید بووە، بەڵام ئیبن حەجەر ئەوەی پێ ڕاستترە کە لە خەیبەردا شەهید بووە.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 251.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 251.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 258.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 254.

## عەبدوڵای کوڕی هیشام (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی هیشامی کوڕی زوهرەی تیمیەو خۆی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون، عەبدوڵا لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) منداڵ بوو و لە ساڵی چوارەمی کۆچیدا لەدایك بوو، تا سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیان ژیا.[1]

## عەبدوڵای کوڕی وائیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وائیلی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، دواتریش لە هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد.[2]

## عەبدوڵای کوڕی وەقدان (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەقدانی قورەیشیە، بە باوکی دەوترا سەعدی چونکە لەناو بەنی سەعددا گەورە بوو، عەبدوڵا وەك ئەندامێکی وەفدی بەنی سەعد هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، عەبدوڵا دەڵێت من لە دوای هەموویانەوە چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەی هیجرەت کۆتایی دێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا تنقطع الهجرة ما قوتل الكفار)،[3] (هیجرەت کۆتایی نایەت تا کاتێك جەنگی بێباوەڕان بکرێت).

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 255.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 423.

3 - السنن الكبرى للنسائي، الرقم 7537، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن النسائي، الرقم 4172.

عەبدوڵا دواتر چوو لە مەدینە نیشتەجێ بوو، دوای ئەوە چوو لە ئەردەن نیشتەجێ بووو لەوێ مایەوە، رایەك دەڵێت لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا کۆچی دوایی کرد، رایەکیش دەڵێت لە ساڵی پەنجاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەهبی دەوسیە، کوڕێکی هەبوو بە ناوی حارث کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهریە، لەفەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد.[3]

عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکری صدیقە، ئەبووبەکری باوکیشی ناوی عەبدوڵایەو هاوەڵی هەرەنزیکی پێغەمبەر (ﷺ) و خەلیفەی یەکەمی باوەڕدارانە، عەبدوڵا برای ئەسمائی کچی ئەبووبەکرە، دایکی ناوی قوتەیلەیە.[4]

کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبووبەکر کۆچیان کرد بەرەو مەدینە، عەبدوڵا دەچوو هەواڵی قوڕەیشیەکانی دەبرد بۆیان، ئەوکات گەنجێك بوو، دواتر عەبدوڵا لە

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 113.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 264.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 266.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 305.

غەزاکاندا بەشداری کردووەو لە هەریەك لە غەزاکانی فەتحی مەککەو حونەین و تائیفدا بەشداری کرد و بریندداریش بوو، ئەو برینەی مایەوە تا لە سەردەمی خیلافەتی باوکیدا لە مانگی شەووالی ساڵی یانزەی کۆچیدا وەفاتی کرد، دەوترێت چل شەو پاش وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵاش وەفاتی کرد، هەریەك لە عومەر و طەلحەو عەبدوڕەحمانی برای دابەزینە ناو گۆڕەکەی.[1]

ژنەکەی ناوی عاتیکەی کچی زەید بوو، عەبدوڵا بە عاتیکەی وت باخەکەم بۆ تۆ، بەڵام دوای مردنم شوو مەکەرەوە، ئەویش رازی بوو،[2] ئەوەبوو کە عەبدوڵا مرد و ماوەی عیدەی عاتیکە تەواو بوو، عومەری کوڕی خەططاب داوای کرد، پێیشی وت ئەوەی خوا بۆی حەڵاڵ کردویت تۆ لە خۆتت حەرام کردووە، باخەکە بگێڕەوە بۆ خاوەنەکەی و شوو بکە، عاتیکەش وایکرد و شووی کرد بە عومەری کوڕی خەططاب.[3]

کاتێك پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد عەبدوڵا کفنێکی بۆ کڕی بە حەوت دینار، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەو کفنە کفن نەکرا، بۆیە عەبدوڵا هەڵیگرت بۆ خۆی، کاتێك سەرەمەرگی هات، وتی بەوە کفنم مەکەن، چونکە ئەگەر خێری تێدا بوایە پێغەمبەری خوای(ﷺ) پێی کفن دەکرا، کاتێکیش وەفاتی کرد باوکی نوێژی لەسەر کرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 27-28.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 28.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص 265.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 305.

عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهم (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهمی قورەیشی عەدویە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، بەشداری غەزاکان بوو و لە فتووحاتدا بەشداری کرد، لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.**[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەد (رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەدی ئەسلەمیە، خۆیشی و باوکیشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون.**

**ئەم هاوەڵە یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، لە غەزای خەیبەردا بەشداری کرد.**

**کەعبی کوڕی مالیك دەڵێت قەرزێکم لای عەبدوڵا بوو، کە گەیشتم پێی کەوتینە قسەو دەمەبۆڵە کەوتە نێوانمان تا دەنگمان بەرزبوویەوە، پێغەمبەر (ﷺ) دای بە لاماندا و بە دەستی ئاماژەی بۆ کردم وەك ئەوەی بفەرموێت نیوەو فەرمووی ئەی کەعب، منیش نیوەیم وەرگرت و وازم لە نیوەکەی هێنا.**[2]

**عەبدوڵا دەڵێت جارێك پێغەمبەر (ﷺ) ئێمەی بە سریەیەك نارد و لە رێدا گەیشتین بە عامیری کوڕی ئەضبە ط، سەلامی موسڵمانانەی کرد، بەڵام موحەللەمی کوڕی جەثثامە هەڵیکوتایە سەری و کوشتی، ئینجا وشترەکەی و برێك شتی برد، کە**

1 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 44.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2314، صحيح مسلم، الرقم 2996، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 5788، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 10551، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15486، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 15924.

چووینەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و مەسەلەکەمان بۆ باسکرد، ئەوەبوو ئایەتی قورئان دابەزی (يا أيها الذين آمنوا إذا ضربتم في سبيل الله فتبينوا...).[1]

عەبدوڵا لە تەمەنی هەشتاو یەك ساڵی و لە ساڵی حەفتاو یەکی کۆچیدا وەفاتی کرد،[2] واتە کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کردووە بۆ مەدینە، تەمەنی نزیکەی دە ساڵان بووە.

### عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالیدی کوڕی قەیسە، لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان، عەبدوڵا یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەندەق و تیایدا شەهید بووە.[3]

### عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولیە، رایەك هاتووە کە ئەم هاوەڵە یەکێك بووە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

1 - مسند احمد بن حنبل، الرقم 23241، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 16989، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 36333،
2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6484،
3 - أسدالغابة، ج3، ص 225.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 75.

عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعە(رضي الله عنه)

**ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعەیە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمانە، دایکی ناوی ئەسمائی کچی مەخرەمەیە، عەبدوڵا برایەکی هەبوو بە ناوی عەییاشی کوڕی ئەبی رەبیعە کە ئەویش هاوەڵێکی ناسراوی پێغەمبەری خوایە(ﷺ).[1]**

**سەرەتا ناوی بەحیر بوو، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی بە عەبدوڵا.**

**لەپێش غەزای حونەیندا پێغەمبەر (ﷺ) نزیکەی سی یان چل هەزاری لە عەبدوڵا بە قەرز وەرگرت، کە پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزای حونەین گەڕایەوە، فەرمووی کوڕەکەی ئەبی رەبیعەم بۆ بانگ بکەن، عەبدوڵا هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چەندت دانابوو—قەرزت دابوو— هەڵیگرەوە، خوا بەرەکەت بخاتە سامان و منداڵتەوە).[2]**

**عەبدوڵا کاربەدەستی بەردەم پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە یەمەن و لە سەردەمی ئەبووبەکریشدا لەوێ مایەوە،[3] لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابیشدا والی یەمەن بوو،[4] لە سەردەمی خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا لە هەمان پۆستدا**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 79.

2 - السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 10257 و اللفظ له، سنن ابن ماجة، الرقم 2421، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6090، مسند احمد بن حنبل، الرقم 16089، صححه شعيب الأرناؤوط، كما صححه الألباني.

3 - أسد الغابة، ج3، ص 236.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص 444.

مایەوە، بەڵام کاتێك عوثمان گەمارۆ درا، عەبدوڵا کەوتەڕی بۆ پشتیوانی کردنی، لە نزیك مەککە بوو کە لەسەر سوارەکەی کەوتەخوارەوەو بەو هۆیەوە مرد.[1]

## عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە یان ئەبی سەقبەیە، عەبدوڵا دەڵێت جارێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەسەر گوێدرێژەکەی بوو، منیش باوەشم کرد بە گوێدرێژەکەدا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە قامچیەکەی تێیخوڕیم، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) تۆڵەم دەوێت، ئەویش قامچیەکەی دایە دەستم، منیش قاچیم ماچکرد.[2]

## عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوف(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوفی بەجلیە، وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و ئەوکات ناوی عەبدشەمس بوو، بەڵام پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدوڵا.[3]

## عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەرب(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەربەو وەك وەفد هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم).[4]

---

1 - أسد الغابة، 3، ص 236.

2 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 136.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 204.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 217.

عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیل(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیلە، لە پشتیوانانەو یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی عەلقەمەی کوڕی خالیدەی ئەسلەمیە، کونیەکەی ئەبووموعاویە یان ئەبووئیبراهیم یان ئەبوموحەممەدە، هەم خۆی و هەم عەلقەمەی باوکیشی کە بە ئەبووئەوفا ناسراوە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوون.[2]

عەبدوڵا یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە، لە بەیعەتی ریضواندا بەشدار بوو،[3] لە غەزای حونەینیشدا بەشداری کرد.[4]

عەبدوڵا دەڵێت لە حەوت یان شەش غەزادا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بەشدار بووین و تیایدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) کوللەمان دەخوارد.[5]

عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیاو لە کاتی دەرکەوتنی خەواریجەکاندا لە جیهادی دژ بە خەواریجەکاندا بەشدار بوو.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 242.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 18.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج2، ص 98.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 18.

5 - صحيح البخاري، الرقم 5182، صحيح مسلم، الرقم 3704، صحيح ابن حبان، الرقم 5333،

6 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 18738.

عەبدوڵا دواتر لە کوفە نیشتەجێ بوو، لە دوایییەکانی ژیانیدا بینایی لەدەستدا، دواجار لە ساڵی هەشتا یان هەشتاو شەش یان هەشتاو حەوتی کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڵا فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە.

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کاتی غەزایەکیدا وەستا تا خۆر کەج بوو، دواتر هەستاو وتاری فەرموو بۆ خەڵکەکەو فەرمووی(أيها الناس لا تتمنوا لقاء العدو و سلوا الله العافية، فإذا لقيتموهم فاصبروا، واعلموا أن الجنة تحث ظلال السيوف)،[2] (ئەی خەڵکینە ئاوات مەخوازن بەرنگاری دوژمن ببنەوە، بەڵکو داوای عافیەت لە خوا بکەن، ئەگەریش گەیشتن بە دوژمن و بەرنگاربوونەوە لەگەڵیان، ئەوە خۆڕاگر بن، بشزانن بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکاندایە).

## عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییە(ﷺ)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەیە، برای ئوممومسەلەمەیە، دایکی ناوی عاتیکەی کچی عەبدولموتەلیبە، واتە پوورزای پێغەمبەری خوایە(ﷺ)، عەبدوڵا سەرەتا نەیارێکی سەرسەختی موسڵمانان بوو، بەردەوام دژایەتی دەکرد تا فەتحی مەککە کرا، کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ فەتحی مەککە، عەبدوڵا هاودەم بە ئەبووسوفیان بەرەو مەدینە چوون و لەرێدا گەیشتن بە پێغەمبەر (ﷺ)، داوایان کرد بچن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) رازی نەبوو، دواتر ئوممومسەلەمە سەبارەت بەوان قسەی کرد لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەر

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 18.

2 - صحيح البخاري، الرقم 2825، صحيح مسلم، الرقم 3363، سنن أبي داود، الرقم 2275.

(ﷺ) مۆڵەتی دا بێنەژوورەوە، ئەوانیش هاتنە ژوورەوەو موسڵمان بوون، موسڵمانبوونەکەشیان دروست بوو و عەبدوڵا بۆ فەتحی مەککە لەناو سوپای موسڵماناندا مایەوەو دواتریش بەشداری هەریەك لە غەزاکانی حونەین و طائیفی کرد، لەو غەزایەدا تیرێکی بەرکەوت و کوشتی.[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی ئەسەدی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی کوڕی وەهبی ئەسەدیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای حونەین و تیایدا شەهید بوو.[2]

عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعاء (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعائی تەمیمی یان عەبدیە، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی(بە دڵنیاییەوە بە شەفاعەتی یەك کەس لە ئوممەتەکەم خەڵکێك کە زیاترن لە بەنوتەمیم دەچنە بەهەشتەوە)، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جگە لە تۆیە؟ فەرمووی جگە لە منە.[3]

1 - أسد الغابة، ج3، ص 177.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 14.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 4314، سنن الترمذي، الرقم 2421 و قال حسن صحيح غريب، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15552، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6713، صححه شعيب الارناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 4316.

عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمساء (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمسائی عامیریەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەدرەع(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەدرعەو باوکی بە ئەبوحەبیبە ناسراوە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی حودەیبیە.[2]

عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەرقەمی کوڕی عەبدیەغووثی قورەیشی زوهریە، دایکی ناوی ئومەیمەی کچی حەربە.[3]

عەبدوڵا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، نووسەری بەردەستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هێندە متمانەی هەبوو بە عەبدوڵا، کە داوای دەکرد نامەی بۆ بنووسێت بۆ پاشاکان، عەبدوڵایش نامەکەی دەنووسی و بە مۆرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) مۆری دەکرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دەکرد نامەکە بنێردرێت بێ ئەوەی بخوێنرێتەوە، چونکە تەواو متمانەی هەبوو بە عەبدوڵا.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 63.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 53.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 172.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 4.

پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی خەیبەر پەنجا کۆڵ خورمای پێ بەخشی.[1]

دوای وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵا نووسەری بەردەستی ئەبووبەکر و عومەری کوڕی خەططابیش بوو، دواتر عومەری کوڕی خەططاب کردی بە بەرپرسی بەیتولمال.[2]

جارێك عەبدوڵا وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران لە جلوبەرگ و زێڕو زیو و قاپ و قاچاخی جەلەولاء زۆرمان لایە، دەڵێیت چی لێ بکەین؟ عومەر وتی کاتێ بینیت دەستبەتاڵ بووم لێم دووبارە بکەرەوە، رۆژێك عەبدوڵا بینی خەلیفە دەرفەتی هەیە، هەمان پرسیاری لێکردەوە، عومەر وتی راخەرێکم بۆ بهێنە، بۆی هێنا، هەمووی هەڵڕژێنرایە سەر راخەرەکە، پاشان عومەر وتی خوایە خۆت فەرمووتە(زين للناس حب الشهوات من النساْ و البنين و القناطير المقنطرة من الذهب و الفضة)، خۆیشت فەرمووتە (لكيلا تأسوا على ما فاتكم و لا تفرحوا بما اتاكم)، خوایە ئێمە ناتوانین دڵخۆش نەبین بەوەی بۆت رازاوە کردوین، خوایە دەی وام لێبکە لە حەقدا ئەمە خەرج بکەم و پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی ئەم سامانە.[3]

لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففانیشدا عەبدوڵا بەرپرسی بەیتولمال بوو،[4] بەڵام داوای کرد لە خەلیفە تا ئەو پۆستە بە کەسێکی تر راسپێرێت، خەلیفەش رازی

1 - أسد الغابة، ج3، ص 172.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 4.

3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 33119.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 4.

بوو،[1] خەلیفە بڕی سی هەزار یان بە پێی گێڕانەوەیەکی تر سێ سەد هەزار بەخششی بۆ نارد، بەڵام عەبدوڵا وەرینەگرت و وتی من لەبەر خوا کارم کردووە،[2] دواتر عەبدوڵا بینایی لەدەستدا،[3] دواجار عەبدوڵا لە خیلافەتی عوثماندا کۆچی دوایی کرد.[4]

ئومموزیاد دەڵێت لە خیلافەتی عوثماندا بوو کە چووم بۆ لای عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم و ئەویش وتی بۆچی هاتویت؟ وتم بۆ ئەوەی کە خەڵك بۆی هاتوە؟ عەبدوڵا وتی بۆچی ئازادکراویت—چونکە کۆیلە بووم—؟ وتم نا، عەبدوڵا کەسێکی نارد بۆ ماڵی خۆیان و جلێکی بۆ هێنام و لە صەدەقە هیچی پێ نەدام لەبەر ئەوەی ئازاد نەبووم.[5]

عومەری کوڕی خەططاب دەیوت کەسم نەدیوە هێندەی عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم لەخواترس بێت.[6]

## عەبدوڵای کوڕی یەزید (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی یەزیدی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) تەمەنی بچووك بوو، کاتێك لە بەیعەتی ریضواندا ئامادەیی هەبوو هێشتا منداڵ بوو.[7]

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 172.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 4.
3 - أسد الغابة، ج3، ص 172.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 4.
5 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 10472.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 172.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 267.

عەبدوڵای کوڕی ئەسلەم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەسلەمی کوڕی زەیدە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان.[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەسوەدی کوڕی شوعبەیی سدووسیە، چووەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، عەبدولا دەڵێت وەك وەفدی سدووس چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و خورمامان بەدیاری بۆ هێناو خستمانە بەردەستی.[2]

عەبدوڵای کوڕی ئەصرەم (رضي الله عنه)

ناوی عبدوڵای کوڕی ئەصرەمە، سەرەتا ناوی عەبدعەوف بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ناوت چیە؟ وتی ناوم عەبدعەوفە، فەرمووی بەڵکو ناوت عەبدوڵایە، عەبدولا موسڵمان بوو.[3]

عەبدوڵای کوڕی ئەقرەم (رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەقرەمی کوڕی زەیدلی خوزاعیە، عەبدولا دەڵێت لەگەڵ باوکم بووم کە بینیم پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 7.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 8.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 9.

4 - سنن ابن ماجة، الرقم 877، سنن الترمذي، الرقم 259، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 16081، المستدرك على الصحيحين، الرقم 775، صححه الذهبي في التلخيص، كما صححه شعيب الأرناؤوط، صححه الألباني في صحيح و ضعيف سنن ابن ماجة، الرقم 881.

عەبدوڵای کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەوسی کوڕی حوذەیفەیە، وەك ئەندامێکی وەفدی ثەقەفیەکان چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

عەبدوڵای کوڕی ئەوسی ئەنصاری(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەوسی کوڕی قەیظیە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود.[2]

عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی خەلەفی قورەیشی جومەجیە، لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیاو لە جەنگی جەمەلدا کوژرا.[3]

عەبدوڵای کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئومەییەی کوڕی زەیدە، لە پشتیوانانە، یەکێکە لە بەشداربوانی ئوحود.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 18.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 18.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 3.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 11.

### عەبدوڵای کوڕی ئونەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئەنیسی سولەمیە، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و شەهید بوو.[1]

### عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنی(رضي الله عنه)

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنیەو کونیەکەی ئەبوویەحیایە.[2]

عەبدوڵا یەکێك بوو لە بەشداربوانی بەیعەتی عەقەبە،[3] لە غەزای بەدرو ئوحود و خەندەق و غەزاکانی دواتریشدا بەشدار بوو.[4]

عەبدوڵا یەکێك بوو لەوانەی کە پاش موسڵمانبوونی لە مەدینە کەوتنە شکاندنی بتەکانی بەنی سەلەمە.[5]

عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(أريت ليلة القدر، ثم أنسيتها، وأراني صبحها أسجد في ماء وطين)، (شەوی قەدرم پێ نیشان درا، دواتر لەبیرم کرد، بەرەبەیانەکەیم پێ نیشان درا لەنێو ئاوو قوڕدا سوجدە دەبەم)، جا ڕۆژی بیست و سێی ڕەمەزان باران باری و پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بۆ کردین و دواتر شوێنەواری ئاو و قوڕ بە تەوێڵیەوە دیار بوو.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 15.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 16.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 16.
4 - أسد الغابة، ج3، ص 178.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 16.
6 - صحيح مسلم، الرقم 2071.

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) عەبدوڵای بە تەنها نارد بۆ کوشتنی خالیدی کوڕی نوبەیح، عەبدوڵا دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد بۆ کوشتنی خالید چونکە بیستبووی خەریکە سوپا دژی پێغەمبەر (ﷺ) پێکەوە دەنێت، فەرمووی بڕۆ بیکوژە، منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەسفی بکە بۆم، ئەویش وەسفی کرد بۆم، منیش چووم و کە گەیشتمە لای کاتی نوێژی عەسر بوو، وتم نەوەك لە نوێژەکەم بکات، نوێژەکەم کرد و رووەو ئەویش ئاماژەم دەکرد و دەچووم تا گەیشتمە لای، هەموو سیفەتەکانم تێدا بەدیکرد، ماوەیەك لەگەڵی چووم بەڕێدا، وتی تۆ کێیت؟ وتم عەرەبێکم و بیستوومە خەریکیت سوپا پێکەوە دەنێیت دژ بەو کابرایە، منیش بۆ ئەوە هاتوم بۆ لات، ئەویش وتی وایە، منیش لە دەروونی خۆمدا وتم دەیبینیت چیت بەسەر دێت، ماوەیەك چووم تا دەرفەتم بۆ بوو و کوشتم، ئینجا هاتمەوە بۆ مەدینەو بەسەرهاتەکەم بۆ پێغەمبەر (ﷺ) باسکرد،ئەویش داردەستێکی پێبەخشیم، منیش بەو داردەستەوە لای دەرچووم، هاوەڵانم وتیان ئەوە چیە پێغەمبەر (ﷺ) پێی بەخشیویت؟ وتم داردەست، وتیان چی پێ دەکەیت؟ بۆ نەتپرسی بۆچی پێی بەخشیویت؟ بڕۆ و پرسیاری لێ بکە، منیش گەڕامەوەو پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ)، فەرمووی ئەوە هێمای نێوان من و تۆ بێت لە رۆژی دواییدا، کەمترین کەسانی ئەو رۆژە گاڵۆك بەدەستانن، ئیتر عەبدوڵا بەردەوام ئەو گاڵۆکەی بەستبوو بە شمشێرەکەیەوەو تا مرد لە خۆی جودا نەدەکردەوە، کە سەرەمەرگی هات وەسیەتی کرد داردەستەکەی لەگەڵ کفن بکەین، بۆیە خرایە ناو کفنەکەیەوە.[1]

---

1 - صحيح ابن خزيمة، الرقم 926، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 15731.

عەبدوڵا دوای وەفاتی پێغەمبەریش () ژیاو لە ساڵی حەفتا و چواری کۆچیدا وەفاتی کرد.[1]

عەبدوڵای کوڕی ئیسحاق()

ناوی عەبدوڵای کوڕی ئیسحاقە، چوویە خزمەت پێغەمبەری خوا () و لە نزیکیەوە بوو و جارێك پێی پێکرا و دەشەلی، بۆیە پێغەمبەر () بە ئەعرەج ناوی برد.[2]

عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدی()

ناوی عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدیەو لە جەنگی یەمامەدا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[3]

عەبدوڵای ئەقمەر ()

ناوی عەبدوڵای کوڕی عوبەیدەو بە عەبدوڵای ئەقمەر ناسراوە، لە فەتحی مەککەدا هاودەم بە باوکی موسڵمان بوو، دوای وەفاتی پێغەمبەریش () ژیاو لە جەنگی ئەجنادەیندا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[4]

---

1 - أسد الغابة، ج3، ص 179.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 5.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 29.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 164.

## عەبدولجەبباری کوڕی حارث(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولجەبباری کوڕی حارثە، عەبدولجەببار دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و فەرمووی ناوت چیە؟ وتم ناوم جەبباری کوڕی حارثە، فەرمووی بەڵکو تۆ عەبدولجەبباریت.[1]

عەبدولجەببار گەڕایەوە بۆ ناو هۆزەکەی و دواتر هەمدی چوویەوە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وبەشداری غەزاکانی دەکرد و لە غەزایەکدا شەهید بوو.[2]

## عەبدولعەزیزی کوڕی بەدر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدولعەزیزی کوڕی بەدری کوڕی زەیدی جوهەنیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عبدولعەزیز.[3]

## عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرە(رضي الله عنه)

ناوی عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرەیە، سەرەتا ناوی عەبدولعوززا بوو، بەڵام کە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی گۆڕی و ناوی نا عەبدولعەزیز، دواتر لە میصر نیشتەجێ بوو.[4]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 1378.

2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الاصبهاني، الرقم 3443.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 375.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 375.

### عەبدولقوددوس (رضي الله عنه)

ناوی عەبدولقوددوسی ئیسرائیلیەو گەنجێکی جوولەکە بوو، کاتێك نەخۆش کەوت و لە سەرەمەرگدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ سەردانی و داوای لێکرد موسڵمان بێت، ئەویش رای باوکی ویست، باوکی کە جوولەکە بوو پێی وت گوێ لە موحەممەد بگرە، ئەوەبوو ئەو گەنجە موسڵمان بوو و بە موسڵمانی کۆچی دوایی کرد.[1]

### عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبووبەکر (رضي الله عنه)

ناوی عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبووبەکرەو هاودەم بە تەمیمی داری چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

### عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدولموطەلیب یان موطەلیبی کوڕی رەبیعەیە، دایکی ناوی ئوممولحەکەمی کچی زوبەیری کوڕی عەبدولموطەلیبە، فەرموودەی لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، دوای سەردەمی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا چوو بۆ شام و لەوێ مایەوە تا لە ساڵی شەست و دووی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 379.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 383.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 380.

جارێك ڕەبیعە هاودەم بە عەبباسی مامی پێکەوە قسەیان دەکرد، وتیان خۆزگە ئەم دوو کوڕەی خۆمان دەنارد، واتە (عەبدوڵای کوڕی عەبباس و عەبدولموطەلیبی کوڕی ڕەبیعە) بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا سەرپەرشتی کۆکردنەوەی ئەو زەکاتەی بسپاردایە بەوان، ئیتر خەڵکی چی دەستکەوتایە ئەوانیش دەستیان دەکەوت و خەڵکی چی ببەخشیایە ئەوانیش دەیانبەخشی لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبوو طالیب هات و ئەوانیش مەسەلەکەیان بۆ باس کرد، عەلی وتی شتی وا مەکەن چونکە سوێند بەخوا پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ناکات، بەڵام ڕەبیعە کەناری گرت لێی و پێی وت بەخوا لە حەسوودیتەوەیە وا دەڵێیت، تۆ بوویت بە زاوای پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە حەسوودیمان پێ نەبردیت، عەلی وتی دەی بیاننێرن، ئینجا عەلی ڕاکشا، ئەوەبوو ئەو دوانە چوون، دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد عەبباس و هاوڕێکەی چوون بۆ ژوورەکەی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (ئەوەی لە ناختاندایە دەریبڕن)، ئەوکات پێغەمبەر (ﷺ) لە ماڵی زەینەبی کچی جەحش بوو، عەبدولموطەلیب دەڵێت: هەریەکەمان چاوەڕێ بووین ئەوی ترمان قسە بکات، دواجار یەکێکمان قسەی کرد و وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ چاکترین و خزم دۆستترین کەسیت، بیستوومانە هاوسەرگیریت کردووە، جا هاتوین تا هەندێ لە کۆکردنەوەی زەکات بسپێریتە دەستمان، ئیتر ئێمەش وەك ئەو خەڵکە ماف و ئەرکەکان بەجێ دەگەیەنین، پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوو و لەولاشەوە زەینەبی خێزانی بە ئاماژەی چاو پێی دەوتین هیچی پێ مەڵێنەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد إنما هي اوساخ الناس)،[1] (زەکات بۆ بنەماڵەی موحەممەد ڕەوا نیە، بەڵکو زەکات پاشماوەی چڵکی دەستی خەڵکە).

---

1 - صحيح مسلم، الرقم 1849.

## عەبدی كوڕی زەمعە (رضي الله عنه)

ناوی عەبدی كوڕی زەمعەی كوڕی ئەسوەدە، لە موسڵمانبوانی فەتحی مەككەیە.[1]

## عەبدی كوڕی قەووال (رضي الله عنه)

ناوی عەبدی كوڕی قەوواڵە، لە پشتیوانانە، یەكێكە لە بەشداربوانی غەزای ئوحود، لە غەزای طائیفدا شەهید بوو.[2]

## عەبیدەی كوڕی صەیفی (رضي الله عنه)

ناوی عەبیدەی كوڕی صەیفی جوهەنیە،[3] بەڵام ئەبوونوعەیم بە عوبەیدە ناوی دێنێت،[4] ئەم هاوەڵە كۆچی كردووە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و داوای نزای خێری لێكردووەو ئەویش نزای بۆ كردووە.[5]

## عەتتابی كوڕی سولەیم (رضي الله عنه)

ناوی عەتتابی كوڕی سولەیمی كوڕی قەیسی قورەیشی تەیمیە، لە فەتحی مەككەدا موسڵمان بوو، لە جەنگی یەمامەدا بەشداری كرد و تیایدا شەهید بوو.[6]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 386.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 388.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 427.
4 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4293.
5 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4293.
6 - أسد الغابة، ج3، ص 576.

عەتتابی کوڕی شومەیر (رضي الله عنه)

ناوی عەتتابی کوڕی شومەیرە، عەتتاب دەڵێت چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من باوکێکی پیر و مامێکم هەیە، دەچم بۆ لایان بەڵکو موسڵمان بن و بیانهێنم بۆ لات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر موسڵمان بوون ئەوە چاکە بۆیان، ئەگەریش موسڵمان نەبوون ئەوە ئیسلام پان و فراوانە).[1]

عەتتابی کوڕی ئەسید(رضي الله عنه)

ناوی عەتتابی کوڕی ئەسیدی کوڕی ئەبیلعیصی کوڕی ئومەییەی ئومەویە، کونیەکەی ئەبووعەبدوڕەحمان یان ئەبووموحەممەدە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە،[2] کە پێغەمبەر (ﷺ) چوو بەرەو حونەین عەتتابی وەك بەرپرسی مەککە دانا، رایەکیش دەڵێت بەڵکو پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە طائیف عەتتابی وەك بەرپرسی مەککە دانا و تا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد هەر والی ئەوێ بوو، لەو کاتەی ئەو پۆستەی وەرگرت تەمەنی بیستو ئەوەندە ساڵ دەبوو، دواتر کە ئەبووبەکری صدیق بوو بە خەلیفە، ئەوی لە پۆستەکەی هێشتەوە تا ئەبووبەکریش وەفاتی کرد، دواتریش تا ساڵی بیست و دووی کۆچی لەو پۆستەی مایەوە و لەو ساڵەدا وەفاتی کرد.[3]

---

1 - المعجم الكبير للطبراني، الرقم 14274، مسند ابن أبي شيبة، الرقم 676، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4979.

2 - أسد الغابة، ج3، ص 575.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 429-430.

عەططاب دەیوت کە پێغەمبەر (ﷺ) منی کرد بە بەرپرس تەنها دوو جلم دەستکەوتووە، کەستان نەڵێت عەططاب فلانە شتی بردووە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەر رۆژێك دوو درهەمی بۆ بڕیومەتەوە، جا خوا سکێك تێر نەکات ئەگەر رۆژی بە دوو درهەم تێر نەبێت.[1]

عەثامەی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەثامەی کوڕی قەیسی بەجلیە، عەثامە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو (نحن أحق بالشك من إبراهيم و يغفر الله للوط لقد كان يأوي إلى ركن شديد)،[2] (ئێمە لە ئیبراهیم شیاوترین بە گومان، خوا لە لووط خۆش بێت کە خۆی دەدایە پاڵ پایەیەکی پتەو).

عەجرای کوڕی ماتع(رضي الله عنه)

ناوی عەجرای کوڕی ماتعەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا و لە فەتحی میصردا بەشداری کرد.[3]

عەداسی خزمەتکاری شەیبە(رضي الله عنه)

ناوی عەداسەو خزمەتکاری شەیبەی کوڕی رەبیعە بوو، خەڵکی نەینەوا بوو کە سەر بە موصڵ بوو، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ طائیف و لەوێ ئازار درا،

1 - أسد الغابة، ج3، ص 576.

2 - مسند الشاميين للطبراني، الرقم 2472، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 5051.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 464.

لەکاتی گەڕانەوەیدا عەداس چاوی کەوت بە پێغەمبەر (ﷺ) و چووە خزمەتی و بە فەرمانی گەورەکەی برێك ترێی برد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، کە گوێی لێگرت و زانی پێغەمبەرە(ﷺ)، خۆی دا بەسەریدا و ماچی دەکرد، هەر لەوێ بڕوای پێ هێنا.[1]

عەدائی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

ناوی عەدائی کوڕی خالیدی عامیریەو لە دوای غەزای حونەین هاودەم بە باوکی و حەرمەلەی برای چووە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[2]

عەددی کوڕی حاتەم (رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی حاتەمی وڕی عەبدوڵای طائیە، باوکی کە حاتەمی طائی بوو ناسراوترین کەس بوو بە بەخشندەیی، عەددی پێشتر مەسیحی بوو، لە ساڵی نۆ یان دەیەمی کۆچیدا موسڵمان بوو و لەسەر موسڵمانێتیەکەی مایەوەو لە کاتی هەڵگەڕانەوەی سەردەمی ئەبووبەکریشدا لەسەر ئیسلامەتی سەقامگیر بوو، بەشداری فتووحاتی عێراقی کرد و دواتر چوو لە کووفە نیشتەجێ بوو، دواتر تا سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیب ژیا و لە جەنگی صفیندا لەناو سوپای عەلیدا بەشداری کرد، دواتر تا ساڵانی شەستی کۆچی ژیاو دوای ئەوە لە تەمەنێکی زۆردا وەفاتی کرد، دەوترێت تەمەنی نزیکەی سەد و بیست ساڵ بووە.[3]

کاتێك عەددی بیستی سریەکەی پێغەمبەر (ﷺ) دەچێت بۆ ناوچەکەیان، ژن و منداڵی کۆکردەوەو چوو بەرەو شام، بەڵام سەففانەی خوشکی جێهێشت و

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 467.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 466.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 469-470.

موسڵمانان بەدیلیان گرت، سەففانە موسڵمان بوو و گەڕایەوە بۆ لای عەددی و بەسەرهاتەکەی باسکرد بۆ عەددی، ئەویش هاودەم بە خوشکەکەی چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

عەددی دەڵێت کە هەواڵی هاتنی پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیست زۆر رقم لێی بوو، بۆیە چووم بۆ ناوچەی دەسەڵاتی رۆمەکان، لەوێیش زۆر لەو شوێنەم بێزار بووم، دواتر وتم با بچم بۆ لای ئەو کابرایە، ئەگەر درۆزن بوو پێی دەزانم و ئەگەریش راستگۆ بوو شوێنی دەکەوم، چوومەمەدینەو خەڵکەکە منیان ناسیەوەو وتیان عەدی کوڕی حاتەم هات، چوومە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی (ئەی عەددی کوڕی حاتەم موسڵمان بە پارێزراو دەبیت)، منیش وتم من ئاییی خۆم هەیە، فەرمووی من لە تۆ شارەزاترم بە ئایینەکەت، منیش بە سەرسوڕمانەوە وتم تۆ لە من شارەزاتریت بە دینی خۆم؟ ئەویش فەرمووی بەڵێ.[2]

لە جەنگی هەڵگەڕاوەکاندا کاتێك خالیدی کوڕی وەلید نزیك بوویەوە لە بەنی طەیئ عەددی کوڕی حاتەم هات بۆ لای و وتی سێ رۆژ مۆڵەتم بدە، چونکە ئەو خەڵکە دەترسن ئەگەر شوێن تۆ بکەون طولەیحە نێردراوەکەیان بکوژێت، خالیدیش مۆڵەتی دا، ئەوەبوو سێ رۆژەکە تەواو بوو، ئینجا عەددی بە پێنج سەد جەنگاوەرەوە هاتە لای خالید.[3]

1 - أسد الغابة، ج4، ص 11.

2 - أسد الغابة، ج4، ص 11.

3 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 318 – 319.

هەروەها لە فتووحاتی عێراقدا خالید لە چوونی بۆ عێراق سوپاکەی کرد بە سێ بەشەوە تا بە سێ رێگەی جیاوازدا بچن، موثەننا پێش خۆی چووبوو، عەددی کوڕی حاتەم و عاصمی کوڕی عەمریش لەلایەکی ترەوە، خالیدیش خۆی لە کۆتای سوپاکەوە کەوتەڕێ و وادەیەکی دانا تا لە یەك شوێندا کۆببنەوە.[1]

هەروەها هاودەم بە خالید چوو بەرەو شام و بەشداری هەندێ فتووحاتی کرد.[2]

لە سەردەمی خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبووطالیبدا بەشداری هەردوو جەنگی جەمەل و صفینی کرد و لەناو سوپای عەلیدا بوو و لە جەنگی جەمەلدا چاوێکی لەدەستدا، دواتریش لە کووفە مایەوە تا لە ساڵی شەست و هەشتی کۆچیدا لەوێ وەفاتی کرد.[3]

عەددی دەڵێت لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بووم کە دوو کەس هاتن بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای حاڵی خۆیان کرد، یەکێکیان سکاڵای هەژاری کرد و ئەویش سکاڵای چەتەی سەر رێی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أما قطع السبيل فإنه لا يأتي عليك إلا قليل، حتى تخرج العير إلى مكة بغير خفير، وأما العيلة فإن الساعة لا تقوم، حتى يطوف أحدكم بصدقته، لا يجد من يقبلها منه، ثم ليقفن أحدكم بين يدي الله ليس بينه وبينه حجاب ولا ترجمان يترجم له، ثم ليقولن له ألم أوتك مالا؟ فليقولن بلى، ثم ليقولن ألم أرسل إليك رسولا؟ فليقولن بلى، فينظر عن يمينه

1 - البداية والنهاية لابن كثير، ج6، ص 344.
2 - أسد الغابة، ج3، ص 12.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج6، ص 22.

فلا يرى إلا النار، ثم ينظر عن شماله فلا يرى إلا النار، فليتقين أحدكم النار ولو بشق تمرة، فإن لم يجد فبكلمة طيبة)،[1] (سەبارەت بە رێگری رێگە، ئەوە زۆر نابات تا بەبێ پەنا کاروان بەرێدەکەوێت بەرەو مەککە، سەبارەت بە هەژاریەکەش، قیامەت نایەت تا کەسی واتان هەیە زەکاتی خۆی دەگێرێت کەچی کەسی دەست ناکەوێت وەریبگرێت، دواتر هەرکەس لە ئێوە لەبەردەم خوادا دەوەستێت و نێوانی ئەو و خودا پەردەو وەرگێرێ نیە، دواتر خوا پێی دەفەرموێت مەگەر سامانم پێ نەدایت؟ دەڵێت با، دەفەرموێت مەگەر پێغەمبەرت بۆ نەنێردرا؟ دەڵێت با، ئینجا بە لای راست و چەپیدا تەماشا دەکات تەنها ئاگر دەبینێت، دەی هەرکامتان خۆتان بپارێزن لە دۆزەخ با بە لەتە خورمایەکیش بێت، ئەگەر ئەوەشی شك نەبرد ئەوە با بە وتەیەکی جوان بێت).

عەددی کوڕی حاتەم دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (من حلف على يمين، فرأى غيرها خيرا منها، فليأت الذي هو خير، و ليترك يمينه)،[2] (هەرکامتان سوێندێکی خوارد، دواتر بینی شتێکی تر چاکترە لەوەی سوێندی لەسەر خواردووە، با بچێت بۆ چاکترەکەو واز لە سوێندەکەی بهێنێت)، لە گێڕانەوەی تردا دەفەرموێت (کەفارەتی سوێندەکەی بدات).[3]

عەددی دەڵێت کاتێك چووینە خزمەت عومەری کوڕی خەططاب یەك یەك کەسەکان ناوی خۆیان دەبرد، منیش کە چوومە بەردەمی وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 1358، صحيح ابن حبان، الرقم 7482.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3202، صحيح ابن حبان، الرقم 4409.

3 - سنن ابن ماجة، الرقم 2105، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4592، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17900.

من ناناسیت؟ وتی با، کاتێك ئەوان بێباوەڕ بوون تۆ باوەڕت هێنا، کاتێك ئەوان پشتیان هەڵکرد تۆ هاتیت، کاتێك ئەوان ناپاکییان کرد تۆ وەفادار بوویت، کاتێك ئەوان نکوولْییان دەکرد تۆ راستت وت، منیش وتم دەی ئیتر باکم بە هیچ نیە.[1]

عەددی کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی رەبیعەی کوڕی عەبدولعوززایە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە.[2]

عەددی کوڕی سینان (رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی سینانی کوڕی سوبەیعە، لە پشتیوانانە لە بەنی نەججار، لە غەزای بەدر و ئوحود و خەندەق و هەموو غەزاکانی تردا بەشداری کرد، تا سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ژیا.[3]

عەددی کوڕی عەمیرە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی عەمیرەی کوڕی فەروەی کوڕی زورارەیە، کونیەکەی ئەبووزورارەیە، دوای شەهیدکردنی عوثمانی کوڕی عەففان عەددی بڕیاری دا مەدینە جێبهێڵێت و چوو بۆ کووفەو لەوێ مایەوە، رایەکیش دەڵێت چوو بۆ ناوچەی جزیرە، رایەکیش دەڵێت چوو بۆ شام و لەوێ مایەوەو لە ناوچەی رها نیشتەجێ بوو.[4]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 4142.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 474.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 474.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 476.

عەددی دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من استعملناه منكم على عمل، فكتمنا مخيطا، فما فوقه كان غلولا يأتي به يوم القيامة)،[1] (هەرکەس لە ئێوە بکەین بە کاربەدەست لە کارێکداو هەر لە دەزوویەکەوە تا زیاترمان لێ بشارێتەوە، لە رۆژی دواییدا بە ناپاکی و فێڵ دادەنرێت).

عەددی کوڕی قەیس(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی قەیسی سەهمیە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەین نزیکەی پەنجا وشتری پێ بەخشی و یەکێك بوو لە دڵراگیرکراوان.[2]

عەددی کوڕی موڕڕە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی موڕڕەی کوڕی سوراقەیبەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای خەیبەر و تیایدا شەهید بوو.[3]

عەددی کوڕی نەچلە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی نەضلە یان کوڕی نوضەیلەیە، زۆر زوو لە مەککە موسڵمان بوو، لە کۆچی حەبەشەدا بەشداری کرد و لەوێ مایەوەو وەفاتی کرد و نوعمانی

1 - صحيح مسلم، الرقم 3504، سنن أبي داود، الرقم 3127، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 17381.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 477.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 478.

کوڕی میراتی وەرگرت، بەوە بوو بە یەکەم کۆچەری حەبەشە کە میراتی لە ئیسلامدا جێهێشت.[1]

عەددی کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی نەوفەلی کوڕی ئەسەدی قورەیشی ئەسەدیە، برا بچووکی وەرەقەی کوڕی نەوفەل بوو، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەو لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەططابدا بەرپرسی حەضرەمەوت بوو.[2]

عەددی کوڕی عەبد سوائە(رضي الله عنه)

ناوی عددی کوڕی عەبدسوائەیە، چوویە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و وەفاتی کرد.[3]

عەدی کوڕی خەلیفە(رضي الله عنه)

ناوی عەددی کوڕی خەلیفەیە، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[4]

عەدیەی کچی سەعد(رضي الله عنها)

ناوی عەدیەی کچی سەعدە، لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[5]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 478.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 479.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 476.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 472.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص24.

عەرابەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ناوی عەرابەی کوڕی ئەوسە، لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، لە غەزای ئوحوددا ویستی بەشداری غەزاکە بێت، بەڵام لەبەر کەمی تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی گێڕایەوە.[1]

عەرفەجەی کوڕی شورەیح(رضي الله عنه)

ناوی عەرفەجەی کوڕی شورەیحی ئەشجەعیە، عەرفەجە دەڵێت بیستم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو (من أتاكم وأمركم جميع على رجل واحد، يريد أن يشق عصاكم، أو يفرق جماعتكم، فاقتلوه)،[2] (هەرکات لەسەر کەسێك کۆدەنگ بوون‌و کەسێك هات بۆ لاتان ویستی ریزتان پەرت بکات یان کۆدەنگیتان پەرت بکات ئەوە بیکوژن).

عەرفەجەی کوڕی ئەسعەد(رضي الله عنه)

ناوی عەرفەجەی کوڕی ئەسعەدە، لە سەردەمی نەفامیدا لە جەنگی کلابدا لووتی بەرکەوت و بڕا، ئینجا لە زیو لووتێکی دروست کرد بەڵام بۆگەنی دەکرد، بۆیە پاش موسڵمانبوونی پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی پێدا لووتێکی زێڕین بۆ خۆی دابنێت.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 481.

2 - صحيح مسلم، الرقم 3532.

3 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4990.

## عەزرەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه)

ناوی عەزرەی کوڕی مالیکەو هاودەم بە فەروەی برای هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بوو.[1]

## عەگییەی کوڕی بوسر (رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی بوسرە، عەطییە دەڵێت عەککافی کوڕی وەداعە هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەی عەککافە ئەریٚ ژنت هەیە؟ وتی نا، فەرمووی کەنیزەکیشت نیە؟ وتی نا، فەرمووی تەندروست و دەوڵەمەندیشیت؟ وتی بەڵیٚ، سوپاس بۆ خوا، فەرمووی (دەی کەوابیٚ تۆ لە برایانی شەیتانەکانیت، یان لە روهبانەکانی مەسیحیت تۆ لەوانیت، یان ئەگەر لە ئێمەیت ئەوە وەك ئێمە بکە، چونکە لە سوننەتی ئێمە هاوسەرگیریە، خراپترینتان زگورتیەکانتانن...).[2]

## عەطییەی کوڕی عەمر (رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی عەمرە، لە پشتیوانانەو لە رۆژی بیئر مەعوونەدا شەهید بوو.[3]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 497.

2 - مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6703، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 14983، شعب الإيمان للبيهقي، الرقم 5222، ضعفه حسين سليم أسد في مسند أبي يعلى الموصلي.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 511.

عەطییەی کوڕی عوروە (رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی عوروەی کوڕی سەعدە، یان دەوترێت کوڕی عەمر یان کوڕی قەیسە، دواتر لە شام نیشتەجێ بوو.[1]

عەطییەی کوڕی نوەیرە (رضي الله عنه)

ناوی عەطییەی کوڕی نوەیرەی کوڕی عامیرە، لە پشتیوانانە لە زورقیەکان، یەکێکە لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[2]

عەفرائی کچی سەکەن (رضي الله عنها)

ناوی عەفرائی کچی سەکەنەو دایکی ئەسعەدی کوڕی زورارەیە کە هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و پێشتر باسمان کردووە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

عەففانی کوڕی بوجەیر (رضي الله عنه)

ناوی عەففانی کوڕی بوجەیر یان کوڕی عیتری سولەمیە، دواتر لە حیمص نیشتەجێ بوو.[4]

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 511.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 512.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص26.

4 - أسد الغابة، ج4، ص 52.

### عەقرەبەی جوهەنی (رضي الله عنه)

ناوی عەقرەبەی جوهەنیەو باوکی بەشیرە کە ئەویش هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، عەقرەبە لە غەزای ئوحوددا بەشداری کرد و تیایدا شەهید بوو.[1]

### عەقرەبی کچی سەلامە(رضي الله عنها)

ناوی عەقرەبی کچی سەلامەیەو چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[2]

### عەقرەبی کچی موعاذ(رضي الله عنها)

ناوی عەقرەبی کچی موعاذی کوڕی نوعمانەو لە پشتیوانانە، چووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بەیعەتی پێداوە.[3]

### عەقیلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه)

ناوی عەقیلی کوڕی ئەبووطالیبی کوڕی عەبدمەنافی قورەیشی هاشمیە، برای عەلی کوڕی ئەبووطالیبی زاوای پێغەمبەر (ﷺ) و موژدەپێدراوی بەهەشت و چوارەم خەلیفەی موسڵمانانە، عەقیل تەمەنی لە عەلی زیاتر بوو، عەقیل ئامۆزای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، دایکی ناوی فاطیمەی کچی ئەسەدە.[4]

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 531.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 27.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص 27.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 42.

عەقیل لە غەزای بەدردا لەناو سوپای بێباوەڕاندا بەشداری کرد و بەدیل گیرا، هاودەم بەویش عەبباسی مامیشی بەدیل گیرا، جا پێغەمبەر (ﷺ) بە عەبباسی فەرموو ئەی عەبباس خۆت و عەقیلی برازات و نەوفەلی کوڕی حارث و عوتبەی هاوپەیمانت بە سامان ئازاد بکە، چونکە تۆ سامانت هەیە، ئەویش وایکرد.[1]

ئیبن سەعد دەڵێت عەقیل لە ساڵی هەشتی کۆچیدا کۆچی کرد بۆ مەدینەو موسڵمان بوو وبەشداری غەزای موئتەی کرد، دواتر نەخۆش کەوت.[2]

رایەك دەڵێت عەقیل پێش رێککەوتنی حودەیبیە موسڵمان بوو، بەڵام لە ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد.[3]

رایەکیش دەڵێت عەقیل بە بێباوەڕی مایەوە تا لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوو، دواتر لە غەزای حونەیندا بەشداری کرد و لە دەوری پێغەمبەری خوا (ﷺ) مایەوە.[4]

جارێك پێغەمبەر (ﷺ) بە عەقیلی فەرموو (ئەی ئەبوویەزید من دووجار تۆم خۆشدەوێت، خۆشەویستیەك لەبەر نزیکیت-خزمایەتیت-لێم و خۆشەویستیەك لەبەرئەوەی دەزانم مامم چەندە تۆی خۆشدەوێت).[5]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 13-14.

2 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج4، ص 43.

3 - أسد الغابة، ج4، ص 70.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 532.

5 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 6505، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 1435.

رایەك دەڵێت لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا وەفاتی کرد، ئیبن حەجەر دەڵێت بە سەنەدی صەحیح هاتووە کە لە سەرەتای دەسەڵاتی یەزیدی کوڕی موعاویەدا وەفاتی کردووە.[1]

عەکاشەی کوڕی ثەور (رضي الله عنه)

ناوی عەکاشەی کوڕی ثەوری کوڕی ئەصغەرە، کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو تا وەفاتی کرد.[2]

عەککافی کوڕی وەداعە(رضي الله عنه)

ناوی عەککافی کوڕی وەداعە[3] یان کوڕی بیشری تەمیمیە.[4]

جارێك عەککاف هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی ئەی عەککاف ئەرێ ژنت هەیە؟ وتی نا، فەرمووی کەنیزەکیشت نیە؟ وتی نا، فەرمووی تەندروست و دەوڵەمەندیشیت؟ وتی بەڵێ، سوپاس بۆ خوا، فەرمووی (دەی کەوابێ تۆ لە برایانی شەیتانەکانیت، یان لە روهبانەکانی مەسیحیت تۆ لەوانیت، یان ئەگەر لە ئێمەیت ئەوە وەك ئێمە بکە، چونکە لە سوننەتی ئێمە هاوسەرگیریە، خراپترینتان زگورتیەکانتان... ماڵت وێران عەککاف هاوسەر بگرە)،

---

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 531.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 533.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 535.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20897.

ئەویش وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەی ئافرەتێکم لێ مارە بکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (کەریمەی کچی کولثومی حیمیەری دەکەم بە هاوسەرت).[1]

### عەلائی کوڕی جاریە(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی جاریەیەو یەکێکە لە موسڵمانبوانی پاش فەتحی مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) لە دەستکەوتەکانی حونەیندا سەد وشتری پێ بەخشی.[2]

### عەلائی کوڕی حەضرەمی (رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی حەضرەمی کوڕی عیمادە، باوکی کە لە بنەڕەتدا ناوی عەبدوڵا بوو لە مەککە نیشتەجێ بوو و هاوپەیمانی حەربی کوڕی ئومەییەی باوکی ئەبووسوفیان بوو.

عەلاء یەکێك بوو لە نووسەرەکانی بەردەستی پێغەمبەری خوا (ﷺ).[3]

پێغەمبەری خوا (ﷺ) عەلائی کرد بە بەرپرسی بەحرەین و تا پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد لەو پۆستەیدا بوو، دواتریش ئەبووبەکری صدیق لەو پۆستەی هێشتیەوە، عومەری کوڕی خەططابیش لە پۆستەکەی هێشتیەوە تا لە ساڵی چواردەی کۆچیدا وەفاتی کرد، یان دەوترێت لە ساڵی بیست و یەکی کۆچیدا وەفاتی کردووە.[4]

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20897، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6703، والطرق المذكورة كلها لا تخلو من ضعف واضطراب.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 540.

3 - أسد الغابة، ج1، ص 80.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 541.

## عەلائی کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی سەعدی ساعیدیە، لە فەتحی مەککەدا بەیعەتی دا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، عەلاء دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) لە کۆڕێکدا بوو فەرمووی ئەوە دەبیستن کە من دەیبیستم؟ وتیان چی دەبیستیت ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی (ئاسمان هاواریەتی و حەقیشیەتی هاواری بێت، چونکە شوێن پێیەکی تێدا نەماوە مەگەر فریشتەیەکی لەسەر راوەستاوە یان لە کڕنووشە یان لە سوجدەدایە).[1]

## عەلائی کوڕی وەهب(رضي الله عنه)

ناوی عەلائی کوڕی وەهبی قورەیشی عامیریە، یەکێکە لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککە، لە جەنگی قادسیەدا بەشداری کرد، لە خیلافەتی عوثمانی کوڕی عەففاندا والی جزیرە بوو.[2]

## عەلەسی کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه)

ناوی عەلەسی کوڕی ئەسوەدەو هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[3]

---

1 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 4942.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 543.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 548.

عەلەسی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه)

**ناوی عەلەسی کوڕی نوعمانی کیندیەو هاودەم بە حیجر و یەزیدی برای هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووە.[1]**

عەلقەمەی کوڕی جونادە(رضي الله عنه)

**ناوی عەلقەمەی کوڕی جونادەی ئەزدیەو دوای وەفاتی پێغەمبەریش (ﷺ) ژیا تا لە فەتحی میصردا بەشداری کرد، لە ساڵی پەنجاو نۆی کۆچیدا وەفاتی کرد.[2]**

عەلقەمەی کوڕی خالید(رضي الله عنه)

**ناوی عەلقەمەی کوڕی خالیدی ئەسلەمیەو کونیەکەی ئەبوو ئەوفایەو زیاتر بە کونیەکەی ناسراوە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان،[3] کوڕێکی هەبوو بە ناوی عەبدوڵا کە فەرموودەی زۆری لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) گێڕاوەتەوە، عەبدوڵا دەڵێت کە پێغەمبەر (ﷺ) زەکاتی هۆزێکی بۆ بهاتایە دەیفەرموو (اللهم صل على ال فلان)، جا کە باوکم زەکاتی هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (اللهم صل على ال أبى أوفى).[4]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 548.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 549.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 549.
4 - صحيح البخاري، الرقم 1437.

عەلقەمەی کوڕی ڕیمثە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمەی کوڕی ریمثەی بەلویە، یەکێکە لە بەشداربوانی بەیعەتی ریضوان، عەلقەمە دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) عەمری کوڕی عاصی نارد بۆ بەحرەین و دواتر پێغەمبەر (ﷺ) خۆی دەرچوو و ئێمەش لەگەڵی دەرچووین، پێغەمبەر (ﷺ) وەنەوزێك گرتی و دواتر هەستا و فەرمووی رەحمەتی خوا لە عەمر، ئێمەش هەر کەس ناوی عەمر بوایە دەهات بە بیرماندا، هەمدی وەنەوزێکی کرد و هەستاو هەمان شتی فەرموو، بۆ جاری سێیەم وتمان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مەبەستت کام عەمرە؟ فەرمووی عەمری کوڕی عاص، لای خوا بۆ عەمری کوڕی عاص خێرێکی زۆر هەیە.[1]

عەلقەمەی کوڕی طەلحە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمەی کوڕی طەلحەی عەبدەریەو یەکێکە لەو هاوەڵانەی لە جەنگی یەرمووکدا بەشدارییان کرد و تیایدا شەهید بوو.[2]

عەلقەمەی کوڕی عولاثە(رضي الله عنه)

ناوی عەلقەمەی کوڕی عولاثەیەو لە فەرموودەی صەحیحدا باسی هاتووە.

1 - أسد الغابة، ج4، ص 92.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 553.

کاتێ عەلی کوڕی ئەبووطالیب زێڕی یەمەنی نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش دابەشی کرد بەسەر چوار کەسدا، یەکێك لەو چوار کەسە عەلقەمەی کوڕی عولاثە بوو.[1]

جارێك عەلقەمەی کوڕی عولاثە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو، بیلالی حەبەشی هات تا بانگ بدات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لەسەرخۆبە بیلال، عەلقەمە پارشێو دەکات).[2]

دواتر عەلقەمە پاشگەز بوویەوە لە ئیسلام، بەڵام ژن و منداڵەکەی پاشگەز نەبوونەوە، لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا موسڵمان بوویەوەو گەڕایەوە بۆ لای ژنەکەی.[3]

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە جێی قبوولْ نیە، چونکە ئەگەر عەلقەمە هەڵگەڕابێتەوە ئەوە چۆن تا خیلافەتی عومەری کوڕی خەططاب ماوەتەوەو نەکوژراوە، لەکاتێکدا ئەوانەی هەڵگەڕابوونەوە لە خیلافەتی ئەبووبەکردا یان تەوبەیان کرد یان کوژران، بۆیە ئەو گێڕانەوەیە وەرگیراو نیە، بەڵکو بە گێڕانەوەی تر هاتووە رایکردووە بۆ شام و دواتر موسڵمان بووەو گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەبووبەکر،[4] دواتریش عومەر کردوویەتی بە بەرپرسی حوران.[5]

---

1 - صحيح البخاري، الرقم 3182، صحيح مسلم، الرقم 1827.

2 - مسند الطيالسي، الرقم 1996.

3 - مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 32086.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 556.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 556-557.

عەلقەمەی کوڕی یەزید(رضي الله عنه)

**ناوی عەلقەمەی کوڕی یەزیدی کوڕی عەمرە، خەڵکی یەمەن بوو، هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ یەمەن، دواتر هاتووەتەوە مەدینەو لەوێ بووە تا بەشداری فەتحی میصری کردووە، لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیاندا والی ئیسکەندەریە بوو.[1]**

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص 562.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| عابیسی کوڕی جەعدە(رضي الله عنه) | 5 |
| عابیسی خزمەتکار(رضي الله عنه) | 5 |
| عاتیکەی کچی زەید(رضي الله عنها) | 5 |
| عاتیکەی کچی عەوف (رضي الله عنها) | 6 |
| عاتیکەی کچی ئەسید(رضي الله عنها) | 6 |
| عازبی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 6 |
| عاصمی کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه) | 6 |
| عاصمی کوڕی ثابت(رضي الله عنه) | 7 |
| عاصمی کوڕی حەدرەد (رضي الله عنه) | 8 |
| عاصمی کوڕی حەکەم (رضي الله عنه) | 9 |
| عاصمی کوڕی عەددی (رضي الله عنه) | 9 |
| عاصمی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 10 |
| عاقیلی کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه) | 10 |
| عالیەی کچی ظیبیان(رضي الله عنها) | 11 |
| عامیری کوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه) | 11 |
| عامیری کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 11 |

| | |
|---|---|
| عامیری کوڕی حارثی فەهری(رضي الله عنه) | 11 |
| عامیری کوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه) | 11 |
| عامیری کوڕی رەبیعە(رضي الله عنه) | 12 |
| عامیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 13 |
| عامیری کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 13 |
| عامیری کوڕی سەلیم(رضي الله عنه) | 14 |
| عامیری کوڕی شەهر(رضي الله عنه) | 14 |
| عامیری کوڕی طوفەیل(رضي الله عنه) | 15 |
| عامیری کوڕی عەبدوڵا(ئەبووعوبەیدەی کوڕی جەراح)(رضي الله عنه) | 16 |
| عامیری کوڕی کورەیز(رضي الله عنه) | 31 |
| عامیری کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 31 |
| عامیری کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه) | 31 |
| عامیری کوڕی ئەکوەع(رضي الله عنه) | 32 |
| عامیری کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 33 |
| عامیری کوڕی بوکەیر(رضي الله عنه) | 33 |
| عامیری کوڕی عەبدقەیس(رضي الله عنه) | 34 |
| عامیری کوڕی عەبدولای بەدری(رضي الله عنه) | 34 |
| عامیری کوڕی عەبدولای خەولانی(رضي الله عنه) | 34 |

| | |
|---|---|
| عامیری کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 34 |
| عامیری کوڕی عەوف(رضي الله عنه) | 35 |
| عامیری کوڕی فوهەیرە(رضي الله عنه) | 35 |
| عامیری کوڕی موخەللەد(رضي الله عنه) | 36 |
| عامیری کوڕی نابی(رضي الله عنه) | 36 |
| عامیری کوڕی یەزید(رضي الله عنه) | 37 |
| عامیری کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) | 37 |
| عائیذی کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 37 |
| عائیذی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 37 |
| عائیذی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 38 |
| عائیذی کوڕی قورط(رضي الله عنه) | 38 |
| عائیذی کوڕی ماعیص(رضي الله عنه) | 39 |
| عائیذی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه) | 39 |
| عائیشەی کچی ئەبووسوفیان(رضي الله عنها) | 40 |
| عائیشەی کچی جەریر(رضي الله عنها) | 40 |
| عائیشەی کچی عومەیر(رضي الله عنها) | 40 |
| عائیشەی کچی قوادمە(رضي الله عنها) | 40 |
| عائیشەی کچی ئەبووبەکر(رضي الله عنها) | 41 |
| عەبایەی کوڕی بەحیر(رضي الله عنه) | 100 |

| | |
|---|---|
| عەببادی کوڕی بیشر(رضي الله عنه) | 100 |
| عەببادی کوڕی بیشری خەزرەجی(رضي الله عنه) | 101 |
| عەببادی کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 104 |
| عەببادی کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 104 |
| عەببادی کوڕی سەهل(رضي الله عنه) | 104 |
| عەببادی کوڕی شورەحبیل(رضي الله عنه) | 104 |
| عەببادی کوڕی عەبدولعوززا(رضي الله عنه) | 105 |
| عەببادی کوڕی عوبەید(رضي الله عنه) | 105 |
| عەببادی کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 105 |
| عەببادی کوڕی قەیسی خەزرەجی(رضي الله عنه) | 106 |
| عەببادی کوڕی قەیظی(رضي الله عنه) | 106 |
| عەببادی کوڕی کەثیر(رضي الله عنه) | 106 |
| عەببادی کوڕی میلحان(رضي الله عنه) | 106 |
| عەببادی کوڕی ئەحمەر(رضي الله عنه) | 107 |
| عەبباسی کوڕی عوبادە(رضي الله عنه) | 107 |
| عەبباسی کوڕی میرداس(رضي الله عنه) | 109 |
| عەبباسی کوڕی ئەنەس(رضي الله عنه) | 111 |
| عەبباسی مامی پێغەمبەر(ﷺ) | 111 |
| عەبەسی کوڕی عامیر(رضي الله عنه) | 132 |

| | |
|---|---|
| عەبدەی خزمەتکار(رضي الله عنه) | 132 |
| عەبدەی کوڕی موسهیر(رضي الله عنه) | 133 |
| عەبدەی کوڕی موعتیب(رضي الله عنه) | 133 |
| عەبدرەببیهی کوڕی مورەقیع(رضي الله عنه) | 133 |
| عەبدقەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 133 |
| عەبدوڕەحمانی باوکی خەللاد (رضي الله عنه) | 134 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی بودەیل(رضي الله عنه) | 134 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی بیشر(رضي الله عنه) | 134 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 135 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی حەنبەل(رضي الله عنه) | 135 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی حەییان(رضي الله عنه) | 135 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی خەبباب(رضي الله عنه) | 136 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی خیراش(رضي الله عنه) | 136 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) | 137 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی روقەیش(رضي الله عنه) | 137 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی زوبەیر | 137 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی سەبرە(رضي الله عنه) | 138 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی سەمورە(رضي الله عنه) | 138 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی سەننە(رضي الله عنه) | 140 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڕەحمانی کوڕی سەهل (رضي الله عنه) | 140 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی شیبل (رضي الله عنه) | 141 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی صەخر (ئەبوو هورەیرە) (رضي الله عنه) | 141 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عائیذ (رضي الله عنه) | 161 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبد (رضي الله عنه) | 161 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵای بەلوی (رضي الله عنه) | 163 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەمری ئەنصاری (رضي الله عنه) | 163 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف (رضي الله عنه) | 164 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەون (رضي الله عنه) | 182 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عەووام (رضي الله عنه) | 182 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی تەیمی (رضي الله عنه) | 183 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عوثمانی جومەحی (رضي الله عنه) | 183 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی عودەیس (رضي الله عنه) | 184 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی قەتادە (رضي الله عنه) | 184 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 185 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی قەیظی (رضي الله عنه) | 185 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعب (رضي الله عنه) | 185 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی مالیك (رضي الله عنه) | 186 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەد (رضي الله عنه) | 186 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڕەحمانی کوڕی مودلیج(رضي الله عنه) | 187 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی مورەققەع(رضي الله عنه) | 187 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه) | 187 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی موقرین(رضي الله عنه) | 187 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی میربەع(رضي الله عنه) | 188 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی نەححام(رضي الله عنه) | 188 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی هوبەیب(رضي الله عنه) | 188 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی وائیل(رضي الله عنه) | 189 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبووبەکری صدیق(رضي الله عنه) | 189 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عەقیل(رضي الله عنه) | 192 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی عومەیرە(رضي الله عنه) | 193 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبی لەیلا(رضي الله عنه) | 193 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەزهەر(رضي الله عنه) | 193 |
| عەبدوڕەحمانی کوڕی یەعمور(رضي الله عنه) | 194 |
| عەبدوڵای کوڕی قومامە(رضي الله عنه) | 194 |
| عەبدوڵای کوڕی ذەررە(رضي الله عنه) | 194 |
| عەبدوڵای کوڕی عەمری ئەلهانی(رضي الله عنه) | 195 |
| عەبدوڵای کوڕی بەدر(رضي الله عنه) | 195 |
| عەبدوڵای کوڕی بەڕاء (رضي الله عنه) | 196 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی بوەدیل(رضي الله عنه) | 196 |
| عەبدوڵای کوڕی بودەیلی خوزاعی(رضي الله عنه) | 196 |
| عەبدوڵای کوڕی بوسر(رضي الله عنه) | 197 |
| عەبدوڵای کوڕی بوسری نەصری(رضي الله عنه) | 198 |
| عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 199 |
| عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەوسی(رضي الله عنه) | 199 |
| عەبدوڵای کوڕی ثەعلەبە(رضي الله عنه) | 200 |
| عەبدوڵای کوڕی ثەور(رضي الله عنه) | 200 |
| عەبدوڵای کوڕی جابیر(رضي الله عنه) | 200 |
| عەبدوڵای کوڕی جابیری عەبدی(رضي الله عنه) | 201 |
| عەبدوڵای کوڕی جەحش(رضي الله عنه) | 201 |
| عەبدوڵای کوڕی جەد(رضي الله عنه) | 203 |
| عەبدوڵای کوڕی جەراد(رضي الله عنه) | 203 |
| عەبدوڵای کوڕی جەعفەر(رضي الله عنه) | 204 |
| عەبدوڵای کوڕی جوبەیر(رضي الله عنه) | 205 |
| عەبدوڵای کوڕی حارث(رضي الله عنه) | 206 |
| عەبدوڵای کوڕی حارثە(رضي الله عنه) | 207 |
| عەبدوڵای کوڕی حارثی سەهمی(رضي الله عنه) | 207 |
| عەبدوڵای کوڕی حارثی عەدوی(رضي الله عنه) | 207 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی حارثی غامیدی(رضي الله عنه) | 208 |
| عەبدوڵای کوڕی حارثی هاشمی(رضي الله عنه) | 208 |
| عەبدوڵای کوڕی حارثی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 209 |
| عەبدوڵای کوڕی حەفص(رضي الله عنه) | 209 |
| عەبدوڵای کوڕی حەکیم(رضي الله عنه) | 209 |
| عەبدوڵای کوڕی حەنطەب(رضي الله عنه) | 209 |
| عەبدوڵای کوڕی حەنظەلە(رضي الله عنه) | 210 |
| عەبدوڵای کوڕی حەوالە(رضي الله عنه) | 211 |
| عەبدوڵای کوڕی حوبشی(رضي الله عنه) | 212 |
| عەبدوڵای کوڕی حوذافە(رضي الله عنه) | 213 |
| عەبدوڵای کوڕی حورەیث(رضي الله عنه) | 216 |
| عەبدوڵای کوڕی حومەییر(رضي الله عنه) | 216 |
| عەبدوڵای کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 216 |
| عەبدوڵای کوڕی خەبباب(رضي الله عنه) | 217 |
| عەبدوڵای کوڕی خوبەیب(رضي الله عنه) | 217 |
| عەبدوڵای کوڕی راشید(رضي الله عنه) | 218 |
| عەبدوڵای کوڕی رافیع(رضي الله عنه) | 218 |
| عەبدوڵای کوڕی رەبیع(رضي الله عنه) | 218 |
| عەبدوڵای کوڕی رەبیعەی هاشمی(رضي الله عنه) | 218 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی رەواحە(رضي الله عنه) | 219 |
| عەبدوڵای کوڕی زەمعە(رضي الله عنه) | 227 |
| عەبدوڵای کوڕی زەید(رضي الله عنه) | 229 |
| عەبدوڵای کوڕی زەیدی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 229 |
| عەبدوڵای کوڕی زوبەیری هاشمی(رضي الله عنه) | 230 |
| عەبدوڵای کوڕی زوبەیری کوڕی عەووام(رضي الله عنه) | 231 |
| عەبدوڵای کوڕی زیبعەری(رضي الله عنه) | 249 |
| عەبدوڵای کوڕی سائیب(رضي الله عنه) | 250 |
| عەبدوڵای کوڕی سائیبی قوڕەیشی(رضي الله عنه) | 251 |
| عەبدوڵای کوڕی سەرجیس(رضي الله عنه) | 251 |
| عەبدوڵای کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 252 |
| عەبدوڵای کوڕی سەعدی عامیری(رضي الله عنه) | 252 |
| **عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی سوفیان** | 253 |
| عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەسلەمی(رضي الله عنه) | 253 |
| عەبدوڵای کوڕی سەعدی ئەوسی(رضي الله عنه) | 254 |
| عەبدوڵای کوڕی سەلام(رضي الله عنه) | 254 |
| عەبدوڵای کوڕی سەلەمە(رضي الله عنه) | 258 |
| عەبدوڵای کوڕی سەهل(رضي الله عنه) | 258 |
| عەبدوڵای کوڕی سەهلی ئەشهەلی(رضي الله عنه) | 259 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی سوراقە(رضي الله عنه) | 259 |
| عەبدوڵای کوڕی سوفیانی مەخزوومی (رضي الله عنه) | 260 |
| عەبدوڵای کوڕی سوفیانی ئەزدی(رضي الله عنه) | 260 |
| عەبدوڵای کوڕی سوهەیل(رضي الله عنه) | 260 |
| عەبدوڵای کوڕی سیلان(رضي الله عنه) | 262 |
| عەبدوڵای کوڕی شەریك(رضي الله عنه) | 262 |
| عەبدوڵای کوڕی شیبل(رضي الله عنه) | 262 |
| عەبدوڵای کوڕی شیهاب(رضي الله عنه) | 263 |
| عەبدوڵای کوڕی صەعصەعە(رضي الله عنه) | 263 |
| عەبدوڵای کوڕی صەیفی(رضي الله عنه) | 263 |
| عەبدوڵای کوڕی ضەمرە(رضي الله عنه) | 263 |
| عەبدوڵای کوڕی طاریق(رضي الله عنه) | 264 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبباس(رضي الله عنه) | 264 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدمەناف(رضي الله عنه) | 281 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدنەهم(رضي الله عنه) | 281 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه) | 283 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدوڵای مەخزوومی(رضي الله عنه) | 286 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدولمەلیك(رضي الله عنه) | 287 |
| عەبدوڵای کوڕی عەبدولمدان(رضي الله عنه) | 287 |

| | |
|---|---|
| 287 | عەبدوڵای کوڕی عەبدولئەسەد (رضي الله عنه) |
| 290 | عەبدوڵای کوڕی عەتیك(رضي الله عنه) |
| 292 | عەبدوڵای کوڕی عەددی ئەنصاری(رضي الله عنه) |
| 292 | عەبدوڵای کوڕی عەددی(رضي الله عنه) |
| 292 | عەبدوڵای کوڕی عەمر(رضي الله عنه) |
| 293 | عەبدوڵای کوڕی عەمری ثەعلەبی(رضي الله عنه) |
| 293 | عەبدوڵای کوڕی عەمری خەزرەجی(رضي الله عنه) |
| 297 | عەبدوڵای کوڕی عەمری ساعیدی(رضي الله عنه) |
| 297 | عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) |
| 300 | عەبدوڵای کوڕی عەمری یەشکوری(رضي الله عنه) |
| 300 | عەبدوڵای کوڕی عەنەمە(رضي الله عنه) |
| 300 | عەبدوڵای کوڕی عەییاش(رضي الله عنه) |
| 300 | عەبدوڵای کوڕی عجرە(رضي الله عنه) |
| 301 | عەبدوڵای کوڕی عوبەیس(رضي الله عنه) |
| 301 | عەبدوڵای کوڕی عوتبان(رضي الله عنه) |
| 301 | عەبدوڵای کوڕی عوثمان (ئەبووبەکری صدیق) (رضي الله عنه) |
| 378 | عەبدوڵای کوڕی عوثمانی ئەسەدی(رضي الله عنه) |
| 378 | عەبدوڵای کوڕی عورفجە(رضي الله عنه) |
| 378 | عەبدوڵای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی عومەیر(رضي الله عنه) | 397 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیس(رضي الله عنه) | 397 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیس(ئەبوو مووسای ئەشعەری) (رضي الله عنه) | 398 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیسی خەزرەجی(رضي الله عنه) | 411 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیسی خوزاعی(رضي الله عنه) | 411 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیسی قینی(رضي الله عنه) | 412 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیسی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 412 |
| عەبدوڵای کوڕی قەیظی(رضي الله عنه) | 412 |
| عەبدوڵای کوڕی قداد(رضي الله عنه) | 413 |
| عەبدوڵای کوڕی قوڕرە(رضي الله عنه) | 413 |
| عەبدوڵای کوڕی قورط(رضي الله عنه) | 413 |
| عەبدوڵای کوڕی کەعب(رضي الله عنه) | 414 |
| عەبدوڵای کوڕی کورز(رضي الله عنه) | 414 |
| عەبدوڵای کوڕی کولەیب(رضي الله عنه) | 420 |
| عەبدوڵای کوڕی لەبید(رضي الله عنه) | 420 |
| عەبدوڵای کوڕی لتبییە(رضي الله عنه) | 420 |
| عەبدوڵای کوڕی مالیکی عەبسی(رضي الله عنه) | 420 |
| عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەرحەبی(رضي الله عنه) | 421 |
| عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەزدی(رضي الله عنه) | 421 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی مالیکی ئەنصاری(رضي الله عنه) | 422 |
| عەبدوڵای کوڕی مەخرەمە(رضي الله عنه) | 422 |
| عەبدوڵای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) | 423 |
| عەبدوڵای کوڕی مەسعوودی ثەقەفی(رضي الله عنه) | 435 |
| عەبدوڵای کوڕی مەظعوون(رضي الله عنه) | 435 |
| عەبدوڵای کوڕی موحەمەد(رضي الله عنه) | 436 |
| عەبدوڵای کوڕی موطەلیب(رضي الله عنه) | 436 |
| عەبدوڵای کوڕی موعاویە(رضي الله عنه) | 436 |
| عەبدوڵای کوڕی موغەففەل(رضي الله عنه) | 437 |
| عەبدوڵای کوڕی موغیرە(رضي الله عنه) | 440 |
| عەبدوڵای کوڕی میربەع(رضي الله عنه) | 441 |
| عەبدوڵای کوڕی مینقەر(رضي الله عنه) | 441 |
| عەبدوڵای کوڕی نەضلە(رضي الله عنه) | 441 |
| عەبدوڵای کوڕی نوعەیم(رضي الله عنه) | 442 |
| عەبدوڵای کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 442 |
| عەبدوڵای کوڕی هەیشە(رضي الله عنه) | 442 |
| عەبدوڵای کوڕی هوبەیب(رضي الله عنه) | 442 |
| عەبدوڵای کوڕی هیشام(رضي الله عنه) | 443 |
| عەبدوڵای کوڕی وائیل(رضي الله عنه) | 443 |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵای کوڕی وەقدان(رضي الله عنه) | 443 |
| عەبدوڵای کوڕی وەهب(رضي الله عنه) | 444 |
| عەبدوڵای کوڕی وەهبی زوهری(رضي الله عنه) | 444 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبووبەکر(رضي الله عنه) | 444 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی جەهم(رضي الله عنه) | 446 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی حەدرەد(رضي الله عنه) | 446 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی خالید(رضي الله عنه) | 447 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی خەولی(رضي الله عنه) | 447 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی رەبیعە(رضي الله عنه) | 448 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی سەبقە(رضي الله عنه) | 449 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی عەوف(رضي الله عنه) | 449 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی کەرب(رضي الله عنه) | 449 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی مەعقیل(رضي الله عنه) | 450 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئەوفا(رضي الله عنه) | 450 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییە(رضي الله عنه) | 451 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبی ئومەییەی ئەسەدی(رضي الله عنه) | 452 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبیلجەدعاء(رضي الله عنه) | 452 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەبیلحەمساء(رضي الله عنه) | 453 |
| عەبدوڵای کوڕی ئەدرەع(رضي الله عنه) | 453 |

| | |
|---|---|
| 453 | عەبدوڵای کوڕی ئەرقەم(رضي الله عنه) |
| 455 | عەبدوڵای کوڕی یەزید(رضي الله عنه) |
| 456 | عەبدوڵای کوڕی ئەسلەم(رضي الله عنه) |
| 456 | عەبدوڵای کوڕی ئەسوەد(رضي الله عنه) |
| 456 | عەبدوڵای کوڕی ئەصرەم(رضي الله عنه) |
| 456 | عەبدوڵای کوڕی ئەقرەم(رضي الله عنه) |
| 457 | عەبدوڵای کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) |
| 457 | عەبدوڵای کوڕی ئەوسی ئەنصاری(رضي الله عنه) |
| 457 | عەبدوڵای کوڕی ئوبەی(رضي الله عنه) |
| 457 | عەبدوڵای کوڕی ئومەییە(رضي الله عنه) |
| 458 | عەبدوڵای کوڕی ئونەیس(رضي الله عنه) |
| 458 | عەبدوڵای کوڕی ئونەیسی جوهەنی(رضي الله عنه) |
| 460 | عەبدوڵای کوڕی ئیسحاق(رضي الله عنه) |
| 460 | عەبدوڵای کوڕی ثابتی ئەزدی(رضي الله عنه) |
| 460 | عەبدوڵای ئەقمەر(رضي الله عنه) |
| 461 | عەبدولجەبباری کوڕی حارث(رضي الله عنه) |
| 461 | عەبدولعەزیزی کوڕی بەدر(رضي الله عنه) |
| 461 | عەبدولعەزیزی کوڕی سەخبەرە(رضي الله عنه) |
| 462 | عەبدولقوددوس(رضي الله عنه) |

| | |
|---|---|
| عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبووبەکر (رضي الله عنه) | 462 |
| عەبدولموطەلیبی کوڕی ڕەبیعە (رضي الله عنه) | 462 |
| عەبدی کوڕی زەمعە (رضي الله عنه) | 464 |
| عەبدی کوڕی قەووال (رضي الله عنه) | 464 |
| عەبیدەی کوڕی صەیفی (رضي الله عنه) | 464 |
| عەتتابی کوڕی سولەیم (رضي الله عنه) | 464 |
| عەتتابی کوڕی شومەیر (رضي الله عنه) | 465 |
| عەتتابی کوڕی ئەسید (رضي الله عنه) | 465 |
| عەثامەی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 466 |
| عەجرای کوڕی ماتع (رضي الله عنه) | 466 |
| عەداسی خزمەتکاری شەیبە (رضي الله عنه) | 466 |
| عەدائی کوڕی خالید (رضي الله عنه) | 467 |
| عەددی کوڕی حاتەم (رضي الله عنه) | 467 |
| عەددی کوڕی ڕەبیعە (رضي الله عنه) | 471 |
| عەددی کوڕی سینان (رضي الله عنه) | 471 |
| عەددی کوڕی عەمیرە (رضي الله عنه) | 471 |
| عەددی کوڕی قەیس (رضي الله عنه) | 472 |
| عەددی کوڕی موڕڕە (رضي الله عنه) | 472 |
| عەددی کوڕی نەچلە (رضي الله عنه) | 472 |

| | |
|---|---|
| عەددی کوڕی نەوفەل(رضي الله عنه) | 473 |
| عەددی کوڕی عەبد سوائە(رضي الله عنه) | 473 |
| عەدی کوڕی خەلیفە(رضي الله عنه) | 473 |
| عەدیەی کچی سەعد(رضي الله عنها) | 473 |
| عەرابەی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 474 |
| عەرفەجەی کوڕی شورەیح(رضي الله عنه) | 474 |
| عەرفەجەی کوڕی ئەسعەد(رضي الله عنه) | 474 |
| عەزرەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه) | 475 |
| عەطییەی کوڕی بوسر(رضي الله عنه) | 475 |
| عەطییەی کوڕی عەمر(رضي الله عنه) | 475 |
| عەطییەی کوڕی عورو ە(رضي الله عنه) | 476 |
| عەطییەی کوڕی نوەیرە(رضي الله عنه) | 476 |
| عەفرائی کچی سەکەن(رضي الله عنها) | 476 |
| عەففانی کوڕی بوجەیر(رضي الله عنه) | 476 |
| عەقرەبەی جوهەنی(رضي الله عنه) | 477 |
| عەقرەبی کچی سەلامە(رضي الله عنها) | 477 |
| عەقرەبی کچی موعاذ(رضي الله عنها) | 477 |
| عەقیلی کوڕی ئەبووطالیب(رضي الله عنه) | 477 |
| عەکاشەی کوڕی ثەور (رضي الله عنه) | 479 |

| | |
|---|---|
| عەککافی کوڕی وەداعە(رضي الله عنه) | 479 |
| عەلائی کوڕی جاریە(رضي الله عنه) | 480 |
| عەلائی کوڕی حەضرەمی(رضي الله عنه) | 480 |
| عەلائی کوڕی سەعد(رضي الله عنه) | 481 |
| عەلائی کوڕی وەهب(رضي الله عنه) | 481 |
| عەلەسی کوڕی ئەسوەد (رضي الله عنه) | 481 |
| عەلەسی کوڕی نوعمان(رضي الله عنه) | 482 |
| عەلقەمەی کوڕی جونادە(رضي الله عنه) | 482 |
| عەلقەمەی کوڕی خالید(رضي الله عنه) | 482 |
| عەلقەمەی کوڕی ریمثە(رضي الله عنه) | 483 |
| عەلقەمەی کوڕی طەلحە(رضي الله عنه) | 483 |
| عەلقەمەی کوڕی عولاثە(رضي الله عنه) | 483 |
| عەلقەمەی کوڕی یەزید(رضي الله عنه) | 485 |